KURDISTAN



# پرۆفیسۆرعیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

# گەنجینەی ئەدەبی کوردی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

بەشێک لە پرسەنامە بۆ کۆچی دوایی پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ ......... لاپەڕەی ...... ٥

١- مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان...
٢- نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان...
٣- مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان...
٤- قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان...
٥- دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆماری عێراق...
٦- د.رێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان...
٧- عەبدوڵڵای حەسەن زادە ئەدیب و نووسەر...
٨- مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران...
٩- برایم عەلیزادە سکرتێری گشتی کۆمەڵە...
١٠- کۆسرەت رەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان...
١١- بافڵ تاڵەبانی...
١٢- پارێزگاری سلێمانی...
١٣- سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یە کێتی نیشتمانی کوردستان...
١٤- مامۆستا عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی...
١٥- قادر عەزیز ئەندامی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک...
١٦- خاتوو گەلاوێژ...
١٧- مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان...
١٨- کۆنسەی بەڕیوەبەریی (ک ن ک - KNK)...
١٩- تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان...
٢٠- ئارام قادر سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانی...
٢١- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی...
٢٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی...

٢٣- سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان...

٢٤- پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر مهاباد کامیل عەبدولا سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە...

٢٥- زانکۆی کۆمار...

٢٦- لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی لە پەرلەمانی کوردستان...

٢٧- کورتەیەک لە ژیاننامەی پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ

٢٨- یادەوەرییەکانم

## چەند بیرورا بە کەسایەتی دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ ............ لاپەڕەی .......... ٥١

١- دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ ئوستادێکی گەورەی زمان و ئەدەب و رۆژنامەگەریی کوردی ...................... ئەردەلان عەبدوڵڵا

٢- ئاهورامەزدا یارتبێت کەس و برا و هاورێ و مامۆستام پرۆفیسۆر د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ ........... پ.د.هۆگری شێخ مەحموود

٣- قەڵەمێکی رەنگاڵەیی و خەرمانی تەمەنێکی پڕ بەرەکەت ........................................................ حەمە دلێر میسری

٤- کتێبێکی گەورە .................................................................................... یاسین قادر بەرزنجی

٥- شایەتیم بە زیندوویەتی دا ................................................................ ستران عەبدوڵڵا

٦- د. عیزەدین مستەفا رەسول ........................................................................ زیرەک کەمال

٧- د. عێزەدین مستەفا رەسوڵ لەنێوان مەزنێتی و هەڵوێست دا .......................................................... هیوا ناسیح

٨- عیزەدین مستەفا رەسوڵ گەنجینەیەک لە زانست و کاروانێک لە تێکۆشان ....................................... د. کاوە محمود

٩- چەند وشەیەکی شەرمن، بۆ مرۆڤێکی بلیمەت و بەخشندە ........................................................ جەمال عەبدول

١٠- پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ و ریالیزمی رەخنەگرانە ............................................. پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

١١- پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، "عەمیدی ئەدەبی کوردی" ....................................................... ئەرکان عەلی

١٢- هەڵسەنگاندنێکی خێرای ئەکادیمی بۆ ، پ.د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ................................ پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

---

## چەند بیرو بۆچوونی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ ....... لاپەڕەی ....... ٩٠

١٢- رۆژنامەگەری کوردی،بەشێک لە بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی کورد

١٣- کورد لە نۆ کۆماری سۆڤێتیدا



سەرچاوە Serchawe

١٤- كۆڕی ناساندنی كتێبی «ئەم كونجەش»

١٥- ئەم كونجەش:

❊ هەر بۆ ناوی كوردی

❊ ئەمجارەش هەر بە ناوی كوردی

❊ هوورا

❊ كوردۆڤان

❊ زارا

❊ شەیتان

❊ ناوی خۆی ئاشكرا نەكرد:

❊ شەهید دارا تۆفیق

❊ بۆ دكتۆر فوئاد

❊ دیواری بەرلین

❊ كوردستانەكەم

❊ هەڵەبجە

❊ ئاڵای كوردستان

❊ بۆ ژنان

❊ زمانی كوردی

❊ بۆ عەفرین

❊ ژیانیان كرد

١٦- بۆ بیست و شەشەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی دوكتۆر قاسملوو...

١٧- كورد نابێ یەک بێ...

١٨- بەكر سدقی لەمێژووی كوردو عیراقدا...

## بەشێک لە پرسەنامە بۆ کۆچی دوایی پڕۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ:

-----------------------------------------------------------

**پرسەنامەی مەسعود بارزانی بۆ کۆچی دوایی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ**

**پەیامێک لە سەرۆک بارزانییەوە**



بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بەداخەوە هەواڵی کۆچی ئەدیب و مێژووناس و کەسایەتیی ناودار، پرۆفیسۆر دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسووڵ - مان پێ گەییشت.
لەم بۆنە خەمناکەدا پرسە و سەرەخۆشیی خۆم بە خانەوادەی بەڕێزیان و سەرجەم ڕۆشنبیران و خزم و هەڤاڵانی مامۆستای کۆچکردوو ڕادەگەیەنم و بەشداری خەمتانم.

لە خودای گەورە داواکارم گیانی کاک عزەدین بباتە بەر دلۆڤانیی خۆی و دڵنەوایی و ئارامییش بە گشت لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیە راجعون

مسعود بارزانی

٠٣ - ١٠ - ٢٠١٩

**نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان:**



ئێوارەی ئەمڕۆ پێنجشەممە ٢٠١٩/١٠/٣ی زایینی، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرەخۆشی لە بەڕێز فارووقی مەلامستەفا کرد بەبۆنەی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسوولی برایەوە.

لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان وێڕای پێشکەشکردنی پرسە و سەرەخۆشی، هیوای خواست ئەمە دوا کۆست و ناخۆشیی خانەوادە بەڕێزەکەیان بێت و خوای گەورە سەبووریان بداتەوە. لای خۆیەوە بەڕێز فارووقی مەلامستەفا سوپاسی پەیوەندیی تەلەفۆنی و سەرەخۆشیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد.

---------------------------------------------------

**مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم:**



"بەداخێکی زۆرەوە کۆچی دوایی نووسەر و ڕووناکبیری ناسراوی کوردستان پرۆفیسۆرعیزەدین مستەفا رەسوڵ - م بیست. د.عیزەدین رۆڵی دیاری لە بزاڤی روناکبیریی و ئەدەبی کوردستاندا هەیە، بۆیە لە دەستدانی ئەم نووسەر و ئەدیبە گەورەیەی کورد زیانێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی رۆشنبیریی لە کوردستان. پرسە وسەرەخۆشی گەرمی خۆم ئاراستەی بنەماڵەکەی و نووسەرو رۆشنبیرانی کوردستان دەکەم. خوای مەزن بە بەهەشتی شاد بکات و یادی مامۆستا عیزەدینیش هەمیشە هەر زیندوو بمێنێت".

## قوباد تاڵەبانی: د.عیزەدین پایەی سەرەکی زمان و ئەدەبی کوردی بوو



قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ کۆچی دوایی د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادەکەی کردووە دەڵێت: د.عیزەدین یەکێکە لەپایە سەرەکییەکانی زمان و ئەدەب و روناکبیری کوردی و تا چەند کاتژمێرێک بەر لە ماڵئاواییکردنیشی وەک کانیاوییەکی سازگار لە بەخشش و نووسین و گێرانەوەی یادەوەری بەردەوام بووە.

بەڕێزان:

کاک فاروقی مەلا مستەفا

خانەوادەی خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر د. عیزەدین

بنەماڵەی تێکۆشەر و ڕووناکبیری مەلا مستەفای صەفوەت

خوێندکارانی پرۆفیسۆر و ئەدەب دۆستان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

هەواڵی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ لە ناخەوە هەژاندمی و غەمباری کردم.

د.عیزەدین کە لە دووەم ساڵرۆژی کۆچی دوایی مام جەلال-ی هاوڕێی و دۆستی هەرە نزیکیدا، رۆحی بەرزەفڕی گەڕایەوە بۆ جیهانی نەمری، هەرچی بڵێین لەبارەیەوە، رەنگە نەتوانین مافی بدەین. ئەوە بەسە کە د.عیزەدین یەکێکە لەپایە سەرەکییەکانی زمان و ئەدەب و روناکبیری کوردی و تا چەند کاتژمێرێک بەر لە ماڵئاواییکردنیشی وەک کانیاوییەکی سازگار لە بەخشش و نووسین و گێرانەوەی یادەوەری بەردەوام بووە، بێگومان ناو و پێگەو یادو یادەوەری ئەو لەگەڵ تێکست و بەرهەمەکانیدا هەر بەنەمریی دەمێننەوەو قەت لەبەر چاوان بزر نابێت.

بەم بۆنە خەمناکەوە، پرسەو سەرەخۆشیی لە خۆمان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بنەماڵەو خوێندکارەکانی د.عیزەدین دەکەین و بەهەشتی بەرین دوا مەنزڵگەی بێت و خوا سەبوریی هەموو لایەک بداتەوە لەم کۆستە گەورەیە..

قوباد تاڵەبانی

جێگری سەرۆک وەزیران

٣ - ١٠ - ٢٠١٩

-----------------------------------------

## سەرۆکی پەرلەمان پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادەی عیزەدین مستەفا رەسول کرد



د.ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ کۆچی دوایی د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ پرسەنامەیەکی ئاڕاستەی خانەوادەکەی کرد و دەڵێت: "کوردستان یەکێک لە گەورەترین ئەکادیمیست و توێژەرانی بواری مێژوو و زمان و ئەدەبی کوردی لەدەستدا"،

ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بەبۆنەی کۆچی دوایی نووسەرو ڕووناکبیری گەورەی کورد پڕۆفیسۆر د.عیزەدین مستەفا ڕەسول پرسەنامەی خۆمان ئاراستەی خانەوادەو کەسوکارو سەرجەم ڕۆشنبیرانی کوردستان دەکەین، زۆر بەداخەوە بەلەدەستدانی پڕۆفیسۆر د.عیزەدین مستەفا ڕەسول کوردستان یەکێک لە گەورەترین ئەکادیمیست و توێژەرانی بواری مێژوو و زمان و ئەدەبی کوردی لەدەستدا، مامۆستا بە قەڵەم و هەڵوێستەکانی لە ماوەی ژیانیدا گەورەترین خزمەتی بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان کردووە، بەکۆچی دوایی خوالێخۆشبوو کتێبخانەی کوردی کەلێنێکی گەورەی تێکەوت، داواکارم لە خوای گەورە سەبووری خانەوادەو کەسوکاری مامۆستا عزەدین مستەفا رەسوڵ بدات و بەبەهەشتی بەرینی شاد بکات.

د.ڕێواز فایەق

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

٣ - ١٠ - ٢٠١٩

ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان

-----------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

**پرسەنامەی سەرۆک کۆماری عێراق بەبۆنەی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر عزەدین مستەفا ڕەسوڵ**



بەداخ و نیگەرانیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی ڕوناکبیر و نوسەر و پرفیسۆر و ئەکایدیمستی هەڵکەوتوی دنیای ئەدەب و ڕوناکبیری کوردستان و عێراق دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسوڵم بیست.

زیاتر لەنیو سەدە بوو، پرۆفیسۆر عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، قەڵەمێکی دیار و ڕۆشنبیرێکی بەرکاری ناو بزاوتی ڕوناکبیری و دنیای نوسین و ڕۆژنامەگەری کوردستان بوو، ئەوە وێڕای ئەوەی وەک ئەکادیمست و مامۆستایەکی دیاری زانکۆ لە زانکۆکانی عێراق و کوردستاندا، ڕێبەرایەتی پەروەردە و پێگەیاندنی سەدان خوێندکاری کوردستان و عێراقی کرد کە لەئەمڕۆدا بەشێکی زۆریان ئامادەبونێکی بەرچاویان هەیە لەخزمەتی نیشتیمان و وڵاتەکەیاندا.

کۆچی دوایی پرۆفیسۆر عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، بەڕاستی خەسارەتێکی گەورە بوو لە بزاوتی ڕوناکبیری و مەعریفی کوردستان، هەورەک چۆن زیانێکی گەورەشە لەناو کایەی زانستی و ئەکادیمی و پەروەردە و خوێندنی باڵادا.

لەم بۆنە خەمناکە پرسە و سەرخۆشی خۆم لە تەواوی کەسوکار و خانەوادەی پرۆفیسۆری کۆچکرد و سەرجەم ڕوناکبیر و نوسەرانی کوردستان و عێراق دەکەم.

دکتۆر بەرهەم ساڵح

سەرۆک کۆماری عێراق

٣ - ١٠ - ٢٠١٩

---------------------------------------------

## هاوخەمی عەبدوڵڵای حەسەن زادە بەبۆنەی کۆچی دوایی د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ



بنەماڵەی بەڕێزی پرۆفیسۆر دوکتۆر عیززەددین مستەفا ڕەسووڵ

دەگەڵ سڵاووڕێزی بێ‌پایان

زۆر بەداخەوە لە کاتێکدا بە سەفەر لە دەرەوەی کوردستانم هەواڵی پرجەخاری کۆچی دوایی تێکۆشەر و نووسەری گەورە و بەتوانای کورد مامۆستا دوکتۆر عیززەددین مستەفا ڕەسووڵم وەرگرت. بۆمن خەفەتێکی گەورەیە کە لەو بۆنە ناخۆشەدا لە نزیکتان نیم و ناتوانم دەگەڵ کۆڕی ئەدیبان و نیشتمانپەروەرانی کورد و بنەماڵە بەڕێزەکەی لەسەر گڵکۆی پیرۆزی ئامادە بم و لە مەجلیسی پرسە و سەرەخۆشییەکەیدا بم.

دوکتۆر عیززەددین بۆ هەموو ئەوانەی ئۆگری پێشکەوتنی زمان و ئەدەبی کوردی و ڕێبواری ڕێگای خەبات بۆ ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کوردن، ناوێکی ئاشنایە. ئەو نووسەرێکە کە لەپاش خۆی پتر لە ٨٠ کتێبی بەنرخی لە بواری ئەدەب و زمانەوانی و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هی‌تردا بەجێ هێشتوە و بەرهەمەکانیشی هەرکام لە بواری خۆیدا پێشەنگ و شیاوی لێفێربوونن. ڕەنگە بۆ وەسفی ئەو نووسەرە ناودارە ئەوەندە بەس بێ کە بڵێین هەتا دوارۆژەکانی ژیانی دەستی لە قەڵەم بەر نەدا و ڕووباری پڕشەپۆلی بەخشندەیی وشکاوی نەهات.

گومانی تێدا نیە کە مەرگی دوکتۆر عیززەددین تەنیا کۆستی بنەماڵە بەڕێزەکەی نیە و بۆهەموو ئەوانەی شاهیدی زانایی و بەتوانایی و بەخشندەیی ئەو بوون خەسارێکی گەورە و کەلێنێکی بەرچاوە کە پڕکردنەوەی پێویستی بە هەوڵ و خەباتێکی بەردەوامی کۆمەڵی ئەدیبان و ئاشقانی قەڵەمی کوردی هەیە. دڵنیاشم کە ناو و یادی لەلای هەموو دڵسۆزانی نەتەوەی کورد بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە و لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا دەدرەوشێتەوە.


بەو بۆنە خەمناکەوە لە کانگای دڵمەوە سەرەخۆشی و هاودەردیم بە ئێوە ئەندامانی بەڕێزی بنەماڵە و بە هەموو دۆستان و ئاشنایانی و بە کۆڕی نووسەران و قەڵەمبەدەستان و بەگشتی بە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پێشکەش دەکەم. ڕووحی نەمری شاد بێ و ئێوەش ساغ و تەمەندرێژ بن و سێبووری بۆ هەموو لایەک.

براتان عەبدوڵڵای حەسەن زادە، فەڕانسە ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٩

گیارەنگ

----------------------------------------

**مستەفا هیجری": پرسە و سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی پرۆفیسۆر "عیزدەین مستەفا ڕەسووڵ" کرد**



بەڕێز؛ خاتوو ڕووناک، هاوژینی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

ئەندامانی بەڕێزی بنەماڵەی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا

بەداخ و کەسەرێکی گرانەوە ئاگادار کراین، بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە، ١١ی ڕەزبەری ١٣٩٨ی هەتاوی، پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، دۆستی دێرین و بەوەفای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەگشتی و شەهید دوکتور قاسملوو بەتایبەتی، کۆچی دوایی کرد.

پرۆفیسۆر عیزەدین ساڵی ١٩٣٤ی زایینی لە سلێمانی لەدایک بووە، لە ماوەی ٨٥ ساڵ تەمەنی پڕدەسکەوتی، خزمەتێکی زۆری بە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان، بەتایبەت بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردووە.

بە ئاوڕدانەوە بە ژیان و بەرهەمەکانی پرۆفیسۆر عیزەدین، ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەمان بۆ دەردەکەوێت کە کوردستان و کورد کەسایەتییەکی وەها مەزنی تێدایە کە بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی لە سەرووی خواستەکانی ژیانەوە دادەنێن.

پرۆفیسۆر عیزەدین بە خەرمانێک لە بەرهەمەکانی کە زیاتر لە ٩٠ کتێب و نامیلکە بە شێوەی نووسین، تویژینەوە و وەرگێڕان تۆمار کردووە، زۆرترین خەمی شوناسی نەتەوایەتیی بووە و وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکی لە پاراستن و پەرەپێدانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەدەستدانی ئەو دۆستە بەوەفایە بە خەسارێکی گەورە دەزانێت و پرسە و سەرەخۆشیی خۆی

ئاراستەی هاوژین، بنەماڵە و کەسوکاری کۆچکردوو دەکات و خۆی بە شەریک و بەشداری خەمیان دەزانێت و هیوای سەبووریيان بۆ بە ئاوات دەخوازێت.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**لێپرسراوی گشتی**

**مستەفا هیجری**

**١١ی ڕەزبەری ١٣٩٨ی هەتاوی**

**٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٩ی زایینی**


**کوردستان میدیا**

-----------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

**پرسەنامەی بەڕێز برایم عەلیزادە بۆ کۆچی دوایی پرۆفیسۆر عزەدین مستەفا رەسوڵ**



هاورێی بەرێز کاک فاروق،

سڵاوێکی گەرم،

کۆچی دوایی پروفسور دوکتور عزالدین مستەفا خەسارێکی گەورە بوو بۆ هەمومان و بە تایبەت بۆ ئیوە هەم وەکوو برا و هەم وەکوو هاورێی رۆژانی سەخت. زۆر بە داخەوەم و پڕ بە دڵ خۆم بە بەشداری خەمتان دەزانم. لە ریگەی ئیوەوە سەرەخوشی لە هاوسەری بەرێزی و هەموو ئەندامانی بنەمالەکەتان دەکەم.

دوکتور عزالدین بە تەنها ئەندامی بنەماڵەی ئیوە نەبوو، ئەو کەسایەتێکی هەلکەوتوی کۆمەلی مروڤایەتی بوو. دوکتور عزالدین تا دوایین رۆژەکانی ژیانی قەلەمی بەهرەمەندی لە خزمەت بە بڵاوکردنەوەی بیر و ئەندێشەی پێشرەو نەوەستا .

بێگومان ئەدەب و زانستی پێشکەوتوی ئەو وڵاتە جێ پەنجەی دوکتور عزالدینی پێوە دیارە. دوکتور عزالدین نەک هەر ئاکادمیستێکی لیهاتووی سەردەم بوو، بەلکوو لە هەمانکاتدا تێکۆشەرێکی خاوەن هەلوێستی سیاسی رادیکال بوو. ئەو شانازی بەوە دەکرد کە خۆی لە ریزی کومونیستەکانی ئەو ناوچەیەدا دەبینێتەوە.

داوای سەبوری بۆ بازماندەگانی دەکەم و هیوای تەمەن درێژیان بۆ دەخوازم

برایم عەلیزادە

پاریس

٠٤ - ١٠ - ٢٠١٩

**کۆسرەت رەسوڵ: د.عزەدین یەکێکە لەناوە پرشنگدارەکان**



**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەڕێزان خانەوادەو کەسوکاری پرۆفیسۆر د.عزەدین مستەفا رەسوڵ**

**زۆر بەداخەوە ئەمڕۆ ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ لەساڵرۆژی کۆچی دوایی رابەری گەورەی نەتەوەکەمان سەرۆک مام جەلال، هەواڵی کۆچی دوایی نوسەرو روناکبیرو ئەکادیمیستی گەورەی کورد د.عزەدین مستەفا رەسوڵ-م بیست، لەناخەوە دڵگران و خەمباری کردم، هاوبەشی خەمتانم، پرسەو سەرەخۆشی هاوخەمی خۆم ئاڕاستەی ئێوەو سەرجەم نووسەران و رۆشنبیرانی کورد دەکەم.**

**پرۆفیسۆر د.عزەدین مستەفا رەسوڵ لە ٨٥ ساڵ تەمەنی پڕ لە بەخششی خۆی بەنووسین و هەڵوێستەکانی، بەتوێژینەوەو کارە ئەکادیمییەکانی خزمەتێکی یەکجار گەورەی بە کتێبخانەی کوردی و دۆزی رەوای گەلەکەمان کردووە، یەکێکە لەو ناوە پڕشنگدارانەی بۆ هەمیشە لە یادو یادەوەریمان دەمێنێتەوەو بەرهەمەکانی سوچێکی گەورەی نێو کتێبخانەی کوردی پێکدێنن،ماڵئاوایی یەکجارەکی د.عزەدین کەلێنێکی گەورە دروست دەکاو ئەستەمە شوێنەکەی پڕ بکرێتەوە.**

**داواکارم لەخوای گەورە بەبەهەشتی بەرینی شاد بکات و سەبووری و ئارامیش بەهەموومان ببەخشێ.**
**انا لله وانا اليه راجعون**

**کۆسرەت رەسوڵ عەلی**
**جێگری سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**٣ - ١٠ - ٢٠١٩**

**بافڵ تاڵەبانی: کۆچی دوایی دکتۆر عیزەدین خەمێکی قوڵە**



بەداخ پەژارەوە، هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستای روناکبیرو نووسەری دیاری کورد (پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ) مان پێگەیشت.

بۆ ئەو خەمە پرسەوسەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی کەسوکاری بەڕێزیان و قەڵەم بەدەستان و روناکبیرانی کورد دەکەین.

پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ دۆستی دێرینی سەرۆک مام جەلال بوو ، تەمەنێکی دوورو درێژی تەرخانکرد بۆ خزمەتکردنی ئەدەبو زمانی کوردیو توێژینەوەی زانستی و ساخکردنەوەی بابەتە ئەدەبییەکان و نووسینی مێژووی ئەدەبی کوردی و رۆڵی دیاری هەبوو لەبزوتنەوەی روناکبیری و سیاسی گەلەکەمان.

لە دەستدانی مامۆستای پایەبەرز خەمێکی قوڵە بۆ هەموو لایەک.

روحی مامۆستا ( پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ ) یش شاد

براتان

بافڵ تاڵەبانی

٣ - ١٠ - ٢٠١٩

---------------------------------------------

**پارێزگاری سلێمانی پرسەنامەیەک بۆ کۆچی دوایی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ رادەگەیەنێت.**



**بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان**

**بەناوی پارێزگای سلێمانییەوە، پرسە و ماتەمینیی و خەم و پەژارەی خۆمان بۆ کۆچی دوایی زانا و پرۆفیسۆری ناوداری کورد بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ڕادەگەیەنین.**

**ڕابردووی پرشنگدار و پڕشکۆ و گەوهەر و بەخششی ئاینیی و نیشتمانیی و زانستیی و ئەدەبیی و ئەکادیمیی و بیری پێشکەوتنخوازانە و خەمخۆرانەی بەڕێزیان و بنەماڵەکەیان ڕۆڵی جوامێرانە و شکۆمەندانەیان دەسەلمێنن.**

**بەڕێزیشیان شایستە و شایانی ئەوەن کە نازناوی ئینسکلۆپیدیای کوردیان لێبنرێت، کە تا دوا ساتەکانی تەمەنی پڕبەرهەمیان لە خوێندنەوە و نوسین و توێژینەوە و پڕۆژەکانیان نەوەستان و خەرمانێکی دەوڵەمەندیان پێشکەش بە مرۆڤایەتیی و بەناوەندە زانکۆیی و ئەکادیمیی و سیاسیی و ڕۆژنامەگەرییەکان کرد.**

**داواخوازین لە خوای گەورە؛ ئارامیی و ئۆقرەیی بە هەموومان ببەخشێت و پرۆفیسۆری ئازیزمان بکاتە خانەخوێی بەهەشتی نەبڕاوەی خۆی.**

**(انا لله وانا اليه راجعون)**

**٣ - ١٠ - ٢٠١٩**

## هاوخەمی خۆم بە خانەوادە و کەس و کاری مامۆستا عزەدین مستەفا رەسول ڕادەگەیەنم



بەرێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو مامۆستا عزەدین مستەفا رەسول

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی نوسەرو روناکبیرو ئەکادیمیستی گەورەی کورد پرۆفیسۆر دکتۆر(عزەدین مستەفا رەسوڵ)م بیست، بەمەش ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی ئەدەب و رووناکبیری کوردی کوژایەوە
بەم بۆنە خەمناکەوە هاوخەمی خۆم بە خانەوادە و کەس و کار و خزمان و دۆستانی مامۆستا عزەدین مستەفا رەسول ڕادەگەیەنم
کۆچی دوایی ئەم کەڵە رووناکبیرە کەلێنێکی گەورە دەخاتە نێو بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری و ناوەندی ئەکادیمیای کوردییەوە، مامۆستا عزەدین مستەفا رەسول خۆی فەرهەنگێکی گەورەی ئەکادیمی و مەعریفی بوو.

لە ژیانیدا مێژوویەکی زێڕینی پڕلە بەرهەم و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و زمانەوانی و کلتوری تۆمارکرد، هەمیشە سەرچاوەیەکی پڕ لە زانیاری و بە پێز بوو بۆ یەکلاکردنەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی و زمانەوانی،
سەرپەرشتی سەدان تێزی ماستەر و دکتۆرای کردووە نوسینگە و ماڵ و کتێبخانە گەورەکەی هەمیشە ژوانگەی ئەدیب و ئەدەب دۆستان و مێژوونوسان بووە.
هاوکات خوالێخۆشبوو مامۆستا عزەدین مستەفا رەسول و خانەوادەکەی یەکێکن لە کەسایەتی و بنەماڵە دیارەکانی شاری سلێمانی و کوردستان بەگشتی، ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە لە خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕی میللەتەکەمان لە قۆناغە جیاوازەکاندا.
بۆیە جارێکی تر هاوخەمی خۆم دەردەبڕم و لە خوای دلۆڤان دەپاڕێینەوە گیانی خوالێخۆشبوو مامۆستا عزەدین مستەفا رەسول بە بەهەشتی بەرین شادبکات و سەبوری و ئارامیش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

سەعدی ئەحمەد پیرە

٣ - ١٠ - ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

**مامۆستا عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی برووسکەیەکی ماتەمینی ئاڕاستەی بنەماڵەی کۆچکردوو کرد.**

**بەبۆنەی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول نووسەر و ئەدیبو ڕۆشنبیری کورد،**



بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

بەڕێز کاک فاروق مەلا مستەفای سەفوەت

السلام علیكم و رحمە الله

بەبۆنەی کۆچی دوایی برای بەڕێزتانەوە، جەنابی (پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)، سەرەخۆشییتان لێ دەکەم، خوا لێی خۆش بێو جێگای بەهەشت بێو سێبووریو ئارامییش بەسەر دڵی ئێوەدا برێژێو هەمووڵایەکیشمان بە ئیسلامەوە بژیەنێو بە ئیمانەوە بمرێنێو سەرەنجاممان خێر و سەرفرازی بێت.

بێگومان کۆچی دوایی جەنابی دکتۆر عیزەدین کەلێنێکی گەورەی جێهێشتووە، چونکە یەکێک بوو لە نووسەر و ئەدیبو ڕۆشنبیرە هەڵکەوتووەکانی گەلەکەمانو پتر لەنیو سەدە بوو لە زۆر بواردا خزمەتی بە زمانو ئەدەبو فیکرو فەرهەنگی گەلەکەی دەکرد.

دووبارە سڵاو و ڕێزو سەرەخۆشیی بۆ خۆتو سەرجەم خزمو دۆستان

انا لله وانا الیه راجعون

براتان: عەلی باپیر

٥ صفر ١٤٤١

٤ - ١٠ - ٢٠١٩

**پرسەنامەی قادر عەزیز بۆ کۆچی دوایی د.عزەدین**



**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەڕێزان کەسوکارو و خانەوادەی نووسەرو رووناکبیری گەورەی کورد پرۆفیسۆر د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵم بیست، دڵگران و خەمباری کردم، پرسەو سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆمتان ئاراستە دەکەم، لەخوای گەورە داواکارم سەبووری هەموو لایەک بدات.**

**انا لله وانا الیە راجعون**

**قادر عەزیز**

**سەرپەرشتیاری مەکتەبی راگەیاندنی ی.ن.ک**

**ئەندامی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک**

**PUKmedia**

٣ - ١٠ - ٢٠١٩

----------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

**پرسەنامەی خاتوو گەلاوێژ بۆ کۆچی دوایی پ. د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ**



بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی زانا و رووناکبیری گەورەی نەتەوەی کورد، پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ-م پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی برای بەرێزم کاک فارووق و خاتوو رووناک و تەواوی خزم و کەسوکاری زانای کۆچکردوو دەکەم.

لەدەستدانی ئەم پرۆفیسۆرە تەنیا خەمی خێزان و کەسوکارەکەی نییە بەڵکو خەسارەتێکی گەورەیە بۆ نەتەوەی کورد بە هەموو چین و توێژەکانیەوە، بەتایبەت توێژە رووناکبیرەکەی لە هەموو کایەکانی ئەدەب و مێژوو و سیاسەت و زمان و فۆلکلۆر و کەلەپووردا، چونکە دکتۆر عیزەدین سوارچاک و پێشڕەوێکی هەموو ئەو بوارانە بوو.

بەشبەحاڵی خۆم بەردەوام سەرنج و رێنوێنیی داوەمەتێ لەسەر بابەتە ئەدەبییەکانم کە بڵاومکردوونەتەوە، هەمیشە پرسم پێکردووە و را و سەرنجەکانی مامۆستام بە هەند وەرگرتووە و بەردەوام دەستخۆشی لێدەکردم.

پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ، بیرێکی تیژی پێشکەوتنخوازانەی هەبوو و جێدەستی بە کایە جۆراوجۆرەکانی رۆشنبیریی کوردەوە هەر دەمێنێتەوە و ناوێکی پرشنگدارە لە مێژووی کورد وکوردستاندا.

دووبارە سەرەخۆشیی لە خزم و کەسوکار و خۆمان و هەموو دۆست و ئازیزانی ئەم پرۆفیسۆرە گەورەیە دەکەم.

گەلاوێژ

١٠ - ٦ - ٢٠١٩

## مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پەیامێکی سەرەخۆشی ئاڕاستەی کەسوکاری (عیزەدین مستەفا ڕەسول) دەکات

برای بەرێز کاک فاروقی مەلا مستەفا

کەسوکاری خوالیخۆشبوو د. عیزەدین مسەفا رەسول

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی ماڵئاوایی یەکجارەکی (د. عیزەدین مستەفا رەسول)مان بیست، ئێمە بە ناوی خۆمان لە مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و تەواوی هاورێیانمان، پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی ئێوەی ئازیز تەواوی گەلی کوردستان دەکەین.

ئاشکرایە کە بە ماڵئاوایکردنی د.عیزەدین لەو کاتەدا، گەلەکەمان روناکبیرێکی گەورەی لەدەستدا، کە تەواوی تەمەنی خۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتی کاروانی رۆشەنبیری و ئەکادیمی و نووسین و پێگەیاندنی چەندین نەوە لە قۆناغە جیاجیاکانی تێکۆشانی گەلەکەمان.

بۆیە جارێکی دیکە سەرخۆشی خۆمان لە خۆمان و ئێوەی ئازیز و تەواوی گەلی کوردستان دەکەین.

روحی د. عزەدین بە فیردۆسی بەرین شاد بێت.

مەکتەبی سیاسی خزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

٣ - ١٠ - ٢٠١٩

## پەیامی سەرەخۆشی کۆنسەی بەڕیوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (ک ن ک - KNK) بە بۆنەی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول



ئەمڕۆ ٣ - ١٠ - ٢٠١٩، پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسول، مامۆستای زانکۆ، نووسەرو ئەدیب، ئەندامی دامەزرێنەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، لە تەمەنی ٨٥ساڵیدا لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد. دۆکتۆر عیزەدین مستەفا رەسول، سەرەڕای ئەوەی کەسایەتییەکی دیاری بواری رۆشنبیری و ئەدەبی و ئەکادیمیی کوردی بوو، هەمانکات مامۆستایەکی بە هەڵوێست و کەسایەتییەکی دڵسۆزی دۆزو خەباتی گەلەکەی بوو. یەکێک لەو رۆشنبیرە دەگمەنانەی تا دوا ساتەکانی ژیانی پەیوەست بوو بە بوارە جیاوازەکانی تێکۆشانی نەتەوەیی و ئەدەبی و سیاسییەوە.

پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسول وەک مامۆستای زانکۆ، سەدان خوێندکاری پێگەیاندووە. چەندین کتێب و نووسینی ئەکادیمیی لە بوارە جیاجیاکانی ئەدەبی کوردیدا بڵاوکردۆتەوە. وەک ئەدیبێکیش لە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد بوو. لەیەکەم کۆنگرەی ئەو رێکخراوەشدا بە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد هەڵبژێردرا.

کۆچی دوایی دۆکتۆر عیزەدین لەم قۆناغە ناسک و هەستیارەی گەلی کوردستاندا، زیانێکی گەورەیە لە ئەدەب و رۆشنبیریی و خەباتی نەتەوەیی گەلی کوردستان.

ئێمە وەک کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان سەرەخۆشی لە خۆمان، لە گەلی کوردستان، لە کەسوکار و دۆست و هاوڕێیانی دۆکتۆرعیزەدین و ئەدیب و نووسەرانی کوردستان ئەکەین. جێگاو رۆڵی دۆکتۆر عیزەدەین مستەفا رەسوڵ لە مێژووی ئەدەب و رۆشنبیریی و خزمەتی نەتەوەییدا، هەمیشە درەوشاوەو پرشنگدار ئەمێنێ.

٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

## تەڤگەری ئازادیی: عیزەدین مستەفا مرۆڤێکی لێوان لێو لە بەرخودێریی بووە



عیزەدین مستەفا رەسوڵ مرۆڤێکی بەرخودێر

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەمڕۆ پ. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ئەمڕۆ لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد، کە ئەگەر سەیری ژیانی بکەیت، دەتوانیت بڵێین مرۆڤێکی لێوان لێو لە بەرخودێریی بووە.

بۆ کۆچی پ.عێزەدین، سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی گەلی کورد و بە تایبەت خانەوادە و ڕۆشنبیران و ئەدەب دۆستان دەکەین، کەسایەتی پ.عیزەدین وەک کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و گەنجینەیەکی بەها داربووە بۆ زمان و ئەدەبی کوردی و لێکۆڵەرێکی دیاریی مێژووی بووە، خزمەتێکی گەورەی بە نێوماڵی کورد کردووە، وەک کەسایەتییەکی سیاسیش خاوەن هەڵوێستێکی نیشتمانپەروەر بووە و هەمیشە داکۆکیکارێکی سەرسەخت بووە بۆ مافی گەلەکەی.

وەک دەستەی ڕاگەیاندنی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان، هیوادارین هەوڵ و خەونی پ.عیزەدین ڕەسوڵ بەردەوامیی پێبدرێت و لەبیر نەکرێت، دووبارە سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی گەلی کورد و خانەوادی بەڕێزیان دەکەین.

تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان

دەستەی ڕاگەیاندن

٠٣ - ١٠ - ٢٠١٩

ڕۆژنیوز

**سەرۆکی هاوپەیمانی پرسەنامەیەکی ئاراستەی بنەماڵەو هاوڕێیانی دکتۆر عیزەدین کرد**




**بەڕێزان بنەماڵەی دکتۆرعیزەدین مستەفا ڕەسوڵ**

**بەرێزان هاوڕێیان و دۆستانی خوالێخۆشبوو**

**بابەت پرسەنامە**

**بەبۆنەی کۆچی دوایی زاناو سیاسەتمەداری دیاری گەلەکەمان کۆچکردو پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، پرسەو سەرخۆشی خۆم و تەواوی هاودیدانم لە هاوپەیمانیی نیشتمانی ئاراستەی بەرێزتان دەکەم و دەخوازم خوای گەورە کۆچکردو بەبەهەشتی نەبڕاوەی خۆی شاد بکات.**

**بەریزان، دکتۆر عیزەدین کەسایەتییەکی سیاسی و ئەکادیمی دیاری گەلەکەمان بوو، کاتێک ئەو لەگەڵ هاورێکانی بیریان لە دامەزراندنی یەکێتی نوسەرانی کورد کردەوە، نیشتمان لەوپەری کێشەو ناخۆشی و ناهەمواریدابوو، بەڵام ئەو بە ورەبەرزی و دونیابینییەکی زۆرەوە دەستی کردبوو بە خزمەکردن بەبواری زمان و ئەدەب و پاراستنی کلتوری نیشتمانی هاوشانی کاری سیاسی، بۆیە لەدەستدانی کاسایەتییەکی لەوشێوەیە نەک تەنها بۆ بنەماڵە بەڕێزەکەتان، بەڵکو بۆ سەرجەم کوردستان دەبێتە خەسارەتێکی گەورە.**

**ئارام قادر**

**سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانی**

**٣ - ١٠ - ٢٠١٩**



سەرچاوە
Serchawe

**وەزارەتی خوێندنی باڵا کۆچی دوایی زانای گەورەی گەلەکەمان پرۆفیسۆر (د.عیزەدین مستەفا رەسول) ڕادەگەیەنێت**



بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کۆچی دوایی مامۆستاو زانای گەورەی گەلەکەمان پرۆفیسۆر (د.عیزەدین مستەفا رەسول) ڕادەگەیەنێت.

پرۆفیسۆر (د.عیزەدین مستەفا رەسول) کەیەکێک بوو لەو زانستخوازە ماندوانەی تێکۆشانێکی بەرزو پڕ بایەخیان هەبوە لەبواری توێژینەوە و داهێنان، کە بەرهەمە زانستیەکانی گەواهیدەری ئەوەن، بۆیە بە لەدەستدانی کەلێنێکی گەورە لەبواری توێژینەوە و نووسین دەخاتە نێو زمان و ئەدەبیاتی کوردی.

ئاشکرایە لای هەموان پرۆفیسۆر (د.عیزەدین مستەفا رەسول) کەسایەتییەکی گەورەو خەزینەیەکی پڕ بەهای ئەم نیشتیمانەبوو، بۆیە بەشانازی و بایەخەوە لەشەونخونی و ماندوبون و تەمەنی پڕ لە بەخششی زانستی کۆچکردوو دەڕوانین. د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، لە ساڵی ١٩٣٤ لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایکبوە، لە ساڵی ١٩٣٩ لای باوکی لە "مزگەوتی حاجی مەلا رەسوڵی دێلێژە"، وەکو گوێگر و پاشان خوێندکار دەستی بە خوێندن کردووە.

ساڵی ١٩٥١ لە خانەی ماڵی مامۆستایان وەرگیراوە، دوای تەواوکردنی خوێندنی بەشی زمان، لە باکۆ لەڕێککەوتی ٢٤ - ٦ - ١٩٦٣ پلەی دکتورای وەرگرتووە، و ساڵی ١٩٧٩ چووەتەوە مۆسکۆ، لەوێ درێژەی بە خوێندن داوە و پلەی پرۆفیسۆری وەرگرتووە، و لە ساڵی ١٩٩٢ بوو بەئەندامی یەکەمین خولی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، پ.د.عیزەدین مستەفا یەکێک بوو لە دامەزرێنەکانی یەکێتی نوسەرانی کورد، کە ژمارەیان ١١ کەس بوون و یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی ئەو یەکێتیە بە قەڵەمی ئەو نووسراوە، دواتر بووەتە سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد.

لەمێژووی پڕ نووسین و داهێنان و خزمەت کردنی بە توێژینەوەی زانستی خاوەنی ٨٦ بەرهەمی ناوازەیە و سەرەتای نووسینیشی لە



سەرچاوە Serchawe

رۆژنامەی دیوارەوە دەستپێکردووە، هەر بەو بۆنەیەشەوە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پرسەی ماتەمینی لەسەرجەم دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕادەگەیەنێت.

لەخودای گەورە داواکارین سەبوری هەموو لایەکمان بدات و ڕۆحی مامۆستا و زانای کۆچ کردووش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات.

٣ - ١٠ - ٢٠١٩

----------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

**پرسەنامە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بۆ کۆچی دوایی پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ**



بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەمرۆ ٣ - ١٠ - ٢٠١٩، نوسەرو روناکبیرو پەروەردەکاری دیاری کورد پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا رەسول، کۆچی دوایی کرد.

بەناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانییەوە پرسەو سەرەخۆشی لە خۆمان و لە بنەماڵە بەڕێزەکەیان و هاورێ و دۆستانی دەکەین، داواکارین خوای گەورە کۆچکردوو بە بەهەشتی بەرین شادبکات و سەبوری خانەوادەکەی بدات.

پرۆفیسۆر د. عیزەدین، لەگەڵ ئەوەی نوسەرو ئەدیبێکی دیاری میللەتەکەمان بوو، لەهەمان کاتدا پەروەردەکارێکی بە تواناو بە ئەزموون بوو، خزمەتێکی زۆری کەرتی پەروەردەو خوێندنی کردووە لە کوردستاندا.

دووبارە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان رائەگەیەنین بەم بۆنە خەمناکەوە، هیوادارین دوا ناخۆشیتان بێت.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی

٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

-------------------------------------------

**پرسەنامەی سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان**

**بۆ کۆچی دوایی کەسایەتی ناسراوی گەلەکەمان (پ.دعیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)**



بەناوی سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان و سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان رادەگەیەنین بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستای گەورە (پ.د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) ئەکادیمیی و ڕوناکبیرو کەسایەتی ناسراوی کورد، کە خەسارەتێکی گەورەیە لە بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبی گەلی کورد - دا، ئەو نوسەرو کەسایەتیەکی دیاری گەلەکەمان بوو پێگەو رۆڵی گەورەشی هەبوە لە بەرەوپێش چوونی بواری پەروەردە و زانست و ئەدەب لە کوردستاندا، یەکێک بوو لە کۆڵەکەکانی ئەدەب و ڕوناکبیری و زمانی کوردی و گەنجینەیەکی دەوڵەمەند بوو لە بواری فەرهەنگی.

داواکارین لەخوای گەورە کە ئەمە دوایەمین ناخۆشی بنەماڵە بەرێزەکەیان بێت و ئارامی ببەخشێت بەهەموو دۆستان و خۆشەویستان و کەس و کارو خزمانی، خوای گەورە بەبەهەشتی بەرینی شاد بکات.

(إنا لله وإنا إليه راجعون)

سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان

٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩

-----------------------------------------

## وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕێوڕەسمی ماتەمینی بۆ کۆچی دوایی پرۆفیسۆر د.عیزەدین مستەفا ڕەسول ڕێکخست



بەمەبەستی ڕاگەیاندنی ماتەمینی بۆ کۆچی دوایی مامۆستاو زانای گەورەی گەلەکەمان پرۆفیسۆر (د.عیزەدین مستەفا ڕەسول)، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕێوڕەسمێکی ماتەمینی ڕێکخست و بەفەرمی پرسەی ماتەمینی لەسەرجەم دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە کوردستان ڕاگەیاند.

نیوەڕۆی ئەمڕۆ پێنجشەمە ڕێکەوتی (٣ - ١٠ - ٢٠١٩) بە ئامادەبونی د. ئارام محمد قادر وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و بەڕێوەبەرانی گشتی و مامۆستاو فەرمانبەرانی وەزارەت، ڕێوڕەسمێکی ماتەمینی بۆ کۆچی دوای پرۆفیسۆر (د.عیزەدین مستەفا ڕەسول) لە دیوانی وەزارەت لە شاری هەولێر بەڕێوەچو.

لە وتەیەکدا د. ئارام محمد قادر پرسەو سەرەخۆشی خۆی و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئاراستەی کۆمیونیتی ئەکادیمی کوردستان و خەڵکی کوردستان کردو ڕایگەیاند: پرۆفیسۆر (د.عیزەدین مستەفا ڕەسول) زیاتر لە ٦٠ ساڵ تەمەنی خۆی تەرخانکرد بۆ خزمەتی بواری مەعریفەو ئەکادیمیاو زانست و ڕۆشنبیری و ڕۆشنگەری لە وڵاتەکەمان، بۆیە لە دەستدانی خەسارەتێکی یەکجار گەروەیەو کەلێکنێکی گەورە لە بورای مەعریفی و ئەکادیمی بۆ وڵاتەکەمان دروستدەکات و شوێنەکەشی بە ئاسانی بۆمان پڕ نابێتەوە، هەروەک وتیشی: داواکارم لە خوای گەورەو دلۆڤان ئەو خزمەت و کارە چاکانەی لە بواری ئەکادیمیاو زانست و زانیاری پێشکەشی گەلەکەمانی کردوە ببێتە زەخیرەیەک بۆ ئەو دونیای و ئەرشیفێکی دەوڵەمەندیش بۆ گەلەکەمان. ڕاشیگەیاند: بۆ کۆچی پرۆفیسۆر (د.عیزەدین مستەفا ڕەسول) وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پرسەی ماتەمینی لەسەرجەم دەزگاو دامەزراوە زانستییەکانی هەرێمی کوردستان ڕادەگەیەنێت.

هەر لە وتەکەیدا وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی خەبات و تێکۆشانی پرۆفیسۆر (د.عیزەدین مستەفا ڕەسول) وەک کەسایەتییەکی گەورەو خەزینەیەکی پڕ بەهای ئەم نیشتیمانە لە بواری سیاسی و ئەکادیمیدا بەرزنرخاندو بە شانازییەوە باسی لە



سەرچاوە
Serchawe

شەونخونی و ماندوبون و تەمەنی پڕ لە بەخششی زانستی کۆچکردو کرد.

لە کۆتایی وتەکەشیدا د. ئارام محمد قادر پرسەو سەرخۆشی لە بنەماڵەی پرۆفیسۆر (د.عیزەدین مستەفا رەسول) کرد و لەخودای گەورە داواکارین سەبوری هەموو لایەک بدات و ڕۆحی مامۆستا و زانای کۆچ کردووش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات.

کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان

٣ - ١٠ - ٢٠١٩

---------------------------------------

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر مهاباد کامیل عەبدوڵا سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە**



بەناوی خۆم و سەرۆکایەتیی زانکۆی هەڵەبجەوە هاوخەمی و ماتەمینی خۆمان بەبۆنەی کۆچی دوایی پرۆفیسۆری گەورەی کورد (دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ) ڕادەگەیەنین. کۆچی دوایی ئەو زاتە گەورەیەی بواری ڕۆشنبیری و ئەدەب و کەلتوری گەلەکەمان زیانێکی ئێجگار گەورەبوو، ڕۆڵی ئەو وەک یەکێک لە دیارترین ئەکادیمیستە ناسراوەکانی کورد لە بواری نووسینەوەی مێژووی ئەدەبیات و دیاریکردنی بنەڕەتە سەرەکییەکانی ناو فەلسەفەی ئەدەب و ناساندنی ئەدەبیاتی کوردی بە گەلانی تر ئێجگار دیارە. هەموومان قەرزداری ئەو توانا ئەکادیمییە دەوڵەمەندەین، کە پرۆفیسۆری کۆچکردوو بە ناوەندی ئەکادیمیای کوردی بەخشیوە.

پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا، یەکێکە لە پێشەنگ و جەمسەرە سەرەکییەکانی ناو جیهانی ڕۆشنبری ئێمە، هەر بۆیە سەرۆکایەتی زانکۆی هەڵەبجە وەفاتی پرۆفیسۆری خوالێخۆشبوو بە زیانێکی زانستی گەورە دەزانێت و لەلای ئێمە کارەکانی ئەو هەمیشە بە مەزنی دەمێننەوە. لەم بارەیەوە ناوەندە ئەکادیمییەکانی خۆمان ڕادەسپێرین، کە کاری زانستی جدی و دەوڵەمەند لەسەر دونیابینی پرۆفیسۆری خوالێخۆشبوو ئەنجامبدەن. هەر لەم بۆنە خەمناکە زانستییەدا سەرۆکایەتیی زانکۆمان ماتەمینیی و پرسەی تایبەتیی خۆی ڕادەگەیەنێت و خۆمان بە هاوبەشی سەرەکیی خەم و دڵەنگیی کەسوکارە ئازیزەکەی دەزانین. ئەو کارەسات و خەمە بەکارەسات و خەمی خۆمان دەزانین. داواکارین لە خودای گەورە گیانی ئەو زاتە پڕ زانستە بە بەهەشت شادبکات و سەبوری و دڵنەوایی بە کەسوکاری سەربەرزی خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و دۆستان و هاوڕێیان و ئێمەیش ببخەشێت. هەروەها هیواداریین ئەمە دوا کۆستی زانستی بێت، کە بەرۆکی ناوەندی ئەکادیمیای کوردی بگرێت.

---------------------------------------

**پرسە و سەرە خۆشی زانکۆی کۆمار بۆ کۆچی دوایی د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ**




به داخ و پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ناسراو و ئەدیب و ئەکادیمیست پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵمان پێگەیشت، بە ناوی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆمارەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان لە خانەوادە و کەس و کار و دۆست و هاوڕێیانی کۆچکردوو دەکەین، ماڵئاوایی ئەو زانا لێهاتووەی کورد لەدەستدانێکی گەورە بوو بۆ کایەی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری کورد، لە یەزدانی مەزن داواکارین بیخاتە بەر دلۆڤانی خۆی و بەهەشتی بەرین دوا ئارامگای بێت.

٣ی تشرینی یەکەم ٢٠١٩

---------------------------------------------

**لیژنەی رۆشنبیریی پەرلەمان: "کۆچی دوایی د.عیزەدین خەسارەتێکی گەورەیەو بەئاسانی ئەو کەلێنە پڕ ناکرێتەوە"**




لیژنەی رۆشنبیریی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی ماتەمینیی بۆ کۆچی دوایی رووناکبیرو نووسەری دیاری کورد و ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ بڵاوکردەوەو تیایدا نیگەرانی و خەمباریی لیژنەکە بەکۆچی دوایی ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ناوەندی رۆشنبیری و ئەکادیمی لەکوردستان رادەگەیەنێ کە ئەمە دەقەکەیەتی:

لیـژنەی رۆشـنبیری و کـۆمەڵگەی مەدەنـی لە پەرلەمـانی کوردسـتان نیگەرانـی و خەمبـاریی خـۆی رادەگەیەنـێ بەبـۆنەی کـۆچی دوایـی ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ناوەندی رۆشنبیری و ئەکادیمی لەکوردستان، پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ.

دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ ئەستێرەیەکی درەوشاوە بووە لەمێژووی رۆشنبیری و ئەکادیمیدا، بۆ ماوەی زیاتر لە (٦٠) ساڵ خزمەتی گەورەی بەبـواری رۆشـنبیری و ئەدەبـی لەکوردسـتان کـردووەو جێگادەسـتی لەو بـوارانەدا بەشـانازییەوە لەلاپەڕە زێڕینەکـانی مێـژووی گەلەکەمان دەمێنێتەوە.

کۆچی دوایی د.عیزەدین خەسارەتێکی گەورەیەو بەئاسانی ئەو کەلێنە پڕ ناکرێتەوە، بەم بـۆنە خەمنـاکەوە پرسـەو هـاوخەمیی خۆمـان رادەگەیەنـین، لەخـوای گەورە داواکـارین سـەبووری و ئـارامی ببەخشـێت بەخـانەوادەی پرۆفیسـۆر عیـزەدین مسـتەفا رەسـوڵ و سـەرجەم رۆشنبیران و نووسەرانی کوردستان.

لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی

لە پەرلەمانی کوردستان

٣ - ١٠ - ٢٠١٩

-----------------------------------------

## کۆچی دواییت هەمووومانی غەمبار کردووە.



ئەمرۆ پێنج شەممە ڕێکەوتی ٣ - ١٠ - ٢٠١٩ پرۆفسۆر دوکتور عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ دوای تەمەنێک خزمەت لە بوارەکانی وێژە و ئەدەب و زمانی کوردی لە ئامێزی بنەماڵەکەی دا کۆچی دوایی کرد. کۆچی پرۆفسۆر د. عیزەت مستەفا ڕەسووڵ خەباتکار و زمانزان و ئەدیب و نووسەری ناوداری کورد و تێکۆشەری سیاسی و مێژووناس و دامەزرێنەری یەکیەتیی نووسەرانی کورد خەسارێکی گەورەیە بۆ گەلی کورد و ئەندامانی بنەماڵەکەیان و بۆ هەموو ئەوانەی کە ئاشنا بە ژیان و بەسەرهات و نووسین و بەرهەمەکانی ئەو مەزنە پیاوەن.

ڕووحت شاد گەورە پیاوی وێژە و ئەدەبی کوردی.

هەنگاوەکانت بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەدەبیات و ڕێنووسی زمانی کوردی هێندە گەورەن کە هیچ پێنووسێک ناتوانێ وەسفی ئەو هەموو گەورەیی و قورساییە بکات، سەری ڕێز بۆ خزمەتەکان و گەورەییت دادەنوێنم، هیوادارم کە گەلی کورد نموونەی کەسایەتی وەک جەنابت زیاتر لە داوێنی خۆی دا پەروەردە بکات، خزمەت و بەرهەمەکانت یادگارییەکن کە گەلی کورد لە هەموو بوارەکان دا لە کتێبخانە و زانکۆ و قوتابخانەکان دا کەلکیان لێ وەردەگرێ

و بە هەڵدانەوەی هەر لاپەرەیەک لە کتێب و نووسراوەکانت، سیمای تۆی ماندووییەناس لەبەر چاوان دەبێ.
یاد و ناوت لە دڵان دا هەردەم زیندووە.
سەرەخۆشی لە ئەندامانی بنەماڵەکەی و دۆست و هاورێ و کەس و کاری دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی ئەو کۆستە گەورەیە دەزانم.

حەمەرەسووڵ کەریمی - ماڵپەڕی گیارەنگ

## کورتەیەک لە ژیاننامەی

## پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ

**ئەگەر سەیری ژیانی بکەیت، دەتوانیت بەوە وەسفی بکەیت، ئەو پیاوەی هیچ بەربەستێک راینەگرت.**

عیزەدین کوڕی مەلا مستەفای سەفوەت کوڕی حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژەیە، ساڵی ١٩٣٤ لەگەڕەکی دەرگەزێن لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، سێیەم منداڵی باوک و چوارەم منداڵی دایکییەتی، "کاتێک دایکی لە مێردی یەکەم جیا بووەتەوە، لەگەڵ مەلا مستەفای سەفوەتدا خێزانی پێک هێناوەتەوە".

عیزەدین لەناو بنەماڵەیەکی خوێندەواردا ژیاوە، حاجی مەلا ڕەسوڵ، کە دەکاتە باپیری یەکێک بووە لە زانا ئاینییەکانی سەردەمی حکومەتی خوارووی کوردستان و لەلایەن مەلیک و کاربەدەستانەوە گوێی لێ گیراوە.

حاجی مەلا ڕەسوڵ ٥ کوڕی هەبووە، کە سەرجەمیان خوێندەوار و مامۆستای ئاینی بوون، مەلا مستەفا، کە باوکی دکتور عیزەدینە بە کاری مەلایەتییەوە لە شاری سلێمانی ژیانی گوزەراندووە، ژیانێکی مام ناوەندی بەڕێکردووە و بەردەوام خەریکی خوێندنەوە و بەتایبەت تەسەوف بووە.

عیزەدین لە لای باوکی لەمزگەوتی حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژە خوێندویەتی، پاشان ساڵی ١٩٣٩ وەک گوێگر لە قوتابخانەی غازی وەرگیراوە، پاش نیوەی ساڵ بەهۆی ئەوەی، کە خوێندکارێکی وریابووە، کراوە بە خوێندکار و سەری ساڵیش بە یەکەم دەرچووە.

چووەتە ناوەندی و لە سێی ناوەندی تاقیکردنەوەی بەکەلۆریی ئەنجام داوە و سەرکەوتوو بووە، مستەفای سەفوەت پێی وتووە: بۆ درێژەدان بە خوێندن بچۆ بۆ بەغدا و لە کۆلێژی شەریعە بخوێنە، هەم خوێندنێکی ئەکادیمیە، هەم مەلایەتییەکەشت دەمێنێتەوە.

دوای چوونی بۆ بەغدا، بووەتە خوێندکاری کۆلێژی شەریعە، بەڵام بەهۆی تێکەڵبوونی بە کاری سیاسییەوە، ساڵی یەکەمی شەریعەی پێتەواو نەکراوە و دەرکراوە، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و ساڵی دواتر چووەتە پۆلی چوارەمی بەشی زانستیی تەواو کردووە، لەو دەمەدا بەشی ئەدەبی لە شاری سلێمانی نەبوە، ساڵی دواتر کراوەتەوە، یەکێک لە مامۆستاکانی بە ناوی مووسا داوای لێ کردووە بچێتە بەشی ئەدەبی لە پۆلی پێنجەم لە خوێندنی شەوانە، پاش تەواوکردنی پۆلی پێنجەم، چووەتە بەغدا.



سەرچاوە Serchawe

ساڵی ١٩٥١ لە خانەی ماڵی مامۆستایان وەرگیراوە، ساڵی ١٩٥٢ بەشداری ڕاپەڕینی ئەو ساڵە بووە لە شاری بەغدا، بریندار بووە و دواتر لە کۆلێژ دەرکراوە لەبەر بەشداریی کردنی لە راپەڕینەکەدا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لە بەڕێوەبەرایەتی مەلاریا بە ناونیشانی کرێکار دامەزرێندراوە.

دواتر لە ڕێی چەند کەسێکەوە باوکی کردوویەتی بە مامۆستای سەرەتایی لە قەڵادزێقەڵادزێ، بەڵام لەوێش بە هۆی کاری سیاسییەوە گواستراوەتەوە بۆ سلێمانی، دواتر بۆ قەمچووغە، لەوێش بە کاری سیاسییەوە خەریک بووە، دووبارە گێڕاویانەتەوە بۆ سلێمانی.

بەڵام لەبەر خراپی موتەسەریفی سلێمانی عیزەدین هەڵهاتووە بۆ شام و عیراقی بەجێهێشتووە، دووبارە لە کۆلێژی ئاداب لە شام درێژەی بە خوێندن داوە و پۆلی ٢ - ٣ی بەشی عەرەبیی ئادابی تەواو کردووە، هەتا شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا و لە قۆناغی سێهەمی خانەی مامۆستایان دانراوە. پاشان تەواوی کردووە و هەر لە بەغدا لە بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی کە یەکەم ساڵ بووە پێک هێنراوە دامەزرێنراوە.

لەوسەردەمەدا عەبدولکەریم قاسم کەوتە ناردنی خوێندکار بۆ سۆڤیەت لەسەر ئەرکی دەوڵەت. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵیش یەکێکبووە لەو خوێندکارانەی چووەتە سۆڤیەت.

دوای تەواوکردنی زمان، لەگەڵ کەمال مەزهەر و نەسرین فەخریدا چووەتە باکۆ، ٢٤ - ٦ - ١٩٦٣ پلەی دکتورای وەرگرتووە و پاشان بە داوای حیزبی شیوعیی عێراق چووەتە سۆفیای پایتەختی بولگاریا بۆ سەرپەرشتیی ڕادیۆی نهێنیی دەنگی گەلی عێراق.

ساڵی ١٩٦٥ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و چووەتە شاخ و بووە بە پێشمەرگەی حیزبی شیوعیی عێراق، بەڵام دوای ساڵێک مانەوە لە بارەگای بارزانی، ٢٦ - ١٢ - ١٩٦٦ بە هەوڵێکی مەلا مستەفای بارزانی بووەتە مامۆستا لە زانکۆی بەغدا و لە بەشی کوردی دامەزرێنراوە.

ساڵی ١٩٧٩ چووەتەوە بۆ مۆسکۆ، درێژە بە خوێندن داوە و پلەی دکتۆرای و پرۆفیسۆری وەرگرتووە.

لە ساڵی ١٩٩٢ بووە ئەندام لە یەکەم خولی پەرلەمانی باشووری کوردستان لەسەر لیستی ی. ن. ک بەڵام وەک کەسێکی بێلایەن.

عیزەدین مستەفا یەکێکە لە دامەزرێنەکانی یەکێتیی نوسەرانی کورد، یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی بە قەڵەمی عیزەدین نوسراوە. دەستەی دامەزرێن ١١ کەس بوون. ساڵی ١٩٦٩ مۆڵەتیان وەرگرتووە و جەمال بابان کراوە بە سەرۆکی دەستەی دامەزرێن. بەڵام دوای



سەرچاوە
Serchawe

گەڕانەوەی نووسەرانی شاخ پاش بەیاننامەی ١١ی ئازار، ئەم دەستەیە هەڵوەشێندراوەتەوە و لە بەغدا هەڵبژاردن کراوە، د. عیزەدین بە کۆی ٦٣ دەنگ بووەتە سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد.

ساڵی ١٩٧٤دا لە هەولێر کۆنگرە گیراوە، لەم کۆنگرەیەدا سەیدا ساڵح یوسفی بووەتە سەرۆک و د. عیزەدین جێگری بووە. دواتریش درێژەی بە کاری ڕۆشنبیریی خۆی داوە لەناو ئەم ڕێکخراوەیەدا. دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئازادانەتر کاری کردووە.

د. عیزەدین ڕۆڵێکی گرنگی لە یەکێتیی نووسەراندا گێڕاوە، چ لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا و چ لەچالاکیەکاندا، بەتایبەت دەرکردنی گۆڤاری یەکێتیی نوسەران.

٨٦ بەرهەمی ناوازەی سەرەتای نووسینی لە ڕۆژنامەی دیوارەوە دەست پێ کردووە، کاتێ خوێندکاربووە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە مەکتەبی فەیسەڵییە دوای ئەمە کەوتووەتە نووسینی هەندێک بابەتی سیاسیی ڕۆژانە، دواتر کە لە خانەی بەرزی مامۆستایان وەرگیراوە، یەکسەر بووەتە ڕۆژنامەنوس لە ڕۆژنامەی ئەهالی پاش داخستنی گۆڤارەکەش گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و ڕۆژنامەی ژین بابەتی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

دکتۆر عیزەدین مستەفا لە ساڵی ٢٠٠٩ خەڵاتی بلەی بۆ کەسایەتیی ساڵ لە بواری ئەدەبدا وەر گرتووە، کە خاوەنی خزمەتێکی گەورەیە بە کتێبخانەی کوردی و چەندین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەبوار جیاوازەکان هەیە، بەتایبەتی بواری ئەدەبی.

ڕۆژی ٢٧ی کانونی یەکەمی ٢٠١٦، د. یوسف محەمەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەک پەرلەمانتار سەردانی ماڵی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵی کرد و خەڵاتی ڕێزلێنانی پەرلەمانی کوردستانی بەخشی بە ناوبراو.

پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ی زایینی لەتەمەنی ٨٥ ساڵی لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

-----------------------------------------------

## یادەوەرییەکانم

### ١

بەرگی دووەمی یادەوەرییەکانی پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ لەدووتوێی ١٥٨ لاپەڕەدا چاپو بڵاوکرایەوە کە ئەم کتێبە یەکێکی ترە لەچاپکراوە نوێکانی دەزگای چاپوپەخشی سەردەم.

ناوەڕۆکی کتێبەکە لەچەند بابەتێک پێکهاتووە هەندێک لەو بابەتانە بریتین لە »کاری حیزبی، بەندینخانە، گەڕامەوە بۆ سلێمانی، بێمەوە بۆ قەڵادزێ، چوون بۆ سوریا، رق لەئینگلیز)و چەندین بابەتی تر کە هەریەکەیان باس لەوێستگەیەک لەقۆناغەکانی ژیانو بەسەرهاتی د. عیزەدین دەکەنو نووسەر ئەزموونو رووداوەکانی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە.

لەبەشێکی ئەو یادەوەرییانەدا نووسەر دەڵێت: وڵات بەرەو راپەڕین دەچوو، شۆڕشگێڕان دەڵێن بۆنمان دەکرد، حیزبە ئاشکراکانی عیراق (نیشتمان دیموکراسی) سەربەخۆیی (استقلال)، بەرەی میللی (الجبهه الشعبیه) یادداشتیان دا بەوەسی (وصی) - (عەبدولئیلاه)، کە لەجێی ئەو مەلیکە بوو کە هێشتا تەمەنی چوونە سەر تەختی نەبوو. حیزبی شیوعی ئاشکرا نەبوو، لەبەرئەوە بەناوی (ئاشتیخوازان)ەوە کە ئەوانیش ئیجازەیان نەبوو تێکەڵبوون، واتە هەر شیوعی نەبوون، یادداشتێکیاندا بەوەسی لەچەشنی کۆنگرەدا سەرۆک حیزبەکانو کۆمەڵێکی تری لەنیشتمانپەروەران کۆکردبۆوە کە لەبارەی حکومەتو کارو خۆ بۆ پەیمانێکی وەک ئەوەی پۆرتسمۆس ئامادەکردنیدا دووابوون، وەسی بەشێوەیەکی ناشیرین لەگەڵ عەمید تەها هاشمی- سەرۆکی بەرەی میللی دووابوو، ئەویش هەستابوو چووبووە دەرەوە، یا دەیانووت دەریکردووەتە دەرەوە. کامیل چادرچیش خۆی لەگەڵیدا چووبووە دەرەوە. وەسی لەقسەکانیدا وشەی (بەلوعە)ی بەکارهێنابووو، کە عەرەبی عیراق بە (زێراب)ی دەڵێن ئیتر خەڵک ئەو کۆنگرەیەیان ناونا کۆنگرەی (بالوعە).

کوردستانی نوێ لەژمارەکانی داهاتوویدا چەند بەشێک لەم یادەوەرییانە بڵاودەکاتەوە.

### ٢

هەر زوو چوومە رۆژنامەی (الا هالی) بۆ لای عەبدولمەجید وەنداوی کە سەرنووسەر بوو، یەکسەر بە هەواڵهێنەر بۆ رۆژنامەی دامەزرام، لە بەرگی یەکەمی(یاداشتەکانمدا) باسی ئەو رۆژنامەیەم کردووە. مووچەکەم کەم بوو لەبەر ئەوە جاری واهەبوو بە دوو رۆژ نانم دەخوارد. ماوەیەک سێ هاوەڵی منداڵیم هەبوو کە ئەوسا لە کۆلێجی پزیشکی دەیانخوێند و لە ماڵێک لە کۆڵانەکانی پشت

حەیدەرخانەدا ژوورێکیان گرتبوو، ژیام، هەر لەسەر ڕایەخی عەردەکە دەنووستم ئەوانەش: فازیل(فاضل)ی حەمە فەرەجی مەلا سمایل و کەمالی حسێن ئاغا (نەشتەرگەری بەناوبانگی لەمەودوا و تا ئێستا) و ئەنوەر کەریم مەسرەف( دوکتۆری بەناوبانگی نەخۆشی پێست- لەمەودواو تا ئێستا )، بوون.

من زیاتر بەهۆی کاک فازیلەوە کە ئەوسا هاتبووە حزبی شیوعییەوە چوومە لایان، هەرچەندە دوو (دوکتۆری تر) کوڕی گەرەکیش بوون لە گەڵما و تائێستا دۆستمن کاک فازیل بۆ ساڵی دوای ئەوە لە پۆلی سێیەمدا بوو، بەهۆی چالاکی سیاسیەوە دەرکرا و کە ویستیان بیگرن، خۆی شاردەوە و تا شۆرشی چواردەی تەمووز لە حاڵی خۆشاردنەوە و کاری حزبیدا مایەوە، پاش شۆرش نێردرا بۆ مۆسکۆ، بەڵام لە جیاتی پزشکی، زمان و ئەدەبی ڕووسیی بەسەرکەوتووی خوێند و کە هاتەوە وڵات لەو مەیدانەدا - بەتایبەتی لە وەرگێڕاندا کاری دەکرد، ئێستا لە شارێکی بچووکی سوید دەژی.

### بڕیارێکم دی

بەدەم کاری ڕۆژنامەنووسی و بەدوای هەواڵدا دەگەڕان. بڕیارێکم لە وەزارەتی معارف(پەروەردە)دی کە کەسێک تا پۆلی دووەمی کۆلێجی خوێندبێ، دەتوانێ بە فێرکەر یان مامۆستای سەرەتایی دابمەزرێ، بێئەوەی خولی پەروەردەی دیبێ نوسخەیەکم لەو بڕیارە نووسییەوەو ناردم بۆ باوکم، ئەو کاتە موتەسەریف بڕیاری دامەزراندنی دەدا.

موتەسەریفی سلێمانی - موزاحیم ماهیر بوو، تکریتی بوو، بەڵام سەردەمێک لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتیمانیدا کاری کردبوو، هێشتا سۆزێکی تێدا مابوو.

بۆ دامەزراندن بێجگە لە بەڵگە نامەی خوێندن، بەڵگەنامەی - عدم محکومیە - بە بەندی حوکم نەدراوی و بەڵگەنامەی (حوسنی سلوک)ی (ئەمن)ی دەویست، دەی من چۆن ئەم هەموو پینەوپەڕۆیە بکەم؟

چوومە کۆلێجەکەی خۆم، تۆمار کەر(مسجل) دوکتۆر سدیق ئەترووشی بوو، (هەموو ژیانی هەر نیشتیمانپەروەر و چەپ بوو، لە چیاکانی کوردستان ساڵی ١٩٦٤ کۆچی دوایی کرد.

لە دوکتۆر سدیقم گەیاند کە فرسەتی ئەوە هەیە بەمامۆستا دامەزرێم و ئەگەر بەڵگەنامەیەکم بداتێ تێیدا نووسرابێ دەرکراوم، هەر ئەوەندە بێت کە لە پۆلی یەکەمەوە دەرچووم بۆ دووەم ئەوە سوودی زۆر لێ دەبینم. وتی:

(وێنە و پووڵ)م بۆ دوو بەڵگەنامە بۆ بێنە. پرسیم: بۆچی دوو؟ فەرمووی: سبەینێ دەزانی.

بۆ سبەینێ چوومەوە لای دوو بەڵگە نامەی بۆ ئامادە کردبووم یەکەمیان تێیدا بووسراوە: فلان قوتابی(تالب) بووە لەم کۆلێجەدا و لەپۆلی یەکەمەوە دەرچووە بۆ پۆلی دووەم و ئەمە نمرەکانێتی. دووەمیان نووسرابوو لەپۆلی دووەمدا لەبەر... دەرکراوە. هەر لە بڕیاری دەرکردنەکەوە هۆکانی دەرهێنابوو کە نووسرابوو: (بەشداری کردن لە خۆپیشانەکاندا و سەرکردەی مانگرتن و بڵاوکردنەوەی بیری ڕوخێنەر). (بەڵێ ئەوان وایان نووسیبوو ئەگینا من هەرگیز سەرکردە نەبووم).

دوکتۆر سدیق فەرمووی: ئەمە یەکەمیان بۆ دامەزراندن لێرە، دووەمیان: بالات بێت، ڕەنگە بتەوێ لە سووریا یا میسر بخوێنی ئەوە سوودی دەبێ(هەر واش بوو، سوپاسم کردوو تا ئێستاش ئەو کارە و ئەو پیاوەم لەبیر ناچێتەوە کە لەوە دواش هەڵویستی نیشتمانی و پیاوەتیی شەخسیم لێدیووە). بۆ( مەحکووم نەبوون - واتە بەڵگەی عدم محکومیە - وتیان: مامۆستا عەبدوڵئەمیر عگێلی مودەعیی عامە، ئەو چار دەکرێت، ڕەووفی برای دۆستم بوو لە چەند گرتنی پێشوودا لەگەڵما بوو، لە چایخانەی(یاسین) لە شەقامی (ئەبوو نەواس) دادەنیشت، ئێوارە چوومە لای پێم وت، وتی: باشە سبەینێ بچۆ لای بڵێ: مەرحەبا یابە و کارەکەتی پێ بڵێ. وتم: نامەیەک نیشانەیەک، وتی: نە - هەر مەرحەبا یابەیە.

سبەینێ چوومە لای - نازانم بۆچی هەروام کرد پێکەنی و فەرمووی: دانیشە، چایەکیان بۆ هێنام و مەسەلەم بۆ گێڕایەوە.

وتی: باشە، تۆ زۆر گیراویت، بەڵام دووجار حوکم دراوێت، ئەوە یەکەمیان ڕەووفی برامت لەگەڵ بووە. هەر بڕیارەکەم لایە. دووەمیان: لە(عورفی) بووە دۆزینەوەی زەحمەتە نازانی کەی و بە چ ماددەیەک بووە؟ دیارە لە بیرم بوو. (ئێستاش لەبیرمە) ڕۆژی ٢٧ - ١ - ١٩٥٣ بە ماددە ٧٨ی (من الاسول) وتی: دەی هەردووکیان ماوەیان تەواوبووە یان نابن بە هۆی(نەبوونی - عدم المحکومیەت) کاغەز و قەڵەمی دامێ هەر خۆی شێوەی ئەرزو حاڵەکەی پێ وتم و ناردی (پۆلێکیان هێنا) (ئەو سەردەمە ئەرزو حاڵ دەبوو پوولی مالیەی پێوەبێت).

یەکسەر نامەیەکی دامێ بۆ پۆلیس، بە درێژەی ئەوەی نووسیبوو کە حکومی یەکەمیان ماوەی بەسەردا ڕابردوو و بە حوکم نازانرێ، پێیان دەوت: (اعادەت الحقوق المنوعەت) دووەمیان: بۆ ئەوەی کە هیچ نەکات، واتە پەیماندانە بەڵام یا بە نووسین یا بە پارەدان یا لە بەندیخانە مانەوە هەر حوکم نییە.

### هەر دە پەنجەیان گرتم

چوومە ئەو دائیرەی پۆلیسەی - عدم محکمیە - دەدەن، هەر دە پەنجەیان گرتم و پاش سەعاتێک باسی هەردوو حوکمەکەیان نووسیبوو، بەڵام بە نامەکەی مامۆستا عەبدوڵئەمیر بەڵگەنامەیان دامێ هەموو نووسینەکانی(مودەعیی گشتی)شیان لەسەر نووسیبوو (نەیسە...هەر بەڵگەنامە) بوو و ناوی(عدم محکومیە) بوو، هەرچی (حسنی سلووک)ە ئەوا باوکم چووبووە لای (موزاحیم ماهیر)

مەسەلەی منی تێگەیاندبوو. بەڵگەنامەی کۆلێج و(عدم محکومیە) کای دابوویەو وتبووی بۆ دامەزراندن(حوسنی سلووک)یشی دەوێ ئەوەیان دەبێ خۆت بۆم تەدبیر بکەیت، خۆشت دەڵێن کاتی خۆی گرتن و ڕاونانت دیووە، پێکەنیبوو وتبوی: مامۆستا - لە مەرجەکاندا نووسراوە (حوسنی سلووک)نەوتراوە: حوسنی دلووک لە دائیرەی ئەمنەوە. ئەمانەش دێنە بەردەمی من جارانیش حوسنی سلووک لە(موختارو ئیختار)ی گەڕەکەوە دەدرا، هەر ئەو داڕشتنی حوسنی دلووکەی دەردێ بنووسەوە و بە موختار و ئیختاری گەڕەکی ئیمزا بکە. بەمجۆرە بڕیاری دانانمی بە مەعەلیم بۆ قەڵادزێ دەرکردبوو، هەر نەبوونی ئەو حوسنی سلووکە بوو بە بەڵگەی عومەر عەلی کە لە ساڵی ١٩٥٦ بڵێ - دامەزراندنەکەی قانوونی نییە و لە کار دەرم بکات (کە دوایی دێمەوە سەری) هەر هەواڵم پێگەیشت هاتمەوە سلێمانی.

## با قسەیەکی خۆش بگێڕمەوە

بەڵام با پێش گەیشتنەوە قسەیەکی خۆش بگێڕمەوە: هاوڕێی منداڵیم و (لای من تا ئێستاشم د. جەمال نەبەز) زۆر جار باسی لاتێتی ژیانی منی لە(بەغدا و لەشام) دەگێڕایەوە ئەمەش یەکێکە لەوانە:

کە وتم جاری وا هەبووە بە دوو ڕۆژ نانم دەخوارد و لام شەرم بوو بە بێ ئیش بچمە سلێمانی و باریم بەسەر باوکمەوە (هەرچەند لای ئەو ئەرک نەبووم) لە کۆتایی شەقامی(سمەوئەل) نزیک گومرگی بەغدا

(یا کەنار- رسیف-ی گومرگ، کوردێکی فەیلی هەبوو ئاو گۆشت(تشریب)ی بە کۆڵهەڵگرت (حەماڵ)ە فەیلییەکان دەفرۆشت ئەوەی دەچووە ئەوێ خۆی نانی دەبرد و کەرتی دەکرد و کابرا ئاو گۆشتەکەی بۆ دەکرد بەسەردا، شوێنەکە هەرە شوێنی هەرزان بوو، وا بزانم(٤٠) فلسی وەردەگرت.

من کە دەچوومە ئەوێ دوو نان(یا کولێرەم دەبرد)بە کوردی (ڕۆژباش)م لە کابرا دەکرد زۆری لا خۆش بوو بە گەرمی وەڵامی دەدامەوە تاقە( ئەفەندی) بووم لەناو کۆڵهەڵگرەکاندا کە بچمە ئەوێ (لەیەک ئاشکرا نەبووبووین)بەڵام وابزانم کابرا وای دەزانی هەر لەبەر ئەوەی شوێنی کوردە وا ئەفەندیەوکی کورد دێتە ئەوێ ئیتر خزمەتی زۆر دەکردم پارچە گۆشتی زیادەو سەلکەپیازێکیش بۆ دەهێنام دەی.. هاتمە سلێمانی چوومە دائیرەی موتەسەریف (پارێزەر) فەرمانی دامەزراندنم وەرگرت، خۆشیی ئەوەم بوو کە دەتوانم یارمەتییەکی باوکم بدەم کە لە ژورەکە هاتمە دەرەوە فەرمانبەر کاک حسێن محەمەد- حسێنی لێمو. کە کاتی خۆی لە یەکەم شانەی حیزبدا پێکەوەبووین هاتە دەرەوەو بانگی کردمە لاوە و وتی:پیرۆزبێ، ئاگات لە خۆت بێت ؛ەپیا: دامەزراندنەکەدا نامەی بۆ پۆلیس نووسیبوو بۆ چاودێریت (سوپاس ئەمە کارێکی هاوڕێیانەی دڵسۆزانە بوو).

بەیانی ڕۆژی ١٨ - ١ - ١٩٥٤ چوومە گەراجی فەرەجەفەندی و لە پێشی پاسێکدا جێگەیان بۆ دانام ئەو کاتە تە گەیشتیتە قەلادزێ

دەبوو ئۆتۆمبێل بەسەر سێ قاپاغدا بپەڕێتەوە (دوکان - میرزا ڕۆستەم - سندۆلان) - ڕێگە باریکەکەی کونەکۆتر کە ئێستا کەوتووەتە ژێر گۆلەکەی دولانەوە زۆر ترسناک بوو.

٣

بەیانی کەوتینە ڕێ شەو گەیشتین شۆفێرەکە(ماڵی ئاوا) ئۆتۆمبیلەکەی لە گەراج دانا و جانتاکەی(بەزۆر) بۆ من هەڵگرت و بردمیە چایخانەی کاک (ڕەسووڵی مام ئەحمەد) کە گەورەترین چایخانەی قەڵادزێ بوو زۆر لە فەرمانبەران لەوێ دادەنیشتن و نانی بەیانیشیان لەوێ دەخوارد.

وتی: کاک ڕەسووڵ هەموو شتێکت بۆ تەگبیر دەکات. راست بوو. کاک ڕەسوول بە ڕووی خۆشەوە هات و چای بۆ دانام و منداڵێکی نارد بە دوای کاک(سمایل لاوە)دا کە بە ئیش فەڕاشی قوتابخانە بوو، بەڵام لە راستیدا خۆی لە بەڕێوەبەر بە گەورەتر دەزانی (لەمەودوا کەوتە کاسبی و زۆر دۆستم بوو) کاک سمایل هات وتی: جارێ ئەمشەو دەتبەمە لای یەکێک لە مامۆستاکان و سبەینێ خوا کەریمە کە ناوی مامۆستاکانی وت من یەکێکیانم دەناسی وتم: باشە بچۆ بو بڵێ کە چووبوو پێی وتبوو کابرا وتبووی ناینامسم. دوایی وتم ئەی بەڕێوەبەرتان نییە؟ وتی: با...ئەوەتا لە ماڵی(....) کۆمەڵێ سەرۆک دائیرەن هەر شەوەی لە ماڵێک بە شەو چەرەوە شەو دەبەنە سەر(بێ خواردنەوە).

هەموو بەخێرهاتنیان کردم

بە خۆم و جانتاوە بردمیە ئەو ماڵە، بەڕێوەبەر کا ڕەفیق زەنگی(فەرمانەکەی لێوەرگرتم) و زۆر بە گەرمییەوە بەخێر هاتنی کردم، هەموو بەخێرهاتنیان کردم، لەناویاندا عەبدوڵڵا بەگی ئەحمەد بەگی تێدابوو کە بەڕێوەبەری (بەیتەرە)بوو، هەر بەڕاستی وتم: عەبدوڵڵا بەگ باوکم سەلامت لێدەکا، پرسی: باوکت کێیە؟ کە پێم وت هەستا ئەملاو ئەولای ماچ کردم و وتی: ئیتر تا تۆ لە قەڵادزێی لە ماڵی باوک و مامی خۆت دایت، شەو بردمیە ماڵی خۆیان تا لە قەڵادزێ بووم (بە ڕاستی باوک و مام) بوو سبەینێ چوومە قوتابخانە کەوتنە تەگبیری جێگە بۆم چوونکە ئاسان نەبوو کەسێک بێ ژن و ماڵ بێت، شوێنی دەست کەوێت. ڕەفیق ئەفەندی ژوورێکی قوتابخانەی چۆڵ کرد و سێ چوار مامۆستای بێ ژن و ماڵ هەریەکە قەرەوێڵەیەکیان پەیدا کرد و شەو لەوێ دەنوستن.

کابرای شەو وتبووی ناینامسم، هات بەخێر هاتنی کردم ڕووم لێ وەرگێڕا وتی: ئەوە چییە نامناسیت؟ وتم: تۆ شەو منت نەناسیبوو وتی: من چوزانم وام دەزانی تۆ هەر لە حەپسەخانەیت، لام وابوو ئەمە پیلانێکە بۆ گرتنم وتم: هەی عاقڵ خۆ لە گرتنی تۆ بن پیلانی وای بۆ چییە، هەر لەماڵەوە دەتگرن (خۆتۆ بابەکر ئاغا نیت)وتی: دەی... ببورە وامزانی ئیتر لەو جۆرە عاقڵیانەی ئەو زۆرن. لەوانەی ڕەحمەتی مەلا شوکەر دەیوت: کە هی زۆر کەس لەوانە کە لەلام بوون وەک کتێبی (ئوستاد) لێ بکەم.

دەرس دابەش كرایەوە، خوا هەڵناگرێ هەموویان بە یەكدەنگ دەرسی عەرەبیی پۆلی پێنجەم و شەشەمیان بۆ دانا منیش داوای دەرسی كوردیی ئەو دوو پۆلەشم كرد پێیان خۆشبوو، وایان دەزانی لەو دەرسەشدا كە دوو سەعات بوو لە هەفتەدا لە كاتێكدا عەرەبی شەش سەعات بوو هەر عەرەبی دەڵێمەوە، بەڵام من مەبەستێكی ترم هەبوو.

لە پۆلەكانی(١ - ٤)ی سەرەتایی كتێبی خوێندن بە كوردی هەبوو، زۆربەیان وەرگێڕانێكی باش و بەدەستكارییەوە بوون لە كتێبی خوێندنەوەی عەرەبییەوە كتێبی پۆلی یەكەم نەبێت بەڵام لەپۆلی پێنجەم و شەشەمدا كتێب نەبوو، دەرسیش كرابوو بە (2) سەعات لە هەفتەدا ئیتر مامۆستای عەرەبی و ئینگلیزی سوودی لێ دەبینی.

### ئەو وشە كوردیانەم فێردە كردن كە تازە داهاتبوون

من هەر لە رۆژی یەكەمەوە كوردیم پێ دەوتن، ئیتر بەرنامەیەكم دانا شیعری كوردیم بۆ دەنووسینەوە، بۆم لێكدەدانەوە و پێم لەبەردەكردن و گوێم لێدەگرتن، ئەو وشە كوردیانەم فێردەكردن كە تازە داهاتبوون، واتە لەگەڵ كوردی پەتی بووم ئەم كارە كۆمەڵێ كۆسپ و ناڕەحەتی خستە رێم كە لێرەدا نامەوێ بیانگێڕمەوە هەندێ لە قوتابییەكانم كە تا ئێستا ماون بیرم دەخەنەوە پشدەر تا ئەكاتە سەربازی نەدەدا بە حكومەت، لەبەر ئەوە هەندێ قوتابی پۆلی شەشەم ئەگەر لەمن گەورەتر نەبووبن لەتەمەنی مندا بوون.

ئەو ماوەیەی قەڵادزە هەر لە نووسیندا بۆ رۆژنامەی(الاهالی)م هەردەنووسی، بەڵام بە ناوی خۆمەوە نا - نووسینەكانی ئەو سەردەمەم زۆرتر بەناوی (هاوار مستەفا)وە بوو لە پاڵ دەرسی رۆژدا، لە قوتابخانەی شەویشدا كە هەر سەر بە قوتابخانەی رۆژبوو و یەك ئیدارەیان هەبوو، دەرسم دەوتەوە، هەر لەسەرەتاوە حسابی ئەوەم كرد كە كرێی دەرسەكانی شەو بەشی خۆم دەكەن و مووچەكەم دەناردەوە بۆ باكم، هەرچەندە پێی ناخۆش بوو، بەڵام بۆم نووسی ئەمە بۆ ئەوە دەنێرم خانووەكەمان لە رەهن دەربێنی كە بۆ من خرابووە رەهنەوە، ئەو سەردەمە لە بەغداوە دوو برادەرم كتێب و رۆژنامەو گۆڤاریان بۆ دەناردم منیش هەموو سەری مانگێك چروتی ئێرانیم بۆ دەناردن كە هەر لە قەڵادزە هەبوو، ئەو دوو برادەرەش (مام جەلال و حەبیب محەمەد كەریم) بوون.

### وەرگێڕانی شیعری كوردی

ماوەیەكی باشی خوێندنەوە و نووسینم هەبوو. لەپاڵ ئەو وتارانەدا بۆ رۆژنامە كوردی و عەرەبییەكان لە كارێكی تردا بەردەوامبووم. ئەویش وەرگێڕانی شیعری كوردی بوو بە عەرەبی زۆرم لە (الاهالی)دا بڵاوكردەوە بەرەبەرە كتێبێكی باشمان لێ پەیدابوو، بەداخەوە هاوین لە ماڵەوە لە سلێمانی دامنابوو دایكم ترسابوو و سووتانبووی.
كە لە سلێمانیەوە رۆیشتم حیزبم ئاگاداركردبوو، وەڵامیان دامەوە كە چوویتە قەڵادزە هاوڕێیان خۆیان دێن دەتخەنە كارەوە، لەوێ

هەفتەیەک - دە ڕۆژ چاوەڕێم کرد هیچ دیارنەبوو، زۆر کەس دەهاتنە قوتابخانە بۆ بەخێرهاتنم، مامۆستا و بەڕێوەبەر جۆرە ئیشارەتێکیان دەدامی کە ئەمانە شیوعین(مەبەستیان لەو ئیشارەتە خراپی نەبو، هەر ئاگادار کردن بوو) ئیتر منیش ڕۆژێک چوومە لای یەکێکیان کە (کاک زاهیر ڕەشید)ی بەرگدرووبوو، هەر بە ساکاری وتم : ئەرێ هاورێ کەس دیار نییە ئەویش بەڕاشکاوی وتی: بەتەما مەبە لێرە تەنزیم(ڕێکخستن) نییە وتم: چۆن؟ لە سلێمانی وایان دەوت وتی: باوەڕ بکە لە ساڵی 1949 وە و لە پاش لێدانی حزبەوە ڕێکخستن نەماوە، چەند جارێک چەند کەسێکمان چووینە سلێمانی و پێمان ڕێکنەخرا، هەر خۆمان یەکتر دەبینین و هەندێ چالاکی دەکەین، لات سەیر نەبێ کە کاکە حەمەی دەلاک (سەرتاش) کە دۆستمانەو هەرگیز شیوعی نەبووە لە هەمووان چاکترە، جارو بار لەم بۆنەو ئەو بۆنەدا بەیارمەتی خەڵکی تر بەیاننامە دەنوسێ و خۆی یا شاگردەکەی بڵاویدەکەنەوە و خەڵکیش بە بەیاننامەی حزبی دەزانێت (کە بە دەست دەنووسرایەوە و بەکاربۆن زیاد دەکرا).

### هاتمەوە سلێمانی

یەکسەر بە بیانووی کەلوپەل هێنانەوە مۆڵەتی چەند ڕۆژم وەرگرت و هاتمەوە سلێمانی نامەیەکم بۆ لێپرسراوی یەکەم نووسی و بە برادەرێکدا ناردم، ئەو کاتە هەموو کەس لێپرسراوی یەکەمی نەدەدی - یا دیاربوو ئەو هەموو کەسی نەدەدی و دەبوو سیمایەکی بیرۆکراتیی هەر هەبێ ئەوسا (مەسئول)بوو هەرچەندە ئەو برادەرەی ئەوسامان چ ئەوساو چ ئێستاش سیمای شاعیری زیاتر پێوەیە، لە لێپرسراوێکی بیرۆکراتی.

حاڵەکەم تێگەیاند ئەویش بە نامەیەک زۆر شتی تێگەیاندم هەرچەندە خۆی کۆییە و هەر بە دڵزاری شاعیر بە ناوبانگترە لە دڵزارێک کە هەموو ژیانی (خەبات و تێکۆشان و فیداکارییە)، بەڵام نووسینی - لە ساڵی (١٩٤٩)وە کە حیزب بەر چەپۆک کەوت نە(لیژنە محەلییەکان) و نە(لقی کوردستان) وەک خۆیان دروست نەبوونەوە، ئێمە تا ئێستا وامان زانیووە کە قەڵادزە سەر بە(کۆیە)یە و پێوەندی ڕێکخستنیان بە کۆیەوە هەیە، وادیارە ئەوانیش وایان زانییوە کە سەر بە ئێمەن و پێوەندییان هەیە هەر بۆیەش نووسیم :خۆت بچۆرەوەو وەک (لێپرسراو) یا(سکرتێر) یا کەسی یەکەم بکەوە کارو کۆیان بکەوە و ناوە حیزبیەکەشت دەبێ بە(مامەند) و بۆ یادی قەڵادزە دەمێنێتەوە،(ئەوەش شاعیرانە) بوو، هەر بۆ ئەوەی بەڵگەی تریشم پێبێت چوومە ئەو چایخانە بچووکەی کاک (ئەحمەد)ی چایچی کە (محەتە)یان پێدەوت: کارتۆنێک کتێب و بڵاوکراوەی بۆ ئامادە کردم و بە عەرەبانە هێنایانە بەردەمی گەراجی فەرەجە فەندی کە لەوێوە ڕوومان دەکردە قەڵادزە، چوومەوە هەر ئەوشەوە کاک( زاهیر ڕەشید) دوو برادەری تریشی بانگ کردە ماڵی خۆیان (کاک ڕەئووف فەتاحی ئامۆزای و کاک مەلا خدر نەجمەدین) بڕیارمان دا جارێ هەرچوارمان لیژنەبین و هەموو کۆنە شیوعیەکان بەسەر بکەینەوە بزانین کامیان کارمان لەگەڵ دەکەن کاک حەمەی دەلاک پەیمانی دا هەموو یارمەتییەکی ئێمە و پارتیش بدات، بەڵام ناچێتە هیچ حزبێکەوە.

## ٤

باسی کاک مەحموودی حاجی حەمە رەش کرا کە ماڵیان چووبووە دێیەکی بچووکی ئەوبەر سندۆڵان و لەوە دەچێ ئێستا لەگەڵ پارتیدا ئیش بکات، نامەیەکم بە ناوی(مەسئول)ی قەلادزەوە بۆ نووسی - (ئەوا منیش بووم بە بیرۆکراتی) وادە و شفرەیەکی یەکتر بینینم لەدەرەوەی شار لای گردی حوسنی بۆ دانا. یەکترمان دی. وتی: من لەو کاتەوە کەلەناوەندی سلێمانی دەمخوێند هەر لە حزبدا بووم، پاش چەپۆکی(١٩٤٩) و ئیعترافکردنی فلان و فلان چەند جار چوومە سلیمانی کەسم نەدۆزییەوە و ماوەیەک دانیشتم دوایی پارتی کەوتنە کار، ئەوەم پێ باشتر بوو لە دانیشتن بەلام من شوێنی ترم نییە حزبی شیوعی نەبێت.

### با پێکەوە بناغەیەکی هاوکاری دانێین

ئەویشمان کرد بە ئەندامی لیژنەو ناومان نا هاورێ(ئاسان)، لێپرسراوی پارتی کاک(حاجی)ی بەرگدروو گلەیی لێکردم کە بۆچ خەڵک لەوان دەکەمەوە. وەڵامم قسەکانی کاک مەحموود خۆی بوو، ئەوەشم پێ وت: کە ئێمە (پارتی و شیوعی) زۆر لە یەک نزیکن و لای من هیچ جیاوازییەکی ستراتیژی نییە و لەگەڵ مەسەلەی کوردم تا دوا پلە. هەرچی کارەکانمانە با پێکەوە بناغەیەکی هاوکاری دانێین - خۆ هەمووشیان یەکتر دەناسن ئەوەتا کاک حاجی ئامۆزای زاهیرە، کاک ڕەئوف ئامۆزای کاک عەلی مام ڕەزایە لە لیژنەی ئێمەدا (من و کاک مەحموود) و لای ئێوە کاک عەبدوڵڵای مام ئەحمەد - بێگانەین- یەکتریش باش دەناسین، با جاروبار پیکەوە کۆ بینەوە، دوایی لەسەر ئەم پێکەوە کۆبوونەوانەی هەردوو لادا مەسئولێکی (پاش دڵزار) ڕەخنەی گەورەی لێگرتم.

ئەو ساڵ و نیوەی قەڵادزە لەڕووی ژیان و کاری حیزبییەوە یادگاری زۆری (تا ئێستا) لا هێشتوومەتەوە و بە ئێستگەیەکی ژیانمی دەزانم و دەبێ هەندێ لایەن باس بکەم یا هەندێ لاپەڕە بگێڕمەوە.

لەڕووی کاری حیزبی و لێپرسراوییەوە من تەجروبەیەکی ئەوتۆم نەبوو، بەلام دەستگای (تەحقیقاتی جینائی - ئەمن)ی بەغدا کتێبێکی پێنج بەرگی بەناوی (مەوسووعە)وە بلاوکردبووەوە باسی ڕێکخستنی حیزبی شیوعی و ئیفادەی شیوعیییە رووخاوەکان و کەسانیتری تێدابوو ئەوان بۆ مەبەستی خۆیان بلاویان کردەوە، بەلام ئێمە نەوەی تازە سوودی زۆرمان لەڕووی مێژووی حیزب و تەجرووبەی ڕێکخستنەوە لێ بینی، بەو تەجرووبەیەوە کەوتمە کارکردن لەگەڵ پارتیدا لیژنەیەکی ئاشتیخوازمان دروستکرد، ئەوانەی کە کەسی ناسراوبوون و نەدەهاتنە حیزبەکانەوە بەوێ ڕازیبوون و کردمانن بە لیژنەی ئاشتیخوازان کۆمەڵێک پیاوی دیاری شارەکە یا پشدەر هەبوون هاتووچۆی هەموویانمان دەکرد و هەندێکیان دۆستی هەردوو لامان بوون، کە میوانمان لەشارەوە یا لەوەدوا لە مەهاباد و سەردەشتەوە دەهات، دەمانبردە ماڵەکانی ئەوان. ماڵی(حاجی ئەحمەدی حەمەمین) بۆ هەردوو لامان دیوەخان و میوانخانەبوو، بەلام بۆ هۆی کاک حەمەی حاجی تایەرەوە لە پارتییەوە نزیکتربوون، یا ئەوان زیاتر ڕوویان تێدەکرد بۆ ئێمەش ماڵی کاک تۆفیقی حاجی سادق و وەک ماڵی حیزب وابوون و هەر هەموو زۆر مەمنونیان دەکردین.

نامەیەکم بۆ مەمەند ئاغای قایمقام( فانیی شاعیر) نووسی بۆ مەرگە هاتە قەڵادزە و دیمان وتی: من کاری حزبی ناکەم، بەڵام لە هەموو شتدا لەگەڵتانم ئەو سەردەمە زۆر لەگەڵ گۆراندا دۆستبوون ناردی لە ئێرانەوە دیوانێکی (میرزا زادەی عیشقی)ی بۆ گۆران هێنا، من بۆم برد و کەوتە وەرگێرانی شیعرەکانی.

**لەناو ئاغایانی پشدەردا بە نیشتیمان پەروەر و چەپ دەناسرا**

هەر لەو کەسانەی کاتی جمهورییەت چووبوونە مەهاباد و لەناو ئاغایانی پشدەردا بە نیشتیمان پەروەر و چەپ دەناسرا، مەمەند ئاغای نورەدین بوو(باوکی قادر ئاغا و کاک حەمەد) بەهۆی ئاغای نورەدین بوو(باوکی قادر ئاغا و کاک حەمە) بەهۆی کاک زاهیرەوە دیمان و ئەویش نەیدەویست لەناو فەللاحەکاندا ئیش بکات، بەڵام بەردەوام بڵاوکراوەی لێ وەردەگرتین و مانگانەی دەداینێ.

- کاک مەحموود عەبباس (مەحموودی حاجی فەقێ خدر) ئەو کاتە نەهاتەوە حیزبەوە، بەڵام لە لیژنەی ئاشتیخوازاندا بوو، دوایی بوو بە حیزبییەکی دیارە.

**لە (نێستگانەی قەڵادزە) دەبێ باسی دوو شت بکەم:**

- **پەیوەندیمان لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستاندا.**
- **تاپۆکردنی خانووەکانی قەڵادزە.**

سەیر ئەوەیە لەلای ئێمە حزبی کوردایەتی ناوی (پارت)یە. کەچی لە ئێران ناوی (حیزب)ە بەڵێ لەوێ کەوترا حیزب مانای حیزبی دیموکراتی کوردستانە کە لەسەر بناغەی (ژ - ک) دروستبوو. هەرزوو لەرێگەی مەمەند ئاغاوە کەسانی دیموکراتمان ناسی کە دەهاتنە قەلادزە، شەهید ئەسعەدی خودایار ماوەیەک لەسلێمانی لەماڵی (حاجی تایەر) بوو و لە قەڵادزەش لە ماڵی حاجی ئەحمەدی حەمەدەمین بوو، ئێمە گلەی ئەوەمان لێی هەبوو کە بەلای پارتیدا زیاتر دەیشکاندەوە کە ئەوکاتە دیموکرات و توودە وەک یەک وابوون توودە ریکخراوی لە کوردوستان نەبوو، ئەندامێکیان بهاتایە کوردستان دەبوو بە ئەندامی دیموکرات کوردێکیش بچووایە تاران لەناو تودەدا کاری دەکرد هەر تودە کەسانی وەک (دوکتۆر قاسملوو)یان نارده کوردستان، دوایی ئەو یەکگرتوویە نەما.

هاوین هاتبوومەوە سلێمانی بەیانییەک کاک محەمەد ساڵح دیلان نامەیەکی حیزبی بۆ هێنام کە (دڵزار) نووسیبووی دەڵێ: هاورێیەکی توودەیی هاتووە، خۆت و هاورێ دیلان ببینن و پێوەندی قەڵادزەشی لەگەڵ رێک بخە.

**نامەی بۆ(مەهاباد) نووسی**



سەرچاوە Serchawe

لەماڵی دیلان دیمان، خوێندەوار و شارەزا هاتە بەرچاومان، دوایی زانیم کە (محەمەدی حاجی سەعید)ی سەردەشتییە، براکەی شەهید غەفوور - لە قەڵادزە بوو لەگەڵ ئێمە کاری دەکرد.

هەمووشتمان رێکخست نامەی بۆ(مەهاباد) نووسی باسی چالاکیی خۆمانم بۆ نووسین (لەمەودوا شەهید قاسملوو کە زۆر حەزی لە گاڵتەکردن بوو و لەو کاتەشەوە بووین بە دۆستی نزیک دەیوت:تۆ مەسئوولی حیزبی شیوعی بوویت، بەڵام بەرێکوپێکی راپۆرتی چالاکیت بۆ من دەناردە مەهاباد، ئیتر بە رێکوپێکی - ئێمە بڵاوکراوەی حیزبیمان بۆ دەناردن، ئەوانیش کەوتبوونە دەرکردنەوەی (کوردستان) بۆیان دەناردین بۆمان دەفرۆشتن و پارەکەمان بۆ دەناردنەوە هەروەها ئەوان رێگایەکی باربۆ(تبرع) کۆکردنەوەیان هەبوو کە(تەمر)یان پێدەوت ئەویش پوول کە وێنەی( پێشەوا)ی لەسەر بوو.دەفرۆشرا و بارێۆی پێ وەردەگیرا، برادەران لە مەهابادەوە کەوتنە هاتن و لەرێی پارتی و ئێمەوە رەوانەی سلێمانی دەکران، لەوانە خودی دوکتۆر قاسملوو و عەبدوڵڵای ئیسحاقی (ئەحمەد توفیق) و (غەنیی بلووریان) بوون، (بەداخەوە من تا ئێستا کاک غەنیم نەدیووە).

دوکتۆر قاسملو و هەولێکی زۆری بۆ یەکخستنەوەی پارتی و حزبی شیوعی دا، پارتی ئەو کاتە بووبوو بە سێ باڵ:

١- بەرەی پێشکەوتوو (بەسەرکردەیی مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا)
٢- پارتی - بەسەرکردەیی (مامۆستا برایم و مام جەلال)
٣- کۆمەڵێک شیوعی کە لەحیزب چووبوونە دەرەوە (کاک نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغا و کاک خەسرەو تۆفیق) کەدوایی هەموویان بووین بە پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان.

حزبی شیوعیش هەرسێ پارچە بوو:

١- حزبە ئەسڵیەکە بە سەرکردەیی هاورێ بەهادین نوری (باسم).
٢- دەستەی (ئاڵای کارگەران- رایەت الشغیلە) بە سەرکردەیی هاورێیان عەزیز محەمەد (موخلیس) و جەمال حەیدەری (موزەفەر) کە لە شوباتی ١٩٦٣ دا جیابووبوونەوە.
٣- حیزبی یەکێتیی کۆمۆنیستان (وحدەت الشیوعیین) بەسەرکردەیی مامۆستا عەزیز شەریف و شەهید عەبدولڕەحیم شەریف و کەمال عومەر نەزمی.

دوکتۆر قاسملوو چووە بەغدا و دوایی کە لەشام بووم ١٩٥٧ زانیم لەگەڵ هەژاری شاعیردا (کە لە بەغدابوو مامۆستا عەزیز شەریف و سەلیم ئەلچەلەبی - لێپرسراوی پاش (باسم)ی حیزبی شیوعیان دیبوو).

لێرەدا ڕێگەم بدەن بڵێم: خۆزگە هێندەی شەهید قاسملوو دەربەستی یەکخستنەوەی حیزبەکانی لای ئێمەبوو. کاشکی هاوڕێیـانی حیزبی دیموکراتیش هەمیشە دەربەستی یەکگرتوویی حیزبەکەی خۆیان دەبوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٣ی ئەپریلی ٢٠١٥

---------------------------------------------------




سەرچاوە
Serchawe

# چەند بیروڕا بە کەسایەتی

## دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ

--------------------------------------------------

## دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ ئوستادێکی گەورەی زمان و ئەدەب و رۆژنامەگەریی کوردی



**ئەردەڵان عەبدوڵڵا**

من وەکو خوێنەرێک دەمێک بوو ئاشنایەتیم لەگەڵ نووسین و بەرهەمەکانی پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ هەبوو، نەک بە زمانی کوردی بگرە بە زمانی عەرەبیش زۆربەی نووسینەکانیم دەخوێندەوە، بەتایبەتی لەسەروبەندی پرۆسەی رزگاریکردنی عیراق، رۆژنامەی «المؤتمر» کە لە لەندەن دەردەچوو، هەفتانە بەرچاوم دەکەوت و هەموو هەفتەیەکیش نووسینێکی مامۆستای تێدابوو، کە جێژی زۆرم لێدەبینی.

خۆشبەختانە لەم چەند ساڵەی دواییدا، بەهۆی رۆژنامەی کوردستانی نوێ وە، لە نزیکەوە جەنابیانم ناسی، هەمیشە خەڵکیش لە نزیکەوە بناسیت، باشتر لە هزر و بۆچوونەکانی شارەزا دەبێت. مامۆستا چ لە رووی کۆمەڵایەتی و چ لە رووی زانست و ئەدەبیشەوە، ئوستادێکی گەورە بوو، ئەوکاتانەی کە بەهۆی گۆشەکەیەوە «کونجێک» سەردانیم دەکرد، قسەوباسی زۆرمان پێکەوە دەکرد. بەحوکمی ئەوەی دکتۆر عیزەدین چ بەهۆی خەبات و تێکۆشانی سیاسی، چ بەهۆی ئەوەی کە نووسەر و ئەدیبێکی گەورەش بوو، پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئێجگار فراوانی هەبوو. ئەو بەهەموو شێوەیەک ئەزموونێکی نوێ بوو بۆ من، هەروەها زۆر سوودم لە بیروبۆچوونە سیاسی



سەرچاوە Serchawe

و فکریی و ئەدەبییەکانیم بینی، بەتایبەتی لەرووی زمانەوانییەوە، زۆر شارەزای زمانی کوردی بوو منیش سوودی زۆرم لە بۆچوونەکانی بینی. لەهەمانکاتیشدا رەخنەگرێکی زۆر شارەزابوو، لە مانا و مەبەستی رەخنە تێدەگەیشت، هەربۆیە هەمیشە رەخنەکانی بەتایبەتی لەرووی زمانەوانییەوە، سوودی زۆری هەبوو بۆ من و خوێنەرانی کونجەکەی.

مامۆستا لە رێگەی کونجەکەیەوە، هەوڵی دەدا دید و بۆچوونەکانی خۆی بەخەڵکی ئاشنا بکات، لەهەمانکاتیشدا ئەم کونجە وەکو پەنچەرەیەک وابوو، بۆئەوەی قسەی خۆی لەبارەی پرسە سیاسی و فکریی و ئەدەبی و زمانەوانییەکان بکات. هەموو کاتێکیش کونجەکەی بەوپەڕی گرنگییەوە دەمخوێندەوەو پاشان بە خۆشحاڵییەوە بڵاومان دەکردەوە.

مامۆستا لەرووی فکرییەوە کەسێکی چەپ و کۆمۆنیست بوو، هەتا دوا ساتەکانی ژیانی شانازی بەو «شیوعی» بوونی خۆیەوە دەکرد، ئەو ساتانەی ژیانی کە لەم حیزبەدا خەباتی کردووە، بەشانازییەوە باسی دەکرد . لەگەڵ ئەوەشدا دۆست وهاوڕێی زۆرێک لە سەرکردە کوردەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان بوو، بەتایبەتی دۆستێکی زۆر نزیکی سەرۆک مام جەلال بوو. هەموو ساتەکانی ژیانی کە لەگەل مام جەلام پێکەوە بوون، بە شانازییەوە باسیدەکرد، هەرچەندە وەکو خۆشی دەیووت: «من و مام جەلال لەرووی فکریی و سیاسییەوە لەیەکتری جیاوازبووین، بەڵام هەر وەکوو دوو دۆست و هاورێ ئازیزی ماینەوە». هەمیشە مام جەلالیش رێزی لە دید و بۆچوونەکانی دکتۆر عیزەدین گرتووە.

دکتۆر عیزەدین گوزارشت لە ئەزموونێکی درێژ وگەورەی ئەدەب و نووسین و رۆژنامەگەری و سیاسی کوردی دەکات، ئەو جگە لەوەی شارەزاییەکی زۆر باشی لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی هەبوو، لەهەمانکاتێشدا زۆر بەئاگاییەوە بەرهەمی نووسەرە گەنجەکانیشی دەخوێندەوەو سەرنج و بۆچونی خۆی لەبارەوە پێدەدان.
لایەنێکی گرنگی تری ئەزموونی دکتۆر عیزەدین، بواری رۆژنامەوانییە، ئەو هەر زوو تێکەڵی ئەم بوارە گرنگە بووەو لە زۆربەی رۆژنامەی کوردیی و عەرەبییەکانی عیراقدا، جێ پەنچەی دیار بووە. هەمیشە بەشێوازێکی زۆر جوان و ئەدەبییەوە، وتارەکانی دەنووسی، هەربۆیە نووسینەکانی خوێنەری زۆربووە.


لایەنێکی تری دکتۆر عیزەدین بواری خوێندن و فێرکارییە، ئەو ماوەیەکی زۆرە وەکو مامۆستایەکی زانکۆ چ لە بەغداد یان هەولێر یان سلێمانی، خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی کردووە. سەدان بگرە هەزاران خوێندکاری کوردی پێگەیاندوە، هەربۆیە بواری خوێندن و فێرکاریش، لایەنێکی ئێجگار گەورەی لە ژیانی ئوستادا داگیرکردووە، کە بەراستی لەم بوارەشدا خزمەتی گەورەی گەلەکەی کردووە.
بەداخەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەهۆی نەخۆشییەوە تەندروستی خراپ بوو، لە کۆتایشدا مەرگ بووە میوانێکی رەزا گران و ژیانی لێسەندەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە دکتۆر عیزەدین لەرووی جەستەییەوە بەجێیهێشتین، بەڵام بەرهەمە جوان و زۆرەکانی، هەمیشە بە زیندوویی لە لامان دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## ئاهورامەزدا یارتبێت کەس و برا و هاوڕێ و مامۆستام پرۆفیسۆر د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ



پ.د.هۆگری شێخ مەحموود

ڕەنگە لەناو نەتەوەی ئێمەدا ڕێژەی ئەو کەسانە زۆرنەبن، کە خاوەنی ئاوەزێکی کراوە و یادگەیەکی تیژ و بوێرییەکی ناوازە و لەگەڵیدا خاوەنی بڕوانامەی باڵابن، لە بووارێکدا،کە هەرگیز ناتوانرێت نە لە ڕامیاری و نە لە کۆمەڵ و نە لە مێژوو و... تاد، داببڕێت، ئەویش بوواری ئەدەب و زمانە، کە پسپۆڕیی دکتۆر بوو. دکتۆر خاوەنی خەرمانێک نووسینی بەپێز و نەوەد کتێبە. ئەو لەم چارەکە سەدەیەی دواییدا، هەرکتێبێکی چاپکردبێت، دەیکردە دیاری بۆم، بەخەتی خۆی بەنەوازشەوە لێیدەنووسی «بۆ کەس و براو هاوڕێم کاکە دکتۆر هۆگر، دیارییە «. ئەو بە شانازییەوە مامۆستام بوو، بۆیە بەندە بەشێک لەسەرڕێی ئەم نووسینەم لە دیارییە بەنرخەکانی مامۆستامەوە هەڵگوازتووە. دکتۆر هەر لەمنداڵییەوە توانا و بەهرەی بەدەرکەوتووە. لەسەرەتاوە کەشی پەرەسەندنی ئەو بەهرەیەی لەناو خێزانەکەی خۆیدا بۆ فەراهەم بووە، چونکە مەلا مستەفای باوکی بۆخۆی مەلایەکی هۆشیار و خوێندەواری بە ئاگابووە، کە دەکرێت بڵێین جیاواز بووە لە زۆرێک لە مەلاکانی ڕۆژگاری خۆی، کە تەنیاوتەنیا لەبەرکەری دەقەکانی قورئان و فەرموودە و هێندێک لایەنی شەرع بوون. مەلا مستەفا بەئاگابووە لە مێژوو، هەرئەوەش وایکردووە بەکوردی هۆنراوە و نووسینی هەبن و لە نووسینەکانیدا بۆچوونی وای هەبن، کە خستنەڕوویان لەلایەن مەلایەکی کوردەوە، کێشەی گەورەی بەدوواوە بووبێت، کەچی ئەو لەوە نەپرینگاوەتەوە و لەگەڵ هاوشانانی خۆیدا لێیدوواوە و بگرە نووسیویشییە. لەوانە ئەو بۆچوونەی کە پێیوابووە زەردەشت خودی ئیبراهیمە. دیارە بەپێی هێندێ بنەما بەو ئاکامە گەیشتووە، نەک قسەیەکی لە خۆوەی بێبنەما. جا بۆیە ئێوارانی سەر سەکۆی مزگەوتەکەی خۆیان لە وەرزی خۆشییاندا و حوجرەکەیان لە کەشی سارد و سەرمادا، کەبووەتە شوێنی دانیشتنی لەگەڵ مەلاکان و پیاوانی خوێندەواری ئەو ڕۆژگارەدا و وتووێژ و قسەکردن، هەر لە ئایینەوە بیگرە تا ئەدەب و مێژوو و... تاد، هاوکات دانیشتنی عیزەدینی منداڵ و مێرمنداڵ، لەو کۆڕانەدا و گوێگرتنی لەو باس و خواسانە، بوونە هۆی ئەوەی هەر لە منداڵییەوە شتگەلێک

ببیستێت و فێرببێت، کە بۆ منداڵانی تر، هەلی بیستنیان نەڕەخساوە. هەموو ئەوانە وایانکردووە، کە عیزەدین جگە لەخوێندن لەلای باوکی لەبارەی سەرەتاکانی خویندنی ئایینییەوە، هاوکات کارامەییەکی زۆریشی پێبگات. دوواتریش، کە چووەتە بەرخوێندنی هاوچەرخ، دیسان هەر لەسەرەتاوە بەهۆی ئەوەوە کە پێشتر لای باوکی خوێندبووی، ئامادەکردنێکی باشبوو بۆی، تاوەکو سەرەتایەکی خوێندنی تۆکمەی لەچاو هاوڕێکانیدا هەبێت.









عیزەدینی مێردمنداڵ هەر لەتەمەنێکی زووشەوە، تێکەڵ بەکاری ڕامیاریی ئەو ڕۆژگارە بوو بوو. هاوکات زمانپاراییی لە لەبەرکردنی سروودەکانی ئەو سەردەمەی کوردستاندا، وایکردووە لە بۆنەکانی قوتابخانەدا سروود بخوێنێتەوە، هەرچەندە ئەو دەمە هێشتا تەمەن و باڵاییەکی ئەتۆی نەبووە، هەربۆیە لەلایەن حەمەی ئەحمەدی تەها (کامەرانی موکریی شاعیر)ەوە، کە تەمەن و باڵای هەڵکشاوتر بووە، عیزەدین بەرز دەکرێتەوە بۆ سەر مێزێک، تاوەکو دەنگی لە خوێندنەوەی سروودەکاندا بگاتە خوێندکاران و مامۆستایانیان.

ئەمانە بۆ مێردمنداڵێک، بێگومان دەبنە هاندەرێک، تاوەکو دوواتر ڕۆڵی زیاتر ببینێت. هەرواش بووە، چونکە هێشتا لاوێکی کەمتەمەن بوو، کە لەلایەن ڕژێمی پاشایەتییەوە، دەکەوێتە بەرچاودێری و گرتن و لێپێچینەوە. دوواتر، کە دەچێتە بەغدا بۆ خوێندنی شەریعە، کە دیارە ئەمەیان پتر خوازتی باوکی بوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم پسپۆڕییە نەبووەتە تێرکەری حەز و خولیای ئەم، ئەوەبوو بەرەو زمانی عەربی چووە و لەنێوان شام و بەغدادا، کە ئەو ڕۆژگارە ئەم تەریوەی شام بووە و دوواتر هاتووەتەوە

بەغدا دووای شۆڕشی14ی گەلاوێژ، خوێندنەکەی تەواو دەکات. ئیتر وەک کادرێکی هەڵسووڕاوی پارتی کۆمۆنیست، کاردەکات. هاوکات لە بوواری ڕۆژنامەنووسیدا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، بەتایبەت کە زمانی عەرەبیی زۆر بە باشی زانیوە، بۆیە لە بڵاوکراوە حیزبی و ناحیزبییەکانی ئەو دەمەدا، نووسینی زۆری هەن.

کاتێکیش لەسەرەتای شەستەکاندا، بۆ خوێندنی دکتۆرا دەچێتە شۆرەوی و دووای ئەو پلەیە، دکتورای ناوکیشی بەدەستدەهێناوە، کە کەسانێکی زۆر کەم لە کورددا ئەو بڕوانامەیەیان بەدەستهێناوە. ئەو کارە زانستانانەی لە بواری ئەدەب و زمانی کوردیدا دکتۆر کردوونی، چ ئەوانەی شۆرەوی و چ ئەوانەی دوواتر، کاری ناوازەن، تا ئێستاش وەک شاکار دەناسرێن. دکتۆر هەر لە لاوێتییەوە خوێنەرێکی ڕژد بووە، بەدرێژایی ژیانی هەرگیز دەستبەرداری خوێندنەوە و نووسین نەبووە، بەشێوەیەک کە تا سێ چوار ڕۆژێک پێش دووا ماڵئاوایی، لەخوێندنەوە و نووسین دانەبڕا. ئەوە جگە لە بەدوواداچوونی هەواڵەکانی جیهان و کوردستان.

دکتۆر هەمیشە پیاوێکی ورەبەرز بوو، پێیشیوابوو ڕۆژی ڕزگاربوونی نەتەوەکەی هاتووە.هەمیشە لە خەمی ئەوەدابوو،کە بۆ دەبێت کورد دووای ئەو هەموو مەرگەساتە یەکدەنگ نەبێت و هەرکەس لەئاوازێک بخوێنێت!. ئەو ڕاستە کۆمۆنیست بوو، بەڵام لەوانە نەبوو ،کە کچی کورد دەکەنە قوربانی کوڕی خەڵکی. زۆرجار بۆ گاڵتە پێیدەوتم: ئەرێ کاژێک فڵانە شت چۆن دەبینیت؟! بەندە پێش وەڵامدانەوەی، پێمدەگوت: ئەگەرچی من شکۆی بوونەکاژێکم نەبووە، بەڵام ئەگەر پرس خۆشەویستیی نەتەوەکەمان بێت، ئەوا تۆیش کاژێکێکی کۆمۆنیستیت، ئەگەر وانییە، بۆچی لەخەمی کورددایت؟! دکتۆر هەمیشە بەو وەڵامەم، بەزەردەخەنە و بێدەنگی، وەڵامگۆ دەبوو.

ئەو هەمیشە کوردی لەیادبوو. ئەدەبی کوردیی لەلا ئەدەبێکی باڵا بوو، ئەگەرچی ئەدەبی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتیشە. ئەو لە خانیدا تووابووەوە، زانایانە دەرکی وردە ئەندێشەکانی کردبوو، کە بە ئاوەزی تیژ و پسپۆڕیی ئەدەب و زمان نەبێت، پەییانپێنابرێت. ئەو گۆرانی لەنزیکەوە ناسیوە و پێوەندییان هەبوو، لە وردەکارییەکانی ژیانی ئەو کەڵە شاعیرە ئاگاداربوو. ئەو لە شاعیرانی کلاسیکی بەباشی کۆڵیبووەوە. ئەو بەڕاستی ڕۆڵەیەکی بەئەمەکی شار بوو. خۆشەویستییەکی زۆری بۆ شار هەبوو. بەئاگابوو لە بنەماڵە کۆنەکانی شار و لە کەسێتییە ناودار و قسەخۆش و ئەدیب و هونەرمەندان و تێکۆشەرانی.

لەم یەک دوو ساڵەی دووایییدا، زۆر توانای هاتنە دەرەوەی نەمابوو، بۆیە کە سەدانیم دەکرد، پێم دەگوت: ئەگەر حەزدەکەیت با بە ئوتۆمبێل بتبەمە دەرەوە. چەند جارێک کە دەمبردە دەرەوە، دەمگوت: بۆ کوێ حەزدەکەیت بچین؟ دەیگوت: با بۆ لای مزگەوتی گەورە و مەولەوی و کاوە بچین. هەستمدەکرد زۆر تامەزرۆی بینینی ئەو شوێنانەیە، هەربۆیە چەند جارێک بەو جێگایانەدا دەهاتین و دەچووین. دوو سێ جار بۆ سەری گۆیژە و ئەزمەڕیش چووین. ئەو کەشەی زۆر پێخۆش بوو، بۆ ماوەیەک لەسەر چیاکەوە سەیری شاری دەکرد و بەدەم ڕووانینەوە چەندان بابەتی گرنگی بۆ باسدەکردم، کە بەڕاستی زۆربەی زۆری ئەو بابەتانە شایستەی ئەوەبوون، لە یادگەی مۆبایلەکەمدا تۆماریان بکەم، زۆریشم لێ تۆمارکردوون، بەڵام هەر کە دەستم بۆ مۆبایلەکە ببردبا، ئەو تووڕە دەبوو،

دەیگوت: لێممەبە بە تەحسین، هەرکە دێتە سەردانم، دەکەوێتە تێلەفۆنکردن. زۆرجار وادەکەوتەوە کە لەبەر دڵی ئەو دوواتر ئەو زانیارییانە بنووسمەوە، یاخود دوواتر بیگێڕمەوە سەر ئەو بابەتانە، تاوەکو هەلی نووسینیانم بۆ بڕەخسێت.

پرۆفیسۆر لە ژیانی ئاکادیمیی خۆیدا، لەزانکۆکانی بەغدا و سلێمانی و سەلاحەدین، مامۆستا بووە. مامۆستایەکی کراوە بوو لەگەڵ خوێندکارانیدا. بەتواناییەکەی وایکردبوو، کە هەرگیز باکی لە هیچ پرسێکی خوێندکار نەبێت، چونکە وەڵامی دروستی بۆ پرسەکانیان هەبوو. ئەو بوێری و ڕاشکاوییەکی وای لە گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانی هەبوو، کە ڕەنگە لە زۆر کەسدا نەبووبێت و نەبێت، بەتایبەت لەڕۆژگاری ڕژێمی بەعسدا، کە دەزانین لە مامەڵەکردنیاندا، چ دڕندەیەک بوون، بەرامبەر هەرکەسێک، کە هەڵوێستێکی بەرامبەر ڕەفتارەکانیانی هەبووبێت.

لەیادمە لە هەشتاکاندا، لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە، داوا لە زانکۆی سەلاحەدین کرابوو، کە هەر سەرچاوەیەکی تایبەت بە پرسی کورد و مێژوو و تایبەتییەکانیان لەلایە، بۆ بەغدای بنێرنەوە. بێگومان ئەو داوایەی بەغدا، ئاشکرابوو، کە لە بەرژەوەندیی کورددا نەبوو. هەربۆیە چەند دڵسۆزێک، وەک سەرکێشی، هێندێکیان لەو سەرچاوانە شاردنەوە، کە ئەگەر پێیانبزانرابا، ئەوا کێشەی گەورەیان تووش دەبوو. لەو هەلومەرجەدا تاکە مامۆستایەک، کە بە ئاشکرا نارەزایی تەنانەت لای مامۆستا عەرەبەکانیش بەرامبەر بەو داوایە دەربڕی، دکتۆر عیزەدین بوو. ڕەنگە هەبن بڵێن جا ئەوە چییە؟! بەندە دەڵێم: بەهای قسە و هەڵوێست، بەپێی کات و شوێن، هەڵدەسەنگێنرێت. بۆیە پێموایە ئەو هەڵوێستە بە پێودانگی ئەو ڕۆژگارە، شتێکی ئاسان نەبوو، کە لەدەست هەموو کەسێک بێت.

جگە لەوەش من هەلومەرجی پێش ڕاپەڕینم لەیادە، کە چۆن دکتۆر بەئاگابوو لە کەشەکە و زانیاری و نامەی لە سەرکردەکانەوە پێگەیشتبوو، بە مەبەستی وەرگرتنی بۆچوونی ، سەبارەت بە تەدارەکی ئەو کارە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو بەئاگاشم لەوەی لەماڵی ئەودا قسە لەگەڵ هێندێک لەوانە کراوە، کە جێگەی بڕوابوون، ئەگەرچی بەرپرسی چەکداری فەوجە سووکەکانی جاشیش بوون. دوواتریش کە ڕژێم دامودەستگاکانی کێشایەوە، چەند جارێک دانیشتنی هێندێک لە سەرانی بەرەی کوردستانی، لەماڵی ئەمدا بووە.

کاتێکیش کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکهات، ئەم بەو پێیەی لەگەڵ مام جەلالدا هەر لە ڕۆژگاری شامەوە، هاوڕێیەتییان هەبوو، تەنانەت ساڵێک لەشام لە یەک ژووردا ژیابوون، ئەو هاوڕێیەتییە وایکردبوو، مام جەلال هەمیشە لێیدەپرسییەوە و بەسەریدەکردەوە. تەنانەت لەو دەمەشدا، کە سەرۆک کۆمار بوو، دکتۆری لەیاد نەدەکرد، هەر بۆیە چەندجارێک لەبەغداشەوە بەدوویدا دەنارد، تاوەکو سەردانی بکات و بۆ هەفتەیەک لەلای بمێنێتەوە و بە باسی ئەدەب و جەواهیری و ڕامیاری و بەشیر موشیرەوە... کاتەکە وەک دوو هاوڕێ بەسەرببەن.

پێشر مام جەلال لە دووسێ سەفەریدا، دکتۆر دەبات، یەکێکیان بۆ سووریا، یەکێکیشیان بۆ میسر، کە ئەمەیان لەو دەمەدا بووە، کە

ئەزهەر بڕیاری داخستنی (رواق الاكراد)ی داوە، کە لە رۆژگاری سەلاحەدینی ئەییوبییەوە بۆ خوێندنی فەقێیانی کورد تەرخانکرابوو، جا دکتۆر ئەو سەفەرە بەهەل دەزانێت، تاوەکو بە مام جەلال بڵێت، کە هەوڵبدات بەرپرسانی ئەو وڵاتە قایل بکات ئەوکارە نەکرێت، مام جەلالیش ئەوە بەچاک دەزانێت و قایلیان دەکات.

کاتێک مام جەلال نەخۆشکەوت، دکتۆر پڕبەدڵ خەمبار بوو، زۆر شتی سەبارەت مام جەلال بۆ گێڕاومەتەوە، هەمیشەش دەیگوت پیاوێکی هەڵکەوتووە. لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا بۆ خولی یەکەمی پەرلەمان، مام جەلال بە دکتۆر دەڵێت، کە خۆی بۆ بوونە ئەندامی پەرلەمان ئامادە بکات. دکتۆر پێیدەڵێت: من یەکێتی نیم، من کۆمۆنیستم. مام جەلال پێیدەڵێت ئەوە گرنگ نییە، دەبێت لە لیستی ئێمەدا بیت. ئەوەبوو بووە ئەندامی پەرلەمان، بەڵام بەڕاستی ئەو خولە لەچاو خولەکانی دوواتردا، کەسانی پسپۆڕ و خاوەن کەسێتیی دیار و کارامەی زۆری لەخۆگرتبوو. هەر لەو خولەدا، کاتێک پرۆژەی زمانی کوردی دەخرێتە دەنگدانەوە و بە زۆرینەی دەنگێک پرۆژەکە سەرناکەوێت، دکتۆر یەکێک بووە لەوانەی دێتەدەنگ و بۆچوونی خۆی ڕاشکاوانە دەردەبڕێت. تەنانەت چەندجارێک هەڵوێستی دکتۆر (جەلال شەفیق )ی بۆ گێڕاومەتەوە، کە چۆن گەرماوگەرم لە هۆڵەکەدا وتوویەتی، کە ئەمە مۆری شەمەزارییە بە ناچەوانی پەرلەمانی کوردستانەوە، کە دژ بە زمانی خۆی بێت. چەند جارێک دکتۆر پێش دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی، ئەوەی بۆ گێڕاومەتەوە، کە پێشنهادی بۆ مام جەلال کردووە، کە وەک پێکۆڵ و ئاڵەنگیری بۆ ڕژێم، با زانکۆی سلێمانی دابمەزرێننەوە. مام جەلال پێی گوتووە: دکتۆر تۆ ئاگاداریت، کە وا لە هەولێریش هێندێک لە مامۆستایان کەوتوونەتە بەجێهێشتنی زاکۆکە و ڕووکردنە دەرەوە. دکتۆر پێی دەڵێت؛ ئاگادارم، بەڵام کردنەوەی ئەم زانکۆیە، وەک قۆناغی سەرەتا ئەرکی زۆری نابێت و دەکرێت تەنیا کۆلێژێکی هەبێت، کۆلێژەکەش دەکرێت تەنیا بەبەشی کوردی دەستپێبکات، هاوکات پێیدەڵێت بۆ مامۆستاش کێشە نابێت، چونکە هەر لێرە دوو مامۆستا هەن، (هۆگر مەحموود و هیدایەت عەبدوڵا)، کە ماستەریان هەیە و لە فەرمانگەی تردان، دەکرێت بگوازرێنەوە و ببنە مامۆستای بەشەکە، کەسانی تریش هەن، دەکرێت وەک وانەبێژ هاوکاریانبن. هەر ئەو پێشنیهادەی دکتۆر بوو، کە مام جەلال و دوواتر حکوومەتی هەرێم، بڕیاری کردنەوەی زانکۆی سلێمانی بدات، کە لەئێستادا دەیان بەشی زانستی لەخۆ دەگرێت.

دکتۆر هەمیشە بەرێزێکی زۆرە لە مەلا مستەفای بارزانی و کاک مەسعود دەدووا، بەئاگابوو لە خەباتی ئەو بنەماڵەیە و مێژوویان. تەنانەت لە شۆڕشی ئەیلوولدا، پێشمەرگە بووە، بۆ ماوەیەک لەنزیک بارەگای بارزانی بووە. زۆرجار باسی ئەوەی بۆ کردووم، کە چۆن بارزانی ڕێزی لە کەسێتییەکی عەرەبی کۆمۆنیست، کە (عەزیز شەریف) بووە، گرتووە، پێگەی شایستەی لەلای هەبووە کاتێک کە لەسایەی شۆڕشدا بووە. هاوکات دکتۆر باسی ئەوەی دەکرد، کە چۆن بارزانی لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و شاند و دیبلۆماتکارە بێگانەکاندا مامەڵەی کردووە، کاتێک کە هاتوونەتە لای، مامەڵەی مامەڵەیەکی دیبلۆماسییانەی ڕامیارێکی سەرکردەی شۆڕش بوو، لە ئاستێکی باڵادا.

هەروەک چۆن ئەوەی بەیاد دەکرد، کە کاتێک دکتۆر لەبارەگای بارزانییەوە نزیکبووە، لەیەک کاتدا دوو شاند هاتوون، یەکەمیان ئەمەریکایی و دووهەمیان شاندی شۆرەوی. دیارە ئەوە بۆ خۆی کێشەبووە، چونکە هەر هەڵەیەک و داشکاندنێک بەلایەکیاندا، زیانی

بۆ پرسی کورد دەبوو. هەربۆیە بارزانی فەرمانی کردووە، کە هەر شاندە و شوێنێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت. هاوکات پێشمەرگە ئاگادار دەکرێن، کە نابێت بەیەک بزانن. لەو ماوەی چەند ڕۆژەدا، هێندێکجار وایکردووە، لە ژەمێکی نانخواردندا، لای شاندێکیان وەک ڕێزلێنان نیوەی نانخوارنەکەی بخوات و بە بیانووی کارێکەوە، نیوەی ژەمەکە لەگەڵ ئەوی دیکەیاندا تەوابکات، یاخود ژەمی لایەکیان پێشبخرێت و لایەکیان کەمێک دوابخرێت، تا وەکو بتوانێت هەردوولایان بەدەر لەکاتی تایبەتی وتووێژی فەرمی، بەسەربکاتەوە. ڕەنگە کوڕی ڕۆژ هەبێت بڵێت جا ئەوە چییە؟! بەندە دەڵێم هەروەک چۆن دکتۆر ئەو هەڵوێستەی بۆ ئەو ڕۆژگارەی بەشایستە دەبینی، منیش هەرواى هەڵدەسەنگێنم، پێشموایە کارێکی دیپلۆماسییانەیە، لەسەرکردەیەکی ڕامیاری لێوەشاوەی دوورئەندێش دەوەشێتەوە.

پرۆفیسۆر سەبارەت بە ڕیفراندە، نەک هەر بە ئەرێنیی دەبینی، بەڵکو بەکارێکی گرنگی مێژوویيشی دەزانی. کاتێکیش کە حکومەتی ناوەند و ڕژێمە هەرێمی و تەنانەت زلهێزانیش پشگیری ئەو هەنگاوە نەبوون، ئەوە نەبووە هۆی پاشگەزبوونەوەی لە هەڵوێستەکەی، بەڵکو پێیوابوو ئەوە بەڵگەنامەیەکە، دەشێت لە وەرچەرخانێکی نێودەوڵەتیدا، بهێنرێتەوە کایە و کاری پێبکرێت. دکتۆر چەندان جار کاک مەسعوود بارزانیی بینیوە و نامەی تایبەتیان لەنێواندا هەبووە. تەنانەت ساڵی پاریش بانگهێشتیکرد بۆ بارەگای خۆی، بە مەبەستی بیروڕا گۆڕینەوە، کە چەند کاژێرێک دووبەدوو وتووێژیان کردبوو.

دکتۆر ، ڕاستە کۆمۆنیست بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەوە پەست دەبوو، گەر بیبینیبا کەسێک کفر دەکات، یاخود بێئاگایانە دەکەوێتە وێزەی دین. هەروەک چۆن لەو مەلایانەش پەست دەبوو، کە بەبێ زانینی عەرەبییەکی تۆکمە و بەبێ ئەوەی خۆیان بەتەواوەتی لەواتای دەقەکان گەیشتبن، کەچی دەکەونە کافراندنی خەڵک و خۆیان لێ دەبێتە موفتی، بەبێ ئەوەی ئەو ئاستەیان هەبێت و توانای قووڵبوونەوەیان هەبووبێت.

پرۆفیسۆر، مرۆڤی ڕۆشنبیری زۆر خۆشدەویست، ڕێزی زۆری لێدەگرت. ئەو لەبریی ئەوەی بە کەسێک بڵێت ڕۆشنبیرە، دیگوت فڵان خوێندەوارە. هێندێکجار دەیگوت فڵان بەڕاستی خوێندەوارە. لەم دواییانەدا هەمیشە دەیگوت بەداخەوە لەئێستادا کەلتووری خوێندنەوە، لەلای لاوانی ئەمڕۆ، بەرەو کاڵبوونەوە چووە. هەمیشە دەردەدڵیی ئەوەی لەلا دەکردم، کە چۆن زمانی کوردی لای زۆرینەی میداکارانی کورد، وێران دەکرێت. ئەو بەڕاستی پیاوی قەڵەم بوو.

ئەو وەک ئەو پێشمەرگەیە وابوو، کە تا دووا هەناسە دەست لەچەکەکەی بەرنادات. مامۆستای گەورەشمان، کە پێنووسەکەی چەکی بوو، هەر وایکرد. بۆیە دەڵێم: کەس و برا و هاوڕێ و مامۆستام، ئاهورامەزدا یارتبێت، هەواری سەیوانت پیرۆز.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

---------------------------------------

# قەڵەمێکی ڕەنگاڵەیی و خەرمانی تەمەنێکی پڕ بەرەکەت




**حەمە دلێر میسری**

قەڵەم و نووسین لەئاست هزر و توانا و بیرتیژی و بەهرە و ئەزموونی خەباتی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی مامۆستام (پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین) دا سەرسام و دەستەوەستانن، نازانن لەسەر چ هەڵوێست و چ ویستگەیەکی ئەو مەیدانەدا، لەنگەر بگرن و مافی خۆی بدەنێ.

لە هەموو سەردەم و قۆناغێکی ژیانیدا، ناو و ناوبانگە و پەنجەمۆری ڕووداوەکانە، نووسین لەسەر خەرمانی تەمەنێکی پڕ بەخشندەیی و مامۆستایی و سەرپەرشتیاری سەدان نامەی خوێندنی باڵا و هەڵوێستی ناو پەرلەمان و ململانێی ڕۆژە سەختەکان.. هەموو ئەمانە ساڵانی دەوێ هەڵسەنگێنرێ و بە میزانی ئەدەب و ویژدانی سیاسی زیندوو لە محەک بدرێن.

مامۆستای گەورەم: دەیان پرسیار لە هزری مندا مابوون، چاوەڕێی وەڵامی شیاو متمانە پێکراویان دەکرد، ئەفسووس بە ماڵئاوایت دەستەوەستان بووم و هەر لە چاوەڕوانیدام.

لەهەر سەردانێکتدا کە بە دیدارت شاد دەبووم، بە هەگبەیەک زانیاری نوێ وە دەگەڕامەوە.

خاوەنی سێ موڵکی زمان بوویت (کوردی و عەرەبی و رووسی)،شارەزایی زمانی تر، دەسەڵاتی نووسین بەم توانایانە و هەوڵ و ماندووبوونی بێ کۆتاییت ئەو ناو ناوبانگە کوردستانی و ناوچەیی و گەردوونیەی پێ بەخشیت.



سەرچاوە
Serchawe

قەڵەم و خەمخۆریت بۆ بەرز راگرتنی ناسنامەی نەتەوەکەت، رۆحی (خانی) زیندووکردەوە و نەک لەناو خۆماندا، لەناو میللەتانی تردا رەواجی پێدا، (گۆران) ی بردە ئەودیوی سنووری کوردستان و بەهرە و داهێنانی بە شاعیر و نووسەر و مرۆڤدۆستەکانی تر ناساند.

لە ئاوابوونتدا، گەنجینەیەکی پڕ زانیاری و ئەزموونمان لێ شاردرایەوە، ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی ئەدەبدا کوژایەوە،بەو خەمەوە چی بنووسین:

بەیادی تۆ ئەگرێ دەستی عاجزم خامە
دەهایی رۆشن و بەرزت، ئەگاتە ئیمدادم

(گۆران)

بە جەستە جێت هێشتین، بەڵام لە دووتوێی بەرهەمەکاندا، بیری تیژ و کوردی رەوان و ئەو هەموو کەرەسە ئەدەبی و سیاسیانە، دەژین، دەبنە سەرچاوە بۆ سەدان نامە و لێکۆڵینەوەی زانستی.

مامۆستای گەورەم: قەڵبەزەی وشە و تاڤگەی کتێب، خامەیەک کە هەردەم لە قوڵپی نووسیندا بوو، تەمەن و نەخۆشی کۆڵیان پێ ئەدا و رۆشنایی حەرفیان خامۆش نەکرد.

لە رۆژگاری سەخت و ئیرهابی فیکری و جەستەیدا، بە قەڵەم و هەڵوێست و بەگژداچوونەوە، دژی داگیرکەران بوویت و دەنگ و سەدای بەرگری لە میللەت و ماف خوراوان ناو ناسنامەت بوو، لەبەر ئەوەی وەک دەنووسیی ((من سەرکردەی ئەو رووداوانە نەبووم، لە کەناریشیدا نەبووم، بەڵکە لەناو جەرگەیدا بووم)).

هەر ئەو رێبازەی برِوات پێی بوو و خەباتت بۆ دەکرد، لە کەڵە شاعیر و نووسەر و سیاسەتمەداری کورد و میللەتانی تری نزیک کردیتەوە، بوونە هاورێ و دۆست و کەسی نزیکت، لە کۆتایی ئەم چەند وشە پڕ یاد و حەسرەت کێشەدا، هانا دەبەمەوە بۆ لای (گۆران)ی هاورێی بەندینخانە و (ژین) و خۆشەویستت:

لەبن هەموو بەردێکی چیای کورد دا
لە قووڵایی دڵی درشت و ورد دا
بەڵام ئێمەی گیرۆدەی ئەستێرەی گەش
تا ئەو رۆژەی گڵ ئەمانخاتە باوەش

چاوی تاسەی بە شوێنتا هەر ئەگێڕین

لە ئاسمانا، چونکە جێی چۆڵ ئەبینین

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ  -  ڕێکەوتی: ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# کتێبێکی گەورە



**کتێبێکی گەورە**

هەرچەندە کە عومری خزرو جامی جەمت بوو
چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو

نالی

**یاسین قادر بەرزنجی**

لە لاپەڕەکانی یەکەمی ئەو مەزنە پیاوەدا، بەسۆزی و بەخشندەیی و بێ فیزیی و خاکەڕایی و بیرتیژیی نووسراون، حەفتا ساڵ نووسین و داهێنان، دەیان ساڵ مامۆستایی هەر سێ قۆناغەکەی خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی و زانکۆ، ئاشنا و رۆشنا بە هەزاران کەسی (جودا) لە تەمەن و رەگەز و پێگەی کۆمەڵایەتی و جوگرافی و ئایدۆلۆژیا و ئاستی رۆشنبیریی و جودا لە سەرجەم چین و توێژەکان.

لە لاپەڕەکانی ئەو کتێبە گەورەیەدا ئەفراندن لە سەرجەم ژانرەکانی ئەدەبیات دەبینی، زمانزانی و سەلیقە و مامۆستایی کاری نووسین، هەر لەو کتێبەدا بەسەرهاتی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی یەکێتیی نووسەرانی کورد و سەرکردایەتی ئەو یەکێتییە مێژووییە و گۆڤارە سەنگینەکەی (نووسەری کورد) دێتە بەرچاومان.

ئەو کتێبە گەورە (٨٥) ساڵەیە پڕیە لە وانەکانی رێزگرتن لە سەرئامەدانی هزر و سیاسەت و داهێنان و خاوەنە راستەقینەکانی

وشەی شیرینی کوردی، پڕیە لە خوێندکار پێگەیاندن و سەرپەرشتیی تێزە زانستییەکانیان.

چەندین لاپەڕەی بەرایی تەرخانە بۆ باسی شکۆی ئەدەبی کوردی و رۆژنامەنووسیی کوردی و بۆ باسی خانی و مەلای جزیری و فەقێ تەیران و مەحوی و نالی، بۆ بەدرخانیەکان و پیرەمێرد و حوزنی و مامۆستا گۆران و بێکەس و بەختیار زێوەر و دیلان و کامەران و کاکەی فەللاح و (شوعەرای) تر، بۆ چیرۆک و رۆمانی کوردی، بۆ جەمیل سائیب و ئەحمەد موختار و برایم ئەحمەد و رەحیمی قازی و حسێن عارف و حەمەی موکری و زۆری تر.

لەو کتێبەدا هاوسۆزیی بۆ تازەگەریی لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و قۆناغی روانگە و شاعیرە دەنگ بڵندەکانی وەک شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر جاف و... تاد، هەڵسەنگاندنی ئەکادیمی و رەخنەگرانەی شیعری ئەوان دەبینین. لەو کتێبەدا خوێندەواری و خوێندنەوەی بەردەوامی ئەو رووناکبیرە نووسراوە کە تا دوا شەوی ژیانی کتێبی بەدەستەوە بوو.

لەو کتێبە گەورەیەدا باسی وەرگێڕانی هەموو شیعرەکانی مامۆستا گۆران بۆ زمانی عەرەبی راماندەگرێ، لەگەڵ شاکارەکانی تر لە رووسیەوە بۆ عەرەبی و کوردی، لەو کتێبە هەشتا و پێنج ساڵەدا، خەباتی حزبی شیوعی و شەهیدانی، خەباتی درێژخایەنی کورد و شۆڕشەکانی، خەباتی راپەڕین و دەستکەوتەکانی، خەباتی پەرلەمانیی و دیموکراسی و ئامانجەکان بۆ تەبایی و یەکڕیزی و پاشانیش خەونەکانی سەربەخۆیی کوردستان و (دەوڵەتی کوردی) بە دێڕەکانی ئاڵتوون نووسراون هەر لەو کتێبەدا (ئەوانەی مردن و نامرن) و کونجێک و (کونجێکی تر) نووسراون.

دەبێ زمانی (بەندە) وەک خوێندکارێکی بەئەمەک و هەمیشە (بچووک) لە خزمەتی ئەو کتێبەدا چی تر بڵێم، بێجگە لەوەی خۆم بدەمە دەستی (سۆز)ی راستگۆیانە و بڵێم:

* هۆ کتێبە ٨٥ ساڵەکە... خاڵی گەورە و مامۆستا و سەروەرم: هەموو نەوەکانت و کەسوکارە نزیک و دوورەکانت وەفادارین بۆ هەر دڵۆپە وشەیەک لە رووباری خوڕ و روونی زانیاریەکانت، بۆ هەر وانەیەک لە وانە بەنرخ و بێ کۆتاییەکانت.

* رێزگرتنی ئافرەت (لەهەر تەمەن و پێگەو ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا بووبێت) خەسڵەتێکی سەرەکیی تۆ بووە، لە بەهاری تەمەنتاندا، وێڕای رێزو خۆشەویستیت بۆ خوشکەکانت، فێری خوێندەواریشت کردوون.

* وەفادارین (بەتایبەت ئێمەی خوارزات) کە هەمیشە دایکمان دەیووت: تەنیا چوار ساڵمان نێوان بوو، لەبیرم نایە یەک جار هەنگاوێ لە پێشمەوە رۆیشتبێ و بە وشەی ((باجی)) نەبێ ناوی نەهێناوم.. ئاخر گەورەم حورمەتی ئافرەت لەگەڵ تەمەنتدا هەڵکشابوون، بەڵگەش خوشکانم (کچەکانتە) کە هەمیشە دەڵێن باوکمان یەک جار لێمان تووڕە نەبووە.

* بەڵێ، بەتایبەت ئێمە زوو باوکمان ئەم دنیایەی جێهێشت و تۆ و (خاڵە فاروق) ی پیاوی داهێنەرو خۆشەویست و دڵسۆزی ئەم وڵاتە، بوونە (باوک) و پەروەردەکارو گەورەمان.

* گەورەم و سەروەرم، کتێبە دەگمەنەکە، پیاوە ٨٥ ساڵە بەدیمەنەکە، شانازم بۆ دەیان ساڵ (شاگردت) بووم، هەر لە نووسینەوەی چەندین دەستنووستدا، بۆ هەڵەبڕیی چاپکراوەکانت و یاوەریت لە چاپخانەکانی بەغدا، شانازم لە شادی و دڵتەنگیدا، لە ساغی و نەخۆشیدا، ناڵێم وەک سێ کچە جگەرسۆزەکەت و دایکی بەڕێزیان، بەڵام دوای ئەوان لە خزمەتدا بووم و (بچووک)ی خۆمم بەرامبەر تۆی هەمیشە لەیادم نواندووە.

دواجار (خاڵی گەورە)م، رۆژانە لەگەڵ پیاچوونەوەی ئەم چەند دێڕەی (شانۆ)ی کچمدا، بەپێوە لە خزمەتدا رادەوەستم و دەیانخوێنمەوە ئەسرین لە چاوم دەبارێت:

(چ ژیانێکی مەزن ژیایت و چ رۆیشتنێکی پاک و ئارام بەجێتهێشتین، ئارام وەک روخسارە نورانیەکەت و قژە سپیەکەت، ئەم هەواڵە مەرگەت هەمووانی تاساند، بەڵام خاڵە عیزەدین گیان باوکم زۆر دڵ پڕ لەئازارە بۆت، ئەو ئێستا دوو جار مردنی باوکی بینی، خۆ ئەو رێک لە کوڕی خۆت ئەچوو، لە خۆشەویستی تۆوە عەشقی نووسین و خوێندنەوە بووە، ئیتر ئەبێ رۆژانی هەینی چی بکات و سەر لە کێ بدات، یان کە پرسیاری ناوێ، کەسێ، شیعرێ، زاراوەیەک، کتێبێکی هەبێ تەلەفون بۆ کێ بکات؟).

* خوات لەگەڵ کتێبە ٨٥ ساڵەکە، گەورە و مامۆستا و سەروەرم.

* سیمبول و شانازیی نەتەوەیەک، پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ ی رەوانشاد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

--------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

# شایەتیم بە زیندوویەتی دا




**ستران عەبدوڵڵا**

دەزانم چلەی عەلامەمان دکتۆر عزەدین بۆنەیەکی شایستەیە بۆ شایەتیدان لەسەر رۆڵ و پێگەی بەرزی لە فەرهەنگ و تێکۆشانی روناکبیریدا، لەم کایەشدا قسەی خۆم کرد، بەڵام لێرە نووسینێک و کۆپلەیەک بڵاو دەکەمەوە کە دکتۆری گەورە لەناومان بوو و خۆشی خوێندبویەوە. چونکە دەمزانی سەرنجی زۆری لەسەر شایەتی دانی دوای کۆچی دوایی ئازیزان هەبوو. ئەوەتا لە پێشەکی کتێبی کونجی یەکەمدا ئەم گلەییە هەقەی کردووە وەک چۆن پێی خۆشبوو هۆڵێکی دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندنمان بە ناوی بەرێزیانەوە کردبوو :

هەروەها ئەو کاک سترانەی کە هەرگیز وەڵامی تەلەفون ناداتەوە لوتفی زۆر بوو هۆڵێکیشی لە دەستگای (خەندان) بە ناوی منەوە ناونا، ناتوانم بڵێم پێم خۆش نەبووە، چونکە لە رووی رێبازەوە رێزنان لە کەسان لە ژیانی خۆیاندا باشەو جوانەو لادانە لەو قسە بەناوبانگەی نەجمەدین مەلا کە دەیوت (ئێمە زیندوو کوژی مردوو پەرستین).

لەسەر ئەو رایە دروستەی دکتۆری مامۆستام کە هاتمەوە کوردستانی نوێ هەمان رێبازم پەیرەو کرد و داوام لێکرد کونجێک دووبارە بکەینەوە لە رۆژی (١٧ - ١١ - ٢٠٠٩) و ژمارەی (٥٠٢٨) کوردستانی نوێش نووسیم (شایانێتی..) و لە پشت کتێبی کونجی دووەمیش شتێکی ترم نووسی بە ناوی ماڵباتی کوردستانی نوێوە. کە ئەوە هەردووکیانە
شایانێتی

فێستیڤاڵی گەلاوێژ چاکی کرد کە رێزی شایانی لە پرۆفیسۆر عزەدین مستەفا رەسول نا، چونکە ئەم رێزلێنانە رێزگرتنە لە مێژوویەکی دوورو درێژی بێ پسانەوە لە فەرهەنگ و خەرمانی رۆشنبیری کوردی، رێزگرتنە لە ستوونێکی پایەداری زمان و رەخنە و

لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و ئامادەگی بەرچاو لە گۆڕەپانی تێکۆشانی سیاسی پێشکەوتنخواز لە کوردستانی خۆمان و هەرچوار بەشەکەی کوردستان و عیراقدا.

دکتۆر عزەدین لە تیمی یەکەمی ئەو رۆشنبیرانەی نەتەوەکەمانە کە لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە ژیری و توانای رووناکبیری خۆیان تێکەڵ بە کاروانی توێژینەوەی زانستی تازە سەرهەڵداو لە کوردستان کردو دەیان و دەیان لێکۆڵینەوەی لە بواری رەخنەی ئەدەبی هی چیرۆک، هی شیعر و ژانرەکانی دیکەی ئەدەب و فەرهەنگ خستە کتێبخانەی کوردستانییەوە. لێکۆڵینەوەی هەمە چەشن بوون لەسەر شاعیرانی کلاسیک وەک توێژینەوە بەناوبانگەکەی لە ژێر ناوی ئەحمەدی خانی، وەک شاعیر، بیرمەندو فەیلەسووف، کە بە چەندین زمان بڵاوبۆتەوە و یەکێکە لە کەڵە نووسراوەکانی ئەم لێکۆڵەرە، هەروەک باسەکانی لەسەر شێخ رەزا، فەقێ تەیران، عەلی بەردەشانی و لێکۆڵینەوەکانی لەسەر زمانی یەکگرتووی کوردی و وەرگێڕانەکانی لەسەر بابەتی زمان و ئەدەب و نووسراوەکانی لەبارەی فۆلکلۆری کوردی و لەسەرووی ئەمانەشەوە کتێبە ئەکادیمییەکەی لەسەر ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا، ئەمانە هەمووی شایەدی خزمەتەکانی پرۆفیسۆرن و بەوەشەوە نەوەستاوە، چەندین کتێبی مێژوویی وەرگێڕدراوە و تەجرەبەی رووناکبیری و تێکۆشانی خۆی لە چەند جلدێکی بیرەوەرییەکانیدا بۆ نەوەی داهاتوو تۆمار کردووە.

خەباتی د.عزەدین لە بواری کوردایەتی و پێشکەوتنخوازیدا مەیدانێکی تری خزمەتە کە تێکەڵاو بە خزمەتی کەلتووری دەبێت و هەموو جۆگەلەکانی خزمەتی ئەم رێزلێگیراوە دەچێتە رووباری وەفاداری بەرامبەر بە کورد و کوردستان و بیروباوەڕی کوردایەتییەوە.

رێزگرتن لە پرۆفیسۆر عزەدین جێی ستایش و دەستخۆشییە، نەک لەبەر ئەوەی رەوتی رووناکبیریمان ئەم خزمەتگوزارە گەورەیەی کوردستانی بەسەرکردۆتەوە چونکە بەسەرکردنەوەی د.عزەدین ماناو مەغزای گەورەی هەیە لە میانی ئومێد و دڵنیایی بۆ تێکۆشەرانی بواری فەرهەنگ لە کوردستان کە رەنجیان بەزایع ناچێ و جگە لەدەوڵەمەندکردنی شارستانی کوردستانی هەروا سەرمایەیەکی رۆحی گەورەش بۆ خۆیان و میللەتەکەمان تۆمار دەکەن.

پرۆفیسۆر لەناو ماڵ و خانەوادە و لەناو شارە حەیاتەکە و لەناو کوردستان، وڵاتە شیرینەکەی خۆیدا، پێویستی بەهیچ نییە و لە هیچی کەم نییە، بەڵام رێزلێگرتنی، سڵاوێکی گەرم و گوڕو دانەواندنێکی شارستانییە لەئاستی
کەڵە قەڵەمێکدا کە بڕشت و سەربەرز و سەرفرازە.

جێی خۆیەتی لێرە بەدکتۆر بڵێین ئەی مامۆستا، پیرۆزە خەڵات بۆ رێزلێنانتان کە رێک شایانی تۆیە.

* رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ: ٥٠٢٨ (١٧ - ١١ - ٢٠٠٩)



سەرچاوە
Serchawe

## کونجێکە

کونجێکە بەڵام بەهاکەی لەسەد پانتایی فراوان بەنرختره، لای ئێمە لە کوردستانی نوێ و لای خوێنەرانیش گۆشە و بەرهەمی پرۆفیسۆر د. عززەدین مستەفا رەسوڵ پێشەکی و ناساندنی ناویێت و ئێمە کە گەرەکمانە دکتۆر بە خوێندکاری خۆی قبوڵمان بکات لە جێی پێشەکی پێمان باشە لەدوا لاپەڕەی کتێبەکەدا هەر سڵاوێکی بۆ بنێرین. بڵێین سوپاس کە کوردستانی نوێت بە سەکۆی خۆت قبوڵ کردووە و لەم کونجەوە هەموو ئەڵقەیەک باسێکی جێی مشتومڕ دەخرێتە روو. سوپاس

بۆ ئێوە کە سەرەڕای سەرقاڵی بە نووسین و بەرهەمی ترتان، سەرەڕای ململانێ لەگەڵ دەورانی تەمەن و نەخۆشی، هێشتاش خوێنەرانی کوردستانی نوێ تان لەبیرە و پێنجشەممان میوانی کونجێکن. تەمەن درێژ بن و پڕ بەرهەم بن، بۆ کورد و کوردستان و بۆ کوردستانی نوێش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

----------------------------------------

## د. عیزەدین مستەفا رەسول



**زیرەک کەمال**

زۆرن ئەوانەی لە مێژوودا ئیرەیمم پێ بردوون و خۆزگەی ئەوەم خواستوە کە من ئەوان بوومایە، خۆزگەم خواستوە گابریل گارسیا مارکیز بوومایەو تاکو رۆمانی سەد ساڵ تەنیایی من بمنووسیبا - خۆزگە ئەحمەد کایە دەبووم تاکو بەدەنگی هەزار تام گۆرانیم بۆ ژیان بگوتبایەو بەگژ فاشیەکاندا بچوبامەیەوە، خۆزگە من حەسەن زیرەک بوومایە پڕ بەدۆڵ و دەشت و زەندۆڵ و گوندو شار بەشاری بمچریکاندباو هەواڵی (کیژان دەچنە مێرگۆڵان)م بە شوان و کوڕە عاشقەکان بگەیاندبا، خۆزگە من (د. عیزەدین مستەفا رەسول دەبووم و وەکو ئەو لەسەر عەرشی شانشین و زمان دادەنیشتم و بەدەست و پەنجەی وشە کەپری ئەدەبم دروست دەکردو کاریتەم داویشتێ لەداری سۆر گوێ و دیوارم دەکرد لە سۆتکەو قەنەفرێ، دەمرشاند بە گوڵاوێ، خۆزگە د. عیزەدین دەبووم و ئاخر ئەوکات بۆ ماوە شەست ساڵ هەڵکۆڵێنم لەناو زمانی شیرینی کورد دەکرد.

دەیان بەڵگەنامەی بزرو دزراوەو شاراوەی تایبەت بە شاعیران و ئەدەبیات و مرۆڤە مەزنەکانی نەتەوەکەم دەدۆزیەوەو لەسەر رەفە تۆز لەسەر نیشتوەکان و لە نێو ژوورە تاریکەکان دەرم دەهێناو دەمخستەبەر دیدەی خوێندنەوەو کتێبخانەکانم پێ ئاوەدان دەکردەوە، بەراستی د.عیزەدین مستەفا رەسول مرۆڤێکی مەزن بوو داهێنەر بوو- بەشێکی گەورەی جوانی و ئاوەدانی کتێبخانەوماڵی رۆشنبیری و ئەدەبی کوردی شانازیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ "د.عیزەدین مستەفا رەسول" ئەو مرۆڤە بەرزو زانایە رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دامەزراندنی یەکێتی نوسەرانی کورد، ئەو یەکێتیەی هەر لەگەڵ دامەزراندنی بووە سەنگەرێکی بەهێزی بوژاندنەوەو بەگری کردن لە زمان و ئەدەبی کوردی و هەر خۆیشی لە کۆنگرەی راپەریندا، بووە سەرۆکی ئەو یەکێتیە، بەراستی کارو بەرهەم و شاکارو خزمەتە گەورەکانی ئەو مرۆڤە لە هەژمار نایەت ، جگە لەمەش کە د. عیزەدین مستەفا رەسول بەدرێژایی دەیان ساڵ بەوێنەی فەرهادێک لەسەر تەوێلی بێستوونی ئەدەب و زمان نەخشەو نیگاری کرد، هەروەها کوڕی (مەلا مستەفا سەفوەت) یشە کەئەویش مرۆڤێکی مەزن بوو خۆشەویستی بۆ نەتەوەکەی وای کردبوو کە مزگەوت و ماڵی ئاینی و خانەدانی خۆی کردبووە چراخانی زەمان و جوانی و تازەگەری، د. عیزەدین برای کاک (فاروقی مەلا مستەفایە) کە بەهەق مرۆڤێکی مەزنە، ئەگەرچی ئەو یەکێکە لەسەرمایەدارە گەورەکانی کوردستان،

بەڵام هەبوونی و سەرمایەداری وای نەکرد کە مرۆڤ بوونی خۆی لە بیربچێتەوە، نەک هەر ئەمە بەڵکو لە رۆژگاری ئەمڕۆدا فاروقی مەلا مستەفا بەمانای وشە بۆتە سایەو سێبەرێکی مەزن بەسەر سەری هەمووانەوە.

تۆش ماڵئاوا د. عیزەدین مستەفا رەسول، کە لە پایزی ٢٠١٩ کۆچی دوایت کردو بەمەش نیشتمانێکت خستە ناو کۆشی پایز، تۆ ئەمری دڵنیابە تاماوین ئیشمان بە تۆ دەبێت و مردن بە تۆ ناوێرێت.

سەچاوە: ماڵپەڕی ڕێگای کوردستان - ڕێکەوتی: ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

---------------------------------------

# د. عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ لەنێوان مەزنێتی و هەڵوێست دا



د. عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ و نوسەری بابەتەکە

هیوا ناسیح

کاتی خۆی و لە هەشتا و نەوەدەکاندا چەند کتێبێکی د. عیزەددینم خوێندبۆوە، بەڵام لە نزیکەوە نەمدەناسی ساڵی ٢٠١٤ کۆتایی مانگی نیسانی ٢٠١٤ ناوبراویش وەک ئەندامێک داوەتکرابوو بۆ کۆنفرانسی گشتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە) لە بروکسل، ئێوارەکەی لە گەڵ چەند هاورێیەکی تردا لە دەوری مێزێک لە د. عیزەددین کۆبوینەوە، جا لە نزیکەوە زانیم، ئەم پیاوە چ دەریایەکە لە زانست و ئەدەب و مێژوو و سیاسەت و...هتد. ئەو شتەی لەم کەسایەتییەدا زۆر پێی سەرسام بووم ئەوە بوو کە ناوبراو سەرجەم زاراوە سەرەکییەکانی زمانی کوردی دەزانی و قسەی پێ دەکرد، بۆیە کاتێک کوردێکی زازایی، کرمانجی ژووروو دەهاتە لامان و لەگەڵی دەدوا، ناوبراو بە دیالێکتی ئەو لەگەڵی دەپەیڤی.

سەرجەم ئەدیب و کەسایەتییە کوردییە ئەدەبی و سیاسییەکانی ئەرمەنستان و کازاخستان و روسیای دەناسی یان بینیبوونی و زانیاری لەسەریان هەبوو. پێدەچوو هەموو ناوچەکانی کوردستان، بە هەموو بەشەکانییەوە گەرابێت، چونکە زانیاریی جوگرافی و ئەنتۆگرافی وردی لەسەر شار و دەڤەرەکان هەبوو. ئەو لەوانە بوو، کە هەرگیز بۆ هیچ بابەت و قسەیەک دۆش دانەدەما و قسەی حازربەدەستی خۆی پێ بوو. ئێوارەیەکی درێژ تا درەنگانی شەو دانیشتین، ناوبراو هەر شیعری دەخوێندەوە و بابەتی خۆشی ئەدەبی و کەلتوریی باس دەکرد بۆمان. زۆر حەزی لە خواردنەوەی مەی تا ڕادەی بەدمەستی و هەروەها شیعر بوو.

ئەوەی جێگەی رەخنەی جددییە لەم مەزنە پیاوەدا، لەم ساڵانەی دەستەڵاتی کوردیدا، ناوبراو بەرامبەر ئەو هەموو نارەوایەتی و

نادیموکراتییەت و ناهەقی و چەوساندنەوە و تیرۆری رۆژنامەنوس و ئازادیخوازانی باشوری کوردستان و گەندەڵییە بێدەنگ و بێهەڵوێست بوو!! بەداخەوە.

وەک دەشڵێن رۆڵێکی گرنگی گێراوە لە کۆکردنەوە ئیمزای دوو هەزار نوسەران و رۆژنامەنوسانی کورد، کە بە ئامانجی پشتگیری لە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای دووەم خول، کە ئەمە هەم نارەوا بوو، هەم لایەنگیری و هەمیش دژی یاسا بوو.

جگەلەمەش کاتی خۆی مامۆستا خالید دلێری نەمر لە سویسرا بۆی گێرامەوە، کە د. عیزەدین یەکێک بوو لەوانەی کە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی نوسەرانی کورد و کردنی یەکێتییەکە بە لقێکی یەکێتی نوسەرانی عێراق بووە لە ناوەراستی هەشتاکاندا. مامۆستا دلێر گوتی ئەمەم راستەوخۆ لە یەکەم کۆنفرانسی نوسەرانی کورد ، کە لە ١٩٩١ لە شەقڵاوە بەسترا، بە ئامادەیی سەرجەم بەشداربووان لە پێش مایکرۆفۆن پێ گوت، د. عیزەدین هیچ وڵامێکی پێ نەبوو!! گوتیشی کەچی دواتر زۆرینەی ئەندامان هەر ئەمیان بە سەرۆکی یەکێتی نوسەرانی کورد هەڵبژارد!

دوا وتەش دەڵێم گەر دکتۆر عیزەددین لە پاڵ ئەو هەموو نوسین و پرزانیارێتی و زمانزانی و دنیابینینەیدا وەک پێویست بە هەڵوێست دەبوو، پشتگیری رەش و رووت و هەژارانی بکردایە و دژی گەندەڵکاران و ستەمکاران بووایە، ئێستا دوو هێندەی تر مەزن دەبوو، خەڵکیش زۆر زیاتر بۆی بەداخ دەبوون، چونکە دواجار هەڵوێست لە بڕوانامە و زانین و زیرەکیبوون گرنگترە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

-------------------------------------------

# عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ گەنجینەیەک لە زانست و کاروانێک لە تێکۆشان



د. کاوە محمود

لەم دوو ساڵەی دواییەدا هەرچەند سەردانی سلێمانیم کردبێت هەوڵم داوە سەردانی هاوڕێی تێکۆشەرمان عزەدین مستەفا رسول بکەم، و دووای هەر سەردانێکیش مەترسی ئەوەم هەبووە کە مەرگ زەفەری پێ ببات و لە چرکەیەکدا ماڵئاوایمان لێ بکات، بەتایبەتی کە نەخۆشی کارتێکردنی خۆی بەسەر جەستەیدا نەک بەسەر هزر و هۆشیدا جێهێشتبوو.

لە هەر سەردانێک د. عزەدین کۆمەڵێک زانیاری لە بواری مێژووی کوردستان و مێژووەی حزب و یادگاری شۆڕشگێری و زانیاری بواری زمان و ئەدەب بۆمانی هەڵ ئەڕشت و من و ئەو هاوڕێیانەی لە گەڵمدا بوون وەک شاگرد و قوتابییەک دەمانویست زیاتر زانیاری لە مامۆستاکەمانەوە فێربین، و هەستمان بە ڕۆیشتنی کات لەو دانیشتنانەدا نەدەکرد، و هەردەم خۆزگەمان بە زیرەکی و بیری تیژی هاوڕێ عزەدین دەخوازت و لە کۆتایی هەر دانیشتنێکدا دەیووت: من ئابوونەوەی حزبیم داوە، بۆ گاڵتە و خۆشی دەیووت بەڵام لێپرسراوە حزبییەکەم باش نییە.

یەکەم جار کە لە گەڵ هاوڕێ د. عزەدین گفتگۆی ڕاستەخۆم هەبوو، دووای ڕاپەرینی ١٩٩١ بوو کە لە ماڵی هاوڕێ کریم ئەحمد لە شقلاوە بوو، و قاچی دکتور لە ماوەی ڕاپەریندا تووشی شکستی ببوو. ئەو کاتە من سەرنووسەری ڕێگای کوردستان بووم، و بۆ بابەتی سەرووتار سەردانی هاوڕێ کەریم ئەحمەدم دەکرد و پێش بڵاوبوونەوەی ژمارەی نوێی ڕۆژنامە، سەروتارەکەم بۆ دەخوێندەوە و تێبینییەکانی بەرێزیانم وەردەگرت. هاوڕێ دکتور عزەدین کە گوێ لە بابەتەکە دەکرد تیبینی سیاسی و زمانەوانەی خۆی پێدەدام.

هاوڕێ دکتور جگە لەوەی کەسێکی ئەکادیمی لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی و عەرەبی، و شارەزایی لە بواری زمانی فارسی و رووسی هەبوو، ڕۆژنامەنوسێکی خاوەن ئەزمون و شارەزا بوو. ماوەیک لە ساڵانی شەستەکاندا لە ڕۆژنامەی ئازادی و دوواتر لە ئێزگەی شۆڕش

شوێن دەستی دیاربووە. جگە لە کتێبی بواری ئەدەب و کەلتور لە بواری رۆژنامەکەیدا هەردەم وتارەکانی رۆژنامەی ئازادی دەڕازاندووە، یەکێک لە کارە رۆژنامەنووسییەکانی ئەو بەداواداچوون و راپۆرتە رۆژنامەگەرییەیە کە وەک رۆژنامەنوسێکی پێشمەرگە و ئاگادار لە رێرەوی رووداوەکان کە تیایدا ژیاوە، سەبارەت بە داستانی هەندرێن لە ساڵی ١٩٦٦ نوسیویێتی، و دەستنوسەکەش کە چەندین ساڵ بوو لای خۆی نەبوو، توانیم لە ساڵی ٢٠١٨ پەیدای بکەمەوە وبۆم برد، و هیوادارم لە ماوەیەکی نزیکدا وەک نامیلکەیەکی مێژووی گرنگ چاپ بکرێت. هەرچەندە وەکو ووتم لە دوای راپەرینی ١٩٩١ راستەوخۆ گفتوگۆم لە گەڵ دکتور هەبوو، بەڵام دەنگوباسی دکتور جگە لە کەسایەتییەکی ئەکادیمی ناسراو، وەک تێکۆشەرێکی شیوعی خاوەن هەڵوێست لە هەلومەرجی کاری نهێنیدا دووای ١٩٨٠ بۆ من ناسرابوو، ئەمەش لە لایەن هاورێی و خاڵۆزام شەهیدی شیوعی مهندس نەبەز موتابچی کە لە ١٩٨٥ لە لایەن رژێمی بەعسەوە لە ئەبوغریب لە سێدارە درا.

کاتێک تەماشای کاروانی ژیانی د عزەدین دەکەی، راستەوخۆ ئەو پێناسەیەی گرامشی سەبارەت بە رۆشنبیری ئۆرگانی بەسەر ئەم کەسایەتییە شۆڕشگێرییە جێبەجێ دەبێت. ئەم کاروانە لە کۆتایی چلەکانی سەدەی رابووردوو بە پشتبەستن بە پاشخانی پەروەردەیی نیشتمانی خێزانی و رێنماییەکانی باوکی مەلا مستەفا رسولی دێلێژەیی و هەڵوێستە نیشتمانییەکانی، دەستپێدەکات، و لە راپەرینی کانونی ١٩٤٨ بە بەشداری کاریگەرانە قوڵتر دەبێتەوە، و رێبازی شیوعیەت و کوردایەتی بەیەکەوە گرێدەدات، وهەڵوێستەکانی وەک تێکۆشەرێک و کەسایەتییەکی نێونەتەوەیی و کوردستانی گەڵاڵە دەبێت، و ئەم کەسایەتییەی لە سەرجەم وێستەگانی ژیانی لە بەندیخانە و لە تاراوگە و لە شام و لە کاتی خوێندن لە روسیا کە باڵاترین بڕوانامە لە بواری تایبەتمەندی خوێندنەکەیدا بەدەست دەهێنێت و دواتر لە چیاکانی کوردستان وەک پێشمەرگەیەک و لە هۆڵی وانە وتنەوەی زانکۆ وەک مامۆستایەک و دواتر لە سەرۆکایەتی یەکێتی نووسەرانی کورد، و لە کاری نهێنی تا راپەرینی ئاداری ١٩٩١، و وەک پەرلەمانتارێکی خاوەن هەڵوێست، هەردەم وەک تێکۆشەرێکی نموونەیی، دیار بووە.

مەسەلەی نیشتمانی کوردستانی و تێکۆشان بۆ مافی بریاردانی چارەنووس و باوەڕبوون و کارکردن بۆ سەربەخۆیی بنەمای سەرەکی هزری د. عزەدین بووە. ئەم بنەمایەی بە ناکۆک نەزانیوە لە گەڵ باوەڕبوونی بە بیری کۆمۆنیستی کە هەردەم بە شانازییەوە باسی ئەندامێتی لە حزبی شیوعی دەکرد، و کاتێکیش کە یەکێتی سۆڤیەت و ئەزمونی سوشیالستی لەو وڵاتە هەرەسیهێنا، هەڵوێستی دکتور عزەدین ئەوە بوو کە ئەزمونێک رووخاوە، بەڵام هزری مارکسیەت و بیری کۆمۆنیستی هەرەسی نەهێناوەو بە ئیمەشی ڕادەگەیاند کە تەنانەت ئەگەر بەتەنیا بمێنێتەوە ئاڵای کۆمۆنیستی بەرزدەکاتەوە.

لەم ساڵانەی دووایەیدا لە کاتی سەردانکردنیدا کە باسی ئەزمونی سوشیالستی لە چینم بۆ دەکرد، بە ئاسۆیەکی گەشبینییەوە دەیڕاونیە ئەم ئەزمونە، کە دیسانەوە ئاماژەکردنە بەوەی ئاڵای سوشیالیستی و مارکسیەت لە جیهاندا کۆتایی نایەت و بەردەوامبوونی هەیە. لە دووای ساڵانی ١٩٩١وە هاورێ دکتۆر لە ژمارەیەکی گۆنگرەکانی حزبی شیوعی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق بەشدار بوو.

خەمخۆری بۆ هزری مارکسیەت و بۆ مافەکانی گەلی کوردستان و دیموکراسی بۆ عیراق لە سەرجەم ئەو بابەتانەی کە لە کۆنگرەکاندا پێشکەشی دەکرد، ڕوون بوو.

لە ئۆکتۆبەری ئەم ساڵدا، ئەوەی لێی دەترسیان ڕووی دا و نەخۆشی زەفەری برد و هاوڕێی تێکۆشەر پرۆفیسۆر عزەدین مستەفا رەسول ماڵئاوایی لێکردین و بەم جۆرە گەنجینەیەکی گەورەی زانست و ناودارێکی گەلی کوردستان و رۆشنبیرێکی پێشکەوتنخوازی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان و تێکۆشەرێکی شیوعی، بۆشاییەکی گەورەی بەجێهێشت و هەرچەندە گەلی کوردستان و حزبەکەی دکتور عزەدین نەزۆک نین، بەڵام جێگای ئەم تێکۆشەرە مەزنە بە ئاسنی پڕ نابێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

------------------------------------

## چەند وشەیەکی شەرمن، بۆ مرۆڤێکی بلیمەت و بەخشندە



**جەمال عەبدول**

زەمانە و ڕۆژگار و ڕێکەوتی ژیان، هەرزوو کاک عیزەدینی پێ ناسیم، ناسینێک، لە سیمای گەنجێکی وریاو چالاک و لە چاو تەمەنیا زۆر شارەزا، لە نیگایەکی منی هەشت نۆ ساڵی پەی بە ژیان و ئاینده نەبردوو، بیرمە هێشتا قوتابی پۆلی دووەم و سێیەمی سەرەتایی بووم، بۆ یەکەم جار کاک عیزەدینم لە دوکانی خوالێخۆشبوو مامە شێخ عارفی قەرەداخیی بازرگان بینی، کە لە تەنیشت دوکانی خەیاتییەکەی باوکمەوە بوو لە قەیسەری وەسمان پاشای تەنیشت حەوزە وشکەکەی ناو بازاڕ، جاروبار لەگەڵ شێخ حەسیب قەرەداخی ئەهاتن بۆ لای شێخ ڕەئوفی کوڕە گەورەی هاوتەمەنیان، کە ئەویش خوێندەوارو شاعیریش بوو، ماوەیەکی باش پێکەوە ئەمانەوەو کاتەکەیان بە باسی شیعرو ئەدەب و شەڕە شیعر بەسەر ئەبرد، کاک عیزەدین فێستێکی سورو مێزەرێکی سپی جوان تێوە ئاڵاوی لەسەردا بوو، وەک نەریتێک تا ئێستایش باوی قوتابێتی کۆلیجی شەریعەیە، بە ڕاستی خودی ئەو شەڕە شیعرو پێشبڕکێیە، سەرنجی کاڵ و کرچی ئەو کاتەی منی ڕائەکێشا، وەک گوێگرێکی پەی بەو کارە نەبردوو، بە ڕادەیەک تا کۆتایی دانیشتنەکە چاوی پرس و پەرۆشم تێ ئەبڕین و بەدیاریانەوە دائەنیشتم و حەزم ئەکرد جارەهای تریش بیانبینم..!

ڕۆژگار هات و ڕۆیشت، بەڵام خۆشی بگرەو بەردەی ئەو دانیشتنانەیان تا ئێستایش لە پەردەی بیرم کاڵ نەبۆتەوەو خۆزگەی پێ ئەخوازم...!

تومەس دوای ئەوەی وازی لە شەریعە هێنابوو، هاتۆتەوە سلێمانی و ئامادەیی تەواو کردووەو ئەوجا چۆتە (دار المعلمين العاليه)، بەڵام لەوێش فەسڵ کراوەو گەڕاوەتەوە سلێمانی و بۆتە مامۆستا لە قوتابخانە سەرەتاییەکان لە قەمچوغەو قەڵادزێ و سلێمانی (لە قوتابخانەی فەیسەڵییە) پاشان گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد (دار المعلمين العاليه)، لەوێش تەنگی پێ هەڵچنراو ناچار خۆی گەیاندە شام و لە زانکۆی ئەوێ وەرگیراو تێکەڵ ئەو تێکۆشەرانە بوو کە لە عیراقەوە پەنایان بردبووە بەر سوریای ئەوسا، ئەوە بوو لەو

یەک دوو ساڵەی دوای شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨، گەڕایەوە بۆ عیراق و دوا ساڵی دار المعلمینی تەواو کرد و لە ئەعدادیەی مەرکەزی بەغدا دانرا بە مامۆستای زمانی عەرەبی و لەوێشەوە تەنسیب کرا بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی کە تازە دامەزرا بوو، لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠دا، یەکێک بوو لەو پۆلە خوێنکارەی بۆ یەکەم جار نێردران بۆ یەکێتی سۆڤێت بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵاو دوای گەڕانەوەی لە سۆڤیەت وەک پسپۆڕێکی ئەکادیمی لێهاتوو لە بواری پەروەردەو پێگەیاندنی نەوەی نوێدا، لە بواری نووسین و باس و لێکۆڵینەوەو بەرهەمی بە بڕشت و بە پێزدا لە سەرپەرشتی دەیان تێزی ماجستێرنامە و دکتۆرادا، لە دامەزراندن و سەرۆکایەتیی یەکێتی نوسەرانی کورددا، لە بەشداریکردنی دیارو کارای لە میهرەجانەکانی شیعرو دیدارەکانی چیرۆکی کوردی و بەڕێوەبردنی کۆنگرەکانی نووسەرانی کورداو تا دوا هەناسەی لە خزمەتی نەتەوەکەیدا بەردەوام بوو..!

بە باوەڕی من، کاک عیزەدین، ژیرانە سوودی لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی وەرگرتووە، هەر لە خوێندنی حوجرەو قوتابخانەی (غازی)ی سەرەتایی و ناوەندی و کۆلیجی شەریعەی بەغداو ئامادەیی قۆناغی یەکەم و دووەمی بەشی عەرەبی کۆلیجی ئادابی شام و سێیەم و چوارەمی بەشی عەرەبی کۆلیجی پەروەردەی بەغدا و دواتریش خوێندنی دکتۆرا ساڵی ١٩٦٢ لە باکۆی یەکێتی سۆڤێتی و دواجاریش لە ١٩٧٩دا چۆتەوە بۆ مۆسکۆ و پلەی دکتۆرای ناوک و پرۆفیسۆری وەرگرتووە، جا، تەنانەت ئەگەر یەکەم کەس نەبووبێت، لەوانەی وەکو ئەو لە وڵاتی سۆڤێت خوێندوویانە، زۆربەیان (ئەگەر نەڵێم هەموویان) تا ئێستاش دکتۆرانامەکەی خۆیان چاپ و بڵاونەکردۆتەوە بۆ سود لێوەرگتنیان..!)، پێشەنگی ئەوانە بوو کە بەوپەڕی باوەڕ بەخۆکردن و دڵنیایی و شانازییەوە دکتۆرانامەکەی چاپ و بڵاوکردۆتەوەو سوودی لە خوێندنی حوجرەو بەشداریی ئامادەبوونی فەقێکانی مزگەوتەکەی حاجی مەلا ڕەسوڵی باپیری و باوکی و کۆلیجی شەریعەو خوێندنی لە شام و بەغداو هەوڵ و بەشداری و کارتیاکردنێکی زیرەکانەی لە ڕۆژنامە عەرەبی و کوردییەکانیشدا.

فارسی و عەرەبییەکی باش فێربووەو دیارە هەر لەبەر ئەو پەرۆشی و هەتەرییەشی زمانی ڕووسیش فێربووەو بە هۆی توندوتۆڵی و تۆکمەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بە هەمووانەوە، شارەزاییەکی باشی لە هەموو شێوە زارەکانی کوردیدا پەیدا کردووەو سوودی لە هەموو ئەو زمانانە وەرگرتووە لە نووسین و وەرگێڕانی کتێب لەو زمانانەوە بۆ کوردی و بە پێچەوانەیشەوەو هەر ئەوەیش بۆتە هۆی بەهێزی و فراوانیی نائاسایی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی و دیسان سوودلێوەرگرتنی ئەو پێوەندیانەیش لە بژارو مشت و ماڵ و کۆکردنەوەو ڕاهێنانی ئەو زمانانەو بەکارهێنانیان لە گەشەکردن و فراوانتربوونی ئاسۆی زانست و زانیارییەکانی لە نزیکەی هەموویان زۆربەی بوارەکانی زانست و زمانداو، بە ڕاستی لە سەراپای ژیانیدا کە خەمخۆرانە بۆ ئەو ئامانجە تەرخانی کردبوو و تەنیا خاوەن بڕوانامەیەکی وشک و زڕو بێ بەرهەم نەبوو، بەڵکو هونەرکارێکی ژیرو هوشیارو بەهرەمەندو داهێنەرو ئەدیب و مێژوونووس و نووسەرێکی بە بڕشت و شارەزاو فرە بەرهەم و بوێرو جوانکارو مرۆڤێک بوو لەگەڵ بۆچوون و هەستی خۆیدا ڕاستگۆ بوو، هەرچییەکی بە ڕاست زانیبێ نووسیوێتی، ئەوەی بە بڕوای خۆی بەهەڵە و چەوتی زانیبێ بەرگری لێ نەکردووەو هەر چیەکیشی بە ناهەق زانیبێ بەرەنگاری بۆتەوەو ئازایانە بیروبۆچوونی خۆی لە بارەوە دەربڕیوە..!

تێدا ژیان و بەشداریی لە بزاڤی نیشتمانی و نەتەوەیی گەلەکەیدا، تێگەیشتنی فراوانتر کردو توانستی نەخشەکێشانی ژیان و ئامانجەکانی گەلی زیاتر پێ بەخشی و هێزێکی گەورەی بۆ ڕەنگرێژیی خەبات و ئایندەیەکی ڕووناک دایەو لە خەوو ئاوات و ڕەشبینییەوە، بوو بە ڕاستی و دیمەنێکی ڕوون و ڕوخسار جوان، بۆیە لە هەموو بەرهەم و بۆچوونەکانیشیدا، کە بەردەبازی ڕێگەی ئەو ڕاستییە بوون، شۆڕشگێڕانەو دووربینانە زۆر فراوان ئەیڕوانییە جوانی و جیهان و دیرۆک و ژیان و بەرزی شێوەو ناوەرۆک لە نووسینەکانیدا لە ئاستێکی هونەری ئەدەبی و ئیستاتیکی هەڵچوودا یەکدگیر بوون و زمانێکی پاراوی کوردی و پتەوو ڕەوان و بە گوێ ئاشنای بەکارهێناوەو توانیویەتی زمان بکاتە بەشێکی گەورەی جوانیی بەرهەم...!

لە هەموو ئەمانەیش گرنگتر ئەوەیە، لەسەر هەموو بوارو ڕووداوو بۆنەو بابەتەکانی ژیانی گەلەکەی دواوەو نووسیوەو بەشداریی لە نووسینی وردو درشتی بەسەرهات و مەینەتی و مەرگەساتەکانی تریشدا، بە حوکمی لەگەڵ و تێداژیان و بەدواداچوون و خولیای بە پێویست و بەهی خۆزانین و خۆتێهەڵقوتانی ئەو بەسەرهاتانەو توندوتۆڵی فراوانیی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، کردییە ئاشناو دۆستی زۆر کەسی ناسراوو هەمەجۆر، بەوەیش بەشێکی گرنگی ئەو کارەسات و بەسەرهاتانەی لە شێواندن و لەناوچوون پاراست.!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

-------------------------------------

## پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ و ریالیزمی رەخنەگرانە



پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

هاوشێوەی گۆگڵ و فلۆبیر و تۆڵستوی و کافکا و هێمنگوای، عیززەدین موستەفا ڕەسوڵ هەمیشە هەوڵیداوە ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەی دۆخە سیاسی و فیکری و ئەدەبی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگابێت. کاراترین چەک بۆ چارەسەری کێشە و گەندەڵییە سۆسیۆلۆژی و فیکرییەکانیش ڕەخنە بوو. ئەمەش لەکاتێکداو بەئاشکرا دەیبینی کۆمەڵگا ڕووبەڕووی چەندین گرفت و مەسەلەی هەستیاری فیکری و سیاسی بۆتەوە، لەسەر ئاستی دەرەکی و ناوەکی. گەرچی گۆڕینی دۆخەکان لەئەستۆی ئەودا نەبووە بەوپێیەی دەسەڵاتێکی سیاسی بەرپرسیارێتی ئەم کارەی لەئەستۆ گرتووە، بەکۆن و تازەوە، بەڵام توانیوێتی ڕووبەری پرسیارەکان لەئاستێکی سادەوە بگوێزێتەوە بۆ ئاستی پرسیارکردن بەنموونەی کوردستان و ئەو پرسیارانەی کە بەدەوری کوردستاندا دەسوڕێتەوە وەک ناسنامەو دامەزراندن و سنوور و دەسەڵات و زمان و ئەدەب... هتد.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناوبراو هەر لەسەرەتای تێکەڵبوونی بەفیکرێکی ئایدیۆلۆژیایی، یان دەستپێکردنی نووسین، بەشیعر یان وتارو لێکۆڵینەوە، چەمکی بێدەنگی شکاندووەو بوێرانە ڕەخنەی لەسەرجەم دەسەڵاتەکان گرتووە بەخۆماڵییەکانیشەوە. لێرەدا تێگەیشتنەکانی بۆ فیکرو سیاسەت بەشێوە تیۆری و پراکتیکییەکەیەوە کردارێکی ووزەبەخش بووە بۆ ئەمجۆرە دەربڕینانە. بەمانایەکی تر، هەر لەسەرەتاوە هەوڵیداوە دووربکەوێتەوە لەچەمکە کلاسیزمەکانی نووسین کە زیاتر پەیوەستە بەوێنەگرتنەکانەوە بەبێ ئەوەی بچێتە نێو وردەکارییەکانی نێو ئەو وێنانەوە. لەلایەکی تریشەوە تێکەڵبوونی بەدیدە جیهانییەکانەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە باسیان لەدادپەروەری و یەکسانی و برایەتی و شوناس دەکرد، ئەرکی وێناگرتنەکانی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەی گەلێگ فراوانتر کرد وەک ئەوەی بلێت نەتەوەکانی جیهان لەڕێگەی ئەو جۆرە دیدانەوە سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێناوە.

ڕاستە، عیززەدین موستەفا ڕەسوڵ بەفۆڕم کەسێکی مارکسی بوو، بەڵام لەناوەڕۆکدا کوردایەتییەکەی کەمتر نەبووە لەوانەی کە هەمیشە گەڕاوون بەدوای نەتەوەدا بەنموونەی مەلیک مەحمود و تۆفیق وەهبی بەگ و ڕەفیق حیلمی بەگ و بێکەس...! جارێکی تریش

ڕووداوێکم لەسەر کوردبوونی پرۆفیسۆر عیززەدین گێڕاوەتەوە لەکاتێکداو لەزەمەنی ئەنفالدا بەبڕیارێکی ڕژێمی بەعس فەرمانی سووتانی کتێب و سەرچاوە بەنرخە کوردییەکان دەرچوو. ئەو کات هەردووکمان مامۆستا بووین لەکۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین.ڕاگری کۆلێژ لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ دەستنیشانکردن و کۆکردنەوەی سەرچاوەکان بەمەبەستی سووتاندنیان لەگۆڕەپانی کۆلێژ. هەر زوو هەواڵەکەم گەیاندە پرۆفیسۆر کە لەژوورێکی کۆلێژدا کاری دەکرد.بەبیستنی چاوی چووە پشت سەری و ڕایکرد بەرەو گۆڕەپان و بەدەنگێکی بەرز هاواری دەکرد «ئێوە دونیاتان کاول کرد ئێستاش هاتوونەتە سەر سووتانی سەرچاوەکانمان.. دەبێت پێش سووتانی ئەو سەرچاوانە من بسووتێنن». لەوێدا ئەم هەڵوێستە نەتەوەییە جۆرێک لەحەماسی دروستکرد و ڕاگرایەتی و پیاوانی ڕژێم ترسان بەوەی مەسەلەکە بەرەو ئاقارێکی تر بڕوات. بۆیە هەرزوو کۆنترۆڵی دۆخەکەیان کرد...!

کارکردن لەسەر دیدە جیهانییەکان پێویستی بەتێکەڵبوون و پەیوەندی و خوێندنەوەی چڕ هەیەو خۆڕسکانە نایەتە بەرهەم. هەر لەبەرئەمەش بوو دۆستایەتی نزیکی لەگەڵ کەڵە نووسەرە عەرەب و بێگانەکاندا هەبووە، یان کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی بەڵگەیەکی باوەڕپێکراوە. تەنانەت دانیشتن لەگەڵیدا ئەوەی دەسەلماند کە تەواو ئاگاداری سەرچاوە بەنرخەکانی جیهانەو بەووردیش کاری لەسەر کردوون. جگە لەمەش ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە پێویستی بەدیدە دیالێکتیکییەکانە کە ئەمەش لەلایەکەوە پێویستی بەزانیارییەکانە، لەلایەکی تریشەوە بەبوێری و ئازایەتی. ڕژێم بەیارمەتی کەسانێکی خۆپەرست و هەلپەرست هەوڵیاندا کە بەشی زمانی کوردی، لەزانکۆی سەلاحەددین و لەزەمەنی ئەنفال و کیمیابارینددا، دابخەن بەبیانووی ئەوەی ئەم بەشە خزمەت بەرۆشنبیرییەتی عیراقی ناکات و سنوورەکانی تەسک و بچووکن.لەبری ئەمە بایەخ بەزمانی کوردی بۆ دەستپێکەران بدرێت کە تەنها عەرەبەکان بۆیان هەبێت بچنە نێو ئەو بەشەوە. دیارە ئەمەش بەمەبەستی گەورەکردنی دەزگا سیخووڕی و ئەمنییەکانی ڕژێم بوو بۆئەوەی پێویستیان بەزانیاری کوردەکان نەبێت بەتایبەتی لەکاتی لێکۆڵینەوەکاندا لەگەڵ خاوەن هەڵوێستەکان. پرۆفیسۆر بەمەی زانی و هەرزوو خۆی گەیاندە لای بەرپرسانی ڕژێم و بەزانیارییە چڕەکانی کەوتە دایەڵۆگ کە داخستنی ئەم بەشە، جگە لەزیانە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکەی، زیانێکی فیکری و سیاسیش دەخوڵقێنێت بەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کوردو عەرەب زیاتر ئاڵۆزتر دەکات. ئینجا، مام جەلال ئاسایی، کەوتە دەرهێنانی ئەو فەرمانانەی کە لەکاتی خۆیدا بەشەکەی لێکراوەتەوەو چۆنیش دەسەڵاتی بەعس پشتگیری لێکردووە.بەمەش دەسیسەی هەلپەرستەکان شکستی هێنا. یەکێک لەکێشەکانی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە ڕەشبینییە. ئەم ڕەشبینییە دەرئەنجامی بایەخنەدانی بەرامبەرەکانە، یان باشتر وایە بڵێین ئەوانەی کە پرۆفیسۆر پشتگیری لێکردوون یان پشتی پێ بەستوون، بەبۆچوون و زانیارییە ووردەکان کە لەبەرژەوەندی خۆیان و تێکڕای خەڵکیدایە. زۆری نووسی لەسەر سروشتی زمانی کەناڵ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، زۆری ووت دەرهەق کاولکارییەکانی براکوژی و شەڕی ناوخۆ. لەسەر یەکگرتن و برایەتی.کەسی نەخوێندەوار، نەفام کە ئاگاداری سەرچاوەکانی خۆی نییە. هەروەها لەسەر بابەتیبوونی کارکردن لەدەزگا ڕۆشنبیری و فیکری و ئەکادیمییەکان. وێنەیەک لەڕەشبینییەکانی دوا کونجی بوو کە لەکوردستانی نوێ، ڕۆژی ٣ - ١٠ - ٢٠١٩ بڵاویکردۆتەوە بەنێوی «ئیتر بۆ بنووسم». لەم نووسینەدا ئاماژەی بەنەخوێندنەوەو هاندانی شەڕی برا کوژی داوە لەلایەن کەسێکێکەوە کە وەک خۆی دەڵێت «مەسئوول یشە». ئەمەو شتی تریش هەمیشە پرۆفیسۆریان نیگەران دەکردو دەم و چاوی تەواو گرژ دەبوو. بەداخەوە، هەروەک خۆی لەو کونجەیدا ئاماژەی پێداوە، ئاواتەکەی نەهاتەدی کە بەشی پێنجەمی کوردستان ببینێت کە بەشێکی گرنگی وولاتی کازاخستانە. ئەوەتا دەڵێت:



سەرچاوە
Serchawe

«ئای ئەوە زۆر دەڵـێمەوە: خـۆزگە (پیـری و نەخۆشی) رێگەی دەدام و جارێـک ئەو پارچەیەشم دەبینـی». لەهەمانکاتیشدا داوا لەو بەرپرسەش دەکات ئەویش سەردانێکی ئەو بەشە بکات تا لەنزیکەوە بزانێت بەشی پێنجەمی کوردستان بـوونی جوگرافی و نەتەوەیـی خۆی هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

--------------------------------

## پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، "عەمیدی ئەدەبی کوردی"



**ئەرکان عەلی**

عیزەدین مستەفا رەسوول یەکێکە لە نووسەر و رووناکبیر و کەسایەتییە ناودارەکانی کوردستان کە هاوڕێیان و دڵسۆزانی بە عەمیدی ئەدەبی کوردی ناوی دەبەن.

لە ساڵی ١٩٣٤ لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایکبووە، مەلا مستەفای باوکی بە سەفەوەت ناسراوە و شاعیر و رووناکبیرێکی دیاری سەردەمی خۆی بوو، لەنێو بنەماڵەیەکی خوێندەواردا ژیاوەو حاجی مەلا رەسوول، کە دەکاتە باپیری یەکێک بووە، لە زانا ئایینییەکانی سەردەمی خۆی و لەلایەن مەلیک و کاربەدەستانەوە گوێی لێگیراوە.

پرۆفیسۆر عیزەدین سەرەتا لای باوکی لە مزگەوتەکەی خۆیان "مزگەوتی حاجی مەلا رەسوولی دێلێژە" دەست بەخوێندن دەکات، ساڵی ١٩٣٩ وەکو گوێگر و پاشان قوتابی لە قوتابخانەی "غازی" دەست بەخوێندن دەکات.

ساڵی ١٩٤٨ بووەتە ئەندامی حیزبی شیوعی و ساڵی ١٩٥١ لە خانەی ماڵی مامۆستایان وەرگیراوە، ساڵی ١٩٥٢ بەشداری راپەڕینی ئەو ساڵە بووەو برینداربووە لە بەغدا، بەهۆی بەشداریکردنی لە راپەڕینەکەدا لە کۆلێژ دەرکراوە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لە بەڕێوەبەرایەتی مەلاریا بە ناونیشانی کرێکار دامەزرێندراوە.

ساڵی ١٩٥٩ خانەی بەرزی مامۆستایانی لە بەغدا تەواوکردووە.

یەکێک بوو لەو قوتابیانەی لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم، نێردراوەتە یەکێتی سۆڤیەت بۆ خوێندن. لەگەڵ کەمال مەزهەر و

نەسرین فەخریدا چووەتە باكۆ لە ئازەربایجان، ٢٤ - ٦ - ١٩٦٣پلەی دكتورای وەرگرتووەو پاشان بە داوای حیزبی شیوعیی عێراق چووەتە سۆفیای پایتەختی بولگاریا بۆ سەرپەرشتیكردنی رادیۆی نهێنیی دەنگی گەلی عێراق.

ساڵی ١٩٦٥ گەڕاوەتەوە بۆ كوردستان و چووەتە شاخ، بووەتە پێشمەرگەی حیزبی شیوعی عێراق، بەڵام دوای ساڵێك مانەوە لە بارەگای بارزانی، ٢٦ - ١٢ - ١٩٦٦ بە هەوڵێكی مەلا مستەفای بارزانی، بووەتە مامۆستا لە زانكۆی بەغدا و لە بەشی كوردی دامەزرێنراوە.

ساڵی ١٩٦٧ ژیانی خێزانی پێكهێناوە لەگەڵ مامۆستا رووناك مەحموود ساڵح رەشەدا، بەرهەمی ئەم هاوژینییە سێ منداڵن بەناوەكانی

راز؛ دەرچووی بەشی كارەبای كۆلێژی ئەندازەیە

یار؛ پزیشكی پسپۆڕی نەخۆشییەكانی چاوە

بادە؛ دەرچووی كۆلێژی كارگێڕی و ئابوورییە

ساڵی ١٩٧٩ چووەتەوە بۆ مۆسكۆ، لەوێ درێژەی بە خوێندن داوە و پلەی دكتۆراو پرۆفیسۆری وەرگرتووە.

لە ساڵی ١٩٩٢ بووە ئەندام لە یەكەم خولی پەرلەمانی باشووری كوردستان لەسەر لیستی یەكێتیی نیشتمانی كوردستان، بەڵام وەك كەسێكی بێلایەن تاوەكو ساڵی ٢٠٠٥.

پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا یەكێكە لە دامەزرێنەكانی یەكێتیی نوسەرانی كورد، كە ژمارەیان ١١ كەس بوو، یەكەم بەیاننامەی دامەزراندنی بە قەڵەمی ئەو نووسراوە، ساڵی ١٩٦٩ مۆڵەتیان وەرگرتووە و جەمال بابان كراوەتە سەرۆكی دەستەی دامەزرێن، بەڵام دوای گەڕانەوەی نووسەرانی شاخ پاش بەیاننامەی ١١ی ئازار، ئەم دەستەیە هەڵوەشێندراوەتەوەو لە بەغدا هەڵبژاردن كراوە، پرۆفیسۆر عیزەدین بە كۆی ٦٣ دەنگ بووەتە سەرۆكی یەكێتیی نووسەرانی كورد.

٨٦ بەرهەمی ناوازەی سەرەتای نووسینی لە رۆژنامەی دیوارەوە دەستپێكردووە، كاتێك خوێندكاربووە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە مەكتەبی فەیسەڵییە دوای ئەوە كەوتووەتە نووسینی هەندێك بابەتی سیاسیی رۆژانە، كە لەخانەی بەرزی مامۆستایان وەرگیراوە، بووەتە رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی ئەهالی، پاش داخستنی گۆڤارەكەش گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لە گۆڤاری ژین بابەتی وەرگێڕاوەتە



سەرچاوە Serchawe

سەر زمانی کوردی.

پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، لەساڵی ٢٠٠٩ خەڵاتی بلەی بۆ کەسایەتیی ساڵ لە بواری ئەدەبدا وەرگرتووە. لە ٣ی ١٠ی ٢٠١٩ لە شاری سلێمانی کۆچی دواییکرد.

لە رۆژی هەینی ١٥ - ١١ - ٢٠١٩ رێورەسمی چلەی ماتەمینی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوول لە سلێمانی بەڕێوەچوو. مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە گوتارێکدا باسی چالاکییەکانی ئەو نووسەرەی کرد و گوتی: "د.عیزەدین ٩٠ کتێبی نووسیوە تەحەدا دەکەم زۆربەی بەرپرسی حیزبەکان ٩٠ کتێبیان خوێندبێتەوە".

پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوول لە پێنج بەرنامەی پەنجەمۆری تۆڕی میدیایی رووداو باسی ژیانی خۆی و بەرهەمەکانی دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

-------------------------------------------

## هەڵسەنگاندنێکی خێرای ئەکادیمی بۆ . پ.د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ

لەمیانەی خەڵاتی ڕێزلێنان لە پ.د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ کە لەلایەن دەزگای رۆشبیری جەمال عیرفانەوە رێکخرابوو

رۆژی (٦ - ٣ - ٢٠١٥) لەهۆتێل شاری جوان پێشکەش بەم نووسەرە گەورە کرا.

ئەم رێورەسمە دا وتاری بەرێز پ.د.زاهیر لەتیف کەریم لەژێر ناوی:

پێشکەش بە ئامادە بوانی کرا

ئەمڕۆ لەدونیای مەعریفەت و ئەدەب و سیاسەتدا ئەوانە زۆر دەگمەنن کە لەیەک کاتداو بەیەک ئاراستەی هێزو تواناو بیرکردنەوەکان خاوەن چەند بەرنامەو پەیام و گوتارێکن، ئەم فرە توانایانە لەدایکبووی چەند فاکتەرو سەرچاوەی مێژوویی و فیکری و رۆشنبیری و مەعریفی و ئەدەبیە. بەمەش خاوەن فرە تواناییەکان پێ دەنێنە قۆناغی فرە زیرەکییەوە وەک ئەوەی خاوەنەکانیان لەسەرجەم بوارەکاندا پسپۆڕو شارەزابن. هەر لێرەشەوە جیاوازییەکان لەنێوان ئەمان و بەرامبەرەکاندا دروست دەبێت و تاڕادەیەکی زۆر دوور دەکەوینەوە لەدارشتن و پیاهەڵدان و عەفەوییەت. بەو پێیەی جەنابی پرۆفیسۆر، بەلای ئێمەوە، لەم جۆرە فرە زیرەکیەیە، قسەکردن لەسەری پێویستی بەفرە پسپۆڕییە، لێرەداو بەشێوەیەکی زۆر خێرا ئەم فرە زیرەکیەی جەنابی دەبەستینەوە بەفرە بەرنامەو فرە سەرچاوەییەوە. هەموو ئاگاداری ئەو راستییەین کە ئەم بەڕێزە هەر لەسەرەتاوە هەڵقوڵاوی ژینگەیەکی زانستی و ئاینییە، بەتایبەتی زانستە عەرەبییەکان کە هەمیشە دەروازەیەکی گرنگی رۆشنبیری بووە بۆ زۆرێک لەئەدەب و گەلانی جیاجیا، باوک و باپیری لەلایەکەوە زانایانی ناسراوی ئایین و زانست، لەلایەکی تریشەوە، شاعیرو ئەدەب دۆست، لەزەمەنی خوێندنی حوجرەیدا بەشێک لەزانستە ئاینی و ئیسلامیەکان فێر بووە، هەر لەوێشەوە، وەک هەمیشە بۆی گێڕاوەمەتەوە، ئاشنایەتی لەگەڵ زمان و ئەدەبی فارسی پەیدا کردووە کە ئەو کات ئەم زمان و ئەدەبە دیاردەیەکی خوێندن بوو بەتایبەتی لەمەڵبەندە ئاینیەکاندا.

دوای ترازاندنی لەم رووبەرە سەرەتاییە، وەک خوێندکارێکی بزێو روو لەخوێندنەوەو سیاسەت دەکات، لەبەغداو شام سودێکی گەورەی لە ئەزموونی زانست و مامۆستاکانی بینیوە، دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالوریوس لەزمان و ئەدەبی عەرەبی ، وەک مامۆستا دادەمەزرێت، هەر ئەو کات پەیوەندییەکی توند لەگەڵ پۆلێک لەنوسەرو شاعیرو ئەدیب و سیاسەتمەداردا دروست دەکات، گۆران و دیلان و کامەران و هەردی و برایم ئەحمەدو رفیق حلمی بەگ و مام جەلال دۆستی نزیکی بوون.

**پرۆفیسۆر پ.د.زاهیر لەتیف کەریم دەڵێ**: هەر لەسەرەتاوە حەزی کردووە خۆی لەئەدەبیاتی کوردیدا ببینێتەوە، هۆکاری ئەمەش

رەنگە زۆربن، بەڵام بەلای ئێمەوە هەرە گرنگەکان خۆی لەسەلماندن و گەڕاندن و تێگەیشتنی ئەدەبی کوردیدا دەبینێتەوە، ساغکردنەوەو کارکردنیش لەسەر ئەم ئەدەبەو لەوکاتەدا کارێکی ئاسان نەبوو ئەویش بەهۆی کەمی سەرچاوەی زانستی و ئەکادیمی پێویست، هەر لەبەرئەمەشە، جەنابی پرۆفیسۆر بەشێک لەپڕکردنەوەی بۆشاییەکانی خستە ئەستۆی خۆی. لەم پێناوەدا روو لەیەکێتی سۆڤیەت دەکات تا لەڕووی ئەکادیمیاوە کار لەسەر ئەدەبەکەی بکات، چونکە تا ئەوکات کارە رەخنەییەکانمان بەشێوازێکی عەفەوی و هەڕەمەکی بەڕێوە دەچوو، لەیەکێتی سۆڤیەت زۆر شت فێربوو، لەوانە: بەئەکادیمیاکردنی دەقی ئەدەبی کوردی و رۆڵی زانست لەگەشەی مەعریفی و دەقی ئەدەبیداو راهێنان لەسەر سستمی فێرکردن و خوێندن و پەروەردە، ئەمە جگە لەوەی، لەڕووی سیاسیشەوە بەپراکتیک دەیڕوانیە جیهانی سوشیالیست و کۆمەنست. دوای بەدەست هێنانی بڕوانامەی یەکەمی دکتۆرا لەسەر ریالیزمی ئەدەبی کوردی کە بۆ یەکەم جار کار لەسەر ئەم چەمکە کرابوو، خۆی و هاوڕێکانی لەزانکۆی بەغدا توانیان بەشەکەیان، بەشی زمانی کوردی، بکەنە مەڵبەندێکی زانستی و ئەکادیمی، جگە لەسەردانی نووسەرو شاعیران، چەندین خوێندکاری بەشەکانی تریش، لەکاتی بۆشاییدا، مۆڵەتیان لەمامۆستایان وەردەگرت تا لەنزیکەوە گوێبیستی ئەدەبیاتی کوردی بن، بەندە یەکێک بوو لەوانەو زۆر بەپەرۆشەوە ئامادەی هۆڵی وانە وتنەوەی جەنابی پرۆفیسۆر دەبووم، هەر وانەیەکی سیمینارێک بوو بۆخۆی، خوێندکاران بەشەرم و پەرۆشەوە گوێگرێکی نموونەیی بوون، کاریگەرییە رەوشتی و پەروەردەیی و زانستیەکانی هاندەرێکی پۆزەتیڤ بوون لەبەردەم چەند خوێندکارێکدا کە لەئاییندەدا بەرەو ئەکادیمیا بڕۆن، یەکێک لەو مامۆستایانەی کە هانی دام درێژە بەخوێندن بدەم ئامۆژگارییەکانی جەنابی پرۆفیسۆر بوو. لەم رووەوە زۆر گەش بین بوو بەئایندەی کوردستان، هەمیشە دووبارەی دەکردەوە کە ئاینده لەبەرژەوەندی ئێمەدایەو کوردستانیش دەگەشێتەوەو چەندین زانکۆی تێدا دەکرێتەوە، کە پێویستیان بە کادێری ئەکادیمی کورد دەبێت، پەرۆشی مامۆستا بۆ ئەدەبیاتی کوردی هاندەرێکی وزە بەخش بوو لەبەردەممدا تا منیش وەک ئەرکێکی زانستی و نیشتمانی بەرەو ئەدەبیاتی کوردی بچم، ئەوەبوو لەکاتێکدا لەبەریتانیا بووم بەخوێندکاری دکتۆرا ئەدەبی بەراوردم هەڵبژاردو مامۆستاش لەدڵەوە یارمەتییەکی زانستی و سەرچاوەیی بێ سنوری دام. لەڕێگەی پۆستەوە کتێبە بەنرخەکەی بەنێو (الواقعیه فی الادب الکردی) کە لەکتێبخانەو بازاڕەکاندا بەردەست نەدەکەوت بۆ ناردم، ئەم کتێبە بەیەکێک لەسەرچاوە زانستی و ئەکادیمییەکانی ئەدەبی کوردی ئەژمار دەکرێت و سودێکی گەورەی بەزانست و زانستخوازانی ئەدەبی کوردی گەیاندووە، ئەم کتێبەم لەکاتی خۆیدا نیشانی مامۆستای سەرپەرشتیاری رۆژهەڵاتناسی ناسراو پرۆفیسۆر جۆن مەتۆک دا بەسەرسامیەوە فەرموی ((ئاستی زانستی و ئەکادیمی نووسەر لەئاستێکی هەرە بەرزدایە کە زۆر نزیکە لەئاستی نوسەرە عەرەبە هاوچەرخەکان)).

**پ.د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ**: لەسەرجەم نوسین و لێکۆڵینەوە ئەکادیمیەکاندا پەنای بۆ چەمکە رەخنەییەکان بردووە بەتایبەتی ئەوانەی کە لەبازنەی مێژوویی و دەروونی و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەسوڕێنەوە، ئەمەش بەو مانایە نایەت کە دژایەتی رێبازە رەخنەییە نوێیەکان بکات بەنموونەی بونیادگەری و تازەگەری، بەڵکو زۆر بەوردی شارەزایی لەسەر ئەم رێبازە رەخنەییە نوێیانە هەیە، بەڵگەشمان بۆئەمە لەکاتی وتنەوەی بابەتە رەخنەییەکان و گفتوگۆی نامەی ماستەرو دکتۆراکاندا شارەزاییانە ئاماژە بە رێبازە رەخنەییە نوێیەکان دەکات. واتە کارنەکردنی لەبواری رەخنەی نوێ رەنگە بگەڕێتەوە بۆ رێبازی کارکردنی فیکری سیاسی کە ئەم رێبازە وا دەخوازێت کە خۆی لەچەمکە کۆمەڵایەتی و دەرونی و فیکرییەکاندا ببینێتەوە نەک بەماتماتیکردنی دەقەکان کە سوود بە

بەرنامەی کارکردنی ناگەیەنێت.

جگە لەسوودگەیاندنی بەئەدەبیاتی کوردی و مامۆستاو پسپۆڕانی، بەشی زمانی عەرەبیش لەهەموو روویەکەوە قەرزاری ئەم بەڕێزەیە، زیادەڕۆیی ناکەم گەر بڵێم هیمەتی مامۆستاو هاوڕێکانی نەبونایە ئەوا بەشی خوێندنی باڵا لەهەردوو بەشی زمانی کوردی و عەرەبی لەزانکۆی سەلاحەدین و سلێمانی نەدەکرایەوە، جگە لەوتنەوەی چەند بابەتێکی هەستیار لەبەشی زمانی عەرەبی، بەشداری چەندین گفتوگۆی نامەی ماستەرو دکتۆرای لەم بەشەدا کردووە، لەگفتوگۆکانیدا بابەتیانەو زانستیانە کارەکانی ئەنجام دەدا کە جێگەی سەرسوڕمانی ئەو مامۆستایانە بوو کە لەدەرەوەی هەرێم دەهاتن، لەوانەووتنەوەکانیشدا شارەزاییانە قووڵ دەبووەوە بەنێو زانیارییەکان، ئاگاداری ووردی زەمەنی ئەرستۆو ئەفلاتون و رەخنەگرە عەرەبییەکان بەنموونەی (ابن الرشیق و قدامە و ابن جنی و ابن قتیبە و جاحظ بوو. جگە لەشارەزابوونی لەئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی و فارسی، شارەزاییەکی باشیشی لەسەر ئەدەبیاتی جیهانی بەگشتی و روسی و ئینگلیزی بەتایبەتی هەیە، وەک روناکبیرو مامۆستایەکی زانکۆ ئاگاداری وردی زەمەنی شکسپیرو رێبازە ئەدەبییەکانە بەتایبەت کلاسیزم و رومانسیزم و ریالیزم و سمبۆلیزم، لەکاتی ووتنەوەی بابەتەکانیدا، کە هەندێک جار مۆڵەتی لێ وەردەگرم وەک گوێ گرێک دادەنیشم، چێژێک دەدات بە بابەتەکان و بۆهەر وانەیەک ئاماژە بەچەندین رووداو سەرچاوەو زانیاری دەدات، لەم رووەوە، گەر هەڵە نەبم کەسایەتیەکەی لەڕووی فرە بابەتی و زیرەکیەوە زۆر نزیکە لەجاحظ.

زۆریش سەرنجم داوە لەکاتی گفتوگۆو وتنەوەی وانەکانیدا خاوەن دەسەڵاتی بیرکردنەوەی خۆیەتی کە ئەم کارە پێچەوانەی هەرە زۆرێکی مامۆستایانە لەزانکۆ.

دوای پلاندانانی بابەتەکەی، بەشێوەیەکی ئیرتیجالی و بەچڕی و بێ وەستان بابەتەکانی دەڵێتەوە، گەر ئاگادار نەکرێتەوە لەماوەی دیاریکراودا ئەوا ماوەکان تێدەپەڕێنێت. ئەمەش لەلایەکەوە نیشانەی پەرۆشی و دڵسۆزیە، لەلایەکی تریشەوە نیشانەی پڕی زانیارییەکانێتی، سەرجەم بۆشاییەکان خۆی پڕی دەکاتەوەو ئەرکی پڕکردنەوەی بۆشاییەکان ناخاتە سەر خوێندکار، هەر لەبەرئەمەشە هەر وانەیەکی بریتیە لەئارکۆلۆژیایەکی مەعریفی گەر خوێندکارەکە نموونەیی بێت!

**پرۆفیسۆر.د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ**: لەنزیکەوە ئاگاداری ئەوەم کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ گەلێک لەشاعیرو رەخنەگرە عەرەبە بەناوبانگەکاندا هەیە، بۆنموونە، لەکاتێکداو لەساڵی ١٩٩٤ سەردانی شامم کرد، لەوێ بەهۆی نوری المالکی یەوە کە ئەوکات من سەرپەرشتیاری نامەکەیم دەکرد، توانیم شاعیری گەورەی عەرەب الجواهری ببینم، دوای چەند ووشەیەک فەرمووی ((کە رۆشتیتەوە بۆ کوردستان زۆر هەواڵی عیزەدین مستەفا رسول دەپرسم و سلاوی منی پێ بگەیەنە)) کە ئەدۆنیسی شاعیریش، پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر، هات بۆ زانکۆی سلێمانی بەمەبەستی سیمینارێک لەسەر ئەزموونی شیعر بەگشتی و خۆی بە تایبەتی، یەکسەر هەواڵی جەنابی پرۆفیسۆری پرسی، لەقسەکانیدا بەئاشکرا ئەوە دەرکەوت کە پەیوەندییەکانیان زۆر پتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ چەندین ساڵ پێش ئێستا، ئەمە جگە لەوەی دۆستایەتیەکی فیکری و ئەدەبی لەگەڵ پۆلێک لەڕەخنەگر و شاعیرانی تردا هەبووە بەنموونەی

(عبدالوهاب البیاتی و بلند الحیدری و غائب طعمە فرمان و عناد غزوان و داود سلوم و جلال خیاط و نوری حمودی القیسی و علی جواد الطاهر و صفاو الخلوصی) و چەندینی تریش، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە رووبەری فیکری و سیاسی و ئەکادیمی مامۆستا رووبەرێکی فراوانەو لەرێگەی هێزی نوسین و لێکۆڵینەوەو کتێبە بەنرخەکانیەوە توانیویەتی دەرەوەی خۆی بەخۆی و نەتەوەکەی بناسێنێت، پێچەوانەکەشی هەر راستە.

**ئەدیب و نووسەر و پرۆفیسۆر و کەسایتی ناسراوی کورد پ.د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ**، لەڕووی سیاسیشەوە، کەسێکی دیارو ناسراوە، هەر لەلاوێتیەوە چۆتە نێو کۆڕی خەبات و تێکۆشان، رۆڵی خۆشی لەم بوارەدا بینیوە، گەرچی کۆمەنیست و سۆشیالیست رێبازی فیکری و بیرکردنەوەین، بەڵام هیچ کات پشتی لەنەتەوەکەی نەکردووە، بەڵکو بە بۆچوونی ئێمە، پەیوەست بوونی بە کۆمەنیستەوە بەمەبەستی سەرخستنی پرۆژە نەتەوایەتیەکەی بوو، ئەمە بەڕوونی لەنووسین و هەڵوێستەکانیدا رەنگی داوەتەوە، هەردوو کتێبە بەنرخەکەی ((الواقعیە فی الادب الکردی)) و ((خانی))یەکەی بەڵگەی نزیکن. لەکتێبی یەکەمیاندا گەرچی رێبازی ریالیزمی سۆشیالیستیانەی بەکارهێناوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بایەخێکی بێ سنوریشی داوە بەکوردو کوردبوون و کێشەکەی. لەخانی یەکەمیشدا کە لەبنەڕەتدا بریتییە لە نامەی دکتۆرای ناوکەکەی، زۆر جەخت لەکوردبوون دەکات، بەمەش کوردو کوردبوونەکەی هەمیشە وەک فانتۆم و دەق ئاوێزانێک بەرۆکی مامۆستایان گرتووەو بەردەوامیشیان هەیە، نموونەی هەڵوێستەکەشی گەلێک زۆرە.

بۆ نمونە،دوای ئەنفالەکان و غروری رژێم، رژێم بڕیارێکی دەرکرد بەسووتاندنی کتێب و دیوان و سەرچاوە بەنرخەکانی ئەدەبیاتی کوردی، من و مامۆستا ئەوکات مامۆستا بووین لەکۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، راگرایەتی کۆلێج، پشت بەست بەو بڕیارە، لیژنەیەکی پێکهێنا بەمەبەستی سوتاندنی کتێبخانەی کوردی لەکۆلێج، سەرجەم سەرچاوەکانیان لەگۆڕەپانی کۆلێج کۆکردەوە، بە مەبەستی سوتاندنیان، لەوکاتەدا ئەم وێنەو هەواڵەم بەخێرایی گەیاندە مامۆستا کە لەژوورەکەیدا سەرقاڵی کاری زانستی خۆی بوو وە ئاگاداری ئەم بڕیارە نەبوو، بەبیستنی وەک هەڵۆ دەرپەڕییە دەرەوە بەرەو گۆڕەپان و بەدەنگێکی بەرزو بەعەرەبییەکی رەوان فەرمووی ((ئەمەی ئێوە دەیکەن فاشییەکان نەیانکردووە، ترسنۆکی ئێوە گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە کتێب و دیوانەکان بسووتێنن، گەر نیازتان وایە ئەم کتێبانە بسووتێنن ئەوا پێش ئەمانە من بسووتێنن)) وێنەیەکی کاریگەرو دراماتیک بوو نەک بۆ ئێمەی کورد تەنانەت بەشێک لەمامۆستایانی سەر بەرژێم لەناخیاندا زۆر دڵگران بوون بەرەفتاری رژێم، ئەم هەڵوێست و دژایەتیکردنە بۆ ئەو کات و لەبەردەم دەسەڵاتی رژێمدا کارێکی مەحاڵ و خەیاڵ بوو، بەڵکو لەدەست هەموو کەسیش نەدەوەشایەوە.

**ئەم ئەدیب و نووسەرە گەورەیە**، هەر لەزەمەنی رژێمداو لەزانکۆی سەلاحەدین ساڵانە فۆڕمێک بەسەر فەرمانبەرو مامۆستایاندا دابەش دەکراو داوای زانیارییان دەکرد، مەبەستی سەرەکیشیان ئەوەبوو بزانن کێ بەعسیەو کێ بەعسی نییە، ئەمەش جۆرێک بوو لەجەنگی دەروونی و لەهەمان کاتیشدا کارێکی تۆقاندنیش بوو بۆ ئەوانەی کە بەعسی نین.زۆر لەنزیکەوە ئاگاداری ئەوە بووم کە مامۆستا لەبەردەم ئەندامانی حیزبی رژێم گاڵتەی بەفۆڕمەکە دەکردو دواتر بەئاشکرا دەینووسی: پەیوەندی سیاسیم کۆمنستە، ئەمە لەکاتێکدا ئەوانەی کە پەیوەندییان



سەرچاوە
Serchawe

بەڕژێمەوە نەبوو دەیان نوسی (سەربەخۆ یان بێ لایەن) کە خودی خۆم یەکێک بوو لەوانە.

هەر لەنیوەی هەشتاکانداو لەسەروبەندی شەڕی ئێران و عیراق، رژێم جارجار گوشاری دەخستە سەر فەرمانبەران و مامۆستایان بەمەبەستی رێپێوان دژ بەسیاسەتی ئێران، لەیەکێک لە رێپێوانەکاندا داوایان لەمامۆستا کرد کە ئەمڕۆ رێپێوانە بۆ بەردەم باڵەخانەی ئەنجومەنی تەنفیزی و تەشریعی کە ئێستا باڵەخانەی پەرلەمانە، مامۆستاش بەتوڕەییەوە فەرمووی ((رێپێوان پەیوەندی بەمنەوە نییەو جەنگیش دژی ئێران من هەڵم نەگیرساندووە)) دواتر پیاوانی رژێم وتیان ئەوەی بەشدار نەبێت دەری دەکەین! مامۆستا فەرمووی ((من راهێنانم لەگەڵ دەرکردن و گرتندا زۆرەو دەربەست نیم و بەشداریش ناکەم)).

**پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ**؛ لەدوای گرتنی کوێت لەلایەن رژێمی عیراقەوە، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی ئاداب، چەند سیمینارێکیان رێکخست، سەرجەم سیمینارەکان باسیان لەقارەمانێتی رژێم و سەرکردەکەیان دەکرد، مەبەستی سەرەکیشیان ئەوەبوو کە بڵێن کوێت لەڕووی مێژووییەوە بەشێکە لەعیراق، هەریەک لە سیمینارگێڕەکان بەڵگەی زۆرەملێیان دەهێنایەوە، لەیەکێک لەسیمینارەکان کە ئێمەیان بەزۆر برد، چونکە گەر نەڕۆشتایە ئەوا کاردانەوەی خراپیان بەرامبەر دەکردیت، مامۆستا بەرلەوەی سیمینار دەستپێبکات خۆی کرد بەهۆڵی سیمیناردا، هاتنی مامۆستاش بەمەبەستە، ئێمەش چاک دەمانزانی کە کێشەیەک بەڕێوەیە، دوای تەواو بوونی سیمینار، دەستکرا بەپرسیار، چاک لەبیرم دێت یەکەم کەس مامۆستا دەستی هەڵبڕی و بەشێوازێکی هەڵچوونی فەرمووی (یەکەم، گرتنی کوێت لەم ساتەوەختەدا هەڵەیەو کارێکی ئاسان نییەو عیراق لەجەنگی ئێراندا زۆر ماندوو بووەو شەڕێکی تری پێ ئەنجام نادرێت. دووهەم، دەرئەنجامی گرتنەکە ئەگەری نزیکی تراژیدیایەک دەخوڵقێنێت. سێهەم، غرور برای کەرێتییە (مەبەستی ئەوەبوو سەدام و رژێمەکەی تووشی نەخۆشی غرور بوون). چوارەم، عیراق خۆی زۆر دەوڵەمەندە، حکومەت با گرنگی بدات بەو پارێزگایانەی کە وێرانە لەڕووی هەژاری و خزمەتگوزارییەوە بەنموونەی سلێمانی و عەمارە)، دوای ئەم قسانەو زیاتریش سیمینار شێواو کەس پرسیاری نەماو مامۆستاش، بەهێمنی و بەجنێودان بەدەم خۆیەوە هۆڵەکەی جێهێشت.

* **ئەدیب و نووسەر پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ**؛ لەکاتی وتنەوەی وانەکانیشدا کە هەندێکیان مۆڵەتی ئامادەبوونم لەمامۆستا وەردەگرت، مامۆستا بەشێوازو تەکنیک و رێگەی جیاجیا دەیشکانەوە بەلای سیاسەت و بوێرانە هێرشی دەکردە سەر رژێم کە بەشێکی زۆری خوێندکاران سەر بەحیزبی رژێم بوون، هەر لەبەرئەمەش بوو دوای راپەڕین و دەستگرتن بەسەر فایل و ئەرشیفی رژێم دەرکەوت کە راپۆرتێکی خراپیان لەسەر مامۆستا نووسیبوو، بەشێک لەو راپۆرتانە دەست مامۆستا خۆی کەوت کە رەنگە تائێستا لای خۆی پارێزراو بێت، لەم رووەوە کە سێتی مامۆستا زۆر نزیکە لەکەسێتی شاعیری بەناوبانگی کورد شێخ رەزای تاڵەبانی کە ئازایانەو بوێرانە نامەکانیان دەگەیاندە بەرامبەرەکان.

هەر لەزەمەنی رژێمدا، ئاگاداری ئەوە بووم مامۆستا داوای ئەوەی دەکرد سیمینارێک بگێرێت، بەڵام راگرایەتی کۆلێج رەزامەند نەبوو، چونکە چاک دەیانزانی سیمینارەکە کێشەیەک دەنێتەوە.

**پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ**؛ لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، هەتا بڵێی کەسێکی بێ فیزەو رێز لەگەورەو بچووکی بەرامبەر دەگرێت، ئێمە هەموومان خۆمان بەخوێندکاری ئەو دەزانین و ئەمیش وەک هاوڕێ و دۆست سەیرمان دەکات، کتێبخانەکەی لەماڵەوە کراوەیە لەبەردەم دۆست و خوێندکاراندا، گەلێک جار ئاگاداری ئەوەبووم یارمەتی خوێندکارە هەژارەکانی داوەو کێشەکانی بۆ چارەسەرکردوون، ئەوەی داوای یارمەتیەکی لێ بکات و لەتوانایدا بێت جێبەجێی کردووە، گەر پێشی نەکرابێت داوای لەسەرو خۆی کردووە. هیچ کات حەزی بەدوو فاقی نەکردووەو زۆریش رقی لەوانە دەبێتەوە کە لەم جۆرەن، هەر ئەمەش وایکردووە کە کەسێکی خاوەن هەڵوێستەی جێگری نەگۆڕ بێت، لێرەداو لەم بۆنەیەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە مامۆستا قوتابخانەیەکی ئەدەبی و رۆشبیری و رەخنەیی و مەعریفی گەورەیە بۆ کورد و شتی زۆری لێ فێر بووین، بەش بەحاڵی خۆم گەر پێویستم بەزانیارییەکی سیاسی یان فیکری و ئەدەبی و زانستی بووبێت، ئەوا جەنابی پرۆفیسۆر لەم رووەوە نزیکترین سەرچاوە بوو.

***

ئەم وتارە لەمیانەی خەڵاتی رێزلێنان لەپ.د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ پێشکەش کرا لەلایەن دەزگای رۆشبیری جەمال عیرفانەوە رێکخرابوو رۆژی (٦ - ٢ - ٢٠١٥) لەهۆتێل شاری جوان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٣ی فێبریوێری ٢٠١٥

-------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## چەند بیرو بۆچوونی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ

-------------------------------------------------

### رۆژنامەگەری کوردی،بەشێک لە بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی کورد



* ئەم باسەی لێرەدا دەیخوێننەوە کتێبیکی دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ-ە بەناوی: (حول الصحافة الكردية ) كە بەزمانی عەرەبی،لە ساڵی ١٩٧٣ چاپکراوە. رۆژنامەی کوردستانی نوێ وەریدەگرێتە سەر کوردیو بە زنجیرە بڵاوی دەکاتەوە.

**وەرگێڕانی: گۆران فەتحی**

مێژووی رۆژنامەگەریو پێشکەوتنی لای گەلانی جیهان پەیوەستە بەفاکتەری جۆراوجۆرەوەو کە کاریگەریان بووەو هەبووە بەسەر خودی مێژووی رۆژنامەگەرییەوە، ئەمەو رۆژنامەگەری بەردەوام لە کارلێکدا بووە لەگەل ئەو فاکتەرانەداو رەنگە گەشەی هەستی نەتەوەییو هەروەها پێشکەوتنی بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانی لەو فاکتەرانە بێت، کە لەپاڵ فاکتەری تردا دێن لای نەتەوە جیاجیاکانی تری جیهانیش، بەلام لەمێژووی رۆژنامەگەری کوردی و رێرەوی ئەو مێژووەدا، لەماوەی یەک سەدەدا ئەوا رۆژنامەگەری کوردی زۆر پەیوەست بووە بەبزووتنەوەی رزگاری نیيشتمانی کوردیەوە، تا وایلیهاتووە ئەو بزووتنەوەیە بوەتە بەوسەڵەیەک(بوصلە) بۆ دیاریکردنی گەشەو پاشەکشەی مێژووی رۆژنامەگەری کوردیو بیشکەوتنو سەرکەوتنەکانی، ئەمە چ جای ئەوەی رۆژنامەگەری کوردی زۆر توند پەیوەستیش بووە بەخەباتی کوردو ئەو ئیرهابە خوێناوییەی بەسەریدا سەپێنرابوو لە ماوەی (ئەم سەدەیەدا)*

*...کاتی چاپی کتێبەکە لەسەرەتای حەفتاکان.

لەبەر ئەوە شتێکی نامۆ نییە، کە یەکەم رۆژنامەی کوردی لە کۆتایی سەدەی رابردوودا دەرچووەو لەدەرەوەی کوردستان، (لەشوێنگەلێکی دور لە زۆرداریو تیرۆر لەسەر کورد)، لەلایەن کوڕانی بەدرخان پاشای شۆڕشگێری دیارو بەرگریکار لەبوونی نەتەوەی کورد، بەجۆرێک دەتوانرێت رۆژنامەکە بەدرێژپێدەری سەردەمی بەدرخان پاشا هەژمار بکرێت، رۆژنامەی کوردستان، بە شێوازێک خەباتگێرانەی گونجا کاری دەکرد لەگەڵ پێشکەوتنە قۆناغبەندیەکانو لەگەڵ چوونە پێش و گەشەی شێوازەکانی خەباتی کوردایەتی، هەروەها دواتر بوو بە سیمبوڵ بەهۆی رێگە خۆشکردنی بۆ هاتنە ناوەوەی بیری نەتەوەیی بۆ ناوی کوڕی خەبات.

رۆژنامەی کوردستان هەوڵێکیش بوو لەلایەن میرانی بنەماڵەی بەدرخانەوە بۆ چەپاندنی رۆڵی سەرکردایەتی خۆیان لەناو بزووتنەوەی رزگاری کورددا، گۆڕینی ئەو رۆڵەی پێشتر هەیان بوو وەکو میرو شازادەگەلێک کە تەنها بەرگریان لە ناوچەی خۆیان دەکرد، ئەوان دەیانویست وەکو رۆشنبیری نیشتمانپەروەرو باوەڕدار بەمەسەلەی کورد و رەوایی دۆزەکەی دەربکەون، هەروەها وەکو خەباتگێر لەپێناو گەلدا هاوشێوەی گەلانی تری جیهانی.

رۆژنامەگەری کوردی بەردەوام لە پەیوەندیدا بووە لەگەڵ بزوتنەوەی نیشتمانی کوردو سیمای سەرکەوتنەکانیو هەروەها نوشستیە کاتیەکانیشی بووە، ئەمەو پەیویست بووە بە گەشەی ئەو بزووتنەوەیەو دەوڵەمەندکردنی، دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان کوردو بزوتنەوەکانی لەهەر چوار پارچەی کوردستان.

دەتوانین بڵێین رۆژنامەگەری کوردی لەو کاتەدا بەهەق ئەو (قیبلە نمایە-بەوسەڵە)یە، بوو کە بوونو نەبوونی ئازادییە دیموکراسییەکانی لەو وڵاتانەدا دیاری دەکرد، بووبوو بە جۆرێک وتەبێژ بۆ گەلو بۆ مافەکانو یەکێتی بوونی دۆزەکەی. بۆ راستیو دروستی ئەم دەرەنجامانەو کاتێک چاو دەخشێنینەوەو بەهەر یەکێک لەو سەرچاوانەی ناوو مێژووی دەرچوواندنی رۆژنامە کوردییە جیاوازەکانی تێدا تۆمارکراوە، ئەوا سەردەم گەلێکمان بەرچاو دەکەوێت، دەتوانین ناویان لێ بنێین سەردەمی گەشەسەندن یان پاشەکشەو ئەو سەردەمانەش پەیوەندییەکی روونیان هەیە بەبارودۆخی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردو بارودۆخی دیموکراتی لەناوچەکەدا، لێرەشدا باشترین بەڵگە بۆ ئەوە، نیشاندانو خستنەڕووی سێ سەردەم هەیە کە رۆژنامەگەری کوردی گەشەی تێداکردووە:

١- سەردەمی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفیدو حوکم ودەسەڵاتی لەناوچەی سلێمانی بۆ چەندین ساڵ، کە تێیدا چەندین رۆژنامە بڵاوکراوەیەوە، هەرچەند توانای چاپکردن زۆر سەرەتایو کەم بوو، دەتوانین ئەوەش بڵێین ئەو ماوەی گەشەو پێشکەوتنە رۆژنامەگەرییە لەسەردەمی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودەوە دەستی پێکردوو دوای نەمانی حوکمی شێخو سەرکوتکردنی شۆڕشەکەی و چوونی بۆ شاخ وەکو شۆڕشگێڕێک بەردەوامی بووە تا ئێستا، چونکە دەسەڵاتداران تا دوادواییەکانی شۆڕشی شێخ ناچار بوون رێگە بەهەندێک

رۆژنامە بدەن کە هەندێکجار کەرەستەیەکی دژ بەشۆڕشەکە بوو.

ئەو ماوەی گەشەیەی رۆژنامەگەریەش چەند خەسڵەتێکی تایبەتی هەبوو، کە دەتوانین لە لێکۆڵینەوەیەکەدا لەسەر رۆژنامەگەری کوردی ووردەکارییەکەی بخەینە روو.

٢- سەردەمی مهاباد، مەبەستمان لێرە پێش دروستبوونی کۆماری کوردستانو مانەوەیەتی لەمهاباد بۆ ساڵێکی تەواو، کە بەراستیش دەتوانرێت بە سەردەمی پێشکەوتنو گەشەی رۆژنامەگەریو چاپەمەنی کوردی هەژماربکرێت لەناوچەیەک کە پێشتر ئازادی دەرچوواندنی ووشەی کوردی تێدا نەبوو، رۆژنامەکانی ئەو ماوەیەش جوراوجۆربوون لەسیاسیو کۆمەڵایەتیو ئەدەبی، هەر لەم سەردەمەدا یەکەم گۆڤاری منداڵان بەناوی (گروگاڵی مندال) بڵاوکرایەوە.. ئەمەش مەغزا واتایەکی قووڵی هەیە بۆ رۆڵی زمانو ووشەی کوردی لەو سەردەمەدا.

کاریگەری سەردەمی مهاباد تا ساڵانێکی دورو درێژ بەردەوامی هەبوو، ئەوەی لێرە جێگەی ئاماژە پێکردنە کە رۆژنامەی سەرەکیو مەرکەزی کۆمارەکە کە لەمهاباد ناوی (کوردستان)بوو، دواتر لە ئازادی و روناکییەوە بەرەو ژێر زەمینەکانی تاریکی و مەنفا رۆیشت، بەڵام جاریکی تر بەهەمان رۆح بڵاوکرایەوەو کەوتەوە بەر رووناکی.

٣- قۆناغی یان ماوەی دوای شۆڕشی تەموز لەعیراق: پێویستە باسی رۆڵی شۆڕشی تەموز بکەین لە پاڵپشتی زمانی کوردی بەشێویەکی گشتیو رۆژنامەگەری کوردی بە تایبەتی، ئەگەر بشگەڕێینەوە بۆ زمانی ژمارە، ئەوا دەبینین چەندین رۆژنامەی جوراوجۆرو دەچوون دوای شۆڕشەکەو ئەوەندەی هەموو ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی لەشەست ساڵی رابردوودا دەرچووبوون، دیارترین ئەو رۆژنامانەش سیاسیەکان یان رۆژنامەی حزبەکان بوون، بەتایبەت ئەوانەی پێشتر بەنهێنی دەردەکران وەکو رۆژنامەی »خەبات«ی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانیو (ئازادی) رۆژنامەی حزبی شیوعی عێراقی - فەرعی کوردستان، ئەمە چ جای ئەوەی پارتی نیشتمانی دیموکراتیش بۆ یەکەم جار رۆژنامەیەکی کوردی دەرکردو بڵاوکردەوە.

لەوەش بەدوا رۆژنامەگەری کوردی عەلەنی بۆ یەکەمجار جۆریکی تر رۆژنامەگەری بەخۆوە بینی کە ئەویش رۆژنامەگەری رێکخراوەکان بوو، کە دیارترینیان رۆژنامەگەری قوتابیان بوو، هەروەها چەندین گۆڤاری ئەدەبی ئاست بەرزیش دەرچوون لەو ماوەیەدا. دوای پەیدابوونی قەیرانی سیاسی کە بووە هۆی بەرپاربوونی شۆرشی کوردیش، ئەوا رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان یەک دوای یەک راگیران بەدەستی تیرۆری خنکێنەری دەسەڵاتەوە، لەکاتێکدا دەرچوونی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە دیاردەکی خەباتگیرانەی نوێ بوو لە جیهانی رۆژنامەگەری ئێمەدا، ئەویش دروستبوونی رۆژنامەگەری شۆڕشگێرانە بوو کە ئێمە واراهاتبووین ناوی رۆژنامەگەری «پێشمەرگە»ی ناو لێ بنێین، چونکە شۆڕش لە چیاوە بەردەوام بوو لە گەیاندنی دەنگی خۆی لەرێگەی چەند رۆژنامەیەکی دەوریو ئەمەش تەنها لەلایەن شۆڕشی کوردو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نەبوو بەڵکو رۆژنامەکانی (رێگای کوردستان)یش قەرەبووی

ڕۆژنامەی (ئازادی) کردەوە لەشاخو بە بۆنو بەرامەیەکی چیایانەوە.

سرۆشتی ئەم قۆناغە وامان لێدەکات ماوەی دوای ١١ ئازاری بە هەمان قۆناغی تەموز هەژمار بکەین، بە تازەکردنەوەیەکی دابنێین بۆ ئەو جووڵەو پاڵپشتیەی تەموز بەخشی بەرۆژنامەگەری کوردی، دەبێت ئەوەش بڵێین رۆژنامەگەری ئەدەبی لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی زیاتر دەرکەوت لەچاو رۆژنامەگەری سیاسیدا، ئەمەش دیاردەیەکی پێچەوانە بوو، ئەمەش زیاتر پەیوەست بوو بەرۆژنامەگەری کوردیەوە.

ئەم (قیبلە نما)یش چەند ئاماژەیەکی ترمان بۆ دیاری دەکات، کە بەڵگەیە لەسەر ئەم ئەم کۆمەڵە دەرەنجامە:

١- رۆژنامە کوردییەکانی ئەستانە، کە لە دوای رۆژنامەی کوردستان بڵاوکرابوونەوە، هەموویان لەژێر کاریگەری هەستانەوەی بزووتنەوەی کوردیداو گەشەی کۆمەڵە نیشتیمانییە کوردییەکان لەئەستانە بوون هەروەها گونجاو بوون لەگەڵ خەباتی رزگاری تورکیادا.

٢- ئەو رۆژنامەو گۆڤارە کوردیانەی لەسوریاو لوبنان دەردەچوون لەسییەکانو چلەکانی ئەم سەدەیەدا(کاتی چاپکردنی کتیبەکە)، هەمووی درێژەپێدەری ئەو هەستانەوە نەتەوەییەی کورد بوون، کە دواتر بوونە هۆکاری دروستبوونی کۆمەڵەی خۆیبوون، ئەو کۆمەڵەیەی پەیوەندی بەراپەڕینە چەکدارییەکەی ئیحسان نوری پاشاوە لەچیای ئاراراتەوە، ئەم رۆژنامەگەرییەش راستیەکی تاڵی نیشان دا لەواقیعی میلەتی کورددا، کە ئەویش شۆڤینیەتی بورجوازی نەتەوەی سەردەست و گەورە بوو بەر امبەر بەگەلەکەمان، دستپێکی ئەوەش بەقەدەغەکردنی رۆژنامەگەریو چاپەمەنی کوردی دەستی پێکرد بوو لەدوا جەلائەوە تا ئێستا.

٣- پەنابردنی بزوتنەوەی شۆڕشگێریو نیشتمانی کورد لە کوردستان بۆ ڕێکخستنەوەی خۆی، بووە هۆی دروستبوونی رۆژنامەگەری نهێنی، کە بۆ ساڵانێکی زۆر بەردەوام بوو، لەوە زیاتریش بۆ ساڵانێکی زۆر ئەو رۆژنامەگەرییە تەنها وەسیلەت بوو کە ووشەی کوردی دەگەیاندە هاوڵاتیان، ئەوە بوو هەر دوای دروست بوونی رێکخراوە شێوعیەکان لەکوردستان، یەکەم رۆژنامەی نهێنی پەیدابوو کە ئەویش رۆژنامەی ئازادی بوو، دوای ئەویش رۆژنامەی رزگاری بڵاوکرایەوە، کە زمانحاڵی پارتی رزگاری بوو کە دواتر ئەویش بوو بەیەکەم زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای دامەزراندنی پارتیو یەکگرتنەوەی لەگەڵ رزگاریدا، ئەمەو گۆڤاری «نیشتمان»یش لەهەمان ماوەدا لەکوردستانی ئێران بڵاودەکرایەوە.

٤- یەکەم گۆڤاری سیاسی کوردی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دوای وەسبەی کانونی ساڵی ١٩٤٨ بڵاوکرایەوەو لەگەڵ مەوجەی نیمچە ئازادی لە عیراقدا، کە ئەویش گۆڤاری «نزار»ی مامۆستا عەلائەدین سەجادی بوو، حکومەتەکانی عیراق پێش ئەو گۆڤارە رێگەیان بە رۆژنامەگەری سیاسی کوردی نەدەدا، لەکاتێکدا جاروبار رێگەیان بەبڵاوبوونەوەی گۆڤاری ئەدەبی دەدا، هەرچەند ئێمە

گۆڤاری گەلاویژمان بەدیارترین گۆڤاری ئەدەبی کوردی هەژماردەکرد لەمێژووی رۆژنامەگەری کوردیدا، لەبەر چەندین هۆکاری وەکو بەردەوامی گۆڤارەکە بۆ ماوەیەکی زۆرو بەیەکگەیشتنی چەندین ئیتجاهی فیکری لەسەر لاپەڕەکانیداو ئاستی باشی لەرووی هونەریەوە لەو ساڵانەدا، ئەوا گۆڤارەکە لەساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیداو دواتر دەرئەچوو (١٩٣٩ - ١٩٤٩)، واتا گۆڤارەکە یەکێک لەبەرهەمەکانی هەستانەوەی دیموکراتی بوو لەجیهانو لەناوچەکەدا وەکو دەرەنجامێکی واقیعی جەنگەکەو شکانی فاشیەت بوو، ئەو گۆڤارە دواتر لەو هەڵمەتە رەشە تێرۆریستانەیە داخرا کەهەموو عیراقی گرتەوە لەساڵی ١٩٤٩دا.

٥- بوون و ئازادی رۆژنامەگەری کوردی(بەدەر لەجۆری ئەو رۆژنامەگەرییە) لەهەر بەشێکی کوردستان کاریگەر بوو بەبەشەکانی ترەوە، چونکە ئەو جووڵە رۆژنامەنووسییەی دوای شۆڕشی تەموز لەعیراق هاتە کایەوە رێگەی بەچاپ و بڵاوکرنەوەی رۆژنامەی کوردی لەتارانیشدا بەناوی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی رۆژنامەکە مۆرکێکی فەرمی هەبوو، ئەوا لەلایەکی ترەوە رۆڵی هەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتوری ئەدەبی کوردی لەوێ، بەڵام ئەو رۆژنامەیەش دواتر راگیرا دوای ئەوەی جووڵەی رۆژنامەنوسی کوردی لەعیراق بەرەو پاشەکشەچوو،ئەمەو واقیعی خەباتی شۆڕشگێرانە لەکوردستانی عیراق رەنگدانەوەی لەسەر بێدەنگبوونی تورکیا رێگەدانی بە بڵاوبوونەوەی چەند گۆڤارێک بەزمانی کوردی، دوای ئەوەی کە حکومەتی ئەو وڵاتە کوردی بۆ ماوەی ٤٠ سال(بەتورکی شاخاوی چیایی)ناودەبرد، بێگومان ئەو گۆڤارانەش دواتر رووبەرووی داخستن بوونەوە لەبەر ئەوەی بەدڵی دەسەڵاتدارانی تورکیا نەبوون، بەڵام بڵاوبوونەوەیان لەگەڵ چاپەمەنی تردا، بەخاڵێکی روون تۆمار دەکرێت، سەبارەت بەو کاریگەرییەی بزووتنەوەی کورد لەعیراق هەیبوو، لەسەر گەلی کورد لەپارچەکانی تری کوردستان وهەروەها بەسەر دەسەڵاتداران لەو وڵاتانەی کوردیان تێدابوو. ئەم تێبینیانە پاڵپشت بە ژمارەو ناوی رۆژنامە کوردییەکان، دەیسەلمێنێت کە رۆژنامەگەری کوردی لەوەتەی لەدایکبووە بەشێک بووە لەجووڵانەوەی نیشتیمانیو رزگاری گەلی کوردو پەیوەست بووە پێوەی، هەرچەند واقیعی میللەتی کورد بووەتە هۆی بەدەر نەبوونی رۆژنامەگەری ئەدەبیش لەم قاعیدەیە، ئەم خەسڵەتە دیارەش رۆژ بەرۆژ لەرۆژنامەگەری کوردیدا دەچەسپێت ، لەگەڵ ئەوەی هەندێک کاتیش رۆژنامەگەلێک لەلایەن سەرکوت کەرانی گەلی کوردەوەش بڵاوبوونەتەوە، بەڵام ئەوە زیاتر بەمەبەستی تەکتیکی بووە بۆ رێگرتن لە هەستانەوەی نەتەوەیی کورد.

لەکۆتاییدا دەڵێین رۆژنامەگەری کوردی بەردەوام وەکو بەشێکی دیاری بزووتنەوەی رزگاریو پێشکەوتنخوازی گەلی کورد بووەو دەمێنێتەوە، ئەوەش جێی شانازییە بۆ رۆژنامەگەری کوردیو خۆشەویستی گەڵ بۆ ئەو رۆژنامەگەرییەو ئاهەنگگێڕانی بۆ یادکردنوەی لەهەر بارودۆخێکدا.

رۆژنامەی »تأخی» ٢٢ نیسان ١٩٧٢

٣ - ٨ - ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## کێشەکانی رۆژنامەگەری کوردی

### بەشی دووەم

لەلێکۆڵینەوەیەکی پێشوودا لەسەر رۆژنامەگەری کوردیو مێژووەکەی گەیشتین بەدوو ئەنجام: کە یەکەمیان ئەوەیە رۆژنامەگەری کوردی لەگەڵ هەموو ئەو قورسیو لەمپەڕانەی هاتوونەتە سەر رێگەکەی بەردەوام بووە لە دەرچوواندنو چوونە بەردەست خوێنەرانی، دووەمیش ئەوەیە کە شۆڕشی ١٤ی تەموز دەرفەتێکی نوێ بوو نەک تەنها بۆ رۆژنامەگەری کوردی بەڵکو بۆ رۆشنبیریو زمانی نەتەوەیی کورد، لەم لێکۆڵینەوەیەشدا هەوڵ دەدەین بەشێوەیەکی بەرفراوان باس لەم دوو ئەنجامەو ئەو کاریگەری قورساییو لەمپەڕانە بکەین کە بەربەست بوون لەبەردەم رۆژنامەگەری کوردیدا، کەهەندێکیان تا ئێستاش وەکو بەنداوێک وان لەبەرامبەر گەشەو نەشو نماوکردنو پێشکەوتنی ئەم رۆژنامەگەرییەدا.

ئێمە روونمان کردۆتەوە کە باروۆدخی تایبەت بەکوردستانو داگیرکردنی زۆربەی بەشەکانی، وەکو ئەنجام لەمپەڕبوونە لەبەردەم گەشەکردنی رۆشنبیریو رۆژنامەگەری کوردی، لەو رۆانگەیەشەوەو تایبەت بە رۆژنامەگەری لەمێژوودا، بۆمان دەرکەوتووە کە زۆربەی ئەو رۆژنامانەی قسەمان لەبارەیانەوە کردووە لەدەرەوەی کوردستانو لەئەوروپاش بەتایبەتی چاپ کراون، ئەمەو هەندێک رۆژنامە لەکوردستانی ئێران «رۆژهەڵاتی کوردستان»یش دەرکەوتوون، بەڵام ئەمە لەسەردەمی کۆماری کوردستانی دیموکراتی بووە لەمهاباد ساڵی ١٩٤٦، هیچ رۆژنامەیەکی تریش دەرنەکەوتووە لەو بەشەی کوردستان، تەنها لەو سەردەمەدا نەبێت، ئەمەو چەند رۆژنامەیەکی نهێنیش بڵاوکراوەتەوە بەڵام لەسەردەمی ترو ئیرهابی فیکریدا، کاتی هەوڵی گەڕانیش دەدەین بۆ رۆژنامەگەری کوردی لەو سەردەمدا دەردەکەوێت کە هیچ رۆژنامەیەکی کوردی رێگەی چاپکردنی نەدراوە... سەبارەت بە کورستانی سوریاش، ئەوا روون دەبێتەوە کە هیچ رۆژنامەیەکی کوردی بۆ ماوەیەکی دورودرێژ لەو وولاتە دەرنەچووەو تەنها دوو شوێنیش کە رۆژنامەی کوردی تیا چاپو بڵاوکراوەتەوە بەشێوەی بەردەوام عیراقو یەکێتی سۆفێت بووە (روسیا ئێستا).

کاتێ باسی مێژووی دەرچوونو راوەستانی رۆژنامە کوردییەکان لەعیراق دەکەین، بۆمان روون دەبێتەوە کە دەسەڵاتدارانی خیانەتکاری پێشوو لەووڵات، تەنها رێگەیان بەدەرچوونی رۆژنامەگەری ئەدەبی کوردی داوەو رێگەیان بە دەرچواندنی رۆژنامەی سیاسی نەداوە، تا دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەموز کە کوردو عەرەب بەهاوبەش دادەنێت لەوڵاتداو رێز لەمافە نەتەوەییەکانیان دەگرێت لەناو یەکێتی خاکی عیراقدا، هەروەها بۆمان روون بۆوە کە دەسەڵاتدارانی خیانەتکاری پێشوو هەڵدەستان بەداخستنی رۆژنامە ئەدەبییە کوردییەکان دوای ماوەیەکی کەم لە دەرچوونیان، لەبەر ئەوەی رۆژنامەکان گوزارشتیان گوزارشت لە قسەی ناو دڵی گەلی کورد دەکرد، لەرووی هەستی نەتەوەییو نیشتمانییەوە، لەسنووری ئەو تواناو دەرفەتەی هەیان بووە.

ئەوەشمان بۆ روون بۆوتەوە کە بەشێکی زۆر، لەرۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان، هەر لەسیاسی تا ئەدەبی، لەسەردەمی حوکمی ئێستادا (واتا سەردەمی چاپکردنی کتێبەکە لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا) مۆڵەتی پێدراوەو بەشێکیان بەفیعلی دەرچوون، بەشێکی تریان چاوەڕوانی دەرچوونو بڵاوکردنەوەن دوای نەهێشتنی ئەو لەمپەڕانەی لەرێگەیاندایە.

ئێمە لە لێکۆڵینەوەیەکی پێشوومانەدا لەمپەرەکانمان کورت کردۆتەوە، لە کێشەی چاپکردنو نەبوونوکەمی بازاڕو کێشەی دیالیکتیکە جیاوازەکانی زمانی کوردیو بەربڵاوی نەخوێنەواری لەکوردستانی عیراق، لێرەشدا دەمەوێت بە ووردی باس لەو لەمپەڕانە بکەم، لەگەڵ باسکردنی هەندێک لەمپەڕی لاوکی ترداو نیشاندانی چارەسەر بۆیان، هەرچەند دڵنیام دەسەڵاتدارانی کۆماری دەتوانن رۆڵێکی گەورە ببینن لە لابردنو نەهێشتنی ئەو لەمپەڕانەو بینینی رۆڵێ گەورەتریش لە گەشەپێدانی رۆژنامەگەریو رۆشنبیریو کەلتوری نەتەوەیی کورد.

کێشەی چاپەمەنی: کێشەی سەرەکییە لە ئێستادا، لەبەر ئەوەی زۆربەی چاپخانەکانی ناو عیراق چاپخانەی عەرەبین، زۆر روونیشە کە جیاوازی هەیە لەنێوان نووسینی عەرەبیو کوردی بە ئەلفو بێی عەرەبی، چونکە پیت گەلێکی کوردی هەن کە لەعەرەبیدا بوونیان نییەو تەنها لەو چاپخانانە هەن کە پیتی زمانی فارسییان هەیە یان ئەو چاپخانانەی پیتی کوردییان بەتایبەتی بۆ دروستکراوە، ئەمە چ جای ئەوەی لەعەرەبیدا پیت بەکار دەهێنرێت لەجیاتی هەندێک سەرووێر لەزمانی کوردیدا، بۆیە چاپخانەکان پێویستیان بەبەشێک لەو پیتانە هەیە کەلەزمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێن، ئەمە چ جای ئەوەی ئیشارەتی تایبەت هەیە کە دەخرێنە سەر پیتەکانو دەنگی جیاواز دروست دەکەن، ئەم ئیمکاناتو توانایەش تەنها لەبەشێکی کەم لەچاپخانەکانی عیراقدا بوونیان هەیە، کە تا ئێستا تەنها توانای چاپکردنی گۆڤاری مانگانە یان نیو مانگانەیان یان چاپکردنی ژمارەیەکی کەم لەکتێبیان هەیە، تائێستاش چاپخانەیەک لەعیراق بوونی نییە کە توانای چاپکردنی رۆژنامەیەکی رۆژانەی کوردی هەبێت (سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو)، کێشەیەکی تری چاپ ئەوەیە کە لەهیچ شارێکی کوردیدا چاپخانەی گەورە بوونی نییە ئەمە چ جای نەزانینی زمانی کوردی لەلایەن کرێکارانی چاپخانەکانی بەغداوە، ئەمەو کرێکاری عەرەب پێویستی بەکاتی زیاتریش هەیە کاتێک شتێکی کوردی رێک دەخات، لەگەڵ ئەوەشدا چاپکراوە کوردییەکان پڕ دەبن لەهەڵەی چاپ هەرچەند هەڵبژێری بۆ بکرێت.

لەو بڕوایەدام عیراق بەبێ رۆژنامەی سیاسی کوردی رۆژانە دەمێنێتەوە (چەندە مۆڵەتیشی بۆ کرابێت)، ئەگەر کەسانی بەپەرۆش بۆ رۆشنبیری کوردی، دەستپێشخەری نەکەن بۆ هاوردە کردنی چاپخانەی نوێی تایبەت کە توانای تەواوی هەبێت بۆ چاپکردنی رۆژنامەو بڵاوکراوە کوردییەکانو مەشقپێکردنی کرێکاری کورد لەسەر ئەو چاپخانە نوێیانە، لەو بڕوایەشدا نیم هیچ لایەنێک بتوانێت ئەم کارە بکات ئەگەر دەسەڵاتداران رۆڵێکی کاریگەر لەو پرۆژەیەدا نەبینن، سەبارەت بەکێشەی خراپی بازاڕی چاپەمەنی کوردیش ئەوا ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکردنی کوردستانو جیاوازی دیالیکتیکە کوردییەکان، دوای ئەوەش بەشێکی زۆری گەلی کورد نەخوێندەوارە، ئەبێت ئەوەش بزانین هەر رۆژنامە یان بڵاوکراوەیەک لەئێرانو تورکیاو سوریا دەربکرێت بەکوردی دواتر قەدەغە دەکرێت، بەنموونە لە ئێران حکومەتی شا هانی چاپکردنی هەندێک بڵاوکردنەوەو هەندێک کتێبی کوردی دەدات کە بەفەرمانی خۆیو تەوجیهی سیاسیو

ئەدەبی خۆی دەرکرابێت، تەوجیهە سیاسیەکەش ئەوەیە کتێبەکان بیرۆکە گەلێکیان تێیدا بێت کە خزمەت بەحکومەت بکات لەئێران، هەروەها زیان بە بەرژەوەندی داگیرکاری ئەو ووتە نەگەیەنێت، ئەمما تەوجیهە زمانەوانییەکە ئەوا ئەوەیە کە کتێبە کوردییەکان بەجۆرێک نووسرابن کە خزمەت بەو فەلسەفەیە بکەن کە دەسەڵاتدارانی ئێران بانگشەی بۆ دەکەن، بەوەی گەلی کوردو عەجەم هەردووکیان لقن لە گەلێک بەناوی گەلی ئێرانو هەردوو زمانی فارسیو کوردیش لقن لە زمانی ئێرانی یان زمانی کوردی لەهجەیەکە لەلەهجەکانی زمانی فارسی.

ئەو کتێبانەش کە دەسەڵاتدارانی ئێران هانی چاپدانی دەدەن، پڕ دەکرێن لە ووشەی فارسی بۆ ئەوەی بکرێن بەبەڵگە لەسەر بۆچوونەکەیانو هەروەها بیسەلمێنن کە دەسەڵاتدارانی ئێران ئازادی تەواویان هەیە لەحوکم کردنی هەموو کوردستان لەکۆتاییدا.
لەبەر ئەوە شتێکی حەتمییە کە رۆژنامەی کوردی عیراق رێگەی پێ نەدرێت رەوانەی ئێران بکرێت، بەتایبەت لەسەردەمی کۆماری لەعیراقدا، لەبەر جیاوازی ناوەڕۆکو زمانەکەی لەگەڵ ئەو رۆژنامانەی ئێران دەیەوێت بڵاویان بکاتەوە.

لەتورکیاش، ئەوە دەزانرێت کە واریسانی مستەفا کەمال ئەتاتورک تا ئێستا دان بەبوونی ملیۆنان هاوڵاتی کورد لەو وڵاتەدا نانێنو جەختیش لەوەکەنەوە کە (کورد) تورکە بەڵام تورکێکی شاخاوی دواکەوتوو، لەبەر ئەوە سروشتییە ئەوان رێگە بەتورکی شاخاوی نەدەن لەژێر سایەی دەسەڵاتی نۆکەرانەی خۆیاندا بۆ بێگانە رۆژنامە بەزمانی خۆیان دەرکەن.

سەبارەت بەسوریا ئەوا بڕوا ناکەم پێویست بەوە بکات بارودۆخی هەزاران کورد لەوێ باس بکەین، چونکە تەنها کتێبێکی ئەلفوبێی کوردی، خوێندکارێکی زانکۆی خستە تاریکی زیندانەوە، بێ ئەوەی چارەنووسی دواتر بزانرێت...

بۆ یەکێتی سۆڤێیت (روسیای ئێستا)، ئەوا رۆژنامەو بڵاوکراوەی کوردی بوونیان بەپێتی رووسی هەیە ، لەگەڵ کەمی کورد لەوێ، بەڵام ئەم کەمییەو جیاوازی لەهجەیەی کوردەکانی سۆڤێت، هاندەر نەبووە بۆ ئەوەی رۆژنامەگەری کوردی عیراق هەوڵی ناردنی رۆژنامەو گۆڤار بۆ روسیا بدات، لەبەر ئەوە تەنها بازار بۆ رۆژنامەگەری کوردی (کوردستانی عیراقە)، بەڵام ئەم رۆژنامەگەرییەش لێرە رووبەرووی نەخوێندەواری بۆتەوە ئەمەش وای کردووە رۆژنامەکان تەنها لەشارەکاندا بڵاوبکرێنەوەو بفرۆشرێنو دەرفەت نەبێت ببرێنە لادێکان (١).

ئەمانەی سەرەوە کێشە سەرەکییەکانی بەردەم گەشەپێدانی رۆشنبیریو رۆژنامەگەری کوردی بوون لەپاڵ کێشەیەکی تری لاوەکی، کە دەمەوێت روونی بکەمەوە، کە ئەویش کێشەی ریکلامە کە رۆژنامەگەری کوردی بەدەستیەوە دەناڵێنێت، چونکە وەک دەزانرێت دەسەڵاتداران رێگە بە رۆژنامە کوردییەکان دەدەن تەنها ریکلامی ناوخۆیی بڵاوبکەنەوە، ئەمەش رێژەی زۆر کەمە، لەکاتێکدا ئێمە کاریگەری ریکلامە حکومییەکان دەزانین لەسەر دارایی رۆژنامەکان لەم سەردەمەدا، بەتایبەت بۆ رۆژنامەگەلێک کە بازاری بڵاوکردنەوەی ئاوا بەرتەسکی بێت.

*الاهالی ژمارە ١٠٦- یەکشەممە ٥ی نیسانی ١٩٥٩

(١) لەبابەتەکەدا باسی کێشەی دیالیکتیکە کوردییەکانم کردووە، بیروبۆچوونم لەئێستادا جیاوازە لەوەی لەبابەتەکەدا باسم کردووە، بێگومان بەدوادا گەرانو خوێندنەوەی زانستی رۆڵی هەبووە لە گۆرانی بیروبۆچوونم، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بۆچوونەم سەبارەت بە ئەنجامی دابەشبوونی لەهجەکانی زمانی کوردی هەمان بۆچوونە، بەوەی جیاوازی لەهجەکانو بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری ریگربوونە لەبەردەم بڵاوبوونەوەی رۆژنامەگەری کوردیدا، دەتوانرێت ئەوەش بووترێت کە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری بەزمانی ئەدەبی کوردی یەکگرتوو کە ئێستا لەعیراق بەکار دێت، یارمەتیدەر دەبێت بۆ بڵاوبوونەوەی رۆژنامەگەری کوردی.

ئەم راستییانە هانی دام، لێرەدا تەنها باس لە دەرەنجامەکان بکەمو پێشەکییە پڕ هەڵەکەی بابەتەکە باس نەکەم...ع.م

١٠ - ٨ - ٢٠١٨

---------------------------------------------

## کوردستان.. یەکەم رۆژنامەی کوردی

### بەشی سێهەم

رۆژنامەی »التآخی« لە ٢٢ی نیسانی ١٩٦٨دا، بابەتێکی تێروتەسەلی دکتۆر مارف خەزنەداری هاورێمی بڵاوکردبۆوە، سەبارەت بە یەکەم رۆژنامەی کوردی، تێیدا خەزنەدار ئەو راستییەی ئاشکراکردبوو، کە رۆژنامەکە لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨دا بڵاوبۆتەوەو لەبابەتەکەیدا داوای کردبوو، ئەو رۆژە بکرێت بە رۆژی لەدایکبوونی رۆژنامەگەری کوردی، هەروەها وێنەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەکەشی لەگەڵ بابەتەکەدا بڵاوکردبۆوەو روونیکردبۆوە کە لە کتێبخانەی استشراق لە شاری لینینگراد پارێزراوە.

گەڕان بەدوای ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیەو بینینی ناوەرۆکەکەی، حەزێکی گەورە بوو لای ئەوانەی گرنگی دەدەن بە دیراساتی کوردی، دکتۆر کەمال فوئادیش بە دووبارە چاپکردنەوەی زۆربەی ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیەو بە قەبارەو وێنەی راستەقینەی بە زەنکوگراف، بەشێکی گەورەی ئەو هیواو حەزی هێنایە دی.

ئێستاش کە کتێبی «کوردستان- یەکەم رۆژنامەی کوردی ١٨٩٨ - ١٩٠٢»م لەبەردەستدایە کە وێنەی ژمارەکانی رۆژنامەکەی تێدایەو



سەرچاوە Serchawe

لەبەغدا چاپکراوە ساڵی ١٩٧٢ە، لەکۆکردنەوەو پێشەکی نووسینی دکتۆر کەمال فوئادەو بە قەبارەی گەورەو ١٠٤ لاپەڕەیە، ئەوا دەتوانم باسێک لەبارەی دووبارە چاپکردنەوەی رۆژنامەکە بکەمو چاوێکیش بەژمارەکانی رۆژنامەکەدا بخشێنمەوەو لایەنە گرنگەکانی سەر رووپەری رۆژنامەکە دەربخەم بۆ ئەوەی سوودێکی هەبێت بۆ لێکۆڵینەوەی نوێ لەسەر ئەو رۆژنامەیە.

دکتۆر کەمال پێشەکیەکی یەک لاپەڕەیی بۆ کتێبەکەو ژمارەکانی رۆژنامەی کوردستان نووسیوە، بەباشی دەزانم وەریبگێرم بۆ خوێنەری عەرەب، بەخۆ لادان لەو تێبینیانەی کە تێیدا هاتووە، بۆیە ئەو بەشەی ئاماژە بەشتی نوێ دەکات لە پێشەکیەکەدا وەرمگێڕاوە، ئەمەش دەرەنجامی وردبوونەوەمە لە رۆژنامەکە:

زمانی کوردی تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم تەنها زمانی ئاخاوتنو شیعر بوو نەک زمانی نووسین، لەبەر ئەوە دەرچوونو بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی کوردستان ساڵی ١٨٩٨ گرنگیەکی تایبەتی هەیە لەمێژووی زمانو ئەدەبی نەتەوەیی کورددا، کاتی خۆی ئەوەم بەرگوێ کەوتبوو، کە ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە لە کتێبخانەی »بروسیا« لەئەڵمانیا دەست دەکەوێت، دوای ئەوەی گەیشتمە ئەڵمانیاش ئەوەم زانی ناوی کتێبخانەکە لەئێستادا گۆڕراوەو دوای جەنگی جیهانی دووەم بووە بە«کتێبخانەی حکومەت»و لەئێستادا دەکەوێتە بەرلینی خۆرهەڵاتەوە، لەوێش بۆم دەرکەوت ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە لەگەڵ چاپەمەنی تردا دوا جەنگەکە گواستراونەتەوە بۆ ئەڵمانیای خۆرئاوا.

لەسەرتای مانگی ئابی ١٩٦٥ چووم بۆ هەردوو شاری «ماربۆرگو تۆبینگن» بۆ گەڕان بەدوای دەستنووسی کوردیدا، بواری ئەوەشم بۆ رەخسا جارێکی تر هەواڵی رۆژنامەی کوردستان بپرسمو لەوێ دوای گەڕانو پشکنینێکی زۆر پێیان راگەیاندم کە ژمارەکانی رۆژنامەکە لەکتێبخانەی حکومەت لەئەڵمانیای خۆرئاوایە لەشاری ماربۆرگو لەگەڵ زۆرێک چاپەمەنی تر چاوەڕوانی ئەوەیە پۆلینو رێکبخرێتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر لەشوێنی تایبەت بەخۆی لەناو کتێبخانەکە جێگەی بکرێتەوە.

کتێبخانەکەش چەندین جار بەڵێنی ئەوەی پێدام، دوای دۆزینەوەی ژمارەکانی رۆژنامەکە بۆم بنێرن، منیش لەماوەی ئەو ساڵەدا چەند جارێک ئەو بەڵێنەم بیرهێنانەوە، تا ئەوەی لەهاوینی ساڵی ١٩٦٨ هیواو ئاواتەکەم هاتە دی، کاتێک هەموو ژمارەکانی رۆژنامەکە کە لەئەڵمانیا پارێزرابوون گەیشتنە دەستم، ئەمەو دوای بەدەستهێنانی ژمارەکان بابەتێکم لەسەر نووسی لە ژمارە ١ی ٢٣ - ٥ - ١٩٦٩ گۆڤاری «روناکی» ، کە لەبەغدا دەردەچوو.

لێرەشدا خۆم زۆر بەخۆشحاڵ دەزانم بەوەی دەتوانم جارێکی تر رژنامەکە چاپ بکەمەوە، ئەمەش خۆشی دۆزینەوەی رۆژنامەکەی تازەکردەوە، نەک تەنها لای من بەڵکو لای هەموو ئەوانەی تامەزرۆی خوێندنەوەی رۆژنامەکە بوون.

ژمارە یەکی رۆژنامەی »کوردستان« لە ٣٠ زەی ئەلقوعدەی ساڵی ١٣١٥ (٩ی نیسانی ١٢١٤ رومی) کە دەکاتە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨

لەشاری قاهیرە دەرچووە، سەرەتاش لەلایەن کوڕەزای (بەدرخان پاشا)وە دەرکراوە کە ناوی «میقداد بەگ میدحەت بەگ»بووە، ژمارەکانی ٦ - ١٩ی رۆژنامەکە لەشاری جنێف چاپو بڵاوکراوەتەوەو دواتر ژمارەکانی ٢٠ - ٢٣ جاریکی تر لەشاری قاهیرە دەرچووە، ژمارە ٢٤ی لەشاری لەندەنو ژمارەکانی ٢٥ - ٢٩ لەشاری فۆلکستۆنو هەردوو ژمارە ٣٠ - ٣١یش لەشاری جنێف بڵاوکراوەتەوە، لەلایەن عەبدولرەحمان بەگی برای میقداد بەگەوە، ئەمەو ژمارەکانی ١ - ٣١ی رۆژنامەکە جگە لەژمارە (١٠، ١٢، ١٧، ١٨، ١٩) وەکو پێشتر باسم کرد لە (کتێبخانەی حکومەت) لەشاری ماربۆرگ لەئەڵمانیای خۆرئاوا پارێزراون.

ژمارە ٣١ی رۆژنامەکەش رۆژی ٦ی موحەڕەمی ساڵی ١٢٢٠ کە دەکاتە (١ نیسانی ١٢١٨ رۆمی) لەئەڵمانیای خۆرئاوا چاپو بڵاوکراوەتەوە.

ئەم رۆژنامەیە بەزمانێکی کوردی جوانو پوختو ئاسان بە«دیالیکتی کرمانجی باکور، لەهجەی جەزیرەی بۆتان» نووسراوەو بەچوار پەڕە (٢٥.٥٠ - ٣٢.٥٠ سم)و دوو هەفتە جارێک دەرچووە، رۆژنامەکە لەرووی چاپ و کاغەزەوە زور باشبووەو بە پیتی عەرەبی ونەسەقی فارسی چاپکراوە.

رۆژنامەکە لەژمارەی سێهەمەوە بابەتی بەزمانی تورکیش لەخۆگرتووە، بەتایبەت ئەوانەی خاوەنی رۆژنامەکە ناوی «نەجوا یان عەرزوحاڵ»یان لێناوە، ئینجا ئەو «نامە کراوانەی» ئاراستەی »سوڵتان عەبدولحەمید» کراون سەبارەت بە دژایەتیکردنی رۆژنامەکەو دژایەتی نەوەکانی بەدرخان پاشا، کاتێک رۆژنامەکەش بەتەواوی بێ هیوا بووە لەسوڵتان ئەوا دەستیکردووە بەهێرشکردنە سەر خودی سوڵتانو دارودەستەکەی، زور ئازایانەش سەبارەت بەتیرۆرکردنی مدحەت پاشاو هاورێکانی نوسیویەتی هەروەها سەبارەت بەبزووتنەوەی رزگاریخوازی تورک.

بەهۆی دژایەتیکردنی بەرپرسانی عوسمانی بۆ رۆژنامەکە ئەوا لەکاتو شوێنی دیاریکراودا وەکو چۆن خاوەنەکەی ویستویەتی دەرنەچووە، چەندین جاریش شوێنی دەرچوونو چاپکردنی لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر گواستراوەتەوە بەهۆی ئەو دژایەتیکردنەوە، بەڵام گرنگی رۆژنامەکە تەنها ئەوە نییە کە یەکەمین رۆژنامەیە بەکوردی دەرچووبێتو بڵاوکرابێتەوە، بەڵکو گرنگیەکی مێژوویی‌و سیاسیشی هەیەو ئەگەر چاوێکی خێراش بە بابەتەکانی سەر رۆژنامەکە بخشێنینەوە، ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە بزووتنەوەی رزگاری کوردی هەر لەسەرەتاوە رێرەوی خەباتی هاوبەشی پەیڕەوکردووە لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاری گەلانی تردا بەتایبەت ئەوانەی کورد لەگەڵیاندا ژیاوە.

(کۆتایی پێشەکیەکە)

ئەو پێشەکیەی تێروتەسەلەی دکتور فوئاد کە لە ٤ - ١٠ - ١٩٧١دا نووسراوە، زۆر خاڵمان بۆ روون دەکاتەوە سەبارەت بەرۆژنامەکەو



سەرچاوە
Serchawe

هانمان دەدات زیاتر لێی ووردبینەوە بۆ ئەوەی بگەین بەدەرەنجامی زیاترو رێخۆشکردن بۆ لێکۆڵینەوەی سەبارەت بەرۆژنامەکەو سوود گەیاندن بەوانەی گرنگی دەدەن بەلایەنە جیاجیاکانی دیراساتی کوردی، چونکە رۆژنامەکە دەوڵەمەندە بەچەندین بابەت کە شایەنیی ئەوەیە وەربگیرێتو روونکردنەوەو شیکاری لەبارەوە بکرێت، ئەگەر کتێبی مەولود نامەی شێخ حسێنی قازیش بەدەرکەین، کە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم وکتێبی عاداتو تەقالیدی کوردی مەلا مەحمودی بایەزیدی کە لەناوەڕاستی هەمان سەدەدا نووسراوە ئەوا رۆژنامەکە بۆ یەکەمجار پەخشانی کوردی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

⁕ ئەو ژمارانەی لەلایەن میقداد میدحەت بەدرخانەوە دەرکراون «جگە لە دوو ژمارەی کۆتایی» تەنها بەزمانی کوردی بوونو زمانی تورکیش لە ژمارە پێنجو ژمارەکانی دواتر کەمە کەمە دەرکەوتووە کە لەلایەن عەبدولرەحمان بەدرخانەوە دەرکراون، رەنگە ئەمەش پەیوەندی هەبێت بە کەسێتیو توانای هەریەک لەم دوو برایەوە، یان بێگومان پەیوەندی هەبووە بەو راوەدونانەی خاوەندارانی رۆژنامەکە رووبەرووی بونەتەوە، تا عەبدولرەحمان بەدرخان ناچاربووە خاکی سوڵتانی عوسمانی بەجێبێڵێت بەرەو وڵاتانی خۆرئاوا، وەکو چۆن خۆی ئاماژەی پێکردووە لەژمارە شەشی رۆژنامەکەدا، دوای ئەوە رۆژنامەکە دەنگی بڵند کردووە دژ بەدوژمنانی کوردو دوژمنانی بنەماڵەی بەدرخانو لەسەروو هەمووشیانەوە (ئەبو هودا ئەلسەیادی) کە رۆژنامەکە نازناوی (ئەبو زەلالی) بەسەردابڕیوە، هەروەها دارودەستەکەی سوڵتان، لەکاتێکدا کە میقداد بەدرخانی برای نەیتوانیوە ئەو کارە بکات لەقاهیرەو لەئەستانە دوای گەڕاوەنەوەی بۆ ئەوێ.

⁕ رۆژنامەکە بەزمانی ئاخافتنی رۆژانە دەینوسی، کە تا ئێستاش هاوڵاتیانی »جەزیرەی بۆتان» پێی دەدوێنو زمانی ئەدەبی کوردی بووە لە سەدەکانی رابردوودا، بەتایبەت لەسەدەی حەڤدەهەم دەقی نەمری پێ نووسراوە »وەکو دیوانی مەلا ئەحمەدی جەزیریو مەمو زینی ئەحمەدی خانی»، زمانی ئەم رۆژنامەیەش نموونەیەکی باشە بۆ شارەزابوون یان بەئاگابوون لەدیالیکتی بۆتان، بەتایبەت بۆ ئەو ئەدیبانەی لەبارەی زمانی ئەدەبی نوێوە دەنووسن، لەراستیشدا دیالیکتیکی بۆتان شایەنی پەیڕەوکردنە لەلایەن ئەوانەی بەدیالیکتی کرمانجی باکور دەنووسنو کارکردن بەو ئاراستەیەش هەنگاوێکی باشە بۆ گەیشتن بە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو.

⁕ سادەیی بەرۆژنامەکەوە دیارە لەرووی فیکرو شیکاریو نیشاندنی مەسەلەکانەوە لەسەردەمی میقداد بەدرخانی دامەزرێنەردا، بەڵام تێبینی بەرزبوونەوەی ئاستی رۆژنامەکە دەکرێت لەرووی سیاسی و شیکاریو نیشاندنی مەسەلەکان لەسەر دەمی عەبدولرەحمان بەگداو لەکاتێکدا کە میقداد بەدرخان لەخستنە رووی بارودۆخی کوردو مەسەلە سیاسیەکانو جەنگەکانی جیهاندا بەزمانی سادەی مامۆستا شتەکان دەخاتە روو، ئەوا براکەی بەزمانێکی ســـــیاسیانە دەنوسێتو مەسەلەکان دەخاتە روو.

⁕ دامەزرێنەری رۆژنامەکە گرنگی زۆری داوە بەمەسەلەی خوێندنو وای بینیوە کە نەخوێندەواری دوژمنی یەکەمی کوردەو بەهەموو تواناو هەموو رێگەیەک هەوڵی داوە کورد هان بدات بۆ خوێندنو کردنەوەی خوێندنگا، نەک هەر ئەوەش بەڵکو هانی خێزانەکانی داوە منداڵەکانیان بنێرن بۆ خوێندن لەدەرەوەو ئامادەگی خۆشی نیشان داوە لەقاهیرەو ئامادەیی براکانی لەئەستەنبوڵ بۆ پێشوازیکردنو



سەرچاوە Serchawe

یارمەتیدانی هەر خوێندکارێکی کورد کە بەرەو ئەو دوو شارە بچن.

بۆ ئەوەش میقداد بەدرخان نموونەی ئەو گەلانەی هێناوەتەوە کە گرنگیان بەخوێندنی منداڵانیان داوە، لەو رووەوەش باسی ئەوەی کردووە چۆن ماوە نا ماوەیەک سەردانی ئەزهەری پیرۆزی کردووە بەمەبەستی ئاگاداربوونو زانینی ئەوەی کێ لەنەتەوەکەی لەو وڵاتەدایە بەمەبەستی خوێندنو بەخۆشیەکی زۆرەوە وتویەتی، کە چەند خوێندکارێکی لەوێ بینیوە خەڵکی کەرکوکو سلێمانی بوون، هەروەها دڵگرانی خۆشی نیشان داوە بەوەی کوردی هەکاریو بۆتان توانای ئەوەیان نیە بێن بۆ میسر، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ خاڵێکی گرنگ سەبارەت بەئاستی جیاوازی پێشکەوتن لەکوردستاندا.

* مێژووی میللەتان باسی چەندین نموونەمان بۆ دەکەن لە خەباتی شۆڕشگێڕانەو بڵاوکردنەوەو چاپکردنی رۆژنامەش لەدەرەوەی نیشتیمان، یەکێک بووە لەو نموونە شۆڕشگێڕانەیە، کە گرنگیەکی زۆری هەبووە لەسەرەتادا، بەو پێیەی وەسیلەتێک بووە بۆ کۆکردنەوەو رێکخستنو بانگشە بۆ شۆڕش، چاوخشاندنێکی ووردیش بەرۆژنامەی کوردستان ئەو راستیەمان نیشان دەدات، چۆن «کوردستان»توانیویەتی لەگەڵ هەموو ئەو دووریە لەنیشتمانو کەمی کەرەستەکانی پەیوەندی کە هەیبووە لەگەڵ ئەوەی رۆژنامەیەکی کەسێتی بووەو پەیوەندی بە رێکخراوی سیاسیەوە نەبووە، خەڵکێکی زۆر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە.

ئێمە دەبینین رۆژنامەکە لە دووهەمین ژمارەی خۆیدا، چەندین تەقریزی شیعرو پەخشانی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە لەشامەوە نێردراون و لەژمارە پێنجیش بابەتێکی (تاهیر بوتی) خەڵکی ئەدەنەی تیدایە کە بەدوورودرێژی باسی چۆنیەتی پێشوازی کردنی جەماوەری کورد لەرۆژنامەکە دەکاتو هەروەها باسی ئەوەش دەکات چۆن هەستاوە بەدابەشکردنی رۆژنامەکەو خوێندنەوەی بۆ کەسانی نەخوێندەوارو داواشی لەخاوەنی رۆژنامەکە کردووە ژمارەی زیاتری بۆ بنێرێت بۆ ئەوەی دابەشی بکات، میقداد بەدرخانیش وڵامی نامەکەی داوەتەوەو رایگەیاندووە پەنجا دانە لەرۆژنامەکەی بۆ دەنێرێت، لەژمارەی هەشتەمی رۆژنامەکەشدا نامەیەی زانایانی ئاینی ماردین بڵاوکراوەتەوەو عەلی کوری حوسێنی ئامەدی لەبری زاناکان ئیمزای کردووەو خۆی بە خزمەتکاری (زانستی شەریف) ناوزەد کردووە، باسی توانای خۆشی کردوە بۆ خزمەتکرنی رۆژنامەکەو بەتایبەت نوسین سەبارەت بەبەسەرهاتو ئازایەتی میرانی کورد، بۆیە دوای ئەوە دەبینین رۆژنامەکە لەژمارەکانی دواتردا بەفیعلی چەند بابەتێکی مێژوویی بڵاوکردۆتەوە کە دەرناچن لەو زانیاریانە کە شەرەفنامە باسی لەبارەیانەوە کردووە، رۆژنامەکە لەژمارەی سیانزەهەمدا سکاڵایەکی ئەشرافەکانی دیار بەکری بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا باسی زوڵمو زۆری فەرمانبەرانی دەوڵەتی عوسمانی دەکەن، هەروەها باسی ئەوە دەکەن چۆن ژمارەیەکی زۆری کورد بەهۆی ئەو زوڵمەوە هەڵاتوون بۆ وڵاتی عەجەم، لەهەمان ژمارەدا نامەیەک بڵاوکراوەتەوە بەئیمزای «ش.م» لەئەشرافەکانی دیار بەکر تێیدا باس لە بارودۆخی رۆژنامەکە دەکاتو باسی ئەوەش دەکات چۆن حکومەت بەدوای رۆژنامەکەوەیەو چۆنیش خوێندەواران پێشوازی لەرۆژنامەکە دەکەن، ئەمە چ جای باسکردنی بارودۆخی کوردستان.

لەژمارە پانزەیدا، رۆژنامەکە نامەیەکی بڵاوکردۆتەوە کە لەموسڵەوە هاتووە، تێیدا باس لەچەند رووداوێکی کۆمیدی کراوە هەروەها



سەرچاوە Serchawe

باسی بارودۆخی بازرگانی و چەند لایەنێکی تری شارەکە کراوە، بەمجۆرەش دەبینین رۆژنامەکە لەوە دەرچووە تەنها پەیوەندی بەجەماوەر لەرێگەی بڵاوکردنەوەی نامە پڕ لەسۆزەکانەوە بێت، بەڵکو سکاڵای هاوڵاتیانی کوردی بڵاوکردۆتەوەو هانی داون بنوسن سەبارەت بە هەموو ئەو زوڵمو زۆرەی هەبووە، بۆ ئەوەی دواتر رۆژنامەکە ئاراستەی سوڵتانی بکات، (کوردستان) هەر بەوەوە نەوەستاوە بەڵکو دوای ماوەیەک دەستی کردوە بە هێرشکردنە سەر خودی سوڵتانو لەژمارە چواردەدا ئاماژەی بۆ یەکێک لەواعیزەکان کردووە لەوانەی خۆیان تەرخان کردوە بۆ رێنمایی خەڵکی بۆ دەرخستنی زوڵمەکانی سوڵتانو رۆژنامەکە داوای لەزانایانی کوردستان کردووە چاو لەو واعیزە بکەن، لەهەمان ژمارەدا نامەیەکی زۆر گرنگ بڵاوکراوەتەوە تێیدا (مەلا ساڵح جەزیری) خەڵکی ماردین بەشێوەیەکی راستەوخۆ هێرشی کردۆتە سەر سوڵتان.

رۆژنامەی کوردستان هەولێشی داوە، تەنها جەماوەری کورد لەخۆی کۆنەکاتەوە، بەڵکو مینبەرێک بێت بۆ ئەوانی تریشو لەژمارە شازدەدا نامەی شێخ حەسەن ناوێکی بەعەرەبی بڵاوکردۆتەوە، کە سەرۆکی (کۆمەڵەی چاکسازی) بووە لە تەرابوڵسی شام، تێیدا ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ کارکردن لەگەڵ رۆژنامەکە بەمەبەستی چاکسازیو نەهێشتنی زوڵمو زۆرداری.

لەگەڵ ئەوەی رۆژنامەی کوردستان وەکو دکتۆر کەمال فوئاد لەپێشەکیەکەیدا باسی کردووە، جەختی لەخەباتی هاوبەش کردۆتەوە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە بەتەواوکاری بۆ کورد کردووەو رۆژنامەکە لەژمارە سیانزەدا بڵاویکردۆتەوە کە چەندین کەس یارمەتی نەقدەی وپارەیان بۆ ناردووە لە دیار بەکرو سلێمانیو ئەدەنەوە، عەبدولرەحمان بەگ زۆر بەکورتیش باسی ئەوەی کردووە ئەو پارانەی بەدەست گەیشتووە لەگەڵ نامەیەکدا لەشێخ محەممەدەوە بێ ئەوەی ناوی تەواوو ئەدرەسەکەی بڵێت، ئەممەو وڵامی نامەکەشی ناردۆتەوە بۆ شێخ محەممەدو تکای لێکردووە بەڵێنەکەی بەجێ بهێنێت، ئەمەش ئاماژەیەکە جێی تێبینیە سەبارەت بەهەستی کوردپەروەرانە لەو کاتدا.

٣١ - ٨ - ٢٠١٨

-------------

## کوردستان.. یەکەم رۆژنامەی کوردی

### بەشی چوارەم

* لەمیانەی هاندانی هەردوو خاوەنی رۆژنامەی »کوردستان« بۆ میللەت بۆ پێویستی خوێندنو خوێندەواریو کارکردن بۆ نیشتمان، بەردەوام باسیان لەمەترسیەکی چاوەڕوانکراو کردووە، کە پێشتریش حاجی قادری کۆیی هۆشداری بەکورد داوە لەبارەیەوە، کە ئەویش مەترسی ئیستعماری خۆرئاواییە کە هەوڵ دەدات دواکەوتوویی گەلی کوردو دارمانی دەوڵەتی عوسمانی بقۆزێتەوەو وەکو داگیرکەرو



سەرچاوە Serchawe

موستەعمیرێک بێتو هێزو داهێنانە سەربازییەکانی بەکاربێنێت بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی.

ئەگەر هۆشدارییەکەی حاجی قادر هەموو دەوڵەتە ئیستعمارییەکانی دەگرتەوە کە لەململانێدابوون لەسەر کوردستان، ئەوا هۆشدارییەکەی خاوەندارانی «کوردستان» خۆی لە تەنها لەمەترسی روسیای قەیسەری دەبینیەوە کە ئەوان بەناوی «مەسقوف» ئاماژەیان بۆ کردووە وەکو چۆن لەناو کورددا باوبووە، هەرچەند رۆژنامەکە بەردەوام ئاماژەی بە پیلانی دەوڵەتە گەورەکان کردووە لەسەر کوردستان، بەلام ئاماژەدانی بە روسیای قەیسەری بەردەوام دووبارە بۆتەوە لە زۆربەی ژمارەکاندا.

* پەیوەندییەکان کوردو ئەرمەن پانتایەکی گەورەی لە بیرکردنەوەی عەبدولرەحمان بەگی بەدرخان گرتۆتەوەو ژمارەیەک نابینیت ئاماژە یان برگە یان بابەتێکی تێدا تەرخان نەکرابێت بۆ ئەو پەیوەندییانەو بەدرخان شیکارییەکی زانستیانەی جوانی لەو بارەیەوە کردووەو هەڵوێستیکی جوامێرانەشی لەو رووەوە هەبووە، کە ئەوەش خۆی لە سروشتی بر ایانەی نێوان گەلاندا بینێتەوە، عەبدولرەحمان بەگ ئەرمەنی بەبرای کورد وەسفکردووە کە چەندین شت کۆیان دەکاتەوە، چەندین جاریش هۆشداری داوەتە کورد لە پیلانی عوسمانییەکان بۆ تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو گەلەو کردنیان بەدوژمنی یەکو دروستکردنی کوشتار لەنێوانیاندا، نەک هەر ئەوەش بەڵکو ئیستغلال کردنی کوردیش بۆ لێدانی ئەرمەن، ئەم بانگەوازو داوایەی بەدرخان پێش کوشتاری تورک بۆ ئەرمەن بووە لە ساڵی ١٩٠٥و بەدرخان ئاماژەی بۆ هەڵوێستی وڵاتانی خۆرئاواو ئیستعمارییش کردووە بە ئیستغلالکردنی بزوتنەوەی ئەرمەنی دژ بە هیواو ئاواتە نەتەوەییەکانی کورد، بەڵام ئەوەشی بە پاساوێک بۆ کورد نەبینیوە بۆ لێدانی ئەرمەن، بەڵکو ئەوانی وەکو برای کورد بینیوە، زۆر روونیش باسی لەوە کردووە دەکات کە رێککەوتنی کوردو ئەرمەن کارێکی باش دەبێت بۆ هەردولایان بۆ رزگاربوون لەژێردەستی عوسمانییەکان، بەدرخان ئەوەشی نەشاردۆتەوە کە کەمینەیەکی ئەرمەنو کورد هەن رۆڵیان بینیوە لەسەرکەوتنی پیلانی عوسمانیەکانو ئەوانیشی بە دوژمنی هەردوو گەل وەسفکردووەو هەردوو میللەتیشی لەوە ئاگاداردەکاتەوە کە دوژمنی راستەقینەیان سوڵتان عەبدولحەمید خۆیەتی، عەبدولرەحمان بەدرخان ئەوەشی روونکردۆتەوە خۆ بەخەلیفە زانینی سولتانو بانگشە کردنی بەوەی ئیسلام دەپارێزێت هیچی راست نیەو رایگەیاندووە سوڵتان ویستویەتی بەناوی ئیسلامەوە کورد بدات بۆ لێدانی ئەرمەنو لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ روسیا رێککەوتووە دژی گەلی کوردی موسوڵمان «بڕوانە ژمارە ٢٦»، بەدرخان هەروەها بانگەوازی بۆ گەلی کورد کردووە بۆ پاراستنی ئەرمەنەکانو پاراستنی ژیانی ماڵو منداڵیان، لەو رووەوەش مێژووی مرۆڤانەی کوردی بەنموونە هێناوەتەوەو باسی هەڵوێستی شێخ عوبەیدوڵلای شەمدینانی سەرکردەی شۆڕشی کوردی کردووە کە زۆر جوامێرانە بەرامبەر هەموو ئەو پیلانانە وەستابۆوە کە درابوو بۆ ئەوەی بزوتنەوەی کورد بەرامبەر بە ئەرمەن ئیستغلال بکرێت «بڕوانە ژمارە ٢٧»، هەروەها وڵامی سوڵتانیشی دابۆوە بەوەی ئەگەر ئەوان ئەرمەن بەزۆرداری بکوژن، ئەوا سبەی یەکێکیش دێت کورد لەناودەبات بەزوڵمو زۆرداری خۆی.

عەبدولرەحمان بەدرخان بەم تێڕوانینە جوامێرانەی نیازە پیسەکانی سوڵتانو مەبەستی راستەقینەی لە پێکهێنانی تیپەکانی حەمیدی ئاشکراکردووەو زۆر بەووردیش باسی لەپێگەی ستراتیژی کوردستان کردوە، باسی لەهەموو ئەو جەنگانەش کردوە کە لەکوردستاندا روویانداوە لەنێوان خودی داگیرکەراندا بێ ئەوەی گەلی کورد هیچ پەیوەندییەکی بەو شەڕانەوە هەبووبێت، هەروەها راستی دارِمانی دەوڵەتی عوسمانی باس کردووەو باسی لەوەش کردووە کە سوڵتانو داروودەستەکەی لەکاتێکدا توانای بەرگری کردنیان لەخاکی



سەرچاوە
Serchawe

عوسمانی نەبووە چوونە تیپی حەمیدیان دروست کردووە کە توانای بەرگری کردنی نەبووە بەرامبەر بەوڵاتانی خۆرئاوای خاوەن سوپای نوێ.

عەبدولرەحمان بەدرخان هەروەها راستی تیپەکانی حەمیدیەشی ئاشکرا کردووە کە سوڵتان پێکی هێناون لەسەر راسپاردەی زکی پاشا بەمەبەستی لێدانی یەکێتی نێوان گەلی ئەرمەنو گەلی کوردو پێدانی پاساو بەوڵاتانی دوژمنو نەیار بۆ لێدانی گەلی کورد، بەدرخان هەر بەوەش نەوەستاوەو راسپاردەی زەکی پاشاو هەروەها نیازی سوڵتانیش ئاشکرا کردووە بۆ پێکهێنانی تیپی حەمیدیە لە عەرەبەکانیشو لەو رووەوە داوای لەهاوڵاتیانی عەرەب کردووە ئەوە رەت بکەنەوەو لەگەڵ کورد و ئەرمەنو نەتەوەکانی تر یەک بگرن دژ بەدەسەڵاتی عوسمانی کە کوردستانو ناوچەکانی تری هەزار ساڵ گەڕاندووەتە دواوە.

گرنگترین شت لەشیکارییەکانی بەدرخان ئەوەیە زۆر زیرەکانە توانیویەتی لەهێرشکردنە سەر سوڵتانو ئیدیعای بۆ خیلافەتی موسوڵمانانو خۆی بەدوور بگرێت لەلێدانی هەستی خەڵکی سادەو جەماوەری موسوڵمانو ئەو لەو رووەوە چەندین جار هێرشی کردۆتە سەر سوڵتان دوای لەدەستدانی بەشێکی خاکی موسوڵمانانو ئامادەنەبوونی بۆ بەرگریکردن لەو ناوچانە بەرامبەر بەهێرشی چاوەڕوانکراوی وڵاتانی خۆرئاوا، لەم لایەنەوە هەڵوێستیکی ئیسلامیانەی نیشان داوە بەرامبەر بەزۆر مەسەلەی وەک کریتو مەسەلەکانی گەلانی بەلقان، ئەو مەسەلانەی تا ئێستاش مشتومڕی لەسەرە لەنێوان مێژوونووساندا، بەڵام دەتوانین بڵێین هەڵوێستی بەدرخان ئەگەر هەڵەش بووبێت بەشیکاری ئێستا ئەوا هیچ جیاواز نییە لەهەڵوێستی شاعیرە عەرەبە ئازادیخوازەکان بەرامبەر بە مەسەلەی گەلانی بولگارو بەلقان، ئەو هەڵوێستەش تەنها هەلقولاوی هەستی ئیسلامیی ئەو بووە.« (١).

* وەکو دکتۆر کەمال فوئادیش ئاماژەی پێکردووە لەپێشەکییەکەیدا ئەوا عەبدولرەحمان بەدرخان لەریزی ئازادیخوازانی خەباتگێڕی دژ بەدەسەڵاتی عوسمانیەکان بووە، لەژمارەکانی کۆتایی کوردستانیشدا زۆر بەتێروتەسەلی باسی ئەو کۆنگرەیەی کردووە کە لەپاریس ئەنجامدراوە لەسەر داوای هەردوو کوڕی مەحمود پاشا «سەباحەدین بەگو لوتفعەلی بەگ»، عەبدولرەحمان بەگ کۆنگرەکەی بەهەنگاوێکی گرنگ وەسفکردووە بۆ خەباتگێڕان«لەدەرەوەو ناوەوە» دژ بەدەسەڵاتدارانی عوسمانی.

عەبدولرەحمان بەدرخان «وەکو یەکێک لەبەشداربووانی کۆنگرەکە» باسی لە ناکۆکیە شکڵیو رێکخراوەییەکان لەناو کۆنگرەکەدا کردووەو هەڵوێستیکی بابەتیانەو مەبدەئیانەی وەرگرتووە بەرامبەریان، هەرچەند نازانرێت بەدرخان پشتی کام لایەنی لەناکۆکیەکاندا گرتووە، بەڵام جەختی لەوەکردۆتەوە کە ئەو ناکۆکیەکانە ناتوانێت ئەندامانی گۆنگرەو جیابکاتەوە لەخەباتی داهاتوویاندا، بەدرخان وەکو خەباتگێڕێکی جوامێر کە کاریگەری ناکۆکیە شکڵیەکانی لەسەر نەبووە پڕ بەدڵ هیوای سەرکەوتنی بۆ هەردوو لاو یەکگرتنی خواستوون، لەسۆنگەی ئەو شێوە بیرکردنەوەیەش وێنای بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردو ئایندەی کوردستان کێشاوە لەژمارە بیستو نۆداو باسی لەبناغەی یەکگرتن لەکوردستان کردووە، لە ژمارە سی دا ئەوەش وێنایەکە شایەنی گرنگی پێدانی مێژوونووسانو توێژەرانە سەبارەت بەپێشکەوتنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی.

* چەندین ئاماژەی تر هەن لە«رۆژنامەی کوردستان» کە پێویستە لەسەریان بوەستینو بە ئەرکی خۆمی دەزانم تیشک بخەمە سەریانو سەرنجی ئەوانەی بەلادا رابکێشم کە گرنگی بەو بوارە دەدەن:

(١) بڕوانە: دکتۆر حسین بەیاتی، انتکاسه الشعر العراقی، بابەتێک لەگۆڤاری «الجامعه»، البصره، ١٩٦٨.

١- عەبدولرەحمان بەدرخان زور بەگەرمی بەرگری لەهەموو ئازادیخوازانی عوسمانی کردووە لەپێش هەمووشیانەوە مدحەت پاشاو ئەو زوڵمەشی ئاشکراکردوە کە منداڵەکانی مدحەت پاشا رووبەرووی بوونەتەوە دوای مردنی باوکیان، هەروەها باسی لە خەسارەتی گەورەی ئازادیخوازانی عوسمانی کردووە بەمردنی»ئیسحاق سەکوتی ئەفەندی»»دیار بەکری» لە مەنفاکەی لە ئیتالیاو باسی لە جوامێری ئەم پیاوە ئازادیخوازە دیارەش کردووە، کە رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە کۆمەڵەی ئازادیخوازاندا»ژمارە 30- بەزمانی تورکی».

* لەژمارە »٥»ی رۆژنامەکەو چەند ژمارەیەکی دواتر زانیاری وورد هەیە سەبارەت بە بەدرخان پاشاو خەباتی دژ بەعوسمانیەکان، رۆژنامەکەش دەتوانرێت بەیەکێک لەگرنگترین سەرچاوەکان هەژمار بکرێت سەبارەت بەو خەباتگێرو سەرکردە کوردە، لەم رووەوە میقداد مدحەت بەگ لەژمارەکانی سەرەتادا لەبارەی خۆیو بنەماڵەکەی نووسیوە سوودی لەو باسانەی وەرگرتووە کە لەناو خێزانەکەی و هەروەها لەبۆتان لەکۆنەوە لەسەریان هەبووە بۆچوونێکی هاوشێوەی هەبووە سەبارەت بەوەی بنەماڵەکە دەگەڕێتەوە سەر خالیدی کوڕی وەلید، ئەوەش ئێمە لەبابەتێکدا لەرۆژنامەی تەئاخی لەژێر ناوی «خاڵتیون یان خالدیون»ناراستیمان دەرخستووە بەپشت بەستن بۆ بۆچوونێکی خوالیخۆشبوو میر جەلادەت بەدرخان.

ئەمەو ئێمە لەناو رووپەڕی رۆژنامەکەدا شوێنو پێگەی گەورەی بنەماڵەی بەدەرخانمان بۆ دەردەکەوێت لەکوردستانو چۆن ساڵانێک جێ ئاواتی گەلی کورد بوون بۆ سەرکردایەتی بزووتنەوەی نیشتمانی، ئەو نامە زۆرانەش کە بۆ رۆژنامەکە نێردراون وەکو پێشتریش باسمان لەبارەیانەوە کرد ناوی هەردوو خاوەنی رۆژنامەکەی تێدا بە »میری ئێمە» هاتووە، ئەمەش تەنها ناوێکی تەقلیدیو نازناوێکی ویراسی نەبووەو گوزارشتی خاوەنی نامەکان چەندین واتا لەخۆ دەگرێت کە زۆر قوڵو واتادارن، هەروەها دەبینین لە چەند نامەیەکدا باس لەوەکراوە کە جەماوەری کوردستان بەماچ پێشوازیان لەرۆژنامەکە کردووەو وەکو شتێکی پیرۆز، لەبەر ئەوەی لەلایەن «میریانەوە« بڵاوکراوەتەوە یان هاتووە لە مەنفا دوورەکەیەوە، هەروەها وەکو ئەوەی مزگێنی رزگاری سەیریان کردووەو لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکە بۆنو بەرامەیەکی شۆرشگێرانەو دەسپێکی نوێی خەبات بەدی دەکەین کە زۆرداران وایان دەزانی کۆتایی هاتووە بەلەناوبردنی شۆڕشە کوردییەکان، بەڵام ساڵانی دواتر شکستی ئەو بڕوایەی دەرخست، چونکە هەستانەوەی بزوتنەوەی کورد ئەمجارە مۆرکێکی نوێی هەبوو بەتێکەڵ کردنی بیرو چەک لەگەڵ یەکتردا، ئەگەر بەدرخانیەکان رۆڵی پێشەنگیان هەبوو لە رێخۆشکردن بۆ ئەو تێکەڵییە ئەوا شۆڕشی ئارارات وێنایەکی زیندوی بوو.



سەرچاوە Serchawe

* هەردوو خاوەنی رۆژنامەکە بەتایبەتی میقداد مدحەت بەگ لەبانگەوازەکانیاندا رووی دەمیان دەکردە خاوەنو موڵکو زەوی زار-ئاغاو بەگەکان»و زانایانی کورد، لەبەر ئەوەی دەیانزانی ئەو توێژانەو توێژی پیاوانی ئاینی هێشتا رۆڵی سەرەکییان هەیە لەناو کۆمەڵگەی کوردیداو دەتوانن خەڵکی کۆبکەنەوەو رێکبخەن بۆ خەباتی نەتەوەیی، بەڵام رۆڵی خودی عەبدولرەحمان بەدرخان لەبزوتنەوەی ئازادیخوازانەدا لە ناو ئیمبراتۆریەتی عوسمانی بەگشتی ئەو جۆرە بانگەوازانەی بەتاڵ کردەوە، بەو جۆرەش دەبینین لەژمارەکانی کۆتاییدا رۆژنامەکە رووی کردبووە گەل، ناشبێت بانگەوازەکانی میقداد میدحەتیشمان لەبیر بچێت کە هەمان مۆرکی هەبوو، ئاماژەی ئەوەشی تێدابوو کە دەرەبەگە کوردەکان نفوزو دەسەڵاتیان لە هەژارەکانەوەیەو بۆیە دەبێت کار بۆ ئەوان بکەن.

* لەرۆژنامەکەدا چەندین ئاماژەی تر لەسەر مەسەلە ئەدەبیو رۆشنبیرییەکان هەیەو رۆژنامەکە لەژمارە یەکیدا باس لە شاعیری کورد حاجی قادری کۆیی دەکاتو باس لەوە دەکات چۆن قەسیدەکانی لەئەستانەوە ناردووە بۆ کوردستان بەمەبەستی هاندانی گەل بۆ خەباتو رۆژنامەکە رۆژی وەفاتی حاجی قادریشی بەساڵی ١٨٩٧ دیاری کردووەو دکتۆر کەمال فوئادیش ئاماژەی بۆ ئەو مێژووە کردووە لەبابەتێکیدا پێش دوو ساڵ.

* لەرۆژنامەکەدا بابەتێک بڵاوکراوەتەوە سەبارەت بە یوسف زیا خالیدیو کتێبەکەی بە ناوی (الهدیە الحمیدیە)یەو دەستخۆشی لەو خزمەتە گەورەیەی زمانی کوردی کردووە، رۆژنامەکە هەروەها ئاماژەیەکی گرنگیشی تیدایە سەبارەت بە رۆژهەڵاتناسی ئەوروپی لەژمارە سیانزەداو ئاشکراکردنی بوونی بەشداری هاولاتی نەمساویو ئینگلیز لەرۆژنامەکەداو باسی لە پەیوەندی رۆژنامەکەو رۆژهەلاتناسی ئەڵمانی ناسراو «مارتن هارتمان»و پەیوەندی ئەو بەئەدەبی رۆژهەڵاتەوە کردووە، رەنگە ئەمەش ئاماژەیەکی نوێ بێت بۆ پەیوەندی رۆژهەڵاتناسان بەئەدەبی کوردی نووسراو»نا شەفەهیو فولکلۆری»و ئەمەش ئیزافەیەکە بۆ ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ئەلکسەندر ژاپاو مەلا مەحمودی بایەزیدی هەبوو.

بڵاوکردنەوەی چەندین برگەی چیرۆکە شیعرییەکەی ئەحمەدی خانیش»مەمو زین» لە رۆژنامەکەدا زیاتر لە دەلالەتێک هەڵدەگرێت، سەبارەت بەو رۆژانەو هەروەها دەلالاتی رەخنەیشمان دەدەنێ بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوە ئەدەبییە نوێکان، چونکە رۆژنامەکە یەکەم ئاماژەی راستەقینەی تێیدایە سەبارەت بەساڵی نووسینی مەمو زین کە ١١٠٥ی کۆچییە، ئەویش بە پشت بەستن بە ناوەرۆکی چیرۆکەکە، لەکاتێکدا سەرچاوەکانی دواتر دوورکەوتوونەتەوە لەو ئاماژەیە،، رۆژنامەکە یەکەم ئاماژەی زیرەکانەی داوە لەسەر قوڵی چیرۆکە شیعرییەکە بەوەی باسی لە چیرۆکێکی عیشق کردوە لەرووی زاهیرییەوە لەکاتێکدا چەندین مەبەستو حیکمەتی باتینی لەخۆگرتووە، رۆژنامەکە هەرچەند داوای کردووە چیرۆکەکە بەووردیی بخوێنرێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو ئاماژەپێکردنو داوایە تا ئەم ساڵانەی دواییش بەقوڵی بیری لێنەکراوەتەوە، هیواداریین بتوانین بەشێک لەداوای رۆژنامەکە جێ بەجێ بکەین. (١).

(١)نووسەری ئەم چەند رستەیە توێژینەیەوەکی قوڵی لەسەر لایەنە فیکرییو فەلسەفیەکانی خانی ئەنجامداوەو لەماوەیەکی نزیکدا چاپ دەکرێت.

ئەم رستانە ئەوەمان نیشاندەدەن کە مەمو زین تا چاپکردنو بلاوکردنەوەی رۆژنامەی کوردستان چاپ نەکرابوو میقداد بەدرخانیش لەو رووەوە داوای لەخوێنەران کردووە نوسخەیەکی تەواوی کتێبەکەی بۆ بنێرن بەمەبەستی چاپکردنی، رۆژنامەکە ئاماژەیەکی تەواویشی تێدایە سەبارەت بەوەی چیرۆکەکە لەناوچەی جەزیرە نووسراوەو میقداد بەگ جەختی لەوە کردۆتەوە ئەو چیرۆکەی چەندین جار بۆ هەندێک زانای تورکو عەرەب خوێندۆتەوەو بۆیانی وەرگێڕاوەو روونی کردۆتەوە چۆن ئەوان لەو بوارەدا کتێبەکی لەوە باشتریان بەرچاو نەکەوتووە.

ئەم گرنگیدانەی میقداد میدحەت بەگو ئەو رستانە بەڵگەی تەواو بەدەستەوە دەدەن کە رۆشنبیرانو زانایانی کورد تا ئەو رۆژانە چیرۆکێکی شیعری هاوشێوەی مەمو زین کە هب ئەحمەدی خانی بێت بەرچاو نەکەوتووە، چونکە ئەگەر چیرۆکیکی تر هەبوایە ئەوا بەدرخان بەشانازییەوە یان جەختی لەسەر دەکردەوە، ئەمەش پاڵپشتییە بۆ رەتکردنەوەی گێرانەوەی «لەیلاو مەجنونو یوسفو زلێخا» بۆ ئەحمەدی خانی.

لێرشەدا مادام ئێمە لەبارەی بڵاوکردنەوەی برگەگانی مەمو زین لەرۆژنامەکەدا دەدوێین ئەوا دەبێت ئاماژە بۆ ئەو رستانە بکەین کە میقداد بەدرخان بۆ پاساوی بڵاوکردنەوەی دەقە ئەدبییەکان کردوویەتی لە ژمارە دووی رۆژنامەکەداو ووتویەتی، هەندێک میرو ئاغای کورد نامەیان بۆ ناردووینو داوایان کردووە لەرۆژنامەکەدا باس لەباروڤۆخی ئێستا بکەینو چەند دەقێکی ئەدەبی کوردی لەشیعرو مەلحەمەی کوردی بڵاوبکەینەوە، بۆیە لێرە بەدواوە پەنا بەخوا باس لەبارودۆخی ئێستای کوردستان دەکەینو هەموو ژمارەیەکیش چەند کۆپلەیەک شیعرو چیرۆکی جوانی کوردی بڵاوەکەینەوە.

هەرچەند رۆژنامەکە بەڵێنەکەی خۆی بەجێهێنا بۆ باسکردنی بارودۆخی هەنوکەیی کە گەلی کوردی پێدا تێدەپەڕی و بوو بەرۆژنامەیەک بۆ کاتی خۆی نەک تەنها بۆ مێژوی میلەتەکەی بەتەنها وەکو باسمان کرد، ئەوا بەڵێنەکەی بەبڵاوکردنەوەی دەقی ئەدەبی خۆی تەنها لە چیرۆکی «مەمو زین»و چەند کۆپلەیەک لەشیعرەکانی حاجی قادردا بینیوەتەوە کە لەپەراوێزی یەکێک لەنوسخەکانی مەمو زیندا نوسیبووی، وەکو باسم کرد، رۆژنامەکە ئاماژەی بەوەشکردووە کە خانیو حاجی شیعریان کردبووە کەرەستەیەک بۆ خەباتی نەتەوەیی وەکو باسکرا، رۆژنامەکە هەروەها چەند کۆپلەیەکی تەقریزی تێدایە کە »ابن الشیخ.ا.فەتاح» لەدیمەشقەوە ناردویەتی.

ئەم باسەش بەسوودە بۆ توێژەرانمان بۆ ئەوەی کاربکەن لەسەر کلتورو مێژوومانو هەروەها بۆ چەسپاندنی سەرەتاکانی دەرکەوتنی فیکری نەتەوەیی لەشیعری کوردیداو ئەمەش پاڵپشتی لەو بۆچوونە دەکات کە بەشێک لەتوێژەران جەختی لێدەکەنەوە بە رەتکردنەوەی هەندێک شیعرو ناوی خوازراوی شاعیران.

* لەگەڵ جەختکردنەوەی رۆژنامەکە لەسەر خوێندنو بڵاوکردنەوەی مەعریفەت ئەوا جەختیشی لەسەر پیشەسازی لەوڵاتدا کردۆتەوەو



سەرچاوە Serchawe

باسی لەگرنگی پیشەسازی کردۆتەوە لەژیانی خەڵکیداوهەروەها بۆ پارێزگاری کردن لەنیشتمان، لەو رووەوەش چەندین ئاماژە لەناو بابەتە جۆراوجۆرەکاندا هەیە، ئەمەو لەکاتێکدا کە رۆژنامەکە هەواڵی جەنگو شەڕەکانی ئەو کاتی بلاودەکردووە وەکو «شەڕی بەڵقانو دوورگەی کریتو جەنگی میسرو سودان» ئەوا جەختی لەوەش کردۆتەوە کە باڵادەستی پیشەسازیو باڵادەستی بوونی کەرەستەی جەنگ کاریگەری گەورەی هەیە بۆ سەرکەوتنی لایەنێک بەسەر لایەنێکی تردا، رۆژنامەکە هەندێکجار زیادەرۆییشی کردووە لە بەگەورەکردنی ئەو باڵادەستییەو کردویەتی بەدەستپێک بۆ هاندانو داوای لەکورد کردووە هەوڵی پیشەسازیو فێربوونی پیشەسازی جەنگی نوێ بدەن، ئەو داوایەش بەتەواوی موتابیق بووە لەگەڵ ئەوەی لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆییو بانگشەکانی هاتوەو هەروەها بەڵگەیە لەپاڵ ئەو شیعرانەی بانگشەی بۆ خوێندنو بڵاوکردنەوەی مەعریفە کردوە لەسەر ئەوەی رەوتێکی فیکری لەیەکچوو هەبووە ئەوەمان نیشان دەدات فیکرو بانگشەکانی ئەو سەردەمە کە لەبواری توێژینەوەی ئەدەبیدا هەبوە دەخرێتە ناو بزوتنەوەی رۆشنگەرییەوە یان کاریگەری تورک لەسەر رۆشنبیرو پیشەنگانی بزوتنەوەی رزگاری کوردیدا.

ئەم باسەی کردمان بو سەرەتاکانی کاری رۆژنامەگەری کوردی خالیکی روونەکە لە رێڕەوی فیکری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی، حەزمکردووە شارەزایانی لێ ئاگاداربکەمەوە بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرنو دواتر بەشێوەیەکی بەرفراوانترو قوڵتر کار لەسەر یەک بەیەکی ئەو ئاماژانەی بکەن لەبواره جیاجاکانی توێژینەوەدا سەبارەت بە خەباتی گەلی کوردو خەباتی وشەی کوردی، بەو هیوایەی دیالیکتی رۆژنامەکەو دەرچوونی بەدوو زمان نەبێتە لەمپەرێک لەبەردەم سوود وەرگرتنی پێویست لێیی.

سڵاوێکی گەرم بۆ هەردوو بەدرخانی پێشەنگ «میقداد میدحەت بەگو عەبدولرەحمان بەگ»، با لێرەدا لەرۆژی رۆژنامەگەری کوردی، رێزیان لێ بنێین وەکو دوو رۆڵەی بەئەمەک بۆ گەلەکەیانو بۆ شۆڕشگێڕی گەورە بەدرخان پاشا.

زۆر سوپاس بۆ هاوڕێم دکتۆر کەمال فوئادیش کە بڵاوکردنەوەی ژمارەکانی رۆژنامەکە لەلای ئەوەوە رێگەی بۆ خۆشکردینەوەو ئەو چانسەی پێداین یادی ئەو دوو کەڵە پیاوە بکەینەوە.

تەئاخی ١٤ - ٢٠ مارت ١٩٧٣

٧ - ٩ - ٢٠١٨

-----------------



سەرچاوە Serchawe

## سەبارەت بە ڕۆژنامەگەری کوردی

### با پێشەنگەکان لەبیرنەکەین لەیادی ڕۆژنامەگەریدا*

### بەشی پێنجەم و کۆتایی

لەیادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، لەکاتگای دڵمەوە سوباسی ئەو کەسایەتیانە دەکەم کە پێشەنگ بوون لەبواری ڕۆژنامەگەریو بوارەکانی تردا.

### گەڕان بەدوای پێشەنگانی ڕۆژنامەگەری کوردی؟

بۆ گەڕانو دۆزینەوەی ناوی پێشەنگەکان پێویستمان بە هیلاکییەکی زۆر نییە، لەبەر ئەوەی یەکەم ڕۆژنامە ناوی «مقداد مدحەت بەدرخان»ی پێوەیەو خودی ڕۆژنامەکەش کە (کوردستان)ە، ناوی براکەی تری پێوەیە کە ئالاکەی لەدوای ئەو هەڵگرت، من دەمەویست چەند شتێک لەبارەی ڕۆژنامەکەوە بڵێم کە لە قوڵایی هەستمەوەیە، ئەوەی لەیادی ڕۆژنامەگەرییدا لەبارەی ڕۆژنامەی کوردستانەوە دەیڵێین ئەوەیە کە ئەو ڕۆژنامەیە لەکاروانی سەروەریو پێشەنگیدا ناوی تۆمارکراوە ئەمە چ جای تۆمارکردنی لەکاروانی ئەفراندنو داهێنانو پەنابردنێتی بۆ شێوازێکی نوێی بەهێزو جێ شانازی لەبواری نووسینو ووشەدا.

بۆ ووتەکانم لە بارەیەوە کە لە دڵمدایە، ئەوا هەڵێک دەدۆزمەوە بۆ بڵاوکردنەوەیان لەفورسەتێکدایە، لێرشەدا بۆ وشەکەو پێشکەش کردنی سوپاس گوزاری بۆ ئەوانەی خزمەتی ووشەی کوردییان کردووە لەرۆژنامەگەریدا، دوو کەسایەتی بەنموونە ئەهێنمەوە کە ئەوانیش:

(پیرەمێرد)و (حوزنی موکریانی)ین، کە دوو پێشەنگی بواری ڕۆژنامەگەری کوردیو دوو کەسن کە خاکێکی بەراویان کێڵاو هاتن بۆ ئەوەی ووشە بە گەلێک بگەیەنن کە دواکەوتوویی هەموو سوچەکانی ژیانی داگیرکردبوو، هەروەها گەڕاون بەدوای کەرەستەو وەسیلەتێک بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان.

ووشەکانی ئەوان، ووشەگەلی ئازادو یاخیو هۆشیاربوو کە لەقوڵایی دەروونە هەڵدەقولاو بۆ هەلێک دەگەڕا بۆ سەرهەڵدان، لەناو ڕێگایەکی دەوردراو بەهەزاران دڕکو داڵ کە دوژمنانی کوردو دواکەوتویی بەرهەمیان هێنابوو، ئەو دوو کەسایەتیەش چەندین چیرۆکو

بەسەرهاتیان لە گەڵ چاپەمەنی کوردیو رۆژنامەگەریدا هەبوو.

دارِ بەرِووش هەزاران حیکایەت لەبارەی چیاکانی کوردستانو پاڵەوانێتی خەڵکەکەی دەگێرِێتەوە، لە پاڵ جۆرێک گەلێکی نوێی سەبارەت بە پاڵەوانێتی پێشەنگەکانی ووشە.

ئایە حوزنی «کەرەستەو وسیلەتی» وەکو هونەرمەندێکی شارەزا لەو بوارەدا هەڵنەکۆڵیو نەیکردە شتگەلێک بۆ چاپکردن بۆ ئەوەی چەرخە پرشنگدارەکەی لەبەرزاییەکانی رەواندوزەوە بجۆلێنێت رووەو شانازیو لوتکەکانی «کاروخ و بەرزاییەکانی زۆزکو هەندرێن»؟
پیرەمێردیش، حیکایەتی دەهۆنیەوەو بەهەردوو دەستە شەکەتو لەرزیوەکەی لەبارەی هەموو شتێکەوە بۆ رۆژنامەکەی دنوسی، بابەتێک بۆ خەڵکی سڤیلو یەکێکی تر بۆ منداڵانو قەسیدەیەک بۆ هەوادارانی شیعرو ریکلامی هەزلیشی بڵاودەکردەوە، هەرخۆی دەهات بۆ لای کارپێکەرانی ئامێری چاپ کە خۆشی یەکێک بوو لەوانو بەدەستی خۆی ئەو چەرخەی دەسوارند کە تا ئێستاش بەردەوام لەجوڵەو سورِانەوەدایە,

لێرەوە دەڵێین سڵاو لە رۆژنامەگەری کوردی کە جوانترین یادەوەریی بۆ ئێمە بەجێهێشتووە

*التاخی ژمارەی ٢٢ی نیسانی ١٩٧٢

١٥ - ٩ - ٢٠١٨

سەرچاوە: ماڵپەرِی کوردستانی نوێ

-----------------------------------------------------------------

# کورد لە نۆ کۆماری سۆڤێتیدا



## پەیڤێک

رۆژنامەی کوردسانی نوێ هەر لەسەرەتاوە، بووە بەسەکۆیەکی ئازاد و گەورە بۆ هەموو نووسەران و بیرمەندان و روناکبیرانی کورد، راستە رۆژنامەکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات، بەڵام لەهەمانکاتیشدا وەکو یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە باشووری کوردستان لە دوای راپەرین، بەشێکی زۆری نووسەر و شاعیران و روناکبیرانی کوردستان لێی کۆبوونەوە، یەکێکیش لەو قەڵەمە جوانانەی کورد خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر دکتۆر عزەدین مستەفا رەسوڵ بوو.

ساڵی ١٩٩٢ قۆناغێکی گرنگ و مەزن بوو بۆ کورد، لەم ساڵەدا پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدایک بوو، لە پارچەیەکی دووری تری کوردستانیشەوە بەتایبەتی ئەوەی پێی دەڵێن کوردستانی سوور، لەوێش هەوڵی دروستکردنی حکومەتێکی کوردی درا، لێ بەداخەوە زوو هەوڵەکە لەناوبرا، هەر ساڵی ١٩٩٠ەوە روسیا گرنگی بە کورد دەدات و کۆنگرەیەکی گەورە بۆ کوردەکانی یەکێتی سۆڤێت رێکدەخات، بە واتایەکی تر لەو ساڵانەدا رابوونێکی سیاسیی و فەرهەنگی گەورەی کورد بوو.

بەداخەوە ئێمە زانیاری زۆر کەممان لە بارەی کوردەکانی یەکێتی سۆڤێتەوە هەبوو، بەڵام دکتۆر عزەدین بەحوکمی ئەوەی خۆی ماوەیەکی زۆر لە سۆڤێت ژیاوەو لە زانکۆکانی ئەوێش دکتۆرای هێناوە، شارەزایی و زانیاری زۆرباشی لەبارەی ئەوانەوە هەبوو.

ئەم کۆمەڵە وتارەی دکتۆر عیزەدین کە لە ژمارەکانی (١١٦ - ١١٧ - ١١٨ - ١١٩)ی مانگی ٦ - ١٩٩٢دا بڵاوبۆتەوەو زانیاری زۆری لەو بارەیەوە تێدایە.

ئێمە وەکو وەفایەک و گرنگی بابەتەکە، پێمانباشبوو دووبارە ئەم زنجیرە وتارانەی بەرێزیان بڵاوبکەینەوە.

کوردسانی نوێ

## نووسینی: پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ

### بەشی یەکەم

لە ژمارە (١٠٥) ی کوردستانی نوێدا ووتارێکی کاک بورهان ئیبراهیم یەعقووبم دی دەربارەی (کورد و ناکۆکیی نێوان ئازربایجان و ئەرمەن) دەمەوێ بەشداری قسەکانی نووسەربم و کەمێک لەو باسە بدوێم.

**یەکەم**: ئەو ناوچەیە ئۆتۆنۆمی یەی لە سەرەتای فەرمانڕەوایی سۆڤێتدا بۆ کورد دروستکرا ئەخچەوان و کەرەباخی تێدا نەبوو. بەڵام (لاچین) ی تێدابوو. بەڵکو شارۆچکەی (لاچین) پایتەختی ئەو بوو، تا ئەم دووایەش سێ قەزای (لاچین و کەڵباچار و قوبادلی) لە ئازربایجاندا بە (کوردستان) ناو دەبران.

**دووەم**: ئەو کۆماری ئۆتۆنۆمی یە ناوی (کوردستانسکی) نەبووە، وەک کاک بورهان نووسیویەتی - چونکە (کوردستانسکی) بە رووسی مانای (کوردستانی) یە، واتە (موزاف الیە) ی دەوێ. بەڵکو ناوی (کراسنی کوردستان) واتە (کوردستانی سوور) بووە. هەرچی (ئاخچەوان و کەرەباخ) یا (قەرەباخ) یا (ناگۆرنی قەرەباخ) واتە (قەرەباخ) ی چیایی یە ئەوە کوردیان تێدایە، بەڵام زۆربەیان کورد نین.

**سێیەم**: دەربارەی کەمبوونەوەی ئاماری کورد لە (یەکێتی سۆڤێتدا چەند هۆیەک هەیە - دیارترینیان: ئەوەیە کە ناوچەی (ئەلیزابێس پۆڵ) کە سەر بە رووسیای قەیسەری بوو - کە وا بزانم هەر (فارس و ئەردەهان) بوو درا بە تورکیا، بەمە ژمارەی کورد لە حکوومەتی تازەدا، واتە - سۆڤێتی کەمبۆوە پاشان لە (ئازربایجان) دا زیاد لە هەموو لایەک کورد چەوسێنرایەوە و سیمای نەتەوەیی شێوێنرا. کەمبوونەوەی ژمارەی کوردی ئازربایجان لە ئامارەکاندا بەهۆی ڕاگوێزانەوە نەبووە، چونکە ئەگەر ڕاگوێزانی کورد لە ئەزربایجاندا بووبێ زۆر کەم بووە، ئەو (ڕاگوێزان)ە شوێنی تری گرتۆتەوە، بەڵام لە ئازربایجان - بە تایبەتی لە سەردەمی میر جەعفەر باگیرۆڤدا ئیتر دان بە بوونی کورد دا نەدەنرا، ئەگەر سەردەمی پێشوو زۆر کەس لە ئازەری و کورد لەژێر ستوونی - نەتەوەدا خۆیان بە موسوڵمان نووسیبێ، واتە: موسوڵمانیان بە ناسنامەی نەتەوەیی زانیبێ کە لە شوێنی تری وەک (داگستان) ش هەبووە، ئەوا لە سەردەمی باگیرۆڤدا ووشەی (ئازربایجان) ی جێی گرتەوە و کوردیش و ئازەریش هەر بە (ئازربایجان) ی دا دەنران، ئەمە هەر ژمارەی کوردی لە ئامارەکاندا کەم نەکردەوە، بەڵکو هەر هێنایە سەر (سفر) و (نەبوو).



سەرچاوە Serchawe

کوردی ئازربایجان زۆر کۆنن، تەنانەت لە سەدەی دوانزەهەمدا بنەماڵەی (شەدادی) ی کورد حوکمڕانیی ئازربایجانیان کردووە و شاعیری وەک (نیزامی گەنجەوی) یان پێگەیاندووە.

ئەوەی کە کوردی ئازربایجان موسوڵمانن و کوردی ئەرمەنستان و گورجستان یەزیدین کاری زۆری کردە سەر ئەوەی لە سەرەتای حوکمڕانیی سۆڤێتدا یەک نەگرن و جێی خۆیان پتەو نەکەن، تا هێرشی شۆڤێنیی ئازەری یەکان و سەردەمی ستالین زۆر شتیان لەکیس بدات. ئەگەر ئەو سەردەمە شۆڤێنی یە ئازەریەکان یاری یان بە کاغەزی موسوڵمانێتی کردبێ، ئەوا ئێستا شۆڤێنی یە ئەرمەنی یەکان، بە تایبەتی پاش سەرکەوتنی ئیتر پیترۆسیان لە ئابی ١٩٩٠ دا یاری بە کاغەزی یەزیدێتی دەکەن و دەیانەوێ بەو جۆرە کورد لەیەک دابڕن.

میر جەعفەر باگیرۆڤ کە هاوکاری بیریا و باڵی ستالین بوو بە شۆڤێنیی تورک نادرێتە قەڵەم، بەڵکو زۆر دژی تورانیزم و پانتورکیزم بوون ئازاری ڕۆشنبیرە تورانی یەکانی ئازربایجانی دا، ووشەی (ئازربایجان) و (ئازربایجانی) ی لەجێی تورک چەسپاند. هەر لە زەمانی ئەودا پاشبەندی (اوڤ) ی ڕووسی لە ناسنامەی زۆربەی خەڵکدا جێی (زادە) و (ئۆغلی) ی گرتەوە.

دەتوانین بڵێین باگیرۆڤ شۆڤێنیی ئازربایجانی بوو، هەر لە کارەساتی (جمهوریەتی کوردستان) دا دەستی دیاری بوو، ئەو (پیشەوەری) ی هاوکار و پاشان قوربانیی دەستی جمهوریەتی کوردستانیان بە بەشێک لە ئازربایجاندا دەزانی و دەیانویست کوردستان لەناو ئازربایجاندا ئۆتۆنۆمی هەبێ. کە بێگومان پێشەوا قازی محمد بەمە ڕازی نەبوو.

هەروەها هەڵوێستی شۆڤێنیی ئەو بەرامبەر بە بەرزانی یەکان لە ناردنە ئۆزبەکستانیاندا دیارە. هەروەک زۆر کەس لە باکو باسی هەڵوێستی ئازایانەی (مستەفا بەرزانیی نەمر) یان دەکرد بەرامبەر بە باگیرۆڤ. لەکاتی موحاکەمەی باگیرۆڤدا ئازاردانی بەرزانی یەکان یەکێک بوو لەو تاوانانەی درایە پاڵی، زۆر لە خوێنەرانیش دەزانن کە باگیروڤ سیاسەتی ئازەری یەکانی بەرامبەر بە کورد نەگۆڕی تەنانەت لە سەردەمی سەرکۆماریی کەسێکی وەکو (محەمەد ئەسکەندەرۆڤ) یشدا کە خۆی بە کورد دەزانی و لە کوردی هەر ئەوەی لەبیرمابوو پێی دەووتین (ئەز کرمانجم، ئەز لاوێ عەبدێمە) هیچی پێ نەگۆڕدرا. دیارە ئەو سیاسەتەی باگیرۆڤیش هەر ئەو سەردەمە دەستی پێنەکردبوو، بەڵکو موسوڵمانێتیی کوردی ئازربایجان، با ئەمان سوننی و ئازەریش شیعە بن، هەر لە زەمانی قەیسەرەوە کورد و ئازەریی لە خانەی موسوڵمانێتیی دا کۆکردبۆوە و هاوکێشی (زۆری و کەمی) کاری کردبوو، کە ڕژێمی سۆڤێتیش لە زۆر شوێن ناسنامەی نەتەوەیی دا بە هەندێک نەتەوە کە تەنانەت (ئەلف و بێ)شیان نەبوو ( کە ئەمە کوردی ئەرمەنستان و شاری (تبلیس) ی گورجستانیش دەگرێتەوە، کەچی لە ئازربایجان کوردی بەو دەردە برد.

لە ئازربایجان - هاوکێشی ئازەری و موسوڵمان وای لێکرابوو تەنانەت لە ساڵانی شەستیشدا بە ئاسایی شۆفێری تەکسی لە ئێمە مانانی دەپرسی (سز موسولمانز؟

واتە: تۆ موسوڵمانی) کە وەڵامت دەدایەوە بەڵێ، دەیپرسی (موسوڵمانجە - یا موسوڵمان دیلی بیلیر) واتە زمانی موسوڵمان دەزانی، مەبەستیش ئازەری بوو. لە سەردەمی قەیسەردا لە قەفقاس ئاین هۆی ڕیزبوونی خەڵکی بوو لە تەنیشت یەکەوە، وادیارە ئێستاش گەلێک دەستی دەرەوە دەیانەوێ بەو جۆرەی لێ بکەنەوە، بەڵام ئەوەی ساڵی ١٩٩٠لە ئەرمەنستان و لەناو هەموو کوردی سۆڤیێتدا دیم ئەوە دەگەیەنێ کە تاک و تەرای کورد نەبێت، کورد لەسەر ئەو باوەڕە نین کە بە هۆی ئاینەوە واتە بەسەر یەزیدی و موسوڵماندا دابەش بکرێن. بەڵکو هەموو لە هەموو شوێنێکدا لەگەڵ هەژانی گەلانی سۆڤیێتدا بە هەستی نەتەوەیی یەوە ڕاستبوونەوە و خۆیان بە کورد دەزانن و داوای دیاریکراویان هەیە.

ئەمەش لە کۆنگرەی هاوینی ١٩٩٠ دا لە مۆسکۆ باش دیار بوو، کە دێینەوە سەری.

## بەشی دووەم

برایەکی بەڕێز لێی پرسیم: چۆن ئەم هەموو زوڵمە لە کورد کرابوو کەچی داپۆشرابوون ئەو برایە چەند جار لەگەڵ وەفدی جیاجیادا وڵاتی سۆڤیێتی دیبوو، کەسانێکی تر وا دەزانن ئێمەی لەو وڵاتە ژیان هەموو راستی یەکمان دیوە و بیستووە و لە خەڵکمان شاردۆتەوە لە ڕاستیدا هەرکەس لەو وڵاتانە ژیابێ تەنانەت ئەوانەش کە زۆر بە شوێن کورد و مەسەلەی کوردا گەڕاون و پێوەندیی باشیشیان لەگەڵ کوردەکانی ئەو مەڵبەندانەدا هەبووە هەر لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە کورد لە چوار کۆماری سۆڤیێتیدا دەژیان (ئەرمەنستان، ئازربایجان، گورجستان، تورکمانیا). بەڵام وا ئێستا - بە چاوی خۆم لە کۆنگرەی ئەمووزی ١٩٩٠ ی کوردا لە مۆسکۆ هاواری کوردم دەبیست - ئێمە لە نۆ کۆماردا دەژین.

داوای کۆکردنەوە و یەکگرتنەوە و مافی نەتەوەیی یان دەکرد.

ئایا هەموو ئەو دابەشبوونە دەدرێتە پاڵ چەوسانەوە و ڕاگوێزان و وە باڵیش هەموو دەخرێتە ئەستۆی ستالین و شۆڤێنی یەکانی ئەم لاو ئەولا یا هۆی تری هەیە، بێگومان ئێمە لە هیچ تاوانێکی ڕاگوێزان و ئازاردان نابوورین. بەڵام لە پاڵ ئەو تاوانەشدا ئەم دابەشبوونە قووڵی یەکی مێژوویی هەیە. کوردی هەر نۆ کۆمارەکەش ئەو خەستیی دانیشتوانە نین کە قەوارەیان هەبێ، بەڵکو لەچەند کۆمارێکدا ئەو خەستی یە (کثافە) یان هەیە.

ئەو چەند ساڵەی لەو وڵاتە دەژیان زۆربەی رۆشنبیرە کوردەکانی ئەرمەنستانمان دەناسی. ئاگامان لە کاری ڕادیۆ و ڕۆژنامەی (ریا تازە) و کتێب و دیوانی یەک لەدوای یەک چاپکراویان بوو. هەندێک کوردی گورجستانمان دەناسی. ئەوانە یا کۆچیان کردبوو بۆ شاری (تفلیس) و هەژاری کاری زەحمەتکێشی ناو شاری پێ دەکردن، یا هەر لەو دێهاتانەی سەر سنووری تورکیاوە راگوێزرابوون بیانووش ئەو بوو کە هاتوچۆی ئەم دیوو ئەو دیوی سنووریان لێ ببڕن، بە تایبەتی دێهاتی ئەو دیو (ئارارات) و پاش شکانی شۆڕشی ئارارات

- بە سەرکردەیی کۆمەڵەی (خویبوون) و ڕابەریی ئیحسان نووری پاشا.

چەند کوردی تورکمانیامان کە دەبوونە پسپۆری کوردی، بەڵام کە کوردی (تبلیس) توانیان ئێستگەیەکی محەلی و پۆلی دەرسی (دانشگای میللی) بە کوردی و تیپی مۆسیقای (دیلان) دروست بکەن، کوردی تورکمانیا ئەو دەمە دەنگوباسی وایان نەبوو هەرچی کوردی ئازربایجانە ئەوە کۆنی و قووڵیان لەگەڵ مێژووی وولاتەکەدا زانا و نوسەر و شەخسیەتی گەورەی لێ دروست کردبوون. زۆربەیان دانیان بە کوردێتیی خۆیاندا دەنا. کورد لە نووسینیاندا ڕەنگی دەدایەوە، بەڵام ئەوانەی لە کۆمەڵگای ئازربایجاندا ناویان هەبوو کوردی یان نەدەزانی. (سەمەد ڤورگون) ی شاعیری گەورەی ئازربایجان لە زۆر شوێنی شیعرەکانیدا ناوی کورد لە ڕیزی ناوی چەند میللەتی وەک: ڕووس و ئەرمەن و ئازربایجانی و ئۆکرانیدا دەبا. کە (کورد موسا) قارەمانی داستانێکی شیعری ئەوە. ئەوانەیان ئەویان دیبوو (لە کۆتایی پەنجاکاندا مردووە) دەیانگووت: سەمەد دەیووت، کورد مووسا دیمەن و ئادگاری باوکمە.

قارەمانی رۆمانێکی سلێمان رەحیمۆڤ کوردە، نووسەرانی وەک: عەلی وەلیبیڤ، قاسمی قاسم زادە شانازی یان بەوەوە دەکرد کە بە ڕەگەز کوردن، بەڵام هەر هەموویان کوردی یان نەدەزانی و لە نفووسدا بە ئازربایجانی نوسرابوون و هەڵوێستی ڕەسمی ئازربایجانی یەکانیش ئەوە بوو بەرامبەریان ساڵی ١٩٦٠ لە ڕادیۆی عەرەبیی باکۆ کارم دەکرد لە کوردستانەوە پرسیارێک دەربارەی کوردی سۆڤێتی کرابوو. بە پێی پێڕەوی ڕادیۆ پرسیارەکە بۆ شارەزایەک نێرابوو کە دوکتۆر عەلی گەلاوێژی خۆمان بوو.

کاک عەلی بە ئارەزووی دڵی خۆی باسی کوردی ئەرمەنستان و کەڵچەر و بەرهەم و رۆژنامە و کتێبیانی کردبوو. کە هاتبووە سەر باسی کوردی ئازربایجان پیاوی گەورە گەورەیان تێدا هەڵکەوتووە و بە نموونە ناوی هەندێک شاعیر و نووسەری ئازەری نووسی هێنابوو، سەرۆکی بەشی عەرەبی لاوێکی لەخۆبایی بوو ناوی (ناهید محەمەدۆڤ) بوو، لەبەر ئەوە ناوی دەبەم چونکە لەوانەیە ئێستا لە ڕیزی پێشەوەی ناسیۆنالیستەکانی ئازربایجان بێت. ناهید خەتێکی ڕاست و چەپی بە سەر باسی کوردی ئازربایجاندا هێنا، کە کەوتمە موناقەشە ووتی: (بوردە ئازربایجاندە کورد من یوخ) واتە: (لێرە لە ئازربایجان کوردمان نی یە). من بەمە ڕازی نەبووم، چوومە لای سەرۆکی بەشە بێگانەکانی ڕادیۆ، کە بە تکای ئەو من چووبوومە کۆمەکی بەشی عەرەبیی ڕادیۆ، کابرا کە ناوی (موختار حاجییڤ) بوو لە هەموو شتدا وورد و مێشک کراوە بوو، بەڵام لەمەدا کورد ووتەنی: (ئومێدێکمان بەوەیس بوو، وەیسیش سوننی دەرچوو)

لێم ڕاپەڕی ووتی: باشە تۆ چۆن ئەمانە بە کورد دەزانی. بە ئاسانی ووتم: چونکە خۆیان بە کورد دەزانن. ووتی:

بەڵێ، وایە، ئەگەر تۆ دزز ڕۆژە سولەیمان رەحیمۆڤ بناسی، من لە منداڵی یەوە هاورێمە، بە منداڵی هەر (کوردۆ) مان پێ دەووت، قسە لە من و قسە لەو تا خاوەن ماڵ دزی گرت دز خاوەن ماڵی گرت، پێی ووتم: ئەمانە بە ڕەسمی ئازەرین، ئەو هەڵوێستەی تۆ کۆمۆنیستانە نی یە، لە وەڵامدا و لەبەردەمی چەند کارمەندی ڕادیۆدا پێم ووت: سەیرە، کەسێک بەزۆر کورد بکات بە ئازەری و

کۆمۆنیست و ئەنترناسیۆنالیستە، بەڵام کەسێک بە کوردێک بڵێ کوردە نا کۆمۆنیست و ناسیۆنالیست بێت. کە لە ژوورەکەی هاتمە دەرەوە ئیتر بەلای خۆی و ڕادیۆکەیدا نەچوومەوە.

ئەمە هەڵوێستێکی نزیکبوو لە هەڵوێستی ڕەسمی یەوە، ئەگینا لەناو ڕۆشنبیر و زانا ئازەری یەکاندا هەڵوێستی پێچەوانەم دیووە.

ئەو سەردەمە، کوردی ئازربایجان کتێب و خوێندنی کوردی یان نەمابوو، بەڵام لاوی وەک شامیل عەسکەرۆڤ پەیدا بوو بوو کە شیعری کوردیی دەکرد بە ئازەری و شیعری بە کوردی دەنووسی و دەینارده ئەرمەنستان بۆ چاپ. حسین عەلی شانۆڤ و زومرود شەفیعۆڤا بە گەورەیی فێری کوردی بوون و نامەی دوکتۆرایان لەسەر ئەدەبی کوردی نووسی. نامەی شامیلیش لەسەر جگەرخوێن بوو کە دەچووینە ((کەڵباجار)) هەموو کوردانە دەهاتن بەپیرمانەوە کوردیشیان دەزانی.

باباییڤ کە هەر لە شەستەکانەوە تا ئێستا خەریکی مەسەلەی کوردە، خۆی ئەرمەنستانی بەجێ هێشت و چووە ناو کوردی ئازربایجانەوە. بە کورتی ژمارەی زۆری کوردی ئازربایجانی و گەورەیی ناوچەی (کوردستانی سوور) ە کەیان هاوسنووریان لەگەڵ ناوچە کوردنشینەکانی ئەرمەنستاندا لەباریدا هەیە بیکاتەوە بە مەڵبەندی بزووتنەوەی کوردی ئەو ناوچەیە ناوونیشانەکەمان باسی کوردی نۆ کۆمارە دەبێ بەڕیبز بێینەوە سەر باسی ئەوانیش.

## بەشی سێیەم

هاوینی ١٩٩٠ لە (ئەکادیمی نادر نادرۆڤ) م پرسی من چەند ساڵ لەم وڵاتە ژیاوم، ئاگاداری کوردی چەند کۆمارم، بەڵام نەمبیستبوو لە (کازاخستان) کورد هەبێ و بەم چەشنە کوردی یە ڕەوانەی تۆ بە کوردی قسە بکات و گەیشتبێتە ئەم پایە زانستی یە بڵندە. وەڵامی ئەوە بوو: ئێمە لە کازاخستان کۆنین، لە زەمانی (شا عەبباس)ەوە دوورخراوینەتەوە یا کۆچمان کردووە، ڕەنگە لە سەرەتادا چەند خێزانێک بوو بین، بەڵام وا ئێستا کۆمەڵێک گوندی کورد هەیە و هەمووش بە کوردی دەدوێن. لە شاری «ئەڵمەئاتا» ی پایتەختیشدا رۆشنبیرمان زۆرە. ئەوەتا شێخ حەسەنی موفتیی کازاخستانیش هەر کوردە و هاتووە بۆ کۆنگرەی کوردان و هەقی کوردی دەوێ.

نادرۆڤ دەیووت: ئێمە کەم بووین، بەڵام کە ئێستا داوای مافی نەتەوەیی خۆی دەکات ئێمەش هەقی خۆمان دەوێت و دەوێرین بە دەنگی بەرز بڵێین کوردین. کازاخستانم بە کۆماری پێنجەم دانا و بە دوای چوار کۆمارەکەی تردا گەڕام کە کوردی تێدایە. کۆمەڵێک لە قرگیزیاوە هاتبوون، ئەوانیش هەر کوردی ئاوارە و کۆچکردوو و ڕەنگە را گوێزراویش بن. بەرە بەرە زیادیان کردووە و زمانیان لەبیر نەچۆتەوە و ئەو گیانە تازەیە و کۆششی ئەو رۆشنبیرە پێشڕەوانەی دەمێکە لەو وڵاتەدا بە تایبەتی لە ئەرمەنستاندا مەشخەڵی کوردایەتی یان هەڵگرتووە ئەوانیشی هێناوەتە کۆڕی ئەم خەباتە تازەیەوە.

لە کۆماری رووسیای سۆسیالیستی فیدراسیۆندا کە گەورەترین کۆماری سۆڤێت بوو «رووسیای ئێستا» ناوی دانیشتووی کورد نەبوو، تاقە کەسانی ئەوتۆ نەبێ کە لە دام و دەزگاکانی مۆسکۆ و لێنیگراد و شوێنەکانی تردا کاریان دەکرد. بەڵام لە کۆنگرەی ١٩٩٠ دا دەنگی دانیشتووان و دێهاتی کوردی ئەم کۆمارە هەبوو. لە سیبریاوە خەڵک هاتبوون، ئەمانە پاشماوە و پەرەسەندووی دوورخراوەکانی قارس و ئەردەهانی دەوری قەیسەرن.

ئێستا بە تایبەتی پاش رووداوەکانی (قەرەباغ) کوردێکی زۆر روویان کردۆتە ناوچەی «کراسنەدار» کە مەڵبەندی کشتوکاڵی یە. لەوانە نووسەری ناسراوی کورد (عەلی عەبدورەحمان) م دی کە کۆچی کردبوو بۆ کراسنەدار و لای وابوو هەموو کوردی سۆڤێتی لەوی جێگەیان دەبێتەوە و دەتوانن لەجێی (کوردستانی سوور) ئەوێ بکەن بە مەڵبەندی خۆیان.

بۆ کۆماری ئۆزبەگستان و تاجیکستان ڕەنگە کوردی تاک و تەرای تێدا بێت و هەر ئەوانە بەپیر یەکەم بانگەوازی بەستنی کۆنگرەی کوردەوە هاتبن. ئەم چەشنە کوردانە ڕەنگە بە گردەوەبوویی تر لەشوێنی تریش ببینیت، بۆ نموونە لەساڵانی شەستدا برادەرێک چوو بووە شاری (ناڵچیک) لەکۆماری (گەبەردینە بوڵگار) ی ئۆتۆنۆمی چەند ماڵە کوردێکی بۆرەکەیی پێکەوە ژیاوی دیبوو. ئێستا ڕاپەڕینی دەروونی و بیرەوەریی مێژوویی ئەو هەموو کوردە کە خۆیان بە ملیۆن و نیوێک دەزانن هاواری کۆبوونەوە و یەکگرتن و مافێکی دیاری نەتەوەیی و قەوارەیەک دەکات. بەڵام چۆن و لەکوێ؟.

ئەم داوایەی کوردی سۆڤێتی تازە نی یە. بەڵکو ئەو سەردەمەش کە لە چوار کۆماردا باسی بوونی کورد دەکراو تەنیا لە ئەرمەنستان شتێک مافی کارگوزاری و رۆشنبیری یان هەبوو هەوڵی ئەم چەشنە یەکگرتنە دەدرا. محەمەد بابایف کە لەمەو بەر باسی کرا و ئێستاش یەکێکە لە کوردە ناودارە تێکۆشەرەکان، ساڵی ١٩٦٤ بە ئەرزوحاڵێکی چەند ئیمزایی یەوە لە ئەرمەنستانەوە هاتە مۆسکۆ . نووسەری ئەم دێڕانە لەگەڵ هاوڕێ یان عەزیز محەمەد و کەریم ئەحمەددا کۆی کردەوە. پرس و ڕاوێژی بە وان کرد، چووە کۆمیتەی مەرکەزیی پارتی کۆمەنیستی سۆڤێتی (پەنا ماریۆڤ)ی دیو ئەرزوحاڵەکەی دایە وەڵامی ئەوەبوو کە ئێمە ئامادەین بۆ یارمەتیتان، بەڵام چۆن کۆدەکرینەوە و لەکوێ؟ ئازربایانجانی ئامادەی هیچ نەبوون و ئەرمەنستان وڵاتێکی بچکۆلەیە دەشتی کازاخستان هەیە کە ئاوا دەکرایەوە. بەڵام کوردی هیچ لایەک نەدەبرانە ئەوێ و نە لە دەشت و بیابانەدا دەژیان. ئێستاش کە توانای تازە لەبەر دەمدایە ئەو کۆبونەوەیە هەر ئاسان نی یە. بەڵام چۆن و لە کوێ؟ ئەوە یەکێک بوو لەو باسانەی لە ناو ئامادە بووانی کۆنگرەی مۆسکۆ دا دەکرا. با بەتەواوی لەناو هۆڵەکەشدا بە کۆنکرێتی باسی نەکرا بێت.

بەداخەوە داگیرکردنی کوێت لە لایەن سەدامەوە دەنگ و باسی ئەو کۆنگرەیەی کپ کردو لای خۆشمان لە سەری نەنوسرا، ئەگینا چ لەمێژووی کوردی سۆڤێتیدا و چ لە مێژووی کورد دا رووداوێکی گەورە بوو.

رووس دەڵێن: درەنگ باشترە لە هەرگیز نا کەواتە درەنگیش بێت ئەو کۆنگرەیە شایانی لاوەستانێکە لە بەشی چوارەمدا.

## بەشی چوارەم

دەبێ ئێستا باسی کۆنگرەی کورد بکەین لە مۆسکۆ، کۆنگرەکە دەنگدانەوەی یەکەم کۆنگرەی مافی کورد یا رۆشنبیری کورد بوو کە لە پاریس گیرا بوو، بە داخەوە کە هەموو ئەم ڕیزە ووتارە دەنووسم بەڵگە و نووسینم لەبەردەستدا نی یە لەبەر ئەوە ڕەنگە کەلێن لە باسەکاندا هەبێ.

بەڵام هەر نووسینەکە باشترە لە چاوەڕێ یەکی بێ سوود.

کۆنگرەکە بەناوی ((کوردی سۆڤێت: مێژوو و هاوچەرخی یەوە بوو» لە رۆژانی ٢٣ی تەمووزی ١٩٩٠ تا ٢٧ی ئەو مانگە لە مۆسکۆ بە بانگ کردن و رێکخستنی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت بوو. زۆربەی زانایان و رۆشنبیرە ناسراوەکانی کوردی سۆڤێتی ئامادەبوون. سەرۆکی لیژنەی ئامادەکردن ئەکادیمی نادر نادرۆڤ بوو، کۆمەڵێک لە زانا کوردناسە سۆڤێتی یەکانیش ئامادەبوون، چەند لێکۆڵینەوە ئامادە کرابوو. لە دەرەوە {وانە دەرەوەی یەکێتی سۆڤێت} کۆمەڵێک خەڵکی ناسراو و نوێنەرانی حزبەکانی کوردستان بانگ کرابوون. دیارترینیان، یا ڕاستتر ئەوەیە بڵێم ئەوانەی لەبیرم ماون ئەم زاتانە بوون.

١- کاک مەسعود بارزانی بانگ کرابوو، بەڵام وەک ووترا هەندێ کۆسپ هاتە ڕێگە و نەیتوانی بێت. بەڵام کاک دوکتۆر محەمەد ساڵح جومعە نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.
٢- مام جەلال تاڵەبانی. ئەو وەک زانرا بانگێشتنەکەی پێنەگەیشتبوو، بەڵام کاک دوکتۆر کەمال فوئاد وەک نوێنەری یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و بە سیفەتی ئەوەش کە زانایەکی کوردە بەشدار بوو.
٣- کاک عەزیز محەمەد سکرتێری گشتیی حیزبی شیوعی عیراق.
٤- کاک سامی مەحموود عەبدورەحمان سەرۆکی گەلی دیموکراتی کوردستان.
٥- کاک دکتۆر مەحموود عەلی عوسمان لە ڕابەران و نوێنەرانی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان.
٦- دکتۆر سادقی شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.
٧- نوێنەرانی حیزبەکانی کوردستانی تورکیا هاتبوون، هەندێک لاوی (پ.ک.ک) ش لەوێبوون و کاک عیسمەت شەریف وانلیش بەناوی ئەوانەوە ئەدووا. لە ئەستەمووڵیشەوە سکرتێری پێشووی پارتی سۆشیالیستی تورکیا کاک محەمەد عەلی ئەسلان (کە کوردە) هاتبوو.
٨- کاک دوکتۆر کەنداڵ فەزان سەرۆکی ئینستودی کورد لە پاریس.
٩- کۆمەڵێک لە تێکۆشەران و ڕابەرانی کوردی سووریە کە دیارتریان کاک سەلاح بەدەردین بوو.
١٠- کۆمەڵێک قوتابی و هاووڵاتیانی دوور ووڵات لە زۆر شوێنی یەکێتیی سۆڤێت و ئەمریکا و ئەورووپا و تەنانەت لە ئوستورالیاشەوە هاتبوون، کە خەڵکی هەموو بەشەکانی کوردستان بوون.

یەکەم جار بوو ئەو هەموو کوردە لە هەر پێنج پارچەکەی کوردستانەوەن بەو زۆری یە لە شوێنێکدا کۆببنەوە و بەرێکی و تەبایی بڕیار بدەن. کۆنگرە لەوە دەرچوو کە باسی ((مێژوو و هاوچەرخێتی)) بکات. چووە سەر باسی هەموو کوردی سۆڤێت، بەڵکو هەموو کوردستان. لە باسی زانستەوە بوو بەباسی سیاسەت.
ڕۆژنامەی (ئیزڤێستیا) کە ڕۆژنامەی حکومەتی سۆڤێتی بوو پەنجەی بۆ ئەو ڕاستی یە درێژ کردبوو پرسیاریشی کردبوو، ئایا کوردیش بەر ئەو بڕیارە دەکەوێت کە بۆ گەلانی پەڕاگەندەکراو و ڕاگوێزراوی ناو خاکی بەرینی سۆڤێت دراوە کە کۆبکرێتەوە و بچنەوە شوێنی خۆیان، یا هەر کورد بە تەنیا بەر ئەو بڕیارە ناکەوێت؟ دوواشت کە ڕۆژنامەکە ئەو پێشنیارەی پەسەند کردبوو کە پرۆفیسۆر کەنداڵ فەزان پێشکەشی کرد بوو، ئەویش ئەوەبوو کە یەکسەر دەستگایەک بەناوی دەستگای ئۆتۆنۆمی ڕۆشنبیریی کوردەوە لە مۆسکۆ دابنرێت کە هەموو لایەنێکی خوێندن و ڕۆشنبیریی کورد. لە هەموو کۆمارەکاندا بگرێتە ئەستۆ، بە کورد فێرکردنەوەشەوە، چونکە زۆریش هەن کوردی یان لە بیرچۆتەوە، بە مەرجێک ئەمە جێگری بڕیارە سیاسی یەکە و دروستکردنەوەی قەوارە و ((کوردستانی سوور)) نەبێت پاش کۆنگرە - زۆر لە ئەندامان بانگ کران بۆ دیتنی باری کورد لەم کۆمار یا ئەو کۆمار. نووسەری ئەم ووتارە (کە لە دواییدا یادداشتی جۆری بەشداریی لە کۆنگرەدا باس دەکات). لە لایەن سەرنووسەری (ریا تازە)وە بانگ کرا بۆ یەرێڤان.

بە هەموو حاڵێک کۆنگرەکە یەکەم هەنگاو بوو، هەر بۆ کوردی سۆڤێتی نا، بەڵکو لە مێژووی کوردیشدا. چاوەڕێی ئەوە بووین لەجیهاندا دەنگ بداتەوە و پشتگیری بکرێت. بەڵام کە لە ٣ ی ئابی ١٩٩٠ دا سەدام حسین هێرشی بردە سەر کوێت و داگیری کرد، ئیتر دەستگاکانی ڕاگەیاندنی جیهان بەوەوە خەریکبوون و ئەم مەسەلەیە کەوتە ژێر قورسایی باری ئەو داگیرکردنە، کە باس لەو زیانانە دەکرێت کە هێرشی سەر کوێت لە عەرەب و فەلەستینیەکانی داوە، ئەوا ئەم کپ کردنی دەنگی کوردی سۆڤیەتەش دەبێتە سەرباری تاوانی ئەو هێرشە.
دیسان چاوەڕێ بووین کە لەو وولاتە خویشی کار و ڕا و پێشنیارەکانی کۆنگرە بەر بدەن. بەڵام دیسانەوە ئەویش قورسایی باری لەوە دووای کۆمارەکانی سۆڤێت و ناکۆکیی نێوان ئازربایجان و ئەرمەنیستانی کەوتە سەر هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی سۆڤێتیش کارەکەی بە تەواوی تێک دا.

کەواتە لەم پلەیەدا دەبێ ئەو کوردە پەرش و بڵاوانەی ئەوێ نەخشەی هەوڵ و خەباتییان بگۆڕن و ئێمەش لە کوردستان نەخشەمان هەبێت بۆ یارمەتی دانیان کە بۆ ئەم مەبەسەش کۆمەڵێک تێبینی و پێشنیارمان دەبێت.

**تێبینی**: - فۆتۆکان لەم دوو کتێبە وەرگیراوە:

- ئەلبوومی د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ، ئامادەکردنی: جەمال لۆلۆ
- سوزان مایسیلاس، کوردستان لەسێبەری مێژوو.

.The Universety of Chikago Rress

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## کۆڕی ناساندنی کتێبی «ئەم کونجەش»

### ئاشنابوون بە مێژوو و ئەدەب و زمان و سیاسەت لە زاری سیاسییەکی ئەکادیمیستەوە

### ئەم دوو توێیە

کۆکردنەوەی گۆشەی «ئەم کونجەش»ی پرۆفیسۆر د. عیززەدین مستەفا رەسوڵ کە هێشتاش کە لەکوردستانی نوێدا بەردەوامەو بڵاودەبێتەوە، لەدووتوێی کتێبێکدا ، بووە هەشتاونۆیەمین کتێبی چاپکراوی دکتۆر.

ئەو نووسەرە، کە مێژووی ژیانی ئاوێتەیە لەگەڵ نووسین و سیاسەت، بۆخۆی گەنجینەیەکە لە یاقووتی وشەو خوێنەر ئەگەر لەنزیکەوە گوێبیستی شیکردنەوەو شرۆڤە ئەدەبی و زمانەوانی و سیاسییەکانی خۆی بێت، زۆر لەوە زیاتر چێژ لە بابەتەکانی دەبینێت، بۆیە کوردستانی نوێ پێی باش بوو کۆڕی ناساندنی ئەم کتێبە بکاتە دەرفەتێک تا خوێنەران و ئەوانەی سەرسامن بە نووسینو بابەتەکانی، لە نزیکەوە لەخزمەتیدا دانیشنو گوێ لە پەندو ئامۆژگارییەکانی بگرنو ئەو پرسیارانەی رووبەڕوو بکەنەوە کە لە خوێندنەوەی بابەتەکاندا لەلایان دروست دەبێت.

بەو مەبەستەش رۆژی شەممە رێکەوتی ١٨ - ١١ - ٢٠١٧ لە ناو باخچەی کوردستانی نوێ-دا کۆڕێک بۆ ناساندنی کتێبەکە بەڕێوەچوو و تێیدا وێڕای روونکردنەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکە، د. عیززەدین مستەفا رەسوڵ پوختەیەکی لە ئەزموونی رۆژنامەنووسیی خۆی بۆ میوانانی ساڵۆنی کوردستانی نوێ باسکرد.

سەرنووسەر: هەموو لایەکتان بەخێرهاتن، بەسەرچاوان بۆ ساڵۆنی کوردستانی نوێ، کە ئەمڕۆ لە جیاتی بەڕێوەچوونی لە ساڵۆندا، ساڵۆنەکە لە باخچەی کوردستانی نوێ بەڕێوەدەچێت.

کۆڕی ئەمڕۆمان بۆ رێزگرتنە لە مامۆستامان پرۆفیسۆر د. عیززەدین مستەفا رەسوڵ و چاپکراوێکی نوێی کە بریتییە لە کۆبەندی گۆشەیەکی کوردستانی نوێیە. وەک هەموو جارێکیش دەستپێکی کۆڕەکەمان بە ساتێک بەپێوە وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردو کوردستان و شەهیدانی قەڵەم لە هەموو جیهاندا دەستپێدەکەین.

میوانانی خۆشەویست، ئێمە ئەمڕۆ د. عیززەدین وەکو مامۆستای زانکۆو وەکو ئەکادیمیست و پرۆفیسۆر و وەکو شارەزا لەبواری ئەدەب



سەرچاوە
Serchawe

ناناسێنین، بەڵکو ئەمڕۆ وەک د. عیززەدینی رۆژنامەنووس دەناسێنین کە ئەزموونێکی دوور و درێژی هەیە لەبواری کاری «رۆژنامەنووسیی پابەند»، لەبواری ئەو رۆژنامەنووسەی کە پابەندە بە کێشەکانی گەل و پابەندە بە دیموکراسی و پابەندیشە بەبیری چەپ.

ئەمڕۆ ئێمە کتێبی «کونجێک»ی د. عیززەدین بەئێوە دەناسێنین، کە چەند ساڵێکە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ «ئەم کونجە«، کونجێکی گرنگی کوردستانی نوێ-ی ئاوەدان کردۆتەوە، بۆ ئەو کەسانەش کە موتابەعە و چاودێریی نووسینەکانی د. عیززەدین دەکەن، دەزانن کە ئەمە وەرزی دووەمی گۆشەی کونجێک –یەتی، کاتی خۆی لە رۆژنامەی ئاسۆ شەرەفی ئەوەی پێداین کە دیسانەوە کونجێک-ی لەوێ هەبێت کە هەموو هەفتەیەک باسوخواسێکی سیاسی یان بیرەوەرییەک یاخود لەسەر مەسەلەیەکی زمان بەتایبەتی گفتوگۆی لەسەر بکات.

کاتێک کوردستانی نوێ ش داوای لێکرد کە جارێکی دیکە ئەم کونجە لێرە بکاتەوە، بەخۆشحاڵییەوەو بەسوپاسێکی زۆری ئێمەوە بۆ دکتۆر، ئەمەی قبووڵ کرد و وەک دەزانن چەند ساڵێکە ئەم گۆشەیە بەردەوامە لە کوردستانی نوێ.

ئەوەی لەم کتێبەدا چاپکراوە، بەشێکی گۆشە هەفتانەییەکەی دکتۆرە، کاتی خۆی بۆ دکتۆرمان نارد کە هەڵەچنیی بکاتو چاوێکی پێدا بخشێنێتەوە، چونکە دکتۆر لەو نەوەیەیە کە زۆری پێناخۆشە کە هەڵە لە نووسینەکانیدا رووبدات، بەتایبەتی لە تایپ کردنیدا. ئێستاش باسی ئەوەی لەگەڵدا دەکردم کە دوا گۆشە شی، دیسانەوە بۆتە قوربانیی نەوەی ئێمە »ئەولادی ئەم عەسرە« ، کە بەداخەوە زۆر گرنگیی بە مەسەلەی زمان نادەین.

کاتی خۆی کە دوکتۆر پێیدا چۆوەو، داوایکرد کە چاپکردنکەی دوابکەوێت، بۆیە لەدوای ئەمەش، دەتوانم بڵێم بەشی دوو کتێبی تری لە کوردستانی نوێ بڵاوبۆتەوە، کە هیواداریین لەداهاتوودا بتوانین ئەوەش چاپ بکەین.

ناتوانین بڵێین ئەمە ئەدگاری رۆشنبیریی یان ئەکادیمیی د. عیزەددین بۆ ئێمە ئاشکرا دەکات، بەڵام بۆ ئەزموونی رۆژنامەوانیی دکتۆر، هەروەها بۆ رێزگرتن لە تێکۆشانە رۆژنامەوانییەکەی، پێمان خۆش بوو وەکو دیارییەک و وەکو گوڵێک پێشکەشی کتێبخانەی کوردیی بکەین و رێزلێنانێکیش بۆ دکتۆر رێکبخەین.

ئەمڕۆ دکتۆر بۆ ماوەی ١٠ خوولەک باسێکی ئەم کونجە بۆ ئێوە دەکات و بۆ ماوەی ١٠ خوولەکی تریش باسی ئەزموونی رۆژنامەنووسی خۆی و ١٠ خوولەکیش باسی ئەزموونی خۆی لە بواری گۆشە نووسیندا دەکات ئەوەندەی کە بیری مابێت لە چەند رۆژنامە چ بە کوردی و چ بە عەرەبی نووسیوێتی لە بڵاوکراوە ئاشکراکانی حزبی شیوعی و لە بڵاوکراوە ئاشکراکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد لە پارتی، هی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە ئەزموونی دواییان گۆشەی «کونجێک»ە لە کوردستانی نوێ .

بەناوی ئێوەوە بەخێرهاتنی دکتۆر دەکەینو هیواداریین کە ئەوکاتەی کە بەئێمەی دەبەخشێت بەسوودبێت بۆ ئێمە، بۆئەوەی د. عیززەدینی رۆژنامەوان بەئێمە بناسێنێ. دەزانم بوارەکانی دیکەی ژیانی ئەدەبی و رووناکبیریی و سیاسیی دکتۆرو ئەزموونەکانی لەو سێ بوارەدا، بەشێکی زۆرتان پێی ئاشنان، بەڵام رەنگە ئەو گوڵانەی لە باخچەکەی د. عیززەدین کە لەبواری رۆژنامەنووسیدا پشکوتوون، زۆرمان پێ خۆشە کە ئەم ئەزموونەمان بۆ بگێڕێتەوە کە بێگومان ئێوەش کە لە دۆستانی تێکۆشان و خوێندکاران و خوێنەرانی د. عیززەدین-یش قسەتان دەبێت، کە ناوەڕۆکی ئەم کۆڕەمان لە پاشکۆی «ساڵۆنی کوردستانی نوێ» دا بڵاودەبێتەوە، دووبارە بەخێربێن سەر چاوان.

### د. عیززەدین مستەفا رەسوڵ:

زۆر سوپاسی هەمووتان دەکەم بۆ هاتنتان، گەورەتان کردمو سەرم بەرزە پێتان، زۆر سوپاسی برای خۆشەویستم کاک ستران عەبدوڵڵا-ش دەکەم بۆ ئەو وشانەی کە هیوام وایە شایانی هەندێکیان بم.

ئەمڕۆ پاش ئەوەی ئەم کتێبەیان چاپ کرد کوردستانی نوێ، ئەمە جۆرێکە لەو چالاکییە نووسینانەو چالاکییە ئەدەبییانەی من کە هەمبووە لەم ماوەیەدا.

لەماوەی ئەم چەند ساڵەی ژیاندا کە دەستم داوەتە نووسین، نازانم کە یەکەم نووسینم کەی بووە، بەڵام دیسان دەتوانم بڵێم کە سێ چوار جۆر نووسینم هەیە. ئێستاش. بەمەوە کە چاپکراوە بوو بە (٨٩) کتێب، بە کوردی، بە عەرەبی، بە فارسیش هەیە. ئەوەی ئەحمەدی خانی-ش کە نووسیبووم و نامەی دکتۆرا ، مامۆستا قەدری لە ئامەد کردویێتی بە زمانی تورکی، هەروەها بە روسیش چاپکراوە. ئەوە لێکدانەوەی ئەدەبییاتی کوردییە، یان بەگشتی لەسەر ئەدەب و تیۆریی ئەدەب، چونکە ئەدەب بەشێکی تیۆری نووسینە، بەشەکەی تری نووسینی بابەتی ئەدەبییە.

### ئەو کوردانەی بە ئەرەبی نووسیویانە

لەسەر تیۆریی ئەدەبیش کۆمەڵێک بابەتم نووسی، ئەوانەش بوون بە کتێب، ئێستاش یەک دوو کتێبم ئامادەیە بۆ چاپ، کە نازانم کەی و چۆن و لەکوێ چاپ دەکرێت. واتە دوا کتێبم کە دوێنێ تەواوم کرد بریتییە لە کتێبی «کورد کتبوا باللغه العربية «، من ناڵێم «اكراد»، چونکە هاوڕێی نەمرمان عەزیز شەریف دەیوت: «ئەکراد هەڵەیە، چونکە وەک ئەعراب وایە، ئەعرابیش لای عەرەب عەرەبی بادیەیە »الاعراب و اشد كفرا ونفاقا»، کەواتە بە عەرەب نەوتراوە، بۆیە دەبێت عەرەب و ئەعراب جیابکەینەوە، عەزیز شەریف هەر دەینووسی کورد، بۆیە منیش هەر «كرد كتبوا باللغة العربية « کۆمەڵێک کورد کە بە زمانی عەرەبی نووسیوویانە«، ئەوانەی کە شتەکانیانم لەلایەو خۆیان باسی ئەوە دەکەن کە کوردن، «عەباس مەحمود ئەلعەقاد، عەبدولمەجید لوتفی، قاسم

ئەمین-ی خاوەنی یەکەم کتێبی «تحرير المرأة «، برادەرێک هات وتی: قاسم ئەمین کورد نییە، ئەوەتا من کتێبێکم لایە نووسراوە: «باوکی چەرکەسەو دایکی تورکەو...هتد « ئیتر حەوت نەتەوەیان بۆ دروست کردووە، منیش پێموت: بەرگی چاپی یەکەمی «کتێبی تحرير المرأة« کەی ئەوم بۆ بێنە، لەچاپی یەکەمیدا من ئەوەم بینیووە لەوێدا قاسم ئەمین دەڵێت: «انا كردي من السليمانية « ، سەیرە تحرير المرأة-ی لەمیسر چاپ کردووەو میسرییەو دەشڵێت: «كردي من السليمانية « رەنگە لە پاشماوەی بابانەکان بێت کە چوونەتە ئەوێ.

بێمەوە سەر باسی نووسەرەکانی میسر کە بەعەرەبی نووسیوویانەو لەبنەڕەدا کوردن، من دوا کەس ناوی «ئەحمەد شەوقی»م نووسیووە کە دەڵێت: «سمعت من ابى اننا من الاكراد فالعرب «، بەڵام شەوقی کە ئەمیری شوعەرایە لە میسریش بە کورد بەناوبانگە.

کاک مستەفا حەز لە شێوەزاری میسریی دەکاتو ئاگای لە میسریشە، لەوێ هەر کە ئەڵێیت شەوقی، بەکورد حسابە. بەو جۆرە کۆمەڵێک نووسەرن کە کۆمکردوونەتەوەو بووە بە کتێبێک جا ئەوە کەی چاپ دەکرێت و چۆن چاپ دەکرێت ئەوە نازانم.

ئەم کونجانە کە کردوومە بەکتێب، دوو بەرگیان خۆم چاپم کردووە، بەڵام بەرگی سێیەم ئەوەتا ماڵیان ئاوابێت کوردستانی نوێ بۆیان چاپکردووەو وێنەیەکی سەردەمی لاوێتیشم-یان بۆ داناوەو گەورەییەکیشیان کردووە کە لەجیاتی پێشەکی پاشەکییەکیان لە بەرگی کۆتاییدا بۆ نووسیووە، کە شانازییە بۆمن کە خۆیان پێشەکی بنووسن. ئەمە بوو بە کتێبی سێیەم.

### بەشێک لەوانە نە مەقبولەکانن نە مەرفوزەکان

ئێستا کە گوێ لەم تەلەفزیۆنە »زۆربێ و بۆربێ» یانە دەگرم، بەزەییەکم بە زمانی کوردیدا دێتەوە، کۆمەڵێک قسە دەکەن. کەناڵێک هەیە کە دەیکەمەوە، هاوسەرەکەم دەڵێت ئەوە سەیری دەکەیت؟ دەڵێم: تەنیا بۆئەوەی بزانم میوانەکانی کێن؟ میوانەکان کە دێنە سەر قسەکردن سەیرم لێ دێت، من ٢٠ ساڵ سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووم، مەقبوڵ و مەرفوزی نووسەران دەناسم، ئەوە هاوڕێم کاک مستەفا کە خۆی لێرەیە سەرۆکی لقی سلێمانی بووە، دەزانێت کێمان قبووڵ کردووەو کێمان رەفزکردووە، بەڵام ئەمانەی کە دەردەکەون لەتەلەفزیۆنەکان، نە لەمەقبوڵدان و نە لەمەرفوز، واتە پەیوەندییان بە یەکێتیی نووسەرانەوە نییە و بە کوردییەکی سەقەتیش قسە دەکەن، منیش بەزەییم بە کوردییەکەدا دێتەوە، لەولاوە تێبینییەک دەنووسم ئیتر دوایی لە بەشێک لە کونجەکاندا ئاماژەیان پێ دەدەم، کە ئێستا ماڵیان ئاوابێت بۆیان کردووم بەم کتێبە.

بۆیە من نووسیوویشمە، هەر بەردەوام دەبم تا ئەوکاتەی بخوێنرێتەوەو خەڵک پێم بڵێن: کونجەکەت باش بوو، هەر دەنووسم، کەی پێشم نەما ئەوە بابەتێکی ترە، چونکە هەموو نووسەرێک سەرەتای هەیە، ناوەڕاستی هەیەو کۆتایی هەیە، ئیتر کە پێشم نەما، ئەوکاتە قەڵەم دانان زەحمەت نییە.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام شانازیی دەکەم کە ئەوانەم نووسیووەو شانازیش بە کوردستانی نوێ-وە دەکەم کە ئەم کتێبەیان بەمجۆرە بۆ چاپ کرم و بوو بەبەرگی سێیەمی ئەو کونجە، «ئەم کونجەش» بەردەوامەو ئێستاش کە شتێک دێت بە مێشکمدا بۆیان دەنووسم، بەڵام بەداخەوە ئەوەتا کەم کەس گوێم لێ دەگرێت، یەکێک نییە بڵێت ئەم کابرایە دەمێکە دەنووسێ و کوردی دەزانێ و ئەوەندەساڵ مامۆستای کوردیی بووە لە چەند زانستگە یان دانیشگە، بە هەولێرو سلێمانی و کۆیەو باکۆو...هتد، بەڵام بۆچی بەقسەم ناکەن؟ ئێستا شتێکم بەبیرهاتەوە بۆ ئەو برادەرانەم باسکر کە هاتن و شتیان تۆمارکرد بۆ تەلەفزیۆن.

## حیکایەتی شام و حەڵەب

ئەوە وتارێکی ترم نووسیووە کە وا ئێستا هاتە بەردەستم «شام و حەڵەب»، من چوار ساڵ لە سوریا ژیاوم، لە شام ژیاوم، لەوێوە لە رۆژنامەی «النور»دا کە زمانحاڵی حزبی شیوعیی سوریا بوو، لەوێوە کونجم دەستپێکرد، لەوێ دەمنووسی، بەڵام ئەو وەختە لای شیوعی واباوبوو کە نەدەبوو بەناوی خۆتەوە بنووسیت، لەم رۆژانەدا ژماردم بە هەشت ناوی جیاجیا بابەتم نووسیووە.

لە شام لە رۆژنامەی نور دا کە رۆژنامەیەکی نیمچە ئاشکرابوو، هاوڕێ خالید بەگداش-یش ئەندامی پەرلەمان بوو، گوتاربێژێکی گەورەش بوو، چەند زمانێکی بەباشی دەزانی، کوردیی و عەرەبی و فەرەنسیو روسییەکی باشی دەزانی، کە دەیانوت ئەو گوتاری هەیە لەپەرلەمان، خەڵک بە میوانداریی دەچوون، زۆرجار دەچوومەماڵەوە بۆلای، تێکەڵ بووین، لەبارەی ئەوەش کە وتم کونجێکم نووسیووە نازانم بڵاوی دەکەنەوە؟ باسم نەکردووە کە کێیە، بەڵام من لێرەدا نووسیومە: »شام و حەڵەب»، بۆیە ئەو نموونەیە دەهێنمەوە. من چوار ساڵ لە شام بووم، یەک سوریایی نییە بڵێت «انا من الدیمشق»، هەموویان دەڵێن «انا من الشام، جای من الشام، نازل علی الشام»، لە نووسینی رەسمیدا کە دیمەشق لە »دیمەسکۆس»ە کۆنەکەوە وەرگیراوە، دیمەشق دەنووسن، کوردێک نییە بڵێت «حەلەب».

## زمانی زگماک و زمانی دایک

برادەرێکمان هەیە کە ناویم نەنووسیووە، کاتێک من ئەمەم نووسی کورد دەڵێت: «شام و حەڵەب»، ئەو هەموو شەوێک دووبارەی دەکاتەوە کە »لەدیمەشق و لە حەلەب»، تەنانەت ناویم نەنووسی، بەڵام بۆم نووسی: «دیارە لە هەورامیدا ئەو لامە قەڵەوە نییە!« بۆیە ناتوانێت بڵێت حەڵەب، رەنگە شامییەکان لەبەرئەوەی ئەو لامە قەڵەوەیان نییە بڵێن: حەلەب، بەڵام کورد بۆ بڵێت حەلەب؟ کورد دەبێ خۆی کورد چۆنی وتووە ئاوا بیڵێتەوە.

چەند برادەرێک پێیان وتم: کونجەکەت وەکو جاران نەماوە، منیش دەڵێم: مێژووی زۆر شاعیرم لایە، هەیانە زۆر بەهێز دەستپێدەکات، دوایی کزدەبێت، هەشیانە بە کزیی دەستپێدەکات، دوایی بەهێز دەبێت، هەر شاعیری خۆمان نا، بەڵکو لە نەتەووە

زمانەکانی تریش، تەنها جەواهیریم بینیووە لە دەستپێکردنەوە تا مردن، هەر بەو هێزەوە بوو.

چەند جارێک لەسەر زمانی زگماک-م نووسی، کورد دەڵێت «زمانی زگماک»، کەچی هەموو شەوێک گوێم لێ دەبێت دەوترێت: «زمانی دایک»، رەنگە »مەزەر لەنگویج- Mother language» رەنگە هەبێت لە ئینگلیزیدا، کە ئەوانیش پێموابێت وەریانگرتووە. ئیتر کۆمەڵێک شت دەنووسم، ئەوەی پێم چاکە تائێستا کەس پێی نەوتووم کونجەکەت کز بووە، جا هەیە ئەم کونجەی بەدڵە، هەشە ئەوی دیکەیانی بەدەڵە، یان ئەویانی بەدڵەو ئەوی دیکەی بەدڵ نییە.

بۆنموونە ئەم کونجەم نووسیبوو بەڵام بەشی دووەمیان لابردووە »ئەم عەرەبانە- عەرەبانە«، لەوێدا باسی کوڕی برادەرێکمانم کردووە، کە ئەوکاتە منداڵ بوو، رەنگە ئێستا باپیر بێت، کە دەمانوت ئەم عەرەبانە ئەو دەیگوت: ئەم عەڕەبانە، بەداخەوە زۆر لە برادەرە عەرەبەکانمان بە هاوڕێ شیوعیییەکانی خۆشمەوە، کە دێتە سەر باسی کوردو سەربەخۆیی کوردستانو دەوڵەتی کورد، دەڵێت «ئی تمام، بس هژا هو وکتە؟» ئەی کەی وەکتە؟

## لینین روس نییە؟

ئەوەش قسەی لینینە، قەومییەتی زاڵم هەیەو قەومییەتی مەزڵوم هەیە، جارێک کام مستەفا تەلەفۆنی بۆ کردم وتی: چۆن وات نووسیووە؟ وتم: قسەی من نییە، قسەی لینینە، قەومیەتی زاڵم ئەو قەومیەتەیە کە دەسەڵاتی هەیە بەسەر وڵاتدا، قەومییەتی مەزڵوم ئەوەیە کە زوڵمی لێکراوە.

لینین دەڵێت: «ئێمەی روس قەومیەتی زاڵمین، قەومییەتەکانی ترو میللەتەکانی تر مەزڵومن، چونکە ئێمە داگیرمان کردوون، بووین بە گەورەیان، بووین بەخاوەنی دەسەڵات، بۆیە ئەوان مەزڵومن». کاتێک ئەوەی نووسی لینین، برادەرەکانی هاتن شتێکی تریان بۆ لینین دروستکرد، نووسییان لینین روس نییە تەتەرە، خەڵکی لینینگرادە، کە پێی دەوترا پترۆسبۆرگ ، ئێستا بۆتەوە بە سان پیترۆسبۆرگ، بەڵام چونکە باسی قەومیەتی زاڵمو مەزڵومی کرد ،کردیان بە تەتەر.

جا بێمەوە سەر کتێبەکەو کونجەکان، مەرج نییە ئێوەو خوێنەران هەموو کونجێکتان بەلاوە باش بێت، هەیە لای باش نییە، هەیە لای خۆش نییە کە هەڵبژاردن تەواو بوو چەند کونجێکم نووسیبوو، برادەری خۆشەویستم د. فوئاد مەعسوم پێی وتم: تەواو بوو؟

وتم: بەڵێ، بۆ بەدڵت نەبوو؟

وتی: بەڵێ زۆرم بەدڵ بوو، چونکە لە کوردستانی نوێ سێ چوار شت یەکسەر دەخوێنمەوە، یەکێک لەوانە کونجەکەی تۆیە.



سەرچاوە
Serchawe

دکتۆر فوئادیش خوێندەوارە، جگە لەوەی تێکۆشەرێکەو ئێستا سەرۆکی کۆماری عیراقە، بەڵام خوێندەوارە، دکتۆرای لە فەلسەفەی ئیسلامیدا هەیە لە ئەزهەر، بۆیە بەلامەوە خۆش بوو کە پێی باش و خۆش بووە.

لەو رۆژانەشدا جارێک بابەتێکم لەسەر خۆی نووسی، کە من بۆ گاڵتە پێی دەڵێم تۆ هەورامیت بەڵام کوردیت. راستە هەوراممییە، بەڵام ئیتر بەخێزانی چوونەتە کۆیەو کوڕی مەلایەکی گەورەی ئەو شارە یە. کە ئەوەی خوێندبۆوە لە کوردستانی نوێ-دا، سوپاسی کردم. ئیتر رەنگە لەسەر هەر کونجێکیان یادگارییەکم هەبێت.

## پەروەر بۆ شڤان و شیرین

شیرین گۆرانیبێژە، نازانێت کە شڤان بەناوی شڤانی تێکۆشەری دێرینەوە، خۆی ناوناوە شڤان پەروەر، شیرین خۆی ناونا شیرین پەروەر، کە ئەوە وانییە، شڤان خەڵکی ئورفەیە، واتە خەڵکی هەمان شارەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، کە ئەو شارە رەححا، یان رۆحا - شی پێ دەڵێن، هەر سەرەتا کۆمەڵێک بیری کوردایەتی لەو شارەوە هاتووە، لەوبارەیەشەوە کتێب هەیە، بەهەموو جۆرێک مێژووی کورد گەورەیە، کاری گەورە کراوە. هیواشم وایە کە پێم بمێنێ بۆ ئەم کونجە کە مەمنونیانم کە بۆم بڵاودەکەنەوە، هەندێک جاریش کە ئێستا ئەوەم بە کاک ستران وت، لە دوو شت گلەیی هەبوو من ناوی یەکێکم بردووەو کتێبێکی دەرکردووە جنێوی بە هەمووماں داوە لە دوو دێڕدا ناوی بێت کێشە نییە.

ئەمەی د. فوئاد کە لەسەر ئەی رەقیب-م نووسیبوو ، لەوەدا زۆری بەلاوە خۆش بوو، پێموت: لەگەڵمدا نیت؟ وتی: بەڵێ لەگەڵتام. ئەی رەقیب دڵدار نووسیوێتی، دڵدار بەبنەچە کەرکوکییە، بەڵام چۆتە کۆیەو ئەندامی حزبی شیوعیش بووە، ئەوکاتەی کە ئەی رەقیب ەکەی نووسیووە، ئەندامی حزبی شیوعی بووە، من کۆمەڵێک وشەم لەسەر نووسی، لەوەوە د. فوئاد دەستخۆشیی لێکردم.

## لەگەڵ مام جەلال، پێنج جار شەڕو شەش جاریش ئاشتی

ئەو پیاوە لە تەلەفزیۆندا وتی: «ئەم کورسییەی من، لە دابەشکردندا دراوە بەکورد، لەناو کورددا دراوە بە یەکێتی، یەکێتی منیان داناوە، بەڵام بۆ نەگبەتیی من ئەوەیە کە من پاش مام جەلال هاتووم، من لەکوێ و مام جەلال لە کوێ»، پێمخۆش بوو ئەو تەوازوعە.

مام جەلال رۆیشت، هاوڕێی کۆنمە، ساڵ و نیوێک لە شام لە ژوورێکدا پێکەوە نوستووین، من و ئەو و شەهید عەبدولڕەحمان زەبیحی، نێوانمان خۆش بوو، تێکدەچووین، بەمدواییانە یە گاڵتەوە دەیوت: «رۆژی پێنج جار شەڕمان دەکرد»، منیش دەموت: « مام جەلال رۆژی شەش جاریش ئاشت دەبووینەوە«، ئێمە ژوورێکی لاتانەمان گرتبوو، پێکەوە دەچووینە کەڕەکی «قەساع» کەبابخانەیەکی لێ



سەرچاوە Serchawe

بوو هی کابرایەکی ئەرمەنی بوو، کە بەنیمچە خۆڕایی خواردنی دەداینێ، من و مام جەلال فەقیر بووین، بەڕاستی پیاوێکی گەورە بوو.

کورد میللەتێکە خۆی نەمردووە، سەیر ئەوەیە، چونکە ئەوەی بەو میللەتە کراوە دەبوو نەخۆی و نە زمانەکەی نەمێنێت، بەلام خۆشبەختانە خۆشی ماوەو زمانەکەشی ماوەو هەر دەشبێت بە دەوڵەت، بەلام کەی و چۆن، ئەوەیان نازانم، بەلام هیوام وایە ئێمە بیبینین.

من دووبارە زۆر سوپاسی کوردستانی نوێ دەکەم کە ئەو کونجەم بۆ بڵاودەکەنەوە، کە ئەم کونجە یان ئەم مەجالەیان داومەتێ، بەلام لەمەولا داوا لە کاک ستران دەکەم کە حەزدەکەم خۆم هەڵە راست بکەمەوە، چونکە ئەوەتا شوێنێکە بە تەلەفۆنیش پێموتن، کەچی دوو هەڵەی هەر تێدا کراوە، چونکە ئێستا ئەو خەڵکە زۆر بووە کە لەناو رۆژنامەدا ئیش دەکەن، یاخوا هەر زۆر بێت.

دووبارە سوپاسی کوردستانی نوێ و ئامادەبوونی ئێوەش دەکەم، و بەهیوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانو بینینی بەیداخی کوردستان، بەتایبەتی بۆ من کە رەنگە لەئێوەی ئامادەبووان لەهەمووتان بەتەمەنتربم.

لەساڵی ١٩٤٦ کە چوینە ناوەندی منو کاک مستەفاو نەمر کاک محەمەد کەریم فەتحوڵلا پێکەوەبووین، لە هەموویان بچوکتر بووین، لە پێشەوە دایان دەناین لەو کاتەوە هاوڕێمەو تا ئێستاش شەڕمان نەبووە.

**مستەفا ساڵح کەریم**:

سوپاس بو کوردستانی نوێ ئەو دەرفەتە، دکتۆر عیزەدین پیاوێکی گەورەیە من وەختی خۆی لە ژمارەی تایبەتی رۆڤارا نوسیبووم پیاوێکە لە یاقوت، بەڕاستی پیاوێکە لە یاقوت، کاک ستران باسی دکتۆری کرد، بەلام من دەمەوێت شتێکی تر باس بکەم لە ساڵی ١٩٤٦ ەوە هاوڕێین، بەلام من ساڵێک لە دکتۆر گەورەترم، بەلام هەندێک جار مام جەلال بۆ خۆشی دەیوت بەخوا رەنگە دکتۆریش موالیدی ١٩٣٣ بێت، بەلام لەخۆشی حزبی شوعی دەڵێت من ١٩٣٤- م، ئەو سیانەمان پێکەوەبووین لەوانەیە لە رووی فکرەوە جیاوازبووبێتین، بەلام هاوڕێ بووین، یەکەم جاریش لە بەندینخانە پێکەوە بووین، لەگەڵ رەحمەتی کاک کەمال فوئاددا.

**ناوە خوازراوەکان لە رۆژنامەی نوردا**

دکتۆر عیزەدین بە عەرەبیش گۆشەی هەبوو لە ساڵی ١٩٥٩ لە رۆژنامەی (طریق الشعب) ئەوسا (اتحاد الشعب) بوو، لەوێ هەفتانە دابەشکردنی گۆشە هەبوو بەناوی (صوت الشعب، الكردي)، یەکەم رۆژ: شەهید جەمال حەیدەری بەناوی خۆیەوە دەینوسی دووەم رۆژ:

موکەرەم تاڵەبانی بەناوی ئازادیخواز، سێیەم رۆژ: دکتۆر عیزەدین بەناوی مامەند، حەمە رەسول هاوار بەناوی دڵشادەوە دەینوسی، منیش گۆشەم هەبوو بەناوی دیوار لەو ماوەیەدا گۆشەکەی دکتۆر زۆر خوێنەری هەبوو، چونکە تەعبیری لە رەئی خەڵکی دەکرد، دکتۆر عیزەدین ناوێکی درەوشاوەبوو، هەموو شیوعییە گەورەکان شانازیان پێوەدەکرد، هەوڵو تەقەلای زۆری داوە کتێبخانەی کوردیی ئاوەدان کردۆتەوە، «ئەم کونجەش» رۆڵی خۆی هەیە، زۆر جار من پێی دەڵێم بەردەوامییەکەت جێگەی شانازییە ئەگەرچی ئەو حەلەبو شامە بووە بە عوقدە لای ئەو، هەر هاوار دەکات و گەلی کوردستان دووبارەی دەکاتەوە.

دکتۆر عیزەدین لە ساڵی ١٩٩٧ ەوە لە گۆڤاری پەیامەوە قسەی لەسەر کردووە، دووبارە سوپاس بۆ کوردستانی نوێو هیوای بەختەوەریی‌و تەمەن درێژی بۆ پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ دەخوازمو ئینشاڵلا گەلێک بەرهەمی تر دێتە سەر خەرمانی دکتۆر.

**ستران عەبدوڵڵا:**

دکتۆر لە گەڵ مام جەلال ٥ شەڕو ٦ ئاشتبوونەوەتان هەبوو، ئەی لەگەڵ کاک مستەفا ٤ شەڕو ٣ ئاشتبوونەوەتان هەبوو.
د.عیززەدین مستەفا رەسول: لەگەڵ کاک مستەفا شەڕمان نەکردووە.

**ئەکرەم میهرداد:**

سڵاو و ریزم بۆ جەنابتان هەیە دکتۆر گیان هەر تەمەن درێژبیت، جگە لەوەی دکتۆر عیزەدین نووسەرێکی گەورەیە، دوو سەرنجم لەسەری هەیە، هەم لەنووسەربوونی‌و ئەدیب بوونی گەورەترە، یەکێکان ئەوەیە دکتۆر عیزەدین تا ئێستا چەپە.

د.عیززەدین مستەفا رەسوڵ: من تا ئێستا شیوعیم لە ساڵی ١٩٥٩ وە.

**ئەکرەم میهرداد:**

من پێم خۆشە بڵێم چەپ ئەم قسەیە باس دەکەم، بیرو باوەڕی چەپ بەداخەوە هێرشێکی گەورەی لەسەرە، من پێموایە تەنها ئەو کەسانە بە چەپو کۆمۆنیست ماونەتەوە کە بڕوایان بەو رێبازە هەیە.

دووەم: دکتۆر عیززەدین لە هەموو قوناغەکاندا باوەڕی بە مافی نەتەوەیی‌و چارەنووسی میللەتەکەی بووە، خۆتان دەزانن لەناو کورددا لەدوای هەموو شکستەکاندا پاشە کشێیەک هەبووە، لەو داواکارییانە قسەکانی ئەمڕۆشی دووپاتی دەکاتەوە بە بوون بە دەوڵەت،

بەداخەوە زۆرجار بزووتنەوەی کوردیی پاشەکشە لەوە دەکات، من هیوادارم هەر تەمەن درێژبێت.

کامیل ئەحمەد:من تەنها پرسیارێکم هەیە، ئەویش ئەوەی کونجی یەکەم تا چوارەم لەسەر ئەی رەقیبە، ئایا ئەو هۆنراوەیە کوفرە یان نا؟

د.عیززەدین مستەفا رەسول:

من کوڕە مەلاَمو حەوت پشتیشم مەلا بووە، لە مزگەوتیش خوێندومەو نەبووم بە مەلا، دینمان ئاینمانە نیشتمان، ئەوە چوار ئەڵقەم لەسەر نووسی کە »حب الوطن من الایمان» کۆمەڵێک حەدیسو ئایەتم لەسەر هێناوەتەوە کە خۆشەویستی نیشتمان لە ئیمانەوەیە، هەندێک حزبی ئیسلامی من رێزیان لێدەگرم، بەڵام هەندێک دروست بوون هەندێک شت باس دەکەن، لەگەڵ ئەو ئیسلامەدا ناگونجێ. داعش چ پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە هەیە؟ جا ئیسلام هەیەو ئیسلامیی کوردیش هەیە لە کوردستان. خەڵک چۆن لەئیسلام تێگەیشتووە لە زەمانی پیغەمبەردا «د.خ»، مەیمونە کوڕی گاوان گەیشتۆتە مەدینەو ئیسلام بووە، ئەوە یەکەم سەحابەیە لەمەدینە لەسەر دەستی پیێغەمبەردا ئیسلام بووە، بۆیە هەندێک دیمەنی ئیسلامی کوردیش هەیە، ئەوان دەیانەوێت ئەوە بڵێن کە دڵدار شیوعی بووە، بۆیە دەڵێ «دینمان ئاینمانە« ئەوە کوفرە، دڵدار کوڕی بنەماڵەی «خادم سوجادە«یە لە کەرکوک، تا ئەم دواییەش تەکیەیان هەبوو، بەڵام ئەو دینمانە ئاینمانە پرسیارم لە چەند مەلایەک کرد، وتیان ئەوە لەگەڵ ئیسلامدا یەکە، دڵدار راستە شیوعی بووە، کە ئەوە ئەی رەقیبەی نوسیووە، ئەو دینمان ئاینمانە پێچەوانەی ئیسلام نییە، ئەوە شەڕ فرۆشتنە، کورد دەبێت بە دەوڵەت ئەگەر خۆمان لە خۆمانی تێکنەدەین، راستە ئەوە ئێرانە کوردی ناوێ، نایەوێ کورد ببێ بەشت، ئەو تاقمەی تورکیا کە هیچیان تورک نین، پێشتر لە کوردستانی نوی بڵاوم کردۆتەوە، ئەردۆغان لازە، لاز میللەتێکە نیوەی لە تورکیایەو نیوەکەی تریان لە جۆرجیایە، بن عەلی یڵدرم خەڵکی دێیەکە تا ئێستاش یەک تورکی تێدا نییە کە لای ئامەدەوەیەو هەموویان کوردن، لەبەرئەوە من چوومە ئامەد، کە چوومە ئامەد وام خەیاڵ دەکرد کەس کوردی نازانێ، کاتێک چووم محەمەد ئوزون دوو رۆمانی بۆ هێنام بە کوردی نووسرابوون، ئەحمەد تورک بە کوردی کەوتە قسە، من نووسیومە ئامەد وەک هەولێر وایە نەک سلێمانی، سلێمانی ئێستا ناڵێم پڕبووە لە عەرەب، هەقە ئەو ئاوارە عەرەبانە بنێردرێنەوە من دژی عەرەب نیم. هەولێر تورکمانی تێدایە، زوربەی کوردە، کلدو ئاشوری تیدایە، جا وتم ئامەد لە هەولێر دەچێت، خەڵکی جیای تێدایەو شارێکە زۆربەی کوردە، چونکە مستەفا کەمال نا موبارەکە چەندین ساڵ زمانی کوردی قەدەغە کرد، لەو کونجانەش نووسیومە پێی مەڵێن ئەتا تورک، چونکە قسەیەکی نازم حیکمەتیان تۆمار کرد لەگەڵمدا، برادەرانی یەکەکە تەلەفزیۆنێکیان هەیە، نازم حیکمەت وتی: من پێی ناڵێم ئەتا تورک، باوکی من نییە، باوکی عەزیز نەسین نییە، باوکی فاشستی تورکە، لەبەرئەوە پێی بڵێن مستەفا کەمال نەک ئەتا تورک.

نازم حیکمەت تورک بوو، من لەگەڵ عەبدوڵڵا بەیاتی چومەتە ماڵی لە موسکۆ، نازم دایەنێکی هەبووە لە ماڵی بەدرخان شیری داوە پێی، بەڵام خۆی بەتورک دەزانێ، دەیوت بە مستەفا کەمال قەت مەڵێن ئەتا تورک، لەو دیدارەدا برادەران وتیان نازم خۆی ئەو

قسەیەی کرد، وتم بەڵێ، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە، کورد دەبێ بە دەوڵەت،دەوڵەتانی دەرەوە دەیانەوێت بەرامبەر ئێرانو تورکیا کورد شتێکی هەبێت، بەڵام نازانم کەی دەبێت. چوومەتە ئەمریکا، ئەوە رەئیانە، ئینجا دەوڵەتەکە چۆن دەبێت نازانم، چەند جارم نووسیووە کورد پێنج پارچەیە، چوارەکە ئەوەیە کە دەیزانین، رۆژهەڵاتو رۆژئاواو باکوورو باشوور، پێنجەمەکە کوێیە؟ من چوومەتە یەریڤان، لە ماڵی جاسمی جەلیل میوان بووم لە گەرەکێک بوو هەمووی کورد بوون، گەرەکێکی کورد لەناو یەریڤان بوو لە ئازەربایجان، قوبادلی لاچین زەنگەلان، چوار قەزایە، ئەو وەختە من لەباکۆ ژیاوم، ئەو چوار قەزایە ئیدارەی خۆیان هەبوو، برادەرێکی شاعیرم هەبوو لە ئەرمینیایە، لێم پرسی وتم کوردستانی سوور ماوە؟ وتی ماوە، بەڵام ئەوانە چونکە حزبی شیوعی لەسەر حوکم نەماوە، ناوەکەیان گۆڕیووە بۆ کوردستانی ئازاد، کازاخستان نووسیویشمە، ناوچەیەکی گەورەی کوردی هەیە وەختی خۆی ستالین من رام جیایە لەسەر کەموکوڕی هەیە بەڵام گەورەییشی هەیە، وەختی خۆی لەسەر سنووری نێوان سۆڤێتو تورکیا، خەڵکی هاتو چۆی دەکرد، تورکەکان ئەو وەختە لەناو ئەو کوردانەی هاتوچۆیان دەکرد، سیخوڕیان دانابوو بۆ سیخوڕییکردن بەسەر سۆڤێتەوە، لە سۆڤێت چەندین خەڵکیان لێ گیرا، ئیتر ستالین ناردی بەشوێنیاندا و وتی: دەبێت ئەو هاتوچۆیە نەکەن، ئێوە خزمی یەکن، بۆیە ئەگەر ئەم هاتوچۆیە بکەن دەتانێرمە کازاخستان، ئەوەبوو ناردنیە کازاخستان لەوێ تا ئەمڕۆ قوتابخانە بە کوردی هەیە، ئەوە بەشی پێنجەمی کوردستانە، تا ئێستا ١٠ جار وتومە کوردستان پێنج بەشە کەچی لەو لاوە راگەیاندنەکان دەڵێن هەر بەشەکەی کوردستان، ئەی باشە ئەو بەشە گەورەیەی کوردستان ئەرمینیاو کازاخستانو لە باکۆ تیایەتی تەنها یەک جار رووناکی خولە بۆمبا وتویەتی: پێنج پارچەکەی کوردستان، زۆرم پێخۆشبوو، کاکە کورد نافەوتێ ئەوەی بەکورد کراوە دەبوایە زۆر زوو لەناو بچووایە، بەتەمام شتێک بنووسم لەسەر ئەوە، دکتۆر خەلیل وتارێکی نووسییوە لەسەر لوڕ کە فەیلیو لوڕی کردووە بەیەک، فەیلی بەو کوردانەی بەغدا دەڵێن کە لە باب الشیخو بەنی سعد بوون، سەدام کۆیکردنەوەو موڵکو ماڵیانی داگیرکردو رەوانەی بەغدای کردن، ئەو لوڕو فەیلی کردووە بەیەک، باسی ئەوەی بەغدای نەکردووە، ئێستا زۆریان هاتۆتەوە، برایانی فەیلیمان زۆرن کاک عادل مورادو عەبدوالرەزاق فەیلی، دکتۆر فوئاد حمە خورشید ئاگادارە بازاڕی بەغدا لەدوو رووەوە بەدەست کوردەوە بوو، یەکێک لەو دەوڵەمەندانە حاجی عەلی حەیدەر بوو پیاوێکی مەشهور بوو، لەولاوە حەماڵی فەیلی، ئەحمەد بەگ دەڵێ: لە فەیلەی حەماڵ دەچێ لەناو بازاڕی شۆریجە حەماڵی فەیلی بوون، دەوڵەمەندەکانیش کورد بوون، شۆریجە بەدەست کوردەوە بوو، سەدام دەریکردن بۆ ئەوەی بازاڕەکەیان لە ژێر دەست دەربکات، ئەوە موشکیلەی فەیلییە، نەک ئەوەی دکتۆر خەلیل نووسیوێتی باسی ئەو فەیلیانەی بەغدای نەکردووە.

با شتێکی تر بگێڕمەوە سەیرکەن ئەوە کارەساتی کوردە یان بەختی کوردە، حیکایەتێکم لایە سەلیم بەرەکات کە شاعیرو چیرۆکنووسێکی چاکە، سەلیم خەڵکی قامیشلی بوو، کوردییەکی باشی دەزانی، بەڵام هەر بە عەرەبی دەینووسی لەو کتێبەی مندا ئەویشی تیدایە، باسی حیکایەتەکەتان بۆ بکەم: «چومە ستۆکهۆڵم عومەر شێخ موس کە خەڵکی عامودەیە کە هەموویان دەناسم، دەعوەتێکی کردین لە زانکۆی ستۆکهۆڵم، کە چووین سەلیم بەرەکاتی بانگ کردبوو، منو عومەر سەلیمو شەخسێکی چوارەم لەبەینابوو، جا گوێ لە حیکایەتەکە بگرن، ئەویشی تەقدیم کردو وتی ئەو پیاوە کوردی تورکیایەو بەکوردی دەنووسێ، ئەویشم دەعوەت کردووە، دانیشتن لەگەڵ سەلیم بەرەکات کەوتنە پرسیار کردن تۆ کێیت و کێ نیت، هەردووکیان خەڵکی قامیشلۆ بوون، ئەم لەم بەرو ئەو لەوبەری قامیشلۆ بوون، لەقسەکاندا دەرکەوت ئامۆزای هەق باوک برا بوون و باوکیان برا بوو، یەکیان نەدیبوو، تا ئەو دەعوەتە جا

نازانم ئەوە نەگبەتی کوردە، یان گەورەیی کوردە یان نا، بەڵام حیکایەتەکە رۆمانە،بووین بە دەوڵەت با تێکی نەدەین.

**مستەفا سالح کەریم:**

دوو موداخەلەی بچکۆلەم هەیە لەگەڵ پرسیارێکدا یەکەم پەیوەندیی بە فەیلییەکانەوە هەیە، یەکێک لە کارەساتی فەیلییەکان سەدام رۆژێکیان ٥ هەزار کەسی لێ کۆکردنەوە لە غورفەی تیجارەی بەغدا، کەسە ناودارەکانیان هەموویانی کوشت، دووەم باسی یەڵدرمت کرد، رۆژێکیان چووم بۆ بەغدا بۆ ژووری پرۆفیسۆر عیزەدین، سەرۆکی یەکێتیی نووسەران بوو، وتی: ئەم فایلەت پیشان دەدەم شتێکی خۆشی تیدایە، من ناو نابەم، تۆش ناو مەبە، وتی: ئەمەیان کوردە، لە فلان شارەوە هاتووە نووسیوێتی ئەسڵم عەرەبە، ئەمەیان لە رومادییەوە هاتووە، ناوی لفتەیە، وتی من کوردم، قبوڵم بکەن، وتی بانگم کردو وتم: لفتە تۆ چ پەیوەندییەکت بە کوردەوە هەیە؟ وتی: من باوکم بۆ نەگبەتی دەرکراوە بۆ ئێرە، شێخی عەشیرەتەکە ناوی لفتە بووە، لەخۆشی ئەو بۆ ئەوەی جێی بیێتەوە منی ناوناوە لفتە، ئەگینا من ئەسڵ کوردم، پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا یونس رەوئوف دڵدار هۆنراوەی ئەی ئەی رەقیب کاتی شوعی بوونی نووسیوێتی یان کاتێک لە هیوا بووە سوپاس.

**ستران عەبدوڵڵا:** دکتۆر ئەم جۆرە کۆڕانە زوو زوو شوعێتییەکەی کاک مستەفا دەردەخات.

**د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ:**

لە ئەحمەد دڵزارم پرسی وتم دڵدار کە ئەی رەقیبی نووسی شوعی بوو یان نا، وتی لە کەریم ئەحمەد بپرسە، وتم ئاخر تۆ کە کۆچی دوایی کرد لە گەلاوێژدا شینت بۆ نووسیووە، ئەڵێ شاعیری چینی هەژارانم رۆ، ئەو وەختە بۆ شیوعی دەوترا لە کاک کەریمم پرسی بە حزوری کاک عوسمان مستەفا خۆشناوی ژن برای، لەم ماوەیەدا کۆچی دوایی کرد، پرسیم کاک کەریم، دڵدار ئەو کاتە ئەو شیعرەی نووسی شوعی بوو؟ کاک کەریم وتی بەڵێ، کاک عوسمان وتی: من رێکخەری بووم، موهیم ئەوەیە ئەو هۆنراوەیە بوو بە سرودی کوردو خاوەنی ئەوەیە، جا ئێمە ئەگەر وەک شیوعی شانازیی پێوە بکەین، هەقی خۆمانە، بەڵام ئەوەتا ئەی رەقیب هەر ماوەو سروودێکە. دەربارەی ریفراندۆم بەداخەوە حزبی شیوعی عیراق لەگەڵ ریفڕاندۆم نەبوون، رائید فەهمی من لە پاریسەوە دەیناسم، بەیانێکیان دەرکردو لە بەینا بوون، بەڵام حزبی شیوعی کوردستان لە گەڵ ریفڕاندۆمدایەو لەگەڵ جیا بوونەوەدایە.

**دکتۆر بەهرۆز جاف:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە، ئاشنا بووین بەهەندێک بیرەوەریی دکتۆر عیزەدین، کاتی خۆی لەگەڵ ئامۆزاو خوشکەکانی ئاشنایەتیمان هەبوو، بەڵام کاتی خۆی حەزمان کرد بیبینین، بەڵام لە ساڵی نەوەدەکان بوو، لە زۆرێک لە کۆڕەکان بەشداربووم لەگەڵیدا، سەبارەت بە دینمان ئاینمان، دکتۆر عیزەدین زمانەوانە، کۆمەڵێک بنەما هەیە لە زمانەوانی بۆ وشە شتێک هەیە لە

زماندا جۆرێکە لە ئیشکالییەت، دەبێ وشەکە کاریگەر بێت، دەبێ ئەنئەمبیگەیس بێ، بۆ وەک دڵ لەناو لەشدا دڵ دەربهێنرێت لەشەکە دەمرێت، واتە دەبێ یەک مانا هەڵبگرێت، بەڵام ئەگەر دوو مانا یان سێ مانای دا دەبێت وشەکە بگۆڕدرێت، وشەی دین و ئاین ئیشکالییەتی تێدایە زۆر سوپاس.

**عومەر عەبدولکەریم:**

زۆر سوپاس بۆ کاک ستران بەڕاستی دەرفەتێکی باش بوو من لێرە دەمەوێت سوپاسی دکتۆر عیزەدین بکەم لە ساڵی ۱۹۹۹ من ئاگادار نەبووم سەیری کوردستانی نوێم کرد، دەستەی کارگێڕیان هەڵبژێردرابوو، سەیرمکرد من مورەشەحی دکتۆر عیزەدین بووم دوو خول، من لەخزمەتی ئەو بەڕێزەدا بوومو زۆر شتی لێوە فێربووم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

--------------------------------------------

## ئەم کونجەش

### ئەمجارەش هەر بە ناوی کوردی

هەر بە دووای ئەو دوو کونجەدا کە لە بارەی (ناوی کوردی)یەوە نووسیمن چەند شتێکم هاتەوە بیر کە لە (کاغەزەکانمدا) تۆمار کراون و دەبوو بینووسم - بەڵام وا پێ ڕانەگەیشتم - با ئێستا بیاننووسم - چونکە لام وایە - خوێنەرەوەکانی (کوردستانی نوێ) ئاگاداری نین - یاخوا وا نەبێ.

با جارێکیتر باسی مامۆستا گیوی موکریانی بکەم کە هەموو دڵ و گیانی کوردایەتی بوو - لە (کونج)ێکیتردا نووسیم ناوی خۆی لە عەبدورەحمانەوە کرد بە (گیو) بە ناوی یەکێک لە قارەمانە کوردەکانی شانامەی فیردەوسی یەوە. مامۆستا گیو هاتبووە بەغدا و شوێنی هەموو پیاوی دیاری کورد لە بەغدا دوکانەکەی یا (یانەکە)ی مامۆستا بەشیر بوو.

لاو و خوێندەوار پێ یان خۆش بوو لە دەوری مامۆستا گیو کۆببنەوە و پرسیاری کوردایەتی و شیعر و ئەدەبی لێ بکەن، مامۆستا

بەشیریش لای ناخۆش بوو ئەو بایەخە بە مامۆستا گیو بدرێ و کەس لەو نەپرسێتەوە و (مەرکەزی کار) ئەو نەبێ. ئیتر تووڕە بوو و ووتی:

عەبدوڕەحمان... عەبدوڕەحمان - بچۆرەوە ئوتێلەکەی خۆت. (لە ئوتێلێکی نزیک دوکانەکە دابەزیبوو) - بچۆ با لەوێ بێنە لات. مامۆستا گیویش بەم (عەبدوڕەحمان)ە پەست بوو - هەستا و لاوان دووای کەوتن بۆ ئوتێلەکە - ئەمەش سەرگوزەشتەیەکی پیاوانی ئەو زەمانەیە.

لە کونجێکی پێشوودا باسی ئەوەم کرد کە (مستەفا کەمال)ی تاوانبار هەر بە یاسا بڕیاری دابوو کە (لەقەب) دەبێ تورکی بێ - لە سوریاش ئیتر لاسایی ئەو بوو یا گیانی عەرەبچێتی خۆیان بوو - بڕیارێک دەرچوو بوو کە ناو دەبێ عەرەبی بێ - بەڵام جەلادەت بەگی بەدرخان - کە نووسەر و ڕووناکبیر و سەرکردەیەکی کوردایەتی بوو، سەری بۆ ئەو بڕیارە شۆڕ نەکردبوو لەبەر کەسایەتیی گەورەی خۆی لە دەزگای (ناوتۆمارکردن) نەیانتوانیبوو لە قسەی دەرچن - ناوی کوڕەکەیی بە (جەمشید) تۆمار کردبوو - ناوی کچەکەشی بە (سینەم) یا (سینەم خان) سینەم ناوی گوڵێکە (پێنج پەڕە)ی هەیە - نازانم لای ئێمە هەیە یا نا و ناوی چی یە. خۆ خێزانی (جەلادەت بەگ)یش کە ئامۆزای خۆی بوو - کچی (ساڵح بەگی بەدرخان)ی شاعیر بوو - هەر لە ئەستەمووڵەوە ناونرابوو (ڕەوشەن) - کە خەڵک (ڕەوشەن خان) و ئێمە مانان بە زمانی منداڵەکانی یەوە بانگمان دەکرد (یادە)، واتە (دایە) و خەڵک هەر بە خانم بانگیان دەکرد.

بەڵام قسەیەکی خۆشی ئەو سەردەمەم لە بیرە - کاک (عوسمانی حاجۆ) کە ئەفسەرێکی پێشکەوتووی سوپای سوریا بوو، کوڕی (حەسەن ئاغای حاجۆ)ی پیاوی ناسراوی سوریا و ئەندامی هەمیشەیی پەرلەمان بوو. زۆر پیاوێکی قسەخۆش بوو، دەهاتە ماڵی (ڕەوشەن خان) و لەوێ دەورەمان دەدا. کاک عوسمان خوا کوڕێکی دەداتێ، دەچێتە (دەزگای ڕەگەزنامە) (دائیرەی نفوس) کە تۆماری بکا - بە بەرگی عەسکەری یەوە دەچێ. فەرمانبەر لە بەری هەڵدەستێ و ناسنامەی خۆی نیشان دەدا و دەڵێ (کوڕێکمان بووە) دەمەوێ تۆماری بکەم. کابرا دەپرسێ: قوربان ناوی دەنێی چی - کاک عوسمان دەڵێ (خۆشناو) کابرا بە شەرم و بە ترسەوە دەڵێ: قوربان؛ ئەوە فەرمانمان پێدراوە ناو عەرەبی نەبێ تۆماری ناکەین. کاک عوسمانیش دەزانێ بە دەست کابرای بەستەزمان نی یە،دەڵێ: باشە ناوی عەرەبی لێ دەنێین. دەڵێ: باشە چی دەڵێ ناوی دەنێین (ڕۆستەم) کابرای نەزان یەکسەر دەڵێ: باشە. چونکە نازانێ (ڕۆستەم) یش ناوی (ڕۆستەمی زاڵ) و قارەمانی کوردە. کوڕەکەی بۆ تۆمار دەکا.

کاک (فلان) ئەمەش یەکێک بوو لە قسە خۆشەکانی ئەو زەمانە- بە ڕاستی ئاسوودە بووین.

١٤ - ٣ - ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## هەر بۆ ناوی کوردی

من هەر دەنووسم. جا کێ دەیخوێنێتەوە سوپاسی دەکەم و دەتوانم بڵێم ئەوەش کە نایخوێنێتەوە گەردنی ئازاد بێ - بەڵام ڕەنگە نووسینەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو ببنە بەڵگە - ئەمە خۆزگەیە و دەیخوازم - خۆ ڕێی ئەوەم لێ ناگرن.

لە (کونج)ێکی پێشوودا باسی ناوی خۆمم کرد کە تانووتی ئەوەم لێدرابوو کە ناوەکەم عەرەبی یە. ڕەنگە بڵێم چ ناوی من و چ ناوی زۆر کەسیتر، بەڵێ عەرەبین، بەڵام زیاتر دەتوانم بڵێمل ئیسلامین بە کارتێکردنی ئیسلام ناوی عەرەبیش هاتۆتە ناو کوردەوە، یا وەک جارێکیتر نووسیم - یەکەم کورد لە ژیانی پێغەمبەری مەزندا گەیشتۆتە (مەدینەی مونەوەرە) و لەسەر دەستی خۆیدا موسوڵمان بووە - ناوی (گاڤان) واتە (گاوان) ی کوڕی (مەیموون) بووە - ڕەنگە ناونان بە ناوی زیرەکترین گیانلەبەرەوە کە (مەیموون)ە لای کورد (شەرم نەبووبێ، یا عەرەب ناوی (میمون)ی عەرەبی یان لێ نابێ، کە مانای (پیرۆز)ە. ئیتر پاش ئەوە ناوی عەرەبی یا ئیسلامی لەناو کورد و هەموو موسوڵمانانڈا بڵاوبۆوە، فەرموودەیەک هەیە دەڵێ: (خیر الاسماء ما حمد و عبد) واتە: باشترین ناو ئەوانەیە کە بە (حەمەد) و (عەبد) دەستپێبکەن - وەک (حمد الله) و (حمیدالدین) و (حمید الملک) کە لە ناو هەموو گەلانی موسوڵمانی (نا عەرەب) دا باوون. بەڵام سەیر ئەوەیە کورد زۆرجار (عەبد)ەکە لەناو دەکاتەوە و هەر بە ناوەکەی خۆیەوە - کە لە ئیسلامدا بە ناوە پیرۆزەکانی خوا (اسماء الله الحسنی) ناودەبرێ - منداڵ ناودەنێن - واتە (بێ عبد)ەکە: نموونەم زۆر لە بیردا یا لە بەردەمدایە: با بڵێم: مەجید، حەمید، قادر، رەئووف، ڕەحیم، غەفوور، کەریم، عەزیز، جەلیل، ئەوەتا (عبدالرحمن)یش ئەبێ بە (ئەوڕەحمان) و کورد دێڕی فۆلکلۆری لێ دروست دەکا (ئەوڕەحمانە،... دەرمانە - ئاگر بێنە سەرمامانە) (عەبدوڵڵا)ش دەبێ بە (ئەولا) (عبدالرزاق)یش دەبێ بە (ڕەزاق) یا (ڕەزا) - کاک بیمار لێم زویر نەبێ - خۆ (عبدالناسر)یش بووە بە (ناسر) و (عبد الباسط)یش بووە بە (باسیت) - (عبد الباسط)ی قورئان خوێنی (کوردی) گەورەی میسر نەبێ - کە هەروەک خۆیەتی - خۆ (عبدالوهاب)یش دەبێ بە (وەهاب) و (عبدالواحد و عبدالجواد و عبدالحکیم)یش بە جواد و واحید و حەکیم بانگ ئەکەین - ئەمە درێژدادڕی یە کە ڕەنگە زۆر کەس لایان بێ سوود بێ - بەڵام مادام دەستم دایە. یا (حافظ و باقی و مەجید و خالق و سەلام و لەتیف و جەببار)م لەبیر نەچێ - خۆ (مەعرووف) (مالە)یە و (اسماعیل) (سمە)یە و (ابراهیم) (بلە)یە.

من جیاوازی لە نێو ژن و پیاودا ناکەم. لەبەر ئەوە با باسێکی ژنانیش بکەم. فاتمە (فاطمة ) دەبێت بە (فاتە)، (عائشە) دەبێت بە (ئایشێ)، (آمنە) بە (ئامە)، (حلاوة ) بە (حەلاو)، (حلیمة ) بە (حەلیم).

ئەوەتا کورد بە (پەلکە زێڕینە) (قوس و قزح) دەڵێ: (پرچی ئایشێ و فاتمە).

پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر

ئەچەمێتەوە بەرامبەر بە خۆر

ئەم باسە زۆر درێـژە دەکێشێ - بـا لێی گـەڕێم. بەڵام ئـەم گۆڕینانـە هـەر لای کورد نی یە. بـەڵکو نـاوی عـەرەبی یـا ئیسلامی لای (پاکستانی)ی هیندی و ئەفغانی حەشرێکی پێ دەکرێ - دەبێ عەرەب بەزەییان بە خۆیاندا بێتەوە.
ئەوە بۆ (ئەندەنوسیا)و هەندێ وولاتیتر هەر لێگەڕێ. خۆ لای ئێمە (محمد)ەکە بووە بە (حەمە) - هەر لەو حەمەیە دەیان ناو دروست کراوە. (حەمە عەلی) - (حەمە نووری) - (حەمە وەیس)... هتد.

وابزانم درێژەم دایە - هیوام وایە زاناکانمان ئەم نموونە و زانینانە بکەنە کەرەسەی زانستی و جارێکیتر هیوام وایە وەڕسم نەکردبن.

٢٨ - ٣ - ٢٠١٩

--------------------------------------

## هوورا

- لەگەڵ ڕەحمەتی کاکە حەمە (حەمەی مەلا کەریم) و ڕەحمەتی مەلا شوکور (شوکور مستەفا) دا بە ئوتـومبیلی من گەشتێکمان کـرد بەرەو بادینان تەنیا بۆ گەڕان و (بای باڵ دان) هەر لە سلێمانی یەوە یا بڵێم لە بەغداوە تـا کـەرکووک کاکە حەمە بە دەم ڕێگەوە گۆرانی دەووت و گـۆرانی یەکـەش هـەر (هـۆرە) بـوو لـە کـەرکووک ڕەحمـەتی مـەلا شـوکور ووتـی: ئـەرێ جـەناب (ئـەرێ جـەناب شـێوەی قسەکردنی بوو لەگەڵ برادەران) ئەرێ جەناب نابێ ئاوازەکەی بگۆڕی؟ کاکە حەمە فەرمووی: ئەمە تا ئێرە (هـۆرە)ی جـافی بـوو ئیتر لێرەوە دەیکەم بە (هۆرە)ی هەورامی - نەختێکیش لەبارەی جیاوازییانەوە دووا وەک جاریتر نووسیومە: کاکە حەمە دیالێکتی هـەورامیی بە خوێندنەوە و بە نووسین باش دەزانی بەڵام نەیدەتوانی قسەی پێ بکا ئەمەش چونکە لە ماڵەوە بە شێوەی نزیک سلێمانی قسـەیان دەکرد. با لە (بیارە) و هەورامانیش بژین چونکە نە باوکی و نە دایکی هەورامی نەبوون.

لە چەند کەسم پرسیووە (هۆرە) واتە: ووشەکە لە کوێوە هاتووە؟ هەندێک لەوانەی هەموو تیپێکـی (هـ)ی کـوردی دەبەنـەوە سـەر (غ) یـا (خ) دەڵـێن: لـە (خـۆرەوە هـاتووە) بـەڵام من شتێکی سـەیرم لایـە ئـەویش ووشـەی (هـوورا)ی لای ڕووسـە. چونکـە ڕووسـەکان لـە خۆپیشاندانـدا دروشمێکیان دەووتەوە: کابرای درووشمەدەر وەک بڵێین (بژی یـەکێتیی چینـی کرێکـار و فـەللاح) یـا وەک ئێسـتا هـەمووی کردووە بە (جووتیار) کابرا خۆی یەکسەر پاش دروشمەکە دەڵێ (هوورا) ئیتر هەموو خۆپیشاندەران هاوار دەکەن (هـوورا) جاروبـاریش دەبێ بە (ئوورا).

ئەمە لە لایەکەوە هاوارێکە لای دوو نەتـەوەی هینـدۆ ئـەوروپی (واتـە کـورد و ڕووس)ە لـە لایەکیشـەوە ووشـەیەکە لای دوو نەتـەوەی هیندۆ ئەوروپی تۆ بڵێی سەرچاوەکەیان هەر یەک نەبێ خۆ ئێستا ڕژێمی مۆسکۆ بە دەست کۆمۆنیستەکانەوە نی یە تا بڵێین لەبەرئـەوە

تۆ دەتەوێ بمانکەیت بە (خزم) بەڵام هەر خزمین و هەر (هیندۆ ئەورووپین) هەر خوا خۆی دەزانێ کام نەتەوەمان کۆنترین. بەڵام ئەوە دەستی داگیرکەر وای کردووە ئەوان دەوڵەتیان هەبێ و ئێمە نەمانبێ.

(کونجە)کەم بە بەری یەوە ماوە. چونکە هەندێجار دەڵێن: کەمت نووسیوە، هەندێجار دەڵێن: درێژت کردۆتەوە خواش نەیفەرمووە (کونج) هەر دەبێت ئەوەندە دێر بێ. لەبەر ئەوە شتێک باس ئەکەم کە وا بزانم لەمەوبەریش نووسیومە.

من هەر ووشەی (فەللاح) بەکاردەهێنم زۆریش لە سەرچاوە عەرەبی یە کۆنەکاندا گەڕام ووشەی (فەللاح) یا فرمانی (فلح)م نەدۆزیەوە تا بڵێم (فلاح) عەرەبی یە. یا ئێستا کوردیش بەکاری دەهێنێ. ئێستا لەم کوردی یە (نارەسەنە)ی ئێستادا کردوویانە بە (جووتیار) لەلای کورد هەر چەشنێ لەوانەی بە (کشت و کاڵ)ەوە خەریکن ناوێکیان هەیە. ئەوە (جووتیار)ە بەو کەسە دەووترێت کە جووت دەکات، واتە زەوی دەکێڵێ ئیتر جاران بە گاسن و ئێستا بە (تراکتور) هەروەها (سەپان)مان هەیە کە ئیشی ئەویش دیارە. ووشەی (وەرزێر)مان هەیە، ئیشی ئەویش دیارە با ووشەی (ئاودێریش) بچێتە ڕیز. هەموومان لە بنەچەدا لادێین چونکە سلێمانی شارێکی تازەیە بەڵام من خۆم و باوک و باپیرم خەڵکی شارین و لە بنەچەوە لە گوندی (دێلێژە)ی پیرۆزی قەرەداخەوە هاتووین. ئەمانە بۆچوونی منن. تکایە هەر کەس بۆچوونی جیایە بۆم بنووسێ بەڵام بە نەرمی، تاقەتی (شەڕەقسە)م نەماوە.

هەربژین.

٢ - ٥ - ٢٠١٩

-------------------------------------------

## کوردۆڤان

سەیری تەلەفزیۆن ئەکەم، لەم ڕۆژانەدا زۆر باسی ((سوودان)) هاتۆتە پێشەوە. لە گەلێک جاردا باسی شاری ((کوردۆڤان)) دەکرێ - کاتی خۆی هاوڕێی شاعیری سوودانیم ((جیلی عەبدورەحمان)) باسی ئەو شارەی بۆ کردبووم و لە ((کوردۆڤان)) دەدوا کە خەڵکی تێدایە خۆیان بە کورد دەزانن و ناوی شارەکەش هەر لە ووشەی ((کورد))ەوە هاتووە و ڕەنگە هەر لە زەمانی ((سەلاحەدین))ەوە هاتبێ – کە باسی ئەو ((کوردۆڤان))ە دەبیستم، شتێکی سەیرم لە باسی (سەلاحەدین)دا دێتەوە یاد، کە دیارە من سەلاحەدین بە کورد و بە گەورە دەزانم - ئەمە ووت و وێژی لەگەڵ برایەکی کورددا هێنایەوە بیرم - کە لە سەرەتای حکوومەتی هەرێمدا دوو پۆستی ئەکادیمی گەورەی درابوویە.

کابرا ووتی: ئەمە هەمووی ئەو سەلاحەدینە... بابە بووە کوردی بە دنیادا بڵاوکردەوە.

پێم ووت: دوکتۆر فڵان یەک گوندم بۆ بێنە کە پێشتر کورد بووبن و لە دەوری سەلاحەدیندا بووبن بە عەرەب، کورد هەر لە جێی خۆیەتی و کوردستان لە جێی خۆیدایە و سوپای سەلاحەدین شوێنیتری کردووە بە کورد.

شاعیرێکی عەرەب - وا بزانم موعین بەسیسۆ - معین بسیسۆ)یە - کە باس لە شکستی عەرەب یا ئیسلام دەکا، ڕوودەکاتە (سەلاحەدین) و دەڵێ:

ماذا
هل خر مهرک
یا صلاح الدین
واتە: چی یە
ئایا ئەسپەکەت گلاوە
سەلاحەدین؟

جارێکیتر باسی ئەوە دەکەمەوە کە هەندێ کوردی دەمارگیر یا نەزان، رقیان لە سەلاحەدینە و دەڵێن: کە بۆ کوردی نەکرد، بۆ عەرەبیشی نەکردبا. دیارە ئەوانەی ئاگاداری مێژوو نین. سەردەمی سەلاحەدین نە عەرەب، نە فارس، نە تورک، دەوڵەتی نەتەوەییان نەبووە، هەموو بە ناوی ئیسلامەوە بوو بە دڵنیایی دەڵێم: دەوڵەتی سەلاحەدین دەوڵەتی کوردیش بووە، کە دەچمە شام، یەکسەر دەچمە زیارەتی گۆڕی سەلاحەدین، کە دەشچمە قاهیرە زیارەتی (رواق الاکراد)ی سەلاحەدین لە ئەزهەری پیرۆز بە ئەرکی سەر شانم دەزانم.

(زەبەلاح)
گولی من هێشتا
ماوی یە چەند چڵی

ئەوە بە نووسینی من دوو لاپەڕەم تەواو کرد، بەڵام ئەو کەنارەی (ئەم کونجە) هێشتا ماویەتی تا پڕبێتەوە. دیارە لێپرسراوی کونجەکە و ڕۆژنامەکەش لێم ناگەڕێن کە ئەو کەناری لاپەڕەیە پڕنەبێتەوە، لەبەر ئەوە مێشک دەگوشم – یا بە کاغەزە شڕەکانمدا دەگەڕێم، تا شتێکیتر دەدۆزمەوە.

ئەوا دۆزیمەوە

لەم کوردی یە سەقەتەی ئەمڕۆدا - دیارە سەقەتیش لە (سقط)ی عەرەبیەوە هاتووە - لەوێدا هەر لەبەر (زۆر بێ و بۆر بێ) - کابرایەک ووشەی (زەبەلاح)ی بە مانای گەورە بەکاردەهێنا، لەکاتێکدا ئەو ووشەیە لەو کوردی یەدا کە من دەیزانم، بە مانای ستایش نایەت. کورد دەڵێت: (زل و زەبەللاح)ە واتا قەڵەوە و بۆ جۆرێک لە گاڵتەپێکردن بەکاردێت. نەک بۆ ستایش بڵێیت (زل و زەبەللاح)ە. شوکر بۆ خوا کە من (زل و زەبەللاح) نیم و هەر دەشڵێم - ( لاوینە کوردی)... با زمانەکەمان تێک نەدەین.

٢٢ - ٨ - ٢٠١٩

--------------------------------------

## زارا

جارێک لەمەوپێش نوسیبووم:

لە زانکۆ دەرسم دەووتەوە، چەند ووشەیەکم بەکارهێنا. لەناو قوتابی یەکاندا برادەرێکی تێدابوو، ئەو کاتە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی حیزبێکی رۆژهەڵات. هەر لە دەرسەکەدا بە نووسین لەسەر پارچە کاغەزێک بۆی نووسیم:

ئەم ووشەیە چی یە، لە کوردیدا هەیە و (لهجة ) یە یا خۆت دروستت کردووە؟ نووسینەکەیم خوێندەوە و وەڵامم دایەوە. کە زۆر ووشە هەیە لە دیالێکت یا بەشە دیالێکتی تردا هەیە، رەنگە ئێمە بیزانین یا نەیزانین، بەڵام کە بیستمان مافی بەکارهێنانیمان هەیە. خۆ ڕەنگە بەپێی خەریکبوونمەوە بە کوردی یەوە مافی دروستکردنی هەندێ ووشەم هەبێ، ئیتر یا دەڕۆن یا کەس بەکاریان ناهێنێ.

هاوڕێی کۆچکردوم د. ئیحسان فوئاد؛ هەرچەندە وشەی (گەشبین) و (رەشبین) ی بەکاردەهێنا دەیووت: وەک (فلان - واتە بەندە) دەڵێ: لەباسی ئەم دوو وشەیەدا هاوڕێی خۆشەویست و کوردی زانم مامۆستا عەلی شەونم دەیفەرموو: کورد دەڵێن: بەرچاوی روونە، یا بەرچاوی تاریکە منیش دەمووت: ڕاست دەفەرمووی: بەڵام ئەوە درێژە، ئەگەر لێم وەرگری، من ئەو دوو ووشەیەم لا باشترە، بەڵام دیارە لێم وەرگیران.

**حوشتر**

کورد دەڵێن:

شیری حوشتر و

دیاری عەرەب

حوشتر بە حەیوانێکی عەرەبستان ناسراوە، هەرچەندە لە هەندێ وڵاتیتریشدا هەیە.

لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی پێشوودا لە شام دەژیام و لەگەڵ شەهید عەبدورەحمان زەبیحیدا ژوورێکمان گرتبوو. ئەو لە فریاکەوتن واتە (اسعاف) ی نەخۆشخانەدا کاری دەکرد. کە بۆ فریاکەوتن دەچوو بۆ دێهاتی ئەوسای دەوری شام، بە تایبەتی بۆ (دۆما) و (حرستا) گۆشتی حوشتریان دەدایە. سەیر ئەوەیە گۆشتێکی سپی وەک چوری شیری هەیە و زۆر خۆشە، هەر زەبیحیی شەهید خۆی دەیبرژاند یا دەیکرد بە چێشت. بەڕاستی زۆر خۆش بوو.

**ئەمەریکا**:

ئەمجارەش پێم مەڵێن قسە بە ئەمەریکا مەڵێ باسی، ئەمەریکای ئێستا ناکەم، باسێک دەکەم کە سەرچاوە ئەمەریکاییەکان خۆیان لەم ڕۆژانەدا باسیانکرد و یادیان کردەوە. ئەوەش باسی هیرۆشیما و ناکازاکی یە.

لە ڕۆژانی دووایی جەنگی دووەمی جیهاندا کە تازە ئەمەریکا هاتبووە ڕیزی هاوپەیمانانەوە (بەریتانیا و فەڕەنسە) ئەمەریکا گوایە بۆ ئەوەی کۆتایی بە جەنگ بهێنێت و سەر بە ئەڵەمانیای هیتلەری و ئیتالیا شۆڕ بکا کە ژاپۆنیش بوو بووە هاوکاری ئەوان و ئەمەریکا تازە (بۆمبای ئەتۆم)ی دروست کردبوو. ئیتر بۆ تاقیکردنەوەی ئەو بۆمبایە بێت. یا بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگ بێت. بۆمبای ئەتۆمی دا بە دوو شاری (هیرۆشیما و ناکازاکی) ی ژاپۆن دا و بە دەیان - یا سەدان هەزار - مرۆڤی لەو دوو شارەدا کوشت (ژمارەکان جیاوازن). ئیتر ژاپۆن دەستی تەسلیم بوونی هەڵبڕی و کۆتایی بە جەنگ هات.

ئەمەریکا بوو بە براوەی جەنگ - ئەم ساڵ ئەمەریکا یادی ئەو سەرکەوتنەی کردەوە. بەڵام ڕەنگە ئێمە ڕای جیاوازمان بەرامبەر بەو جەنگە و بەو کۆتایی یە خەمناکە هەبێت.

با نەمێنێ جەنگ - با نەمێنێ نەمان.

٢٩ - ٨ - ٢٠١٩

-------------------------------------

## شەیتان

دیسان نازانم (کونجە) یا یاداشت بەڵام هەر دەینووسم خۆ کەس هەڵناداتێ و کەس ڕوونکردنەوە نانووسێ.

مەلا محەمەدی شەمێرانی؛ مەلایەکی زانا و قسەخۆش بوو. لە مزگەوتێکی (خانەقین) مەلا بوو. چوو بۆ حەج. لە کاتی (حجرات)دا واتە لەو کاتەدا کە دەبێ بەردباران یا رەجمی (شەیتان) بکا و حەوت بەردەکە بهاوێژێت. بەدەم بەردهاویشتنەوە دەڵێ: شەیتان لێم ببوورە لە (مەناسیک)ی حەج دا ئەم بەرد بەتۆدا دانی تێدایە بەڵام بەخوا هەرچی لە دەورت وەستاوە لەتۆ زیاتر شایانی بەرد پێدادانن.

ئەمانە قسەی خۆشن کە رەحمەتی مەلا محەممەد حەزی لێ ئەکردن، ئیتر نازانم چەند باوەڕی خۆی وابووە.

***

**هەر نەنووسم باشە:**

کە هەندێ شت دەنووسم و دووایی شتێک دەخوێنمەوە، لە نووسین پەشیمان دەبمەوە و دەڵێی قەڵەمەکەم بشکێنم، بەڵام پێشم ناشکێ. دیارە هەر لەم رۆژنامەیەدا کە بۆی دەنووسم، شتی وا دەخوێنمەوە کە ئەو قەڵەم شکاندنەم لێ دەکەن، بەڕاست و وا تێ دەگەم ئەوانەی (کونجە)کەی من بڵاودەکەنەوە - نایخوێننەوە و هەر وا بەرەو چاپخانەی دەنێرن.

هۆی ئەم وەرس بوونە، یا تووڕەییەم چی یە؟ هەر لێرەدا ووتارێکم خوێندەوە لاپەڕەیەکی گرتبۆوە. ئەویش لەبارەی (کاکەییەکانەوە) بوو. چ من، چ ، ئەوانەی پێش (ئەو لاپەڕەیە) لەبارەی کاکەییەکانیانەوە نووسیوە، ئەوەیان نووسیووە، کە لەم دیوی کوردستان، کاکەییان پێ دەڵێین لەو دیویش (یارسان) و (ئەهلی حەق)یان پێ دەڵێن. کتێبی (سەرەنجام)م لەبەردەستدا نی یە تا لەوێوە چەند دێڕێک بهێنمەوە.

هەر لەوەدا کە من یا هەندێ کەسیتر نووسییانە، ئەوەش نووسراوە کە لەبەر ئەوەی کاکەییەکان لایان وایە، لە (دو ناو دۆن)دا - واتە لە (تەناسوخی رۆحدا) جارێک گیانی خوا چۆتە گیانی (عەلی)یەوە ئیتر هەندێک (عەلەوی)شیان پێ دەڵێن: بەڵام ئەم ناوە یەک دێڕ دەگرێتەوە لە چاو ئەو چەند لاپەڕەیەی باسی (کاکەیی) و (یارسان) و (ئەهلی حەق) دەکات. کەچی ئەو لاپەڕەیەی لە رۆژنامەکەدا بڵاوکرابۆوە و باسی کاکەییەکان دەکات، هەر لە ناونیشانەوە تا دووایی بە (عەلەوی)یەکان ناویبردوون، وەک ئەو ناوانەیتر نەبن. ناویان هەر وا بێت. ئەمە لای من نارەوایە و ناڵێم بێ ئاگایی یە تاقەتی شەڕەنووسینیشم نەماوە و هەر ئەوەندە

دەڵێم: شتێک کە بۆ ڕۆژنامە دەنێری، یا نووسینی (مەسئوول)ێکیش بێ، یا نووسینی سەرکردەی یەکێک بێت لە حیزبە تێکۆشەرە کاربەدەستەکان دەبێ پێش بڵاوکردنەوەی بخوێنرێتەوە.

ئامادەم بۆ ووت و ویژێکی هێمنانە و زانستیانە، بەڵام وەک ووتم: تاقەتی شەڕەنووسینیشم نەماوە، ڕەنگە ئەم موناقەشەیە لە (هاوار)ی پیرۆز کۆتایی بێت. خۆ بەداخەوە (ئەحمەدی حەماغای خووبیلە - ئەحمەد سمێڵ، و برای تێکۆشەرم (محەمەد ئەمین حەسەن عارف) نەماون، تا ئەوان وەڵامێک بدەنەوە، یا دەست تێوەردانیان دیار بێت.

سەربەرزی بۆ کاکەییەکان و (هاوار)یش پیرۆزە.

١٩ - ٩ - ٢٠١٩

--------------------------------------

## ناوی خۆی ئاشکرا نەکرد:

پێم خۆشە ئەو چەند کەسە کەمەی (کونجەکەم) دەخوێننەوە، لێم تێ بگەن و دیارە پێشم خۆشە ڕایان لەگەڵما یەک بێ (کەس نی یە هەستی وا نەبێ).

زۆرجار لەم کەناڵانەدا، یا لە یەکێک لە رۆژنامەکاندا باسی یەکێک دەکرێ و (ڕایەکی بڵاو دەکرێتەوە) دەووترێ: کەسێک (کە ناوی خۆی ئاشکرا نەکرد) ووتی:

بۆچی ناوی خۆی ئاشکرا ناکا: لەچی دەترسێ، خۆ سوپاس کە ئێستا بەتایبەتی لە وڵاتی ئێمەدا ترس نەماوە. لەبەرئەوە حەز ئەکەم: کابرا - یا ئەگەر بگونجێ بڵێم (خوشکە - یا خوشکە برا) ناوی خۆی بڵێ سوودی هەیە.

چونکە من بە تایبەتی وەک خوێنەرێک حەز ئەکەم لە ڕای کەسانی جیا بگەم. واتە: ڕای سیاسی و تێکۆشەرە کۆن و لێپرسراوە کۆنەکان لەبارەی فڵانە ڕووداوی ئەمڕۆوە چی یە و ڕای (لاوان) یا بڵێم (گەنجان) کە نەوەی تازە پێگەیشتووی ووڵاتن و نیشتمان ئەکەوێتە دەست ئەوان، لەم بارەیەوە یا لەو بارەیەوە چی یە. لەبەر ئەوە حەز ئەکەم دەستگاکانی ڕاگەیاندن، بە کابرا بڵێن با ناوی خۆی ئاشکرا بکا ئەوە سوودی بۆ هاووڵاتیان زۆرە.



سەرچاوە Serchawe

**پێشوو**:

هەر لەم کەناڵ و ڕۆژنامانەدا دەبیستم یا دەخوێنمەوە، قسەی کابرایەک بڵاودەکەنەوە و دەڵێن: وەزیری (فڵان شتی) پێشوو: یا لێپرسراوی فڵانە شتی پێشوو.

ئیتر هەر (پێشوو)ە ناشزانم (لابراوە لەسەر کارەکەی، یا خۆی وازیهێناوە). ئەوەم مەبەس نی یە، بەڵام ئەوەم مەبەسە. کە (پێشوو) نەبوو هەر هەبوو، هەڵوێستی بەرامبەر بەم کار و گوزەرانەی کە هەبوو، یا ئێستا هەن هەر ئەمەی ئێستا دەبوو کە باسی دەکا، یا ئەو کاتە جۆرێکیتری ڕەفتار ئەکرد و هەڵوێستێکیتری دەبوو. باشتریش ئەوەیە کەناڵەکان زۆرتری ناڵێم هەموو چاوپێکەوتنەکانیان لەگەڵ (ئێستا )کاندا بێ و هەر لەگەڵ(پێشۆکاندا) نەبێت.

**ماوە**:

دیارە کونجەکەم؛ کونجێکی لاپەڕەی دووەمی ڕۆژانی پێنج شەممەی بۆ دانراوە - دیارە منیش ڕێز لە بڕیاری ڕۆژنامەکە دەگرم. چی بکەم، ئەوەی تا ئێرە نووسیومە سووچەکە هەمووی پڕ ناکاتەوە.

کەواتە (سڵاو)
چڵی من ماو یە هێشتا چەند چڵی

جار و بار هەندێ هاوڕێ لێم دەپرسن: (ماوی) منیش بە ڕاستی یا بە گاڵتە دەڵێم (ماوم و ماویم) واتە سەر بە بیروباوەڕی (ماوتسیتۆنگ) و چینم. ئەمە ئەگەر گاڵتەش بێت دەبێ لەم ڕۆژانەدا سڵاوێک بۆ هاوڕێی دێرینم دوکتۆر عادل عەبدولمەهدیی مونتەفیکی سەرۆکی وەزیرانی ئێستای عیراق و دۆستی دێرینی گەلی کورد بنێرم، کە لەکاتی نووسینی ئەم چەند دێڕەدا لە (چین)ە. هیوام وایە سەرکەوتوو بێت و گەشتەکەی سوودی بۆ عیراق و بۆ کوردستانیش هەبێت و سوودی عیراق و کوردستان یەک بخات.

ئێوەش هەر خۆش بن.

٢٦ - ٩ - ٢٠١٩

-------------------------------------

## دیواری بەرلین

دەمێکە دەمەوێ لەبارەی دیواری بەرلینەوە بنووسم. تازە حکوومەتی ئەڵمانیای دیموکراتی کە کۆمۆنیست بوون نەماوەو ئەڵەمانیا بۆتەوە بەیەک. سنوور نەماوەو یەک بەرلین هەیە. دەوڵەتی ئەڵەمانیا دەوڵەتێکی سەرمایەداری دیارە.

وا بزانم ساڵی ١٩٦١ بوو ئێمە لە مۆسکۆوە بۆ کۆنگرەی خوێندکارانی کورد چووبووینە بەرلین کۆنگرە لە رۆژئاوای بەرلین بوو، بەڵام بۆ سەردانی هاورێ یانمان دەچووینە رۆژهەڵاتی بەرلین. دوکتۆر عەزیز ئەحمەد ئەمین لەوێ لە گەرەکێک بوو (شوێنە هاوزار ئەلبان) پێ دەووتو یاد نەمر د. کەمال فوئاد ماڵی لە خانووی ژمارە پێنجی شەقامێک بوو (گالینۆس شتراسە) یان پێ دەووت- باشە لە بیرم ماوە.

ئێمە لە بەرلین بووین - ووتیان رۆژهەڵاتی بەرلین وا خەریکی دروستکردنی دیوارێکن لەنێوان هەردوو بەرلیندا. خەڵک دەچوون بۆ سەیر. من لەگەڵ هاورێی هەموو ژیانم د. (هیوا مستەفا بەهجەت) دا چووین بۆ ئەوێ. سەیرمانکرد بە سەدان ئەگەر هەزاران نەبێت خەڵک کۆ بوونەتەوە.

برادەرێکی ئێمە کە هێشتا شوکر ماوە - جەلال بێتووشی - لای دیوارەکە وەستا بوو. باسی چاکیی ئەو دیوارەی بۆ خەڵکەکە دەکرد. ڕاستە ئەو کاتە دەیانووت: هۆی دروستکردنی دیوارەکە سیاسی نی یە ئابووری یە. لە رۆژهەڵاتی بەرلینەوە رۆژی ٤٠٠ هەزار کرێکار دەچنە رۆژئاوا و کار بۆ سەرمایەداری رۆژئاوا دەکەن. پارەکەیان دەدەن بە کەلوپەل- واتە هەر لە رۆژئاوا خەرجی دەکەن- چونکە رۆژئاوای بەرلین بازارێکی جیهانیی پڕ لە کەلوپەلی- زەرەقو وەرەق بوو. بەوەوە دەگەڕێنەوە. ئەمەیان دەووت کەوا کارەکە سیاسی نی یەو ئابووری یە. یادی بەخێر کاک جەلال بێتووشی لەمبەر وەستابوو ئەمەی بۆ خەڵک شەرح دەکرد خوتبەی دەدا. بەڵام خەڵکی رۆژئاوا کە دژی دیوارەکە بوون - لەو خوتبەدانەی کاک جەلال وەرسبوونو پەلاماریان دا. بە بەرچاوی ئەو خەڵکەوە لێدانێکی باشی خوارد.

کاک جەلال تەمەن درێژ بێو قسەش هەر قسە دەهێنێ.

٤ - ٥ - ٢٠١٧

----------------------------------

## کوردستانەکەم

نازانم ئەمەیان (کونج)، یا یاداشت - یا دەچێتە چ بەشێک لە نووسینەکانم.. خۆتان دەیزانن = ناوی لێ بنێن = بەڵام کە هات بە بیرما وا من دەست دەدەمە قەڵەم و ئێوە ناوی لێ بنێن.

کە لە باکۆ دەژیام لە ئێستگەی عەرەبی کارم دەکرد، لە سەروو شاخەکە لای ئێستگەوە بە (فونیکلۆر) کە لە تراموای دەچوو، دەهاتیتە خوارەوە لە فولکەی خوارەوە ماڵی مامۆستای زمانی (رووسی یەکەم) ئەحمەد رەمەزانۆڤیچ مەحموودۆڤ بوو ئەم مامۆستایەم موسڵمان بوو خەڵکی داگستان بوو لە داگستان سێ میللەت هەن ئەڤار و لەزگین و کۆمیک ئەم مامۆستایەم (ئەڤار) بوو زۆر جار بۆ نانخواردن بانگی دەکردم بۆ ماڵی خۆیان تەنیا کچێکی هەبوو کە ئەوکاتە منداڵ بوو ناوی (زنفیرا) بوو. بەهۆی مەحموودۆڤەوە شاعیری گەورەی داگستان (ڕەسووڵ هەمزاتۆڤ)م ناسی- کە ئەوکاتە لە مۆسکۆ دەژیا جارێک هاتم بۆ مۆسکۆ مەحموودۆڤ نامەیەکی بۆ (ڕەسووڵ هەمزاتۆڤ) دامێ تومەز ئەویش هەر (ئەڤار)ە، ئەو دەمە ڕۆمانە بەناوبانگەکەی خۆی بە ناوی (داگستان)ەکەمەوە نووسیبوو، کە بەڕاستی ڕۆمانێکی جوان بوو کە لە جیهاندا نووسرا بێ.

هەمزاتۆڤ حەزی دەکرد ڕۆمانەکەی بکەم بە عەرەبی. لەلایەک باوەڕم بە خۆم و رووسی یەکەم نەبوو کە بتوانم ڕۆمانێکی وا بکەم بە عەرەبی و لەلایەکیتر، ئاواتی ئەوەم بوو کە بتوانم ڕۆمانێکی وەک ئەو یا نیوەی ئەو بنووسم بە ناونیشانی (کوردستانەکەم)ەوە، دیارە قەڵەمی من ئەوەی هەمزاتۆڤ نی یە. بەڵام لاسایی کردنەوەی ئەو بە تێکەڵبوونی باسی سروشت و فۆلکلۆرەوە شتێکی لێ دەردەچوو. بەڵام بە داخەوە نەکرا.

لەم ساڵانەی دواییدا برای خۆشەویستم مامۆستا دوکتۆر عەزیز گەردی ڕۆمانەکەی (هەمزاتۆڤ)ی کرد بە کوردی. نازانم لە عەرەبی یەوە وەریگێڕا بوو یان لە ئینگلیزی یەوە - چونکە دڵنیام رووسی و (ئەڤار)ی نەدەزانی.

بەڵام کاکە حەمەی برام (نەمر محەمەدی مەلا کەریم) لە وەرگێڕانەکەی دوکتۆر عەزیز گەردی رازی نەبوو و دەیووت بە زمانی بەحرکە نووسیوێتی و بە کوردی نەینووسیوە. خۆزگە کەسێک بەراوردێکی لە نێوان (زمانی یەکگرتووی کوردی) واتە (ستاندار) و ئەو شێوە خۆماڵی یە (بەحرکە)یەی کاک عەزیز گەردیدا دەکرد.

هەر لە یادی مەحموودۆڤدا دەبێ بنووسم. ساڵی وا بزانم ١٩٧٥ بوو - ئالیمان ئەراسلی کە لە باڵیۆزخانەی سۆڤێت بوو - سێ نوێنەری یەکێتیی نووسەرانی دەعوەت کرد بۆ چوونە یەکێتیی سۆڤێت، پێکهاتەی نوێنەران حیکایەتی خۆی هەیە. بەڵام دوایی وەک (بەندە) سەرۆکی نوێنەران و کامەرانی شاعیر و حاجی سادق بەهادین گیرسایەوە. هەرسێکمان چووینە ماڵی مەحموودۆڤ. دیاریشم بۆ

بردبوو. ئەو بەو چەند وشە عەرەبی یە فەسیحەی لای مەلا ئەڤاری یەکان فێری بوو بوو، زوو زوو دەیووت: حاجی سادق (). بەڵام کە هاتینە دەرەوە. زەرفێکی خستە گیرفانی منەوە و یەکێکی خستە گیرفانی (کامەران)ی ئەمرەوە. هیچی بۆ حاجی سادق دا نەنا. دیارە دیاریی ئەو پیرۆزە و بە خۆشی یەوە هەڵدەگیرێ.

لەم ساڵانەی دواییدا هەواڵی (مەحموودۆڤ)م لە ئەمر دوکتۆر رەحیمی قازی پرسی لە کاتی دوا هاتنیدا بۆ کوردستان. ووتی: دیارە نەماوە چونکە زۆر دەمێکە نایبینم.

جارێکی تر دەنووسم:

ئەمری بۆ ئەوانەی ناویان هات.

١٢ - ٩ - ٢٠١٩

-----------------------------------------

## هەڵەبجە

ئەمساڵ گرنگی یەکی زۆر درا بە یادی کیمیاوی بارانی هەڵەبجە و شەهیدانی هەڵەبجە. بێگومان چ هەڵەبجە و چ ئەو تراژیدیایە زۆر زیاتری پێویستە و زۆر زیاتری دەوێ. خۆزگە دەمتوانی کتێبێک لەو بارەیەوە بنووسم کە دووبارە کردنەوەی قسەی نووسەرە بەڕێزەکانیتر نەبێ. بەڵام کە ئێستا (پیری و نەخۆشی) ڕێیان لێگرتووم - با هیچ نەبێ منیش بە (کونجێک) بەشداربم.

جاریتر باسی هەڵەبجەم کردووە. لە ناوەکەیەوە دەستم پێکردووە. دوو ڕام لەو بارەیەوە دیوە یا بیستووە. یەکێکیان ئەوەیە کە (حەلەبجە)یە، واتا (حەڵەب)ی بچووک. (کورد حەڵەب دەڵێن: حەلەب نالێن - وەک هەندێ تەلەفزیۆنی کوردی پێی دەڵێن) - شاری حەڵەبی سووریە ئێستاش شارێکی جوان و خۆشە و گەڕەکێکی گەورەی هەر کوردنشینە - یا دوو گەڕەکی کە (ئەشرەفیە و شێخ مەقسوود)ن - کەواتە ئەگەر (هەڵەبجە)ش لە ناوی ئەوێوە وەرگیرابێ هیچ (ئەنگی) نی یە و کورد (ح)کەی کردووە بە (هـ) و لای عەرەب هەر (ح)یە. ڕایەکیتریش هەبوو کە ناوەکانی لە ناوێکی یا ووشەیەکی (میدی)یەکانەوە وەرگیراوە. بەڵام بە داخەوە ووشەکەم بیر نەماوە و لە چەند شارەزاشم پرسی نەیانزانی.

هەڵەبجە - لای کورد و جیهان بوو بە ناوێکی گەورە. بەرامبەر بەو تاوانە ( یا زیاد لەو تاوانەی) بەعسی یە فاشستەکان بەرامبەری



سەرچاوە Serchawe

کردیان و بوو بە ناوێکی جیهانی - کە شایانێتی. ئەگەر بە (کفری) دەڵێن: شاری وەزیران، بۆ هەڵەبجەش شایانە پێی بووترێ (شاری شاعیران) نموونەی گەورەیان (تایەر بەگ و ئەحمەد موختار بەگ و گۆران و مەلا حەسەنی - شاهۆ و باوکی گۆران (سلێمان بەگی کاتب فارسی... هتد) لێم ببوورن کە ناوم لەبیر دەچێ. بەڵام بۆ ئەمڕۆش لە سایەی خواوە (کاک عەلی شەونم)ی خاوەنی (جەژنە - جەژنی کوردستانە - هەر ماوە و - ساڵح شارەزووری - ی براشی هەر لە ڕیزی شاعیرە گەورەکانە. ناشزانم (میرزا مارف) هەر خەڵکی هەڵەبجەیە - یا ئەوەیە زۆر لەوێ ژیاوە.

لە نووسینێکدا ووتبووم: هەڵەبجە وێران کرا. بەڵام سەد سوپاس - ئاوەدان کرایەوە و (ناونرا هەڵەبجەی شەهید) و لەولاوە (هەڵەبجە)ی تازەش دروستکرا. بەڵام لە بارەی ووشەی (شەهید) مکەوە تێبینیم هەبوو. ووشەی (شەهید) کە ئیستیلاحێکی ئیسلامی یە. بۆ فیداکارێکی کوژراو بەکاردەهێنرێ، کەواتە ئەو هەڵەبجەیەی ئاوەدان کراوەتەوە و ماوە نابێ (شەهید)ی پێ بڵێین - ئەوی تازەش ئەگەر لاوەکانی لێم زویر نەبن. با ناوێکی تری لێ بنێن - یا با هەر بەشێک لە هەڵەبجە بێت. چونکە هەڵەبجە پایتەختی هەموو شارەزوور بوو. لە بیرمە منداڵ بووم - دەلاڵی ئوتومبیلی ڕێی هەڵەبجە (عەزەی بارام) هاواری دەکرد - هەڵەبجە- هەڵەبجە - هەڵەبجەکەی شارەزوور).

پێم ناخۆش بوو - چونکە زۆر بە تەنگ زمانی کوردی یەوەم و بە (سەقەت) کردنی کوردی - تووڕە و وەڕسم، دەڵێم کەسێکی سەر بە بنەماڵەیەکی کوردی زان - باسی هەڵەبجەی دەکرد - دەیووت: (برینی لێ دەتکێت، دەنگم نەیدەگەیشتێ - بڵێم کورد - خوێنی لێ دەتکێت برین - نا، دەڵێن- بەڵام سەد سوپاس کە ئێستا نە خوێنی لێ دەتکێت - نە برین).
بۆ مامۆستا برایم ئەحمەدیش باسی (هەڵەبجە)یەتی دەکرێ - بەڵام - من بزانم مامۆستا خەڵکی سلێمانی یەو لە هەڵەبجە - دادوەر (حاکم) بووە.

هەڵەبجە بە مێژووی، بە قوربانیی، بە ڕابردووی، بە ئێستای جێی شانازیمانە) و هەر گەورەیە و هەر ماوە.

١٨ - ٤ - ٢٠١٩

---

## ئاڵای کوردستان

چەند جار لەبارەی ئاڵای کوردستانەوە نووسیومە. بەڵام دووبارە کردنەوە زیانی نی یە چونکە(لێنین) فێری کردووم کە (دووبارە کردنەوە سوودی تێدایە).

تا ئێستا دەنگی رەحمەتی ئوسەیمە مالیک کچی ڕەوشەن بەدرخان لە مێردی یەکەمی لە گوێمدا دەزرنگێتەوە کە بە دەنگەخۆشەکەی شیعری جگەرخوێنی بە سروود لەبارەی ئاڵاوە دەووت:

ئاڵا سێ ڕەنگی تە
ب ناڤ و دەنگی تە
ئەی خورتێن کوردستان
سلاڤ بێ لێتان.

هەر ئەم سروودەم بە دەنگە خۆشەکەی جگەرخوێن خۆی لەماڵی رەحمەتی فوئاد قەدریی جەمیل پاشا نوێنەری ناو پەرلەمان و سکرتێری ئەوکاتەی(بەرەی نیشتمانیی سوریا) بیستووە.

خەڵک یا زۆر کەس دەنووسن ئەم ئاڵایە ئەوەیە کە شەهید قازی محەمەد (پێشەوای کورد) لە مەهاباد هەڵیکرد. بەڵام دیسان دەڵێم زیانی یە ئەوەی لەمەوپێش نووسیومە دووبارە یا سێ بارەی بکەمەوە چونکە ئێستاش کەم کەس بێزیان دێ شت یا ڕۆژنامە بخوێننەوە.

لەمەوپێش نووسیبووم:

ئێستا دەڵێم: ئەم ئاڵایەی ئێستا بەسەر خاکی (هەرێمی کوردستان) دا و بە کوێرایی چاوی شۆڤێنی یە عەرەبەکان و تورانی یەکان بەسەر کەرکووکی کوردستاندا دەشەکێتەوە ئەوە ئاڵای حیزبی(خوێبوون)ە، کە ئیحسان نوری پاشا لە شۆڕشی (ئارارات) دا سێ ساڵی (١٩٢٧ - ١٩٣٠) بەسەر لووتکەی (ئارارات) دا هەڵیکرد.

نەمر قەدری بەگی جەمیل پاشای بورج (زەننار سلووپی) ساڵی ١٩٥٧ لەماڵی خۆیان لە شام بۆیگێڕامەوە فەرمووی:
کە جمهووریەتی کوردستان دروست بوو چوومە مەهاباد. کە بە خزمەتی پێشەوا گەیشتم ئاڵایەکی کوردستانم پێبوو کە لەو جۆرەی ئێستا دروستکرابوو بەو جۆرەی لە مەعدەن دروست دەکرێ و دەکرێت بە سنگەوە. باسی مێژووی ئاڵاکەم بۆ پێشەوا کرد.

فەرمووی: بەڕاستی ئاڵایەکی جوانە و نرخی مێژوویی خۆی هەیە. بەڵام لام باشە لەپاڵ ئەو ڕۆژەی لە ناوەڕاستدایە گوڵەگەنمێک و قەڵەمێکی تێدا بووایە دیارە بە قسەی پێشەوای مەزن کرا و ئاڵای جمهوریەتی کوردستان بەو جۆرە بوو.

هەرچی ئاڵای (خۆیبوون و ئاراراتە) کە ئاڵای ئێستای هەرێمی کوردستانە:



سەرچاوە
Serchawe

کەس نەڵێ کورد مردووە. کورد زیندوە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

لەبارەی ڕەنگەکانی یەوە وەک بیستوومە: ئاڵای سەلاحەدین بووە. سەوز ڕەمزی میدیایە و لەو دوواش سمایل خانی سمکۆ کردوویەتی بە ڕەنگی ئاڵای خۆی. (سپی) ش لای موسوڵمان ڕەنگی دڵ و دەروون پاکی یە. هەرچی (ڕۆژە) ئەوە لەکاتی ئاینی میتراوە تا ئەمڕۆی لای کاکەییەکان و لای کورد پیرۆزو دڵنیام ئەم ئاڵایەی لە (ئامەد) هەڵکراوە دەبن بە ئاڵای دەوڵەتی یەکگرتوی کورد.

(بێکەس) ڕەنگی ئاڵای کورد دەدات بە شاخی (گۆیژە)ی سلێمانی.

شاخی ڕەنگاوڕەنگی گۆیژە
باعیسی کەیف و سروور
هەردەمەی ڕەنگێ دەپۆشی
گا سپی، گا سەوز و سوور
وەسفی قەومی کوردەکەی تۆ
بەم هەموو ڕەنگانەوە
ڕەنگی سوورت شاهیدە بۆ
کوردن قەومێکن جەسوور
بەرگی بێگەرد و سپیشت
دیارە وا هاوار ئەکا
قەومی کورد دڵ ساف و پاکن
میللەتێکن بێ قوسوور
بەرگی سەوزیشت ئەڵێ
ئەم خاکە هەر شینایییە
پڕ لە دەغڵ و دان وکانی
سەر بە ڕزق و پڕ لە نوور

سڵاو بۆ ئاڵای کوردستان خۆزگە ئەمام تا دەم دی بەسەر هەموو کوردستاندا دەشەکایەوە.

٣ - ١ - ٢٠١٨

# بۆ ژنان

تازە پەرلەمانی کوردستان بریاری داوە- پەرلەمان سەرۆکێکی هەبێ و دوو جێگری هەبێ- بە مەرجێک یەکێک لە جێگرەکان ژن بێت. ناتوانم بڵێم لەگەڵ ئەم بریارەم یا نا؟ چونکە ئەوەی لەئیسلامدا ووتراوە (وللذكر مثل حظ الانثيين) ئەوە بۆ پاشماوە یا (ئیرسە) بۆ ئەوەش لێکدانەوەی خۆم یا سەیرم هەیە. بەڵام بۆ ئەمەی ئێستا پەرلەمانی کوردستان بریاری داوە، ئەوە ناچێتە ناو حوکمی ئەو ئایەتە پیرۆزەوە. من لەگەڵ (ژن) و (مافی ژن)و چوون یەکیی ژن و پیاو دام. با بڵێین ئەگەر ژنێک یا کچێکی شایانمان هەبوو، نابێ سەرۆکی پەرلەمان بێ؟ دەی ئەوە لێرە وای لێ هاتووە- بەڵام ئەگەر چاوێک بەجیهاندا بگێرین، دەبینین حوکمی زۆر وڵاتی پێشکەوتووی جیهان بە دەست ژنانەوەیە- دیارە (ژنی بێدەسەڵات) نین و هەر لەبەر ئەوە دانەنراون کە ژنن.

نموونەتان دەوێ:

بەریتانیا کە یەکێکە لە وڵاتە کۆن و پێشکەوتووەکانی جیهان- کاری وا بەدەست ژنانەوە- ئەوە تا شاژن ئەلیزابێس (ڽ) کە ساڵەهای ساڵە پادشای بەریتانیایە (ژنە) و دەستووریش دەسەڵاتەکانیی دیاری کردووە. بەڵام دەسەڵاتی کاری رۆژانە بەدەست سەرۆک وەزیرانەوەیە کە ئەویش (تێریزامای) یەو هەر ژنە و دەستوور دەسەڵاتی ئەویشی دیاری کردووە. با بەجیهاندا بگەرێین. هەر لەو نزیکانەوە - لە ئەڵمانیا دەمێکە - (مێرکڵ) سەرۆک وەزیرانە و هەموو کاریش لەدەست ئەودایە.

با بسوورێینەوە. لەم کوردستانەی خۆماندا دەمێکە(هێرۆخان) خاوەن دەسەڵاتە بەڵام بەداخەوە بۆ عیراقی ئەمرۆی شیعە کاریگەر ژن نابێ بە سەرۆک کۆمار با دەستووریش شتی وای نەووتبێ. لێرەوە دەچمە (سووریا) کە وڵاتی دووەمی ژیانم بوو سەرۆک (کوردی کاکەییە) هەرچەندە کەس باسی ئەوە ناکا بەڵام خەڵکی سووریا دەڵێن (ژنەکە)ی هەموو کارێک دەبا بەرێوە.

لوبنان- حوکمی (تایفەگەری) ی تێدایە- واتە کارەکان بەپێی (تایەفە) دابەش کراوە. بەڵام ئەگەر ژن یەکێک نەبێ لەو (سێ) سەرۆکەی لەوێ هەیە- بەڵام بەشداری یان- لە کاردا زۆر ئاشکرایە.

لەم رۆژانەدا لە تەلەفزیۆندا دیم (سوعاد عەبدولرەحیم) کراوە ب سەرۆکی شارەوانیی یەکەمی (تونس). خۆ ئەو گۆرانانەی لە سعوودیەدا کراوە. ئەوەی تێدا دیارە کە زانکۆیەک بۆ ژنان کراوەتەوە بەناوی (جامعە الاميرة نورە) وەو ئەوەش کە رێگەی ژنان دراوە ئۆتومبیل لێ بخورن ئەوە دیارەو دەنگی داوەتەوە.

لەبیرم چوو بە ئەمەریکا دەست پێ بکەم. کە لەدووا هەڵبژاردنی (سەرۆک کۆمار)دا (هیلاری کلینتون) خۆی پاڵاوتبوو. بەڵام لەبەر

ئەوەی حیزبەکەی ئەو دەرنەچوو ئەمەریکاش ئەوەی لە دەستچوو کە ئەو ژنە جوانە ببێت بە (سەرۆک کۆمار)ی. بەڵام یەکەمجارە ژنێک ببێت بە سەرۆکی (cia).

کە لە سووریا دەمخوێند هەموو رۆژ نوسەر (غادە السمان) مان دەبینیێ کە باوکی ڕاگری کۆلێجی (حقووق) بوو. بەڵام ژنێکی دیارو نووسەرێکی دیار بوو. چەند ژنیتری دیار لە زانکۆدا هەبوون کە باسی تایبەتی یان دەوێ. خۆ لەناو ژناندا نابێ(د. نەزیهە دلێمی) م لەبیر بچێ جاریتر نووسیومە. یەکەم ژن بوو عەبدولکەریم قاسم کردی بە وەزیر. ووتی: کە بانگیکردم ووتم: جەنابی زەعیم، لێت ناشارمەوە من هێشتا هەر ئەندامی حیزبی شیوعیم پێی ووتم: چاوت دەردی. (طبج مرض) من وەک ژنو سەرۆکی رابیتەی ژنان دەتکەم بە وەزیر هەقی ئەوەم نی یە کە شیوعیت.

بەڵام ئەوەتا ئێمە دانانی ژنێک بە جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەدەستکەوت دەزانینو ناوی (ژنان) یشمان بەپێی حیزبایەتی جیا کردۆتەوە. (ژنان - ئافرەتان - بانوان - خانمان).

هەریەکەش لێکدانەوەیەکی هەیە بۆ ووشەکەی خۆی بەڵام لای من ژنان هەر یەک بنو ڕێک بنو لەمەیدانا بن ئیتر با دە ناویتریان لێ بنین.

٢٦ - ٧ - ٢٠١٨

---------------------------------------

## زمانی کوردی

من زمانەوان نیم، بەڵام (عاشق)ی زمانم، و لەژیانمدا بەپێی ئەم ووڵاتو ئەو ووڵات کردنەم بۆ خوێندنو بۆ گەڕان. چەند زمان فێر بووم، یا لە کەناری هەندێ زماندا شتێک فێر بووم.

دیارە هەر بەپێی خوێندنەوەکەم، شتێکیشم لەبارەی زانستی زمانو زمانەوانیشەوە خوێندووە دەی ئەم پێشەکی یە درێژە بۆ ئەوەیە کە بیانوو بۆ ئەم نووسینەمو بۆ خۆهەڵقورتاندن لەباسی زمانەوان یەوە بهێنمەوە.

کاتی خۆی کە باسی زمانی عەرەبیمان دەخوێند پێمان دەووترا. بناغەی عەرەبی یا ووشەی عەرەبی- سیانە- یا ثلاثی یە. واتە ئەگەر بتەوێ لە ووشەیەکی یا دەربڕینێکی عەرەبی بگەیت دەبێ بچیتەوە سەر (فرمان - فعل)و سێ یانە یان (ثلاثی) یەکەی. هەرچی

لەو سیانەیە زیاد بێ ئەوە عەرەبی نی یە.

جا بۆ نموونە دەووترا هەرچی لە سیان زیاتر بوو و کۆتایی یەکەی(ج) یا (خ) یا (ح) بوو ئەوە ئەو ووشەیە عەرەبی نی یە. چەند ووشەم لەبەردەمدایە. وەک (رابح، ساذج، طازج، برزخ) تا دەگاتە شاری (سنندج).

با ئەمانە دووا تیپی یان لێ بکەینەوە دەبن بە (ڕەوا) و بە (سادە) و بە (تازە) و بە بەرزەو ئەو شارەش دەبێ بە (سنە)و کورد هەروای پێ دەڵێ.

هەموو مانا کوردی یەکانی ئەمانەش دیارن. زۆرجار دەڵێین: کوردی زمانێکی کۆنەو ڕەگی لە مێژوودا داکوتاوە، لەبەر ئەوە ئەم هەموو ناکۆکی یەو یەک نەگرتنەی کورد، زمانی کوردی لەناو نابات، بەڵکو ئەمە خوایە جارێکیش کورد یەک بن.

لە قورئانی پیرۆزدا ئایەتێک هەیە(مرج البحرین یلتقیان، بینهما برزخ لا یبغیان) لێکدەرەوەکان (مفسر)ەکانی قورئانی پیرۆز ئەم ئایەتە بەدوو جۆر لێک دەدەنەوە.
هەندێک دەڵێن باسی ووڵاتێکە کە ڕەنگە (بەحرێن) بێ-کە لەوێ دوو (دەریا - بەحر) خەریکە لەیەک ئەدەن، بەڵام(بەرزەخ) ێک لەنێوانیاندا هەیە نایەڵێت لەیەک بدەن - دیارە (برزخ)ەکەش هەر (بەرزە) یا شوێنی بەرزی کوردیی خۆمانە.

هەندێ (موفەسیر) ی تر ئەم ئایەتە پیرۆزە وا لێکدەدەنەوە کە مەبەس لەچاوی (ئادەمیزاد)ە کە دوو چاوە کە خەریکە لەیەک ئەدەن- بەڵام (بەرزخ) ێک لەنێوانیاندا هەیە نایەڵێ لەیەک بدەن-کە ئەویش (لووت) یا (کەپوو)ە.

بەڵام لێرەدا مەبەسم هەر (برزخ) ەکەیە، ئەگەر(خ) ەکەی لێ لادەی دەبێ بە (بەرزە) واتە شوێنی بەرز ئەمەش هەر دیسان کۆنیی زمانی کوردی دەسەلمێنێو دیارە ئەو زمانە لەپێش ئیسلامدا هەر هەبووەو لەناو ناچێتو خۆزگە کورد جارێک یەک ئەبونو دەوڵەتی سەربەخۆ دروست دەبوو، کە دروستیش بوو ئیتر بە کەس لەناو ناچێتو با ئەوسا هەر ڕێک نەبین.

زمانەکەمان ماوەو هەر ئەمێنێ.

٧ - ٦ - ٢٠١٨

-----------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

# بۆ عەفرین

ئێستا باسی عفرین دەکرێ. زۆرم پێ یە بینووسم. لە کوێوە دەست پێبکەمو لە چ لایەنێکی بدوێم. جارێ کاری یەکەم باسی ئەم قارەمانێتیو ئازایەتیو شەڕکەری یەی خەڵکی (عفرین)ە کە نەک کورد، بەڵکو جیهانی سەرسام کردووەو جارێکیتر سەری کوردی بەرز کردۆتەوە. (کە کورد هەر سەربەرز بووە).

لە سووریە(جزیرە واتە- قامیشلی، عاموودە، سەری کانی، حەسەکە، با عەرەبو سریانیشی تێدا بێ) ئەمانە کوردستانن و پێکەوە بەشێکن لە پێنج پارچەکەی کوردستان. لە شارەوانیو کارگێریی هەموویاندا لیستەی کوردی سەر بە پ.ک.ک دەرچووە. خۆیان دروشمیان جیابوونەوەیە بەڵام حکوومەتی سوریا ناچارە بە ئۆتۆنۆمی(حوکمی زاتی) رازی یە.

جارێک (عفرین) م دیبوو. لە دیدارێکی سەرکردەی مەزن (عەبدوڵلا ئوچالان) دا لە شام لێی پرسیم: (عفرین) نت دیووە، ووتم: جارێکم دیووە ووتی: ئیجاریش بچۆ. یەکسەر کەسێکی راسپارد کە خۆمو ڕووناکی هاوسەرم بەرێت. دیارە ئەو سەردەمە فرۆکە نەبوو. هەر ئوتومبیل بوو. سەرتان نەیەشێنم. گەیشتینە(عفرین) برادەرێک هات خۆی بە(ئەبوو راشید- أبو راشد) ناسان. لەبەر ئەوەی (پ.ک.ک) ایە- ناوی خۆی ناڵێ. زۆر شتی بۆ باسکردنین و چەند کەسی خوێندەواری بانگ کرد. زۆر شتیان بۆ باسکردین. بۆم دەرکەوت-کە ئەو سەردەمەش زۆربەی خەڵکی (عفرین) سەر بە (پ.ک.ک)ن. (عفرین) دوو بەرە-بەری ئەمبەری (قەزایەکی) سووریایە. هەموو هەر کوردن. شارەکە لە کەنار ئاوی (دیجلە)یە. ئەوبەری (دیجلە) هەر (عفرین)ە ڕێزە ماڵێکی لێبوو. (ئەبوو راشید) ووتی: ئەوانیش هەر (کرمانج) ن واتە کوردن.

بۆ ئەمرۆ باس زۆرە بۆ عفرین بنووسرێ. یەکەم: ئەم ئازایەتیو شەڕکردنە ئازایانەیەیە. کە ڕووڕەشیی بەسەر حکوومەتی (ئۆردووگان)ی فاشیستیی (نا تورک داهێناوە)- (ئۆردووگان) لە میللەتی(لاز) ە بەڵام خۆی کردووە بە تورکو بە خەیاڵی دروستکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یەوە دەژی کە لە خەیاڵ پلاو کەمترە.

تورکیا ئەندامی پەیمانی (ناتۆ)یە. سوپایەکی هەیە لەژمارەو چەکو جبەخانەدا لە سوپا گەورەکانی جیهان. (ڕەنگە دووەم سوپای جیهان بێت) بەڵام ئەوەتا لەم ماوە درێژەدا لەگەڵ ئەو چەند سەد شەڕڤانە یا بڵێین ئەو چەند هەزار شەڕڤانە ئازایەی (عفرین) دا پێ یان ناکرێ.

گەورەترین کاری گەورەی (عفرین) یش لای من لەوە دایە کە کورد ئەگەر لەبارەی هیچەوە یەک نەبووبێ. لەبارەی (عفرین)ەوە یەکە. لەهەر (پێنج پارچە) ی کوردستانەوە خەڵک هاوار بۆ(عفرین) دەکات. ڕەوەندی کورد لەهەموو شارەکانی ئەورووپادا بە بەشداریی

خەڵکی ئەوروپاو (تەنانەت ئەمریکاش) هاوار بۆ (عفرین) دەکەنو بە ئاڵای کوردستانەوە لە خۆپیشاندانداندان. شاعیر نیمو ئەمەوێ چی شاعیرمان ماوە داستانی (خانی) یا نە لەبارەی (عفرین)ەوە بنووسن.

لەوانە بوو هەندێ کەس هەبێ لایان وا بووبێ. کە لایەنی کورد هەیە نابێ لەگەڵ (خەڵکی عفرین) دا بن. بەڵام ئەوەتا هەموو لایەنەکانو هەموو پارچەکانی لەگەڵ (عفرین) دانو پێویستیان بە جەنگاوەر بێت. لەهەموو لایەکی کوردستانەوە پیاوی ئازا ڕوو دەکەنە (عفرین). ئەمە داستانی راستەقینەی ئەمڕۆی کوردە. زۆرم پێ ماوە. سڵاو بۆ (عفرین).

٨ - ٣ - ٢٠١٨

-----------------------------------------------

## ژیانیان کرد

دەک دارِزێن بۆ خۆتانو ژیانتان، کە کردتان یا ئەیکەن. کەی کورد وای ووتووە یا دەیڵێ. ژنو مێرد دەڵێن: ئێمە پێکەوە دەژین. یا یەکێک پێت دەڵێ: من کوڕەکانم ژنیان هێناوە،بەڵام هەر پێکەوە دەژین. زۆرجار ووتومە سیمای کوردی ڕەوانێکەیتی،رەنگە ئێستا بڵێم بەکورتی مەبەس بە دەستەوە دانێتی، زۆر بەرگریم لە فرمان - واتە(فعل) کردووە لە زمانی کوردیدا، وا ئێستاش لێرەدا هەر بەرگری لە (فرمان) دەکەم لە زمانی کوردیدا. بۆ ئەمجارە دا باسی فرمانی (دەژین، ژیان) دەکەم.

وا دیارە بووم بە پارێزەری ئەو فرمانی کردنە چونکە لەهەر شوێنێکدا (لاری) دەبینم دەکەومە قسە. دەی ئەوەتا نووسراوە (چارەسەر وەردەگرن) ئیتر بە (چارەسەر) بێ لە نەخۆشی، یا (چارەسەر) ی کارێکی کۆمەڵایەتی بێ.

بەڵام توخوا باوکو باپیرانمان ووتویانە (چارەسەر وەردەگرن) یاهەر یەکسەرو بە ڕەوانی دەووترێ (چارەسەر بکرێن) یا (با چارەسەری بکەین) ئەوە من هەر دەنووسمو کەس بە قسەم ناکات. یا ئەڵێ: (دانیشتنمان کردووە) ئیتر بۆ کۆبوونەوە بێ، یا بۆ باسی ئەدەبی یا.. باشە: دانیشتن ئەکرێ. یا هەر رێک و ڕەوان دەڵێ: دانیشتین یا ئەمڕۆ دانیشتنمان هەبوو. یا بە جووت دانیشتین.

لە مەیدانێکیتردا دەڵێ: کۆبوونەوە دەکەین- دە توخوا هەر کوردیتر نی یە بڵێیت: کۆدەبینەوە یا (کۆبوونەوەمان هەیە، مەیە ژوورەوە) یا ئەمڕۆ دەچینە کۆبوونەوە. یا(ئای چ کۆبوونەوەیەک بوو) ئیتر ئەم فرمانی(کردن)ە بە سزمانەی بۆ چی یە.

چەند شتێکیتریش دەووترێو چەند نموونەی تریشم لەلایە- بەڵام با درێژەی نەدەمێو ئەم فرمانی (کردن) یا (کرن)ە بەسزمانە

رزگارکەمو خۆزگە جارێک گوێم لێ دەگیراو لام وادەبوو منیش شتێک دەزانم. بەڵام قسە هەزارەو دووانی بەکارە.

با هەر پارێزەری ئەو فرمانی(کردن)ە نەبم. هەرچەندە پارێزەر لەدادگادا ڕاستیو هەڵەی ئەو کەسە دەردەخا کە نوێنەریەتی.

وا دەبینم ئەو فرمانی (کردن)ە نابەجێش بەکارهێنراوە. یەکێک نووسیویێتی (یارمەتیم کرد) دە توخوا کورد دەڵێت (یارمەتیم کرد) یاخود دەڵێ (یارمەتیم دا)-(هەموو شت بە خوێو خوێش بە مەعنا) یا مانا.

دەی سەلامەت بن.

١٩ - ١٠ - ٢٠١٧

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

--------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ بیستو شەشەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو



دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملوو- دۆستی دێرینم یەکێک بوو لەو پیاوو سەرکردە گەورانەی کورد کە ناویان بە نەمری دەچێتە مێژووی کوردەوە.

کە برای خۆشەویستم مامۆستا مەلا عەبدوڵلای حەسەنزادە داوای لێکردم شتێک لەبارەی دوکتۆر قاسملوو بنووسم، بەو نووسینانەدا چوومەوە کە لەمەوبەر لەوبارەیەوە نووسیبووم (ئەوانەی لەبەر دەستمدا بوون) بەتایبەتی پێشەکیی کتێبی (چل ساڵ خەبات)ی دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملوو خۆی کە کردبووم بە عەرەبیو ساڵی ١٩٩١ لەهەولێر بەچاپم گەیاندبوو. ویستم شتێکی تازە بنووسم، هەرچەندە ئەو پێشەکی‌یەی بۆ وەرگێڕانەکە نووسراوە هێشتا بەکوردی بڵاو نەکراوەتەوە. کە ئەوداوایەم لێکرا کتێبی کەسێکی ناسراوی کوردم لەبەردەستدا بوو، کە بەشێکی زۆری بۆ کوردستانی ئێرانو بۆ باسی فەرمانڕەوایانی ئێران تەرخانکرابوو، لە ڕۆژانی قاجاری‌یەوە. کتێبەکەم خستە لاوە، بەڵام بەشەکەی ئێرانم خوێندەوە کە بەڕاستی بەنرخ بوو زۆر بەڵگەی لەفارسی‌وەرگێڕراویشی تێدا بوو کە بۆمن تازە بوو و باسێکی تازەی دامێ کە لەبارەی مەرگی قاسملووەوە بینووسم.

فارسەکان - یاحوکمدارانی ئێران هەر زۆر لەزووەوە تا ئێستاش دەڵێن: ئێمە دەوڵەتی شەش‌هەزار ساڵەین. لەوکتێبەدا باسی کوشتنی محەمەد سەعید سوڵتانو سانەکانی هەورامانو هەمزاغای مەنگوڕو هاوەڵەکانیو جوامێرئاغای هەمەوەندو هاوەڵەکانی کراوە کە هەموو بە فێڵ کوژراون، هێنراونە سەر کۆڕی گفتوگۆو دانوستاندنو لەسەر خوانی نانخواردندا کوژراونو ئەو جۆرە کوشتنەی ئێرانی‌یەکان ناونراوە (لطایف‌الحیل).

کتێبەکە لای ئەو ناوانە وەستاوەو بۆ پاش ئەوەش نەگەیشتۆتە سەر شەهیدکردنی (سمایل خانی سمکۆ)و پێشەوا قازی محەمەدو دوکتۆر قاسملوو کە دیارە ئەوانیش هەر بە (لطایف الحیل) شەهید کراون.

چەند جارێک لەبارەی شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملووەوە نووسیومە، نازانم ئەو (سەعات)ە چۆن بۆ چرکەیەک وەستا. مەبەسم ئەوە بوو، ئەوکەسەی لە خۆپاراستندا زۆر وریا بوو، تەنانەت لە (پراگ)یش، چۆن کەوتە داوەوە. تەنانەت ڕەنگە لەبارەی شەهید (فازیل)یشەوە شتێکی وا بڵێم، ئەویش زۆر وریا بوو. ئیتر هەر (لطایف الحیل)ە کە نازانم کەی کورد وریا دەبێ.

بۆچ لەو ماڵەدا کۆ بوونەوە؟ ئێستاش وولاتی ئوتریش (نەمسا) ئەو ژنە جوولەکەی بانگ نەکردووە بۆ لێپرسینەوە، کە ناسیاوی (فازیل) بوو و لەماڵی ئەودا کۆ بوونەوە. ئایا دەبێ هیچ پێوەندییەک لەنێوان ئەوەو بیری دوکتۆر قاسملوودا هەبێ –کە ڕای بەرامبەر بە سەهیۆنیزم زۆر ڕەق بوو، لای وابوو کە بیری سەهیۆنیزم شتێکە وەک فاشیزمو نازیسم، یا هەر فرۆشتنی ئەو سێ شەهیدە بێت بە چەند تەنەکە نەوت؟ خوشکە نەسرین (واتە ئێلێنە خانم)ی خێزانی دوکتۆر قاسملوو ئێستاش بەدووای ئەو شکایەتەوەیە کە لەبارەی شەهیدبوونییەوە کردوویەتی، بەڵام دیارە بێسوودە. ئەی باشە، پاش دوکتۆر قاسملوو شەهید دوکتۆر شەرەفکەندی بۆ کەوتە داوەوە. ئەمەش پرسیارو لێکدانەوەی دەوێت. باشە دەبێ کورد پاش ئەوەی مەسەلەی کورد دانەمرکاوەتەوەو هەر بەرەوپێشەوە دەچێ، دەبێ بە دوو وڵاتی (قاجارو عوسمانی) بڵێین، واز لە (لطایف الحیل) بێنن و وەرن لەگەڵ ئەو کوردەدا بدوێن کە بۆتان لەناو نەچووە. چونکە باوەڕم وا نییە کە مەسەلەی کورد بەرەو دواوە بچێتەوە.

لەبارەی تەجروبەی دوکتۆر قاسملووەوە لە سەرکردەیی حیزبی دێموکراتدا، لەبارەی هەڵبژاردنی (کادر)ەوە، لەبارەی ڕووناکبیریی خۆیەوە زۆر شت ماوە کە من یەکێکم - وەک دۆستی دێرینی ئەوو حیزبی دێموکڕات - دەبێ بینووسم. بەڵام باری نەخۆشیو پەلەکردن لە تەواوکردنی هەندێ پرۆژەمدا - پێش مەرگ - جارێ ڕێی لێگرتووم.

ئەوەی لام خۆشە. ئێستا هەردوو دێموکڕات ڕێکو نزیکن. لام وانییەو پێویستیش نییە ببنەوە بە یەک. بەڵام با ڕێک بن. کورد نزیکە لە مەبەست.

ئەمری بۆ دوکتۆر قاسملووی نەمر.

لە ژمارە ٦٦٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٥

----------------------------------------

## کورد نابێ یەک بێ

ئەمجارەش سوپاس بۆ دۆستی شیرینم کاک ستران عەبدوڵڵا کەدەرگای هەفتانە رادەربڕینێکی تری بۆ کردمەوە، ئەوانەی جاری پێشوو کاک ستران دەرگای بۆ کردبوومەوەو کاک عارف قوربانی هاندەری بەردەوامبوون بوو، ناونرا (کونجێک) ئێستاش ئەو کەرەستە رۆژنامەنووسانەیە هەر هەیە، دێمەوە سەری با ئەمەیان ببێت بە(ئەم کونجەش) و کە کۆبووینەوە ببێ بەکتێبێکی تری لەم بابەتە. بابێمە یەکەم پاڵپێوەنەر. کەگۆرانی مەزن وتبووی: (کاتی فەرمان هات کورد نابێ بنوێ) بەشیری رەحمەتی دەپپرسی (بۆ کورد فولاذە؟) بەڵێ - ئەوە بۆ نەنووستن، بەڵام بۆ (یەک نەبوون) لەکونجێک کونجێکی تردا دێمەوە سەری، ئێستا کارێکی بچووکم لەبەرچاوە کەکورد بۆ یەک نەبوون گەورەی کردووە. خولی چوارەمی پەرلەمان کرایەوە، بەرنامە دواخرا بۆ ئەوکاتەی کورد دەبێ یەکبن و رێکەون لەسەر دانانی حکومەتێکی بنکە فراوان. ئەبوو هەموو دڵمان خۆشبووایە کەکورد لەیەکبوون دەگەڕێ و لەگەڵ شێخی نۆدێی مەزندا بڵێین (الحمدلله علی ماوهب)، بەڵام کەناڵە زۆرو زەبەندەکانی راگەیاندنمان - کەدیارە شتیش کەزۆر بوو هەر (بۆر) ئەبێ شتێکی بچووکیان گەورە کردووە بۆئەوەی خەسڵەتی هەمیشەیی کورد دەرخەن لەیەک نەبووندا. بەڵێ - لەکاتی خوێندنەوەی مارشی (ئەی رەقیب)دا چەند ئەندامێکی پەرلەمان هەڵنەسابوونە سەرپێ. ئیتر ئەوان بیانوویەکیان هەیەو ئەوانیتر بەرپەچدانەوەیان هەیە. لای من دەبوو ئەو دیاردەیە هەر لەناو هۆڵی پەرلەماندا کپ بووایەوەو ئەم هەرایەی لەسەر نەکرایە. هەرچی هەراکەیە - ئەوە ناچار دەچمە ناویەوەو تکایە وەک رایەک لێم وەرگیرێ و منیش نەبمە ناکۆکی زیاترکەر. بەڵێ دیسان باسی سروودی (ئەی رەقیب) بوو. پێش ئەوەی بێمە سەر ئەو رستەیەی لە(ئەی رەقیب)دا هەرای لەسەر دەکرێ. ئەبێ ئەوە بڵێم کەسروودی ئەی رەقیب لەساڵی ١٩٤٥ەوە دوو پارێزەری شیوعی سەر بەدوو بنەماڵەی راگری (ئایین و ئیسلام) هێنایانەتە ناوەوە. شیعرەکان یونس رەئوف (دڵدار) نووسیونی کەکوڕی بنەماڵەی (خادیم و سوجادە - خادم السجادە)ی کەرکوکە، کە لەناو دۆلابی شووشەدا سوجادەیەکی پێغەمبەری مەزنیان - لەکەرکوک - پاراستبوو خەڵک دەچوونە زیارەتی و نامیلکەیەکیشیان بەناوی (السجادە النبویە)وە نووسیبوو کەمۆری پشتگرتن و پەسەندی زۆر شێخ و مەلای پێوە بوو. هەرچی ئاوازەکەیەتی - ئەوە هەندێک دەیانوت کاری نەمر نووری شاوەیسە. بەڵام زۆریتر دەڵێن کە لەئاهەنگی نەورۆزی ١٩٤٦ی بەغدادا شێخ حەسیب بەرزنجی بەدەنگە ناسکەکەی وتوویەتی (ئەمە مامۆستای مەزن مەسعود محەمەد نووسیویەتی). شێخ حسێنی شەهیدیش دیارە کەنەوەی پیری قەرەچێوارو شێخی قادر کەرەمە. لەهەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کورددا لەکاتی جمهوریەتی کوردستاندا لەبەردەمی پێشەوای موعەزەم - قازی محەمەدی شەهید - کەخوێندەوارترین مەلاو خاوەنی خانەقای نەقشبەندی مهابادو بەئامادەبوونی حاجی بابەشێخی (سیادەت) سەرۆک وەزیران و جەنەراڵ مستەفا بارزانی نەمر - گەنجان ئەو سروودەیان خوێندەوە، ئەو ئیتر ئەو هەموو شێخ و مەلا گەورانە هاتنە ناو کاری پشتگرتنی (ئەی رەقیبە)وە. برادەرانی (کۆمەڵەی رەنجدەران) سەردەمێک ویستیان سروودی ئەی رەقیب نەهێڵن، چونکە لایان وابوو سروودێکی نەتەوەییەو (ئەوان مارکسین) سروودی (مەشخەڵان)یان لەجێی دانا. بەڵام دوایی (مەشخەڵان) بووە سروودی (یەکێتی) و (ئەی رەقیب) مایەوە. ئەو چەند ئەندامەی پەرلەمان کە (رای خۆیان) هەیە هەڵنەسان، کەدیارە (هەڵنەسان) بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان



سەرچاوە
Serchawe

یا (هەڵسان) شتێکی پێویست نییەو ناتوانرێ حسابی لەگەڵ کەسدا لەسەر بکرێ. وا ئێستا هەر لەکونجی خاوەن بیرو قەڵەمەوە - ئەگەر واحساب بکرێم - منیش دێمە کۆڕی ئەو موناقەشەیەوەو تکام وایە ئەمە کۆتایی ئەو موناقەشەیە بێت و بۆ یەکبوونی کورد بێت و بۆ یەکنەبوون نەبێ. بۆ کونجێکی تر لەوبارەیەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٣

---------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## بەکر سدقی لەمێژووی کوردو عیراقدا




د.عیزەدین مستەفا رەسول

### بەشی یەکەم

### پێشـــەکی

لەیەکێک لەو کتێبانەدا کە لەسەردەمی حوکمی فاشستیی بەعسدا لەبارەی مێژووی عیراقەوە نووسراوە چەند لاپەڕەیەک لەبارەی بەکر سدقی-یەوە نووسراوە- لە پەراوێزدا کابرا عەرەب ووتەنی (لا فض فوه) دەڵێ - بەکر سدقی لەباوکو داکێکی کورد لەدایک بووە، بەڵام هەموو گیانی عەرەبایەتیی لێ هەڵئەقوڵا. بەڵام لەنووسینەکەیدا هیچ بەڵگەی بۆ عەرەبچێتیی ئەو سەرکردە نەمرە تێدا نی یە. تەنانەت کە باس لەساردو سڕیی بەکر سدقی دەکرێ لە لێدانی بزووتنەوەکەی مەلیک مەحمودی نەمردا، کابرای نووسەر دیارە خۆی خۆی بەدرۆ دەخاتەوە. وەک لەم نامیلکەیەدا باسمان کردووە، گیانی بڵندی کوردایەتیی بەکر سدقی دیارەو هەموو ئەو باسانەی کە لەو سەرچاوانەی پێشوون - واتە باسەکان - کە بە بەرزیو وەک کوردێکی دیار بەکر سدقی دەرئەخەن کە مەبەستی گەورەی کوردایەتی کردن بوو.

چونکە کە عیراقی دەست کەوتووە پلەی یەکەمی نەداوە بەخۆی، رەنگە ئەو پلەیەی خۆی بۆ خۆی داناوە سێیەم پلەی حکوومەتی، پاش کودەتایی، حیکمەت سلێمان و عەبدوللە تیف نووریێ، کەواتە دەبێ کە دێینە سەرباسی ئەم، وەک باسی سەرکردەکانی تری کورد دەکەین مەبەستمان بەبەرزی راگرتن و ستایش بێ، بۆ ئەوەی ئەو راستییە دەرخەین، کە گەلی کورد کۆڵی نەداوەو چەند سەرکردەی بەکوشتن یان بە مەرگ لەدەستچووبێ، کە سانیتری پێگەیاندووە کە سەرکردەیی خەبەتی بێ ووچانی ئەو گەلەیان کردووەو مژدەی ئەوەیان داوە کە کورد هەر دەگاتە مەبەست.

لەکتێبەکەی مامۆستا مستەفا عەسکەریدا نووسراوە:

«بەرپرسیاریتی لەگەردنی دەسەڵاتە بەرزەکانی وولاتدایە، وەک لەدوو بەڵگەی تایبەتیدا دیارە، سێر کلارک لەزمانی نووری سەعیدەوە دەیگێرێتەوە، دەبێ ئیشارەتەکەی سێر کلارک بە بەرچاوەوە بگرین، کە بەکر دەسکەلای دەستی حکومەت بوو نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە بەکر سدقی ووتویەتی چوونە پاڵا حیکمەت سلێمانم دەیویست سیاسەتی یاسین هاشمی بوو کە رەقیی بەرامبەر بەعەشایەری بەکارێکی پێویست دەزانی، زیاد لەوەی کە ووتمان سێر کلارک بەدڵنیاییەوە دەڵێ؛ ئەوە بە تەواوی نەسەلمێزاوە (کە بەکر سدقی)ی دیبێ فرمان بەکوشتاری ئاشوورییەکان بدات، پاشان وەستانی بەکر سدقی بەڕووی رەشید عالیدا لە رومێسە (رمیثە) کە پێی ووت «زۆر شەرم ئەکەم کە سوپای ئێمە لەجیاتی کوشتنی دوژمنانی گەلەکەی ئەوەتا گەلەکەی خۆی دەکوژێ» ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە لەگەڵ بەکارهێنانی هێزنەبووە. ل ١٥٠.

لەکاک فوئاد عارفم پرسی: تۆ لەیادداشتەکانتا هاتوویتە سەر باسی بەکر سدقی، باسی ئەو دەعوەتەیت کردووە بۆ قوتابییەکانی مەکتەبی ئاغجەلەر، چۆن و چی پێ ووتویت پارەی ئەم خواردنانە لەئەفسەرەکان کۆبکەرەوە، چونکە من وەک ئەزانیت نە پارە هەڵئەگرم و نەپارە کۆ ئەکەمەوە، پارەم نی یە. کاک فوئاد ئەوە دووا قسەیەتی لەسەر بەکر سدقی، ووتم بۆ چی رای خۆت نەداوە لەسەری؟

ووتی: ئەزانی بۆ؟ وتم نەخێر، ووتی: لەبەر کەمال، چونکە ئەو یادداشتەکانی بۆ ڕێکخستم ووتم: باشە کەمال بۆ رقی لەبەکر سدقی یە، ووتی: هەر لەبەرئەوەی فەیسەلی کوڕی فەهمی سەعید برادەرێتیو فەهمی سەعیدیش لەو چوار ئەفسەرەی (لەوەدووای) رەشید عالی بوو، ئەوان دەستیان لەکوشتنی بەکر سدقی دا هەبوو، کاک فوئاد دەیووت: سوپای عیراقی هەر لەو کاتەشەوە دوو دەستەی تێدا بوو، دەستەی ناسیۆلیستە عەرەبەکانو دەستەو هێڵی بەکر سدقی کە دیارترینیان لەمەودووا عەبدلکریم قاسم بوو، محەمەد عەلی جواد سەرکردەی هێزی ئاسمانی دوو کەسی تێدابوو کە لەگەڵ بکر سدقیدا شەهید بوو، پۆرزای عبدولکەریم قاسم بوو، پاش شۆڕشی چواردەی تەمووز عبدولکەریم قاسم برای محەمەد عالی جوادی کرد بە(قائید فیرقە) عەبدولجەبار جواد.

جارێک د.کەمال هاتبووە سلێمانی - تەلەفوونی بۆ کردم، پرسیم لەکوێی. بۆ دیار نیت. ووتی: لەماڵی کاک فوئادم خەریکم یادداشتەکانی بۆ ڕێک ئەخەم. پرسیم: کاک فوئاد دەزانێ: (عەبدولەتیف نووری وەزیری بەرگری پاش کودەتاکەی - یان شۆڕشەکەی بەکر سدقی کوردەو خەڵکی سلێمانییە). ووتی: ئا ئەزانی کەچی لەو دواییەدا کە کاک فوئادم دی. هەواڵی عبدولەتیف نووریم لێپرسی ووتی: نەخێر نەمزانیبووە کوردەو کەمال پێی نەووتم. ووتم: دەفەرموو بتبەمەماڵەکەیان لەسەر شەقام (عەبدلەتیف نووری پورزای کاکە عەلی ئەمین، بووە کە لەسەرەتاییدا دەرسی پێ ووتووین - بەمنو بە د.کەمالیش. مامی دایکی کاک حسین عەلی کەمال - ئەندامی پەرلەمانو راوێژکاری ناوخۆی ئێستای عیراق بوو، باوکی چێرۆکنووسی گەورەی عیراق عەبدولمەلیک نووری بوو - کە لەم

دوواییەدا بوو بەدیپلۆماسو نێررا بۆ ژاپۆن لەگەڵ عبدولمەلیکدا زۆر دۆست بووین باسی باوکیو کاکە عەلیمان زۆر کردووە.

لەکاک فوئادم پرسی: دەی باشە رات لەبارەی بەکر سدقی-یەوە چییە؟ ووتی: یادداشتەکانی لیوا روکن ئیبراهیم ئەلراوی بخوێنەوە دەزانی بەکر سدقی چیە:

ئیبراهیم ئەلراوی بە رقێکی عەرەبیبانەوە باسی سدقی دەکات، بەڵام قسەکانی ڕاستیان تێدایە. ئەو دەڵێ: بەکر سدقی کوردانی - تکرید-ی سوپای ویستووە.

راستە: ئەو کاتە سوپای عیراق دوو فیرقە بوو. یەکێکیان خۆی سەرکردەی بوو: خۆی دانا بە (سەرۆکی ئەرکانی سوپا) ئەویتر عەبدولەتیف پاشا بوو، بوو بەوەزیری بەرگری. دەیان یان سەدان (عەریفو نائیب عەریفی کوردی کرد بەئەفسەر) لەوانەی من بیانناسم (رەفعەت مستەفا، نووری مستەفا، عیزەت مستەفا، کە کانێسکانی بوون و برابوون، محەمەد فەخری، باوکی د. نەسرین، کەریم جەبار ی... هتد).

مامۆستا بەشیر دەیفەرموو: بەکر پاشا - الله یرحمە - لەم دوکانە نەخشەی ئینقیلابەکەی دانا. کە پرسیم ئەی چۆن تۆی نەکرد بە مەبعووس (پ) واتە (نائیب: فەرمووی من بووبووم، بەڵام دووایی بەکر پاشا ووتی: با ئەم پیاوە مەقەستەکەی لەکیس نەدەم. چونکە کە ئەمن کوژرام ناتوانێ بیێتەوە بە بەرگدروو) ئەمە بەشیریات بوو، بەڵام کۆنەکان دەڵێن یەکەم دەستەی هامووشۆکەرانی ڕۆژانەی دووکانەکەی بەشیر - یان یانەکەی - لەو سەردەمەدا (محەمەد ئەمین زەکی، تۆفیق وەهبی، رەفیق حیلمی، بەکر سدقی) بوون.

(گروبا)ی باڵیۆزی ئەڵمانیا دەڵێ: (بەکر سدقی داوای لێکردم کە ئەڵمانیا نەخشەیەکی ستراتیژی بۆ ئامادە بکەن بۆ بەرگری لەکوردستان).

ئەمە راوەستانی دەوێ، دکتۆر، کەمال گاڵتەی بەقسەکەی (گروبا) دێتو بەجۆرێک بەقسەی سەرپێیی دەزانێ، بەڵام کە سەیری بەڵگەیتر دەکەین دەبینین (ر.هاینتیز)ی ئەڵمان دەڵێ: من بەناوی کاروباری جیۆلۆجیی نێوان ئەڵمانیاو عیراق نێررابوومە بەغدا، بەڵام لەڕاستیدا رێکخەرو لێپرسراوی ئەو (نەخشە ستراتیجی)یە بووم، کە بەکر سدقی داوایکردبوو، هەر لەسنوورەوە چوومە نێوان و نەخشەی بەرەنگاری ئێرانم بۆ سەر کوردستان دانا، چونکە ئێران گەورەترین دوژمنی ئەو کوردستانە بوو کە بەکر سدقی دەیویست دروستی بکات.

بەکر سدقی لەسەرەتاوە لەگەڵ چەپدا بوو. ئەویش و(حیکمەت سلێمان)یش کە لەکودەتەکەدا بوو بە سەرۆک وەزیران سەر بەدەستەی (الشعبیة ) بوون، کە عەبدولفەتاح ئیبراهیم بیرکەرەوەو تیۆریستی بوو. ئەم دەستەی (الشعبیة ) یە لە پەرلەمانی بەکر سدقیدا (١٣) ئەندامیان هەبوو، ئەوانە سێ کەسیان ئەندامی حزبی شیوعی بوون کە لەمارتی (١٩٣٤) بەرابەری (عاسم فلەیح) دامەزرابوو، ئەو

سێ ئەندامە شیوعییە (عەبدولقادر) ئیسماعیل ئەلبوستانیو عەزیز شەریفو زیبان ئەلخەبیادن) بوو. قسەی ئەوە هەیە کە مەلیک غازی پێشتر ئاگاداری ئەوە کراوە کە سوپا کودەتا دەکات.

کاک فوئاد عارف کە مورافیقی مەلیک غازی بوو دەیووت: غازی زۆر ڕقی لەئینگلیز بوو، دەیووت:

ئینگلیز فێڵیان لەباپیرم (شەریفی مەککە) مەلیک حسین کردو دوژمنی ئەو بوونو ئەوان کوشتیان. کە ئەو چەپانەی کودەتایان کرد نەیانتوانی شتێک بۆ عیراق و بۆ پرۆژەی بەکر سدقی بکەن پەنایان بردە بە هیتلەرو مۆسۆلینی. بەکر سدقی بانگکرا بوو بۆ مناوەرەی عەسکەری لەتورکیا دەبوو لەوێوە بچێتە ئیتالیاو بەرلین دوونامەی مەلیکی پێ بوو بۆ هیتلەرو مۆسۆلینی، لەجانتایەکی رەشدا بوو بەدەست خۆیەوە، مەلیک غازی کە هەوڵی کوشتنی بەکر پاشای بیست، تەلەفۆنی بۆ ئەمین ئەلعومەری کرد کە ئەو جانتایە هەڵگرێ لای خۆی تا ئەینێرێ بۆی. کاک فوئاد عارف بەووتن جارێک ووتی: بەمنی ووت بچۆ جانتاکە بێنەرەوە، بەڵام ئەمین ئەلعومەری ووتبووی: جانتاکە نەماوە، ئەمین ئەلعومەری سەرلەشکریان (ئامیر حامیە)ی موسڵ بوو، دەڵێن لەگەڵ ئینگلیزو نوری سەعیدو چوار ئەفسەرەکە بووە، هەر لەوە دەچێ خۆی جانتاو نامەکانی دابێ بەئینگلیز یان نووری سەعید.

------------------------------------------------




بەشی دووەم

ساڵی(١٩٥١) لەخانەی بەرزی مامۆستایان (دار المعلمین العالیة ) دەمخوێند (کە دوایی ناونرا کۆلێجی پەروەردە) مامۆستا (لەمیعة ئەلعەسکەری) دەرسی ئینگلیزیی پێ دەووتین زۆر ئازاو نێربوو، دەیانووت لەکۆلێجەکەدا قوتابیی بەشەق کردۆتە دەرەوە، مامۆستا (لەمیعە) کچی بەرەقی عەسکەریی برای بەکر سدقی بوو. خێزانی نووسەری بەناوبانگی فەلەستینی(جێبرا ئیبراهیم جێبرا) بوو.

رۆژێک ناومانی دەخوێندەوە، هاوەڵێکمان ناوی فاروق ئەلعومەری بوو، مامۆستا لەمیعە لەبەرامبەر ناوەکەیدا گرژ بوو، بەموسڵاویانە لێی پرسی:

- انت من بیت العمری؟
- نعم
- ایمە عومری (واتە: کام عومەری؟)
- فاروق ووتی: أشتقصدین أستاذە؟
- یعنی من بیت (الافندیە، لو من بیت الملیلی؟)
- من بیت الملیلی

ئیتر گرژیەکەی خاتوو لەمیعە نەماو وتی: ملیح مانک من بیت الافندیة . انت من بیت الملیلی.

(واتە: باشە لەماڵە مەلاکانیو لەماڵە ئەفەندیەکان نیت. دوایی تێگەیشتم خاتوو لەمیعە لەبەر (ئەمین ئەلعومەری) رقی لەماڵە ئەفەندیەکانەو ئەمین ئەلعومەری بەگوناهبار دەزانی لەکوشتنی مامیدا.

کە هەموو ئەوانەی باسی بەکر سدقیان کردووەو لەوە دوواون کە (کەم دوو و نهێنی پارێز بووە) دیارە ئەمە دەبێ سیفەتی کەسێکی وەک ئەو بێت کە بەتەمای کاری گەورە بێت، لەبەر ئەوە مامۆستا عزیز شەریف دەیووت: ئەو سەردەمی نزیکی بووینو ئەندامی پەرلەمان بووین ئەوەمان دەزانی کە بەکر سدقی لەگەڵ چەپو بەرەی (الشعبیة ) دایە، بەڵام باسی (دەوڵەتی کوردی)ـمان نەبیستووە، هەرچەند بەئاشکرا دیاربوو کە کوردەو سۆزی لەگەڵ کورددایە، هەروەها مامۆستا برایم ئەحمەد لەو سەردەمەدا نامیلکەی (الکرد و العرب)ی خۆی نووسی.

دەووترا ئەوەی بەئامۆژگاریی بەکر سدقی نووسیووە، جارێک ئەوەم لەمامۆستا برایم پرسی (وتی نەخێر وانییە، راستە من خۆم لەسەرەتاوە بیری کوردایەتیم هەر هەبووەو ئەو سەردەمەش لەکەسانی سەر بە(الشعبیة ) نزیک بوومو دۆستی عەبدولفەتتاح ئیبراهیمو عەزیز شەریف بووم، بەڵام نووسینەکە هەر بیری خۆم بوو، تەنانەت هەندێ لەئەفسەرەکانی نزیکی بەکر سدقی پێیان ناخۆش بوو دەیان وت: ئەمە تۆمەتی کوردبوونو کوردایەتی کردن لەسەر بەکر سدقی زیاد دەکات).

### ناوی دوو کەس دێت

لەهەندێ سەرچاوەدا لەباسی کوشتنی بەکر سدقیدا ناوی دوو کورد دێت کە دەستیان لەکوشتنی ئەودا هەبووە، بەڵام لەهەندێ سەرچاوەدا ناوی ئەو دووانە نایەت، بەهەرحاڵبێت دەبوو باسێکیان بکرێو هۆی ئەوەش باس بکرێت، کە ئەو دووانە بۆچی دوژمنی بەکر سدقی بوون.

یەکەمیان: عەبدولعەزیز یاموڵکی یە - کە کوڕی مستەفا پاشای یامۆڵکی بوو. عەبدولعەزیز بەئاشکرا لەگەڵ رۆژئاوا (ئینگلیزو فەرەنسیەکان)دا بوو. مستەفا پاشای یامۆڵکیش راستە گیانی کوردایەتی هەبوو، بوو بەوەزیری زانستی (مەعاریف)ی شێخ مەحمودی نەمرو دوایی لەگەڵ شێخ تێکچوو، چووە بەغداو گۆڤاری (بانگی کوردستان)ی بەکوردیو عەرەبی وتورکی دەرکرد، وایان بڵاوکردووەتەوە کە لەسەر مەکتەب دانان بۆ کچان تێکچوون، بەڵام وانییە، چونکە ئەو شێخە ئەوەی کاک ئەحمەد بوو، لەجیاتی بڵێ: بچن لەمزگەوتی گەورەی کاک ئەحمەدو شێخ مارفی نۆدێ بخوێنن، پێنج قوتابخانەی سەردەمانەی لەسلێمانی داناوە. ناکۆکیی شێخ لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەدا هەر ناکۆکیی ئەو و ئینگلیز بووە. چونکە لەزۆر سەرچاوەدا دیارە کە دەستگاکانی ئینگلیز دەستیان خستوەتە ناو کۆلێجی عەسکەریو سوڵتانییەی ئەستەمبوڵو زۆر لەوانەی بوون بەئەفسەر سەرەتا چوونەلای شەریفی مەککەو دوایی چوونە لای فەیسەڵ لە(شام)و لەگەڵیا هاتنەوە عیراق، دیارترینی ئەوانە نوری سەعیدو جەعفەر عەسکەریو حەمیل مەدفەعیو عەلی جەودەت ئەیوبی بوون.

هەندێ گێڕانەوەو قسەی ئەفسەرە کوردەکانی ئەو سەدەمەم لەلایە، دەبێ لەدەرفەتی تردا بنووسرێت. مستەفا پاشا لەبەرئەوەی گیانی کوردایەتی یەکەی بەهێز بووە لای زۆر کوردیش خۆشەویست بووە، بەڵام ئەوە لەبارەی عەزیز یاموڵکییەوە نەبیستراوە.

(پەریخان)ی کچی عەزیز یاموڵکی لەبەشی کوردیی کۆلێجی زمان دەرسی ئینگلیزیی دەووتەوە، چەندجار هەواڵی دوکتۆر کامەران بەدرخانی لێ دەپرسین، کە هۆی ئەو پەرۆشیەم لێ پرسی وتی: زۆر دۆستی باوکم بوو. هەردووکیشیان زۆر دۆستی فەرەنسە بوون. (لەناو بەدرخانییەکاندا تەنیا کامەران بەگ بەدۆستی فەرەنسیەکان ناسرابوو). لەرۆژانی جەنگی دووەمی جیهاندا لەبەیروت رادێویەکی کوردی بەناوی (دەنگی رۆژهەڵات)وە بۆ کاری پروپاگەندەی جەنگ بۆ فەرەنسییەکان کردەوە، پاش جەنگ داخرا، بەڵام هەستی کوردایەتیش لای کامەران بەگ هەر دیار بوو.

دووەم کوردی دوژمنی بەکر سدقی لەناو کورددا محەمەد خورشیدە کە لەعەشیرەتی (داودە) یان دەلۆ بوو، ئەوەش لەباسی کۆشتنیدا ناوی دێتو هەندێ سەرچاوە هەر باسی عەرەبە نەتەوە پەرستەکان(ئەفسەرەکان)دەکەن.

بەڵام کە لەژیانی محەمەد خۆرشید دەکۆڵینەوە دەبینین کە پێش ئەوەی ببێتە ئەفسەری سوپای عیراقی، ئەفسەری سوپای لیڤیی ئینگلیز بووە، ئەوەش دەیارە بۆ پەیوەندیی بەم مەسەلەیەوە. مستەفا پاشا بە(نەمردوود مستەفا پاشا)ناسراوە سەرۆکی ئەو دادگایە بووە کە بڕیاری خنکاندنی (مستەفا کەمال)ی داوە.

مستەفا کەمال هەرچەند لای ئێمەی کورد تورانیەکی بکوژی کوردەو یەکەم کەسە فەرمانی بەکۆمەڵکوژی کوردی داوە، بەڵام بۆ تورک دوژمنایەتی ئینگلیزی کردووە، هەر لەبەرئەوەشە سەلاحەدین سەبباغ، عزیز یاموڵکی بەجێگرەوەی باوکی دەزانی.

هەر لەباسی سەر بەچەپ بوونی بەکر سەدقی-دا باسی ئەوەش دەکرێ کە وەزارەتەکەی حیکمەت سولەیمان بەرنامەی چاکسازیی کشتوکاڵ (ئیسڵاحی زەراعی) بۆ ئەو رۆژە هەبووە، کە یارمەتی جووتیارانو زەوی میری دابەشکردن بەسەریانداو پێشینە پێدانی (سەلفە)بووە.

هەر لەوبارەیەوە دەبێ ئەوەی سەلاحەدین سەبباغ سەرەڕای دوژمنایەتی لەگەڵ بەکر سدقیدا دەیگێڕنەوە، تۆمار بکەمەوە هەرچەندە لەسەرچاوەکانی تریشدا هەیە.

سەلاحەدین سەبباغ کە بەرەچەڵەک خەڵکی حەلەبەو نەتەوە پەرستی عەرەب بوو، باس لەوەش دەکرا کە بە بنچینە (تورکە)و یەکێکە لەبکوژانی بەکر سدقی. نوسیویەتی:

(ساڵی ١٩٣٦ منو بەهادین نوری لەگەڵ بەکر سدقی دەچووین بۆ تاقیکردنەوەی تۆپێک (مدفع) کە ئۆتۆمبێل رایدەکێشا، لەلای بەنداوی نازم پاشا کە بەلای کۆشکی نوری سەعیددا رۆیشتین لەگەرەکی وەزیریە پەنجەی بۆ کۆشکەکەی درێژکردو وتی: (یعز من یشاو و یذل من یشاو و قصورهم خالیه من بعدهم، والله الاقضین علی کثیر من هوءلاو الخونەو لا جعلن قصورهم هذه مدارسو مأوی للایتام)

واتە: (خوای گەورە ئەوەی بیەوی بەرزی دەکاتەوەو ئەوەشی بیەوێ نزمی دەکاتەوە، کۆشکەکانیشیان پاش خۆیان چۆڵ دەبێت، بەو خوایە ئەم خائینانە هیچیان ناهێڵمو کۆشکەکانیشیان دەکەم بەقوتابخانەو خانەو داڵدەی هەتیووان). سەلاحەدین سەبباغ هەر لەوێدا دەپرسی: (بەهادین تۆ ئێستا لەکوێیت؟) واتە (تانووت لەبەهادین نوری دەدا کە ئەو دەمە لەنوری سەعیدەوە نزیک بووە. دیارە ئەم نەوەیەی ئێستا بەهادین نوری ناناسن. کە دەبێ بنووسم کوڕی (شێخ نوریی شێروانی) بوو. ئەو شێخ نوریە پەنجا کتێب زیاتر لەزانستەکانی عەرەبیو ئیسلامیدا هەبوو. ماوەیەک راگری (عەمیدی) کۆلێجی ئیمامی ئەعزەم (دار العلوم - شەریعە) بوو، سەردەمێک ئەندامی دادگای تەمیزی شەرعی بوو. خۆی وتوویەتی پێم شەرم بوو ئەم هەموو کتێبەم نووسێبی هیچم بۆ کورد نەنووسیبی. لەبەر ئەوە فەرهەنگێکی (کوردی - کوردی) داناو کتێبێکی رێزمانی کوردی نووسی. کە بەهائەدینی کوڕە گەورەی کە (لیوا روکن)بوو، کرا بەموتەسەریفی سلێمانی (پاش جووڵانەوەی رەشید عالی) وەک لەشەهید دکتۆر قوتەیبەی برایو ئیبراهیمی برایم بیستبوو.

ئەو دوو کتێبە هەردووکیان کەوتنەلای رەحمەتی شێخ محەممەدی خاڵ، بەڕاسپاردەی دکتۆر قوتەیبەو تەنانەت ئیبراهیمیش کەوتمە سۆراخیان، بەڵام شێخی خاڵ هەر جارە بەجۆرێک وەڵامی ئەدامەوە هیچیانم دەست نەکەوتەوە. هەرچی(بەهائەدین)ە کە لەدایکی قوتەیبەو ئیبراهیمو سەلما نەبوو - دایکی ئەمانە کورد بوو و لەشێخانی قادرکەرەم بوو، دیارە ئەو سەردەمە لەگەڵ بەکر سدقی بووە، بەڵام پاشتر نوری سەعید رایکێشاوە، ئیتر بوو بەموتەسەڕیفی سلێمانی(ئەو سەردەمە کوردایەتی دەکرد) دوایی بوو بەوەزیرو بوو بەباڵیۆز لەئەردەنو لەرۆژی چواردەی تەمووزدا مەلیک حسین خۆی بەمەلیکی (یەکگرتوو - ئیتیحادی عەرەبی) عیراقو ئەردەن دەزانی- بەهائەدینی کرد بە سەرۆک وەزیرانی ئەو یەکگرتووە - لەجێی نوری سەعید. بەڵام کارەکە سەری نەگرتو بەهائەدین

لەئەردەن مایەوە کە کۆچی دوایی کرد لەقەبرستانی شاهانەی عەممان‌دا نێژرا.

رەنگە لەو ئەفسەرە کوردە کەمانەی کە لەسوپای عیراقدا بوون، هەر بەهائەدین نوری نەبووە لەگەڵ بەکر سدقیدا نەبووبێ، بەڵکو چەند ناوی تریش دێ، لەوانە شاکیر ئەلوادی (شاکر الوادی) کە ئەویش دوایی چووە لای نوری سەعیدو گەیشتە وەزارەت، ئەم لەسەر پارێزگای دلێم (ئەنبار) حساب بوو، بەڵام خۆی لە (عەشیرەتی گێژ - عشائر السبعة)یە. هەر لەئەفسەرەکانی بێجگە لەو و لەعەبدولەتیف نوری ناوی فرۆکەوان ئەحمەد عەزیز عەلی دێت. کە ئەویش یاداشتێکی نوسیبوو (بەڵام بەداخەوە لەبەردەستدا نەماوە) لەناو ئەفسەرە کوردەکاندا ناوی چەند ئەفسەر دێت کە بێ زۆر خوێندن بەلیستەی کوڕانی عەشایەر وەرگیرابوون، لەوانە هەندێکیان لە لیستەی شێخانی بەرزنجەدا بوون کە دەڵێن ناوەکانیان لەشێخی نەمر وەرگیرابوو. وەک شێخ مارفی شێخ حەمە غەریب، شێخ عەبدولقادری بەرزنجی - ناسراو بەعەقید - کاک فوئاد عارفیش هەر لەوانەیەو شێخ مەحمودی شێخ تەهاش رەنگە کوردی تریش (لەولای سلێمانییەوە) تێدابێتو ئێمە نایناسینو خەڵکی شارەزامان نەبێ. چونکە دەزانم (حەمە شەریفی حاجی بەدری) (سندی)برای کاک رەشید سندیو سلێمان سندیو عەبدوڵڵا سندی (باوکی دکتۆر بەدرخان)یش لەئەفسەرەکانی ئەو سەردەمە بووەو ئەویش لەدەرچووانی کۆلێجی سەربازییە. هەر سەرچاوەکان دەڵێن (بەکر سدقی ئەو ساڵە قوتابی کوردی زۆری لەکۆلێجی عەسکەری وەرگرت) و ٧٠%ی ئەوانەی کە وەرگیران، رەحمەتی کاک حامید قادر (حامید قەرە) لەو وەرگیراوانە بووەو هەمیشە دەیوت: ئێمە زۆربەمان کورد بووین.

------------------------------------



بەشی سێیەم

لەناو ئەفسەرانی کوردی دەوری بەکر سدقی هەمیشە ناوی رەشید جەودەتو مەحمود جەودەت دێت. رەنگە رەحمەتی حەمید جەودەتیش هەر ئەفسەری ئەو زەمانە بووبێ.

لەو ئەفسەرانە من زۆر رەحمەتی(ساڵح قازی)م دیووە کە هەمیشە لەدوکانەکەی مامۆستا بەشیر بوو. بە ساڵح بۆڵشەویک ناسرابوو. سەیر ئەوەیە، ئەو ماوە زۆرە بەخەیاڵمدا نەهات کە لێی بپرسم بۆ ناونرا بوو بۆڵشەویک. بەڵام لەنامەیەکی دکتۆرای لەبەغدا-دا، نووسەر دەڵێ: ویستم بزانم ئەو ئەفسەرە کۆنە بۆ بەبۆڵشەویک ناسرابوو. وتیان: کەرکوکیەو ئێستا چۆتەوە کەرکوک، کە چووم بەدوایدا گەڕام - وتیان: بەداخەوە کۆچی دوایی کردووە.

کاک ساڵح هەمیشە دەیووت: تاقە زابێت (واتە: ئەفسەر)کە مەفکوورەی هەبێت ئەوە هەر بەکر بوو. (مەفکورە بەمانای بیر یا ئایدۆلۆژیەت دێت) کە باسی کەرکوک دەکرا، کاک ساڵح دژی ئەوە بوو کە قسە بەتورکمانەکان بووترێت. رەحمەتی - ئەحمەد فەخری عەبدوڵڵا - ئامۆزای مامۆستا عومەر ئەمین - باوکی دکتۆر وریا هەر کاک ساڵح دەهاتە خزمەت مامۆستا بەشیرو دەیووت: (ساڵح ئێستا تورکەکان دیفاع ئەکا) هەر لەناو ئەو ئەفسەرانەی کە دەبوو لەگەشتەکەیدا لەگەڵ بەکر سدقی بن ناوی لیوا روکن حسێن فەوزی پاشا دێت کە لەعەشیرەتی هەمەوەند بوو، ماوەیەکیش موتەسەریف(پارێزگار)ی سلێمانی بوو، هەروەک ناوی نورەدین مەحمود دێت کە خەڵکی گەڕەکی (شیوی قازیی سەرشەقامی سلێمانی بوو) دوایی لە ١٩٥٢دا کودەتای کرد د.جەمال نەبەز دەڵێت لەخۆیم بیستووە کە بەئەسڵ هەورامین هەر وەک ناوی رەفیق عارف دێت کە دوا سەرۆک ئەرکانی دەوری پاشایەتی بوو. بەڵام ئەویش وەک نوری سەعید نە وتوویەتی کوردم نەوتوویەتی عەرەبم. چونکە لێرەدا لابدەم لە بارەی نوری سەعیدەوە بنووسم: کاکە عەلی مامۆستامان کە پورزای عەبدولەتیف نوری بوو. دەیووت: لەئەستەمبوڵ لەگەڵ نوری سەعیدا خوێندومانە، خۆی کورد بوو، باوکی موختاری گەڕەکی فەزڵی بەغداد بوو، فیستێکی سوری بەسەرەوە بوو. هەر لەناو ئەفسەرە کوردەکاندا بێجگە لەوانەی ناومان هێنان ناوی عەلی غالیب ئەعرەجو ماجید مستەفاو قەرەنی ئەسوەدیش دێت. دیارە ئەحمەد فەخری عەبدوڵڵاش هەر لەوانە.

بروسکەیەکی پارێزەرانی ئەو سەردەمە بۆ پشتگیری لەبەکر سدقی لەرۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە. لەپاڵ کەسانی چەپی وەک: عەبدولقادر ئیسماعیلو حسین ئەلسەعدو عیسا تەهاو زیبان ئەلغەباندا ناوی(شێت مستەفا)ی تێدایە، کە لەووەودوا بەحاکم شێت ناسرابوو.

بێجگە لە (مەقەڕە)کەی بەشیر-بەکر سدقی گەلێک دۆستی نزیکی لەکوردانی ناسراو هەبوون. وەک کەمال سنەوی، شێخ قادری سیا مەنسوریی تاڵەبانی، خدری ئەحمەدی پاشا، تۆفیق قەزاز.

تەنانەت لەو سەفەرەیدا کە تێیدا شەهید کرا (خدری ئەحمەدی پاشا)ی لەموسڵ لەگەڵ بووەو دەبوو لەگەڵیدا بچی بۆ تورکیا. باوکم لەدایکەوە حەوت پووری هەبوو - کە کچی شێخ عەزیزی شێخ فەتاحی کوڕی حەمەخانی برای(مەولانا خالید)بوون. هەر یەکێک لەو پورانە کەوتبووە شوێنێک. یەکێک لەوانە شووی کردبوو بەکەسێک لەگوندی(حەوتەغار) من تا ئەم دواییەش هەندێکیانم دەناسی گوزەرانیان باشو نان بدە بوون. لەناو ئەو پورزایانەی باوکمدا - حەمەی رۆستەم کۆڵەپیازاو پێگەیشتبوو. ئەم کابرایە هاتبووە سلێمانی. بەئازاو مەرد ناسرابوو. لەسوپای عیراقدا بوو بەعەریف، دوایی بوو بەسەربازو پاشان ئەفسەر لەسوپای لیڤیدا. ناوی بوو

بە(محمد لوتفی) پاش (لیڤیو حەببانیە)چووە ئێرانو ئیتر ئێمە نەمان دیوە، چووە ئێرانو لە(نەغەدە) بە(دکتۆر لوتفی) ناسرابوو، ژیانی ئەو بابەتی چیرۆکێکە کە لەدەرفەتێکدا دەینووسم. بەڵام لێرەدا، کە باسەکەم لەبارەی شەهید بەکر سدقیەوەیە هەر ئەمە دەنووسم. کاک محەمەد لوتفی-لەسلێمانییەوە رایکردبوو چوبووە پاڵ شۆڕشی شێخ مەحمود. لەبەر ئەوەی باڵا بەرزو چوار شانە بوو - لەڕۆستەمی کوڕی کەتەتر بوو. لەبەر ئەوە شێخ لوتیفی رەحمەتی دەیفەرموو لەناو شۆڕشەکەدا ناومان نابوو-کائینات. شۆڕش بڕایەوە شێخ هاتەوەو خۆیدا بەدەستەوە، رەوانەی عانەو حیللەو ناسریە کرا.

### چیرۆکەکەی محەمەد لوتفی

محەمەد لوتفی نامەیەکی بۆ باوکم نووسیبوو، کەوا شێخ هاتۆتەوە هەر من لەبەرئەوەی عەسکەریم بەرلێبووردن نەکەوتووم بەشکم هەوڵم بۆ بدەیت لێبووردنێکی تایبەتیم بۆ دەربکەن باوکم وتی: بەکر سدقی ئامر حامیەی سلێمانی بوو(دیارە ساڵی ١٩٣٣ بووە) لەیەکێک لەخانووەکانی رەحمەتی حاجی تۆفیق باوکی د.جەمال نەبەزدا بوو کە نزیکی مزگەوتەکەی ئێمە بوو. چووم بۆلای دیارە ئاگاداریان کردبوو، هاتە بەردەرگا زۆر بەخۆشیەوە پێشوازی کردمو وتی: مامۆستا دەبوو من بێمە خزمەتتانو ئێوە تەشریفتان هێناوە وتی: وەڵامم دایەوە قوربان جەنابت ئەهلی مزگەوت نیتو نایەیتە لای منو وا من هاتووم بۆ بەخێرهاتنتانو ئیشێکیشم پێتە. وتی مامۆستا چی ئەمر بکەیت بەسەرچاو ئێستا بۆت جێبەجی دەکەم وتم: قوربان شێخ مەحمود هاتۆتەوە، فەرمانی لێبووردنی بۆ دەرچووە، نێرراوەتە عانە زۆری تر هاتونەتەوە، تەنیا پورزایەکی من هەیە، چونکە لەسوپادا بووە بەر لێبووردن نەکەوتووە، تکام وایە لێبووردنێکی تایبەتیی بۆ دەرکەن، وەڵامی دامەوە وتی: مامۆستا عەرزم کردی هەر ئەمرێکت بێ ئێستا جێبە جێی دەکەم.

بەڵام ئەو پورزایەت هەر ئەو حەمەی رۆستەمە نەبێ، وتم: دە بەخوا ئەوە وتی: مامۆستا لێم ببورە نایەڵم ئەو سەگبابە عەفو بکرێت دەیووت: وتم بۆچی؟ بۆ لەشێخ مەحمود گەورەترە، وتی، نەخێر بەڵام ئەو سەگبابە عەریف یا رەئیس عورەفا بووە لەسوپادا. رۆژی ٢٩ی مانگ ٢٢ سەربازی لەگەڵ خۆیدا بردووەو چۆتە پاڵ شێخ مەحمود، کوڕە کابرا با چاوەڕێت بکردایە ٣٠ی مانگ مەعاشتان وەرگرتایەو بڕۆیشتنایەو پارەکەتان ببردایە بۆ شێخ مەحمود. هەرچەنە کەمیش بوو کەڵکێکی هەر دەبوو، باوکم دەیووت:

دوایی عەفووی هەر بۆ وەرگرتو حەمە ئیتر نەهاتەوە بەسلێمانیدا، ژیانێکی سەیری دەبردە سەرو لەم دواییانەدا لە(نەغەدە)کۆچی کرد.

من لەسی کۆنگرەی رۆژنامەنووسیی شەهید عەبدولکەریم قاسمدا وەک سکرتێری نووسینی رۆژنامەی(ئازادی) و نووسەر لە(اتحاد الشعب)دا بەشدار بووم. جارێک کە تەواو بوو- وتی:من دوو قسەم کرد تکایە لەنوسینەکانتاندا بیانکوژێننەوە-یەکێکیان ئەوەبوو کە وتی: (هو المرحوم بکر پاشاو المرحوم محمدی عەلی قلیل سووە من اجل هالوطن) (واتە خوالێخۆشبوان بەکر پاشاو محەمەد عەلی کەمیان کرد بۆ ئەم وڵاتە) بەڵی کوژانمانەوە. بەڵام لە هەندی شوێندا هەر بڵاوکرایەوە دیارە مەبەستی لەمەیا سەر بەرێبازی بەکر

سدقی بوون دیار ئەبی لای یا ناوهێنانی محەمەد عەلی جوادی پورزای خۆی پی باش نەبوون. ئەوەی دووەم کە پێی کوژاندینەوە ناوهێنانی عەبدولناسر بوو لە قسەکانیدا، وتیشی: ئەو هەموو رۆژێ جنێو بەمن دەدات، بەڵام من ناوەوی ناوی ئەو بەخراپ بهێنم. باسی بانگهێشتی یان(دەعوەتێکی بەکرسدقیم بۆ قوتابیان یان منداڵانی قوتابخانەی ئاغجەلەر بیستبوو) برام مامۆستا نوری عەبدوڵڵاش لەیاداشتەکانیدا باسی ئەو بانگهێشتەی گێڕاوەتەوە کە ئەو قوتابیی سەرەتایی ئاغجەلەر بووە.

### بانگهێشتەکەی ئاغجەلەر

منیش باسی ئەو بانگهێشتەم لە کاک فوئاد عارف بیستووە کە دەیووت: چووینە ئاغجەلەر مامۆستاو قوتابیەکانی هەموو کۆکردبۆوە خواردنێکی باشو پیاوانە بوو، رەنگە منداڵانی ئاغجەلەر یەکەمجار بێت خواردنی وا رێکوپێکیان پێکەوە لەقاپداو دیارە کەوچکو چەتاڵیش هەبووە خواردبی. کاک فوئاد دەیووت: کە لێبووینەوە بەکر پاشا وتی: فوئاد پارە کۆکەرەوە وتم: پارەی چی؟ وتی پارەی ئەم بانگهێشتنە تۆ دەزانی من نە پارە هەڵئەگرمو نە پارەم هەیە بۆ ئەمە هەر ئەفسەرە شتێک بدات، کاک فوئاد دەیووت: ڕاست دەکات نەیدەزانی پارە چییە وتی: من پارەکەم کۆکردەوە چی مەسرەف کرابوو دام بەخاوەن برنجو سەوزیو چێشتلێنەرانو کرێکاران..هتد.

کاک فوئاد دەیووت: هەر لەوی بەکر سدقی پەنجەی بۆ هەندێک راکێشا وتی: ئەمانە ئامۆزاکانی منن، چەند کەسێکی تریشی نیشانداین وتی: ئەمانەش ئامۆزاکانی جەعفەرن. بەڵام نێوان جەعفەرو بەکر سدقی باسی خۆی دەوێو رەنگە بەباشی نەگەینە راستی. ئەوەندە هەیە کە جەعفەر عەسکەریو بەکر سدقی دوو رێبازی جیاوازیان هەبووە. جەعفەر عەسکەری وەک بڵێی لەگەڵ نوری سەعیددا ژن بەژنیان کردبوو. هەر یەکە خوشکی ئەویتری هێنابوو. نزیکیی جەعفەریش لەئینگلیزەوە دیاربوو. کە بیستی بەکر سدقی بەڕێگەوەیە وادێت بۆ بەغدا، رەنگە بەپیلانی نوری سەعید رێی گرتبێتەبەرو لە(خان النص) بەهەندێ لە ئەفسەرانی بەکر سدقی گەیشت دەڵێن: هەر ئەوان بردیانو گوایە بۆلای بەکر سدقی دەبەن، لەولاوە کوشتیان.

تا ئێستا باس لەوە دەکرێ، ئایا بەکر سدقی فەرمانی داوە، بیکوژن یان ئەفسەرەکانی بی ئاگاداری ئەو کوشتویانە. (کاک فوئادیش قسەی نەدەکرد یەکێک لەو ئەفسەرانە (ئسماعیل عەبباوی تۆحەلە بوو. ئەفسەرێکی موسڵاوی بوو. دیارە دوای بەکر سدقی تووشی سزا بووە. بەڵام ناوی نەما تا عەبدولکەریم قاسم پاش شۆڕشی تەمووز کردی بە بەڕێوەبەری پۆلیسی موسڵ. بەڵام لەجێی ئەوەی بەتەواوی لەگەڵ عبدولکەریم قاسم بێت. ئەو چووە پاڵ دەستەی(شەواف)ی دژ بەقاسم کەوتە ئازاردانی شیوعیەکانیش.

لێرەدا دەبێ دووشت بنووسم: یەکەم دیارە هەر لەو سەردەمەدا وا زوو بەکۆششی بەکر سدقی یا جەعفەر عەسکەری قوتابخانە لەئاغجەلەر کراوەتەوە. دووەم: ئەو قسانە راست نیە کە پارەی بەکر سدقی لای فلانە کەس یان فیسارە کەس دانرابوو. دیارە چی هەبووە خەرجی کردوە.



سەرچاوە Serchawe

تێبینی:

ئەم نووسینەی دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ لەساڵی ٢٠١٤ وەک نامیلکەیەک بڵاوبووەتەوە، ئێمەش لەکوردستانی نوێ بەپێویستمان زانی جارێکیتر بڵاوی بکەینەوە.

----------



بەشی چوارەمو کۆتایی

زنجیرەیەک لەتەلەفزیۆنێکدا بەناوی(فاتنە بغداد)ـەوە بڵاوکرایەوە، گوایە بەکر سدقی لەگەڵ گۆرانیبێژی ناوداری عیراق عەفیفە ئەسکەندەر پەیوەندیی هەبووە. هەرچەندە عەفیفە زۆر پاش بەکر سدقی ژیاوەو ئەوەی بیرمە لەحەفتاکانی سەدەی بیستەم-یش مابوو، ماڵەکەی دیوەخان بوو زۆر لە نووسەران لەوی کۆدەبوونەوەو دوو نووسەری ناودار رۆمانیان لەسەر نووسیووە. تەنانەت دەیانووت: نوری سەعید ماڵی ئەوانی کردبوو بەمۆڵگەی بینینی نووسەرانو گەورە پیاوان.

لەڕووی تەمەنەوە ئەو تێکەڵیەی ئەو لەگەڵ بەکر سدقیدا ناگونجێ، لەکاتێکدا لەسەرچاوەکدا کە ئەویش هەر قسە بە بەکر سدقی وتنی تێدایە، ئەم باسی پەیوەندییە لەجیاتی(عەفیفە) دراوەتە پاڵ(زەکیە جۆرج) کە ئەویش گۆرانیبێژ بووە لەمەلهاکانی بەغدادا. زەکیە باسی خۆی دەکات کە دایکو باوکی موسوڵمان بوون. بەڵام کە ناچار بوو ببێت بەگۆرانیبێژ لەمەلهادا دەبوو ناوەکەی خۆی بگۆڕی بە(زەکیە جۆرج)، چونکە نەدەبوو کچە موسوڵمان لەمەلهادا گۆرانی بڵێ. جا ئەم تێکەڵو پێکەڵییە ئەوە دەردەخات کە دوژمنانی بەکر سدقی-کە هەمەڕەنگ بوون لەنەتەوە پەرستی عەرەبو کۆنە پەرستو کەسانی سەر بەئیمپریالیزمو دوژمنانی بیری پێشکەوتنخوازی ئەو سەردەمەی بەکر سدقی بەهەموو جۆرێک ویستویانە بەدناوی بکەن. بەڵام ئەمانە سوودی نییەو بەکر سدقی وەک کوردێکی کوردو کوردستان پەروەرو سەرکردەیەکی ئازادو لەخۆبووردەو شەهیدێکی گەورە چۆتە مێژووی کوردستانو عیراقەوە. هەندێ لەسەرچاوەکان لەتوندوتیژی بەکر سدقی دەدوێن لەلێدانی ئاشووریەکانو هەستانی هەندێ تیرەی عەرەبی خواروو من مەبەستم ئەوە

نییە لەهەموو شتێکدا بەرگری لەبەکر سدقی بکەم. بەڵام ئەوەی باوەڕم پێی هەیە دەبێ بینووسم.

لەپەرلەمانی کوردستاندا پشتی ئاشوورییەکان بووەو نوێنەری ئاشوورییەکان لەکۆبونەوەدا سوپاسی ئەو هەڵوێستە(هەمیشە)یەی برایانەی منی کرد. بەڵام لەمەسەلەی ئاشووریدا دەبێ ئەوە بڵێین کە ئیمپریالیزمی ئینگلیز هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەم دا بڕیاری دروستکردنی دوو حکومەتیان هەبوو. یەکێک بۆ جولەکە لەفەلەستینو دەوڵەتێکیش بۆ ئاشووری لەخاکی کوردستاندا، چونکە لایان وابوو ئەو دوو دەوڵەتە (ناموسوڵمانە پشت دەبن بۆ ئەوان). ئەوەتا(ئیسرائیل)تا ئێستا پشتی رۆژئاوایە (ئەوروپاو ئەمریکا)یە. بۆ ئاشووریش گەلێکیان لەجولەمێرگەوە هێنرانە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە. سەرکردەو نیشتمان پەروەری گەورەی کورد ئیسماعیل خانی سمکۆی شکاک، بەو جۆرەی کە نوسراوەو باسکراوە(مار شەمعوون)و یاوەرەکانیشی کوشت. ئەو بەکۆمەڵ کوشتنە بەو شێوەیە لەڕووی جۆری کوشتنەوە رەنگە ناڕەوابێ، بەڵام بەو کارە سمایل خان بیری دروستکردنی دەوڵەتی ئاشووریی نەهێشت. بەداخەوە سمایل خانیش لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە هەر بەو شێوەیە کوژرا. لەکوردستانی عیراقیشدا بەکر سدقی زۆر بەتیژی لەهەستانی ئاشوورییەکانی داو زۆری کوشتنو ئەوبیری دەوڵەتی ئاشووری دروستکردنەی لە(تەختە-یا سەهلی نەینەوا) نەهێشت کە ئێستاش هەندێک هەر کاری بۆ دەکەنو هەرێمی کوردستان بەخاکی خۆیان دەزانن. رەنگە بیانوویان هەر ئەوە بێ کە زۆر پێش ئیسلام لەم ناوچەیەدا قەوارەیەکی ئاشووری هەبووە.

من کە ئەمە دەنووسم ئەوپەڕی سۆزو رێزم بۆ ناسیاو و هاوڕێ ئاشوورییەکانم هەیەو جیاوازی لەنێوان(کلدانو سریانو ئاشووری)دا ناکەم. نەمر بێ یادی هاوڕێیانم(تەلعەت لازارو شەهید لازاری مانگێشی)و رێزم بۆ هەموو تێکۆشەرانو مامۆستایانی (ئەلفۆش)ی هەیە، کە لەمەزهەبدا خۆیان لەهاونەتەوەکانی خۆیان جیاکردۆتەوە. نەمر بێ یادی (تۆما تۆماسو عەبدولرەحیم ئیسحاقو سلێمان یوسف-ئەبوو عامیل-و مامۆستا جەرجیس حمێکاو یوسف حمێکاو ئەفرامو ئەوانیتر).

هەرچی بەتیژی لێدانی هەستانی خوارووی عیراقە، رەنگە لەلایەکەوە پەیوەندی بەجیاوازی مەزهەب و(تایفیەتی)یەوە هەبێ کە بەداخەوە تا ئێستا لەعیراقدا یاری یەکەمی ناڕەوای پێ دەکرێ. یا هەر وەک ئەفسەرێک بەئەرکو واجیبی کارەکەی خۆی بێو لێدانی دەرەبەگیشی تێدابێ.

### بەکر سدقی زۆر لەسەرخۆ بووە

بەڵام ئەوەش دیارە کە ئەوە دەدرێتە پاڵ بەکر سدقی کە زۆر لەسەرخۆ بووە کە نێراوە بۆ لێدانی راپەڕینی شێخ مەحمودو ناحەزەکانی ئەوە دەدەنە پاڵ هەستی نەتەوەیی بەکر سدقی.

د.جەمال نەبەز کە جارێک بەهاوڕێیەتی رەحمەتی شێخ ئەحمەدی شێخ رەئوفی نەقیب چۆتە خزمەت شێخ مەحمودی نەمر. دەگێڕێتەوە

کە شێخ ستایشی بەکر سدقی کردووەو رەخنەی لەوەی گرتووە کە کەسی توندڕەوی وەک مەحمود جەودەتی لەخۆیەوە نزیک کردۆتەوە.

مەحمود جەودەت لەهەموو حاڵێکدا هەر تێکۆشەرو قارەمانێکی کوردە، با هەڵچوونیو کوشتنی بەڕێوەبەری دارایی عیراق لەناو سەرای بەغدادا بەهەڵەچوونو هەڵە بزانری. من لەچاوی شیعرەکانی گۆرانەوە سەیری مەحمود جەودەت دەکەم. محمود جەودەت بڕیاری خنکاندنی درا. بەڵام بەکر سدقی پاش کودەتاکەی بەریداو ئازاد کرا. پاش شەهیدبوونی بەکر سدقی لەلایەن نوری سەعیدەوە گیرایەوەو ئازایانە چووە سەر سێدارە، ئەویش شۆڕشگێڕو قارەمانو شاعیرێکی نەمری کوردەو چیرۆکی گرتنەوەو لەسێدارەدانی لاپەڕەیەکی هەستی کوردایەتی بەکر سدقی یە.

چەند کتێبو وتار لەبارەی بەکر سدقی-یەوە نووسراوە. لێرەدا دەمەوێ هەندی شت بنووسم کە نەنووسراوە یان هەندی را دەرببڕم، بەڵام پێشتر ئەبێ شەخسیەتی بەکر سدقی بەخوێنەران بناسێنم، باشتریش وەرگرتنی ئەوەیە کە مامۆستا مستەفا عەسکەری لەکتێبە بەنرخەکەیدا بەکر سدقی پی ناساندووین، لەبەرئەوە هەر ئەوە وەردەگێڕم.

### بەکر سدقی لەگێڕانەوەکەی مستەفا عەسکەریدا

مامۆستا مستەفا عەسکەری دەفەرموێ: (باپیرەی بەکر سدقی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا عومەری کوڕی مەلا فەتاح بوو کە مەلایەکی خەڵکی گوندی عەسکەری ناوچەی ئاغجەلەری قەزای چەمچەماڵی لیوا(پارێزگا)ی کەرکووک بوو. لەعەسکەرییەوە چووە کەرکوک لەقەڵا جێنشین بوو. دەستیدایە دەرسی زانستی ئاینیو زانستەکانی مزگەوت وتنەوە. پاشان لەگەڵ خێزانەکەیدا روویان کردە بەغدادو لەوێ ژیان. بەکر سدقی لەبەغدا لەساڵی ١٨٩٠ دا لەدایکو باوکێکی کورد لەدایکبوو، پاش ئەوەی لەبەغدا گەورە بوو. چووە قوتابخانەی جەنگی عوسمانییەوە لەئەستەمبوڵو ساڵی ١٩٠٨ ئەو قوتابخانەیەی تەواو کردوو ساڵی ١٩١٤ قوتابخانەی ئەرکانی تورکیشی لەئەستەمبوڵ تەواو کردو لەسوپای عوسمانیدا کەوتە کار.

پاش رووخاندنی دەوڵەتی عوسمانیو دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق ساڵی ١٩٢١ گەڕایەوە بەغدادو لەسوپای عیراقدا دامەزرا، چونکە کەسێکی تواناو خاوەن بەهرە بوو بەرزکرایەوە بۆ پلەی عەقید(ساڵی ١٩٢٨)و پاشان بوو بەئەفسەری روکن لەبەشی حەرەکاتی وەزارەتی بەرگری عیراقداو پاش ئەوە بەرزکرایەوە بۆ پلەی زەعیم(عمید)لەساڵی١٩٣١دا کرا بەسەرکردەی ناوچەی ژوور و(باکوور، پاشان چووە کۆلێجی ئەرکان لەکەمبەرلی لەئینگلستان لەساڵی ١٩٣٢دا بەسەرکەوتوییو بەرزی ئەو کۆلێجەی تەواوکرد.

پاشان مامۆستا مستەفا عەسکەری گەلێک را لەسەرچاوە عەرەبیو ئینگلیزیەکاندا لەبارەی ژیانو کەسایەتی بەکر سدقی وەردەگری. لێرەدا نامەوێ ئەوانە هەموو دووبارە بکەمەوە، چونکە چ کتێبەکەی مامۆستا عەسکەریو چ کتێبە بەنرخەکەی مامۆستا محەمەد ئیسماعیل لەبەردەستدانو لەکتێبخانەکاندا هەن. من دەمەوێ هەندێ لەوە زیاد بکەم کە ئەوان نووسیویانەو موناقەشەی هەندێ را

بکەم کە لەبارەی ئەم پیاوە گەورەیەی کوردەوە نوسراوە، چ بەئیجابیو چ بەسلبی بێ. چونکە باوەڕم وایە کە پیاوێکی گەورەو تێکۆشەرو پێشکەوتنخواز بوو و کارو ئاواتی لەئەنجامدا بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کورد بوو و بەدەستی دوژمنانی کورد شەهید کرا. هەر بەرێکەوتیش نییە کە یەکەم کودەتای سەربازی لەسوپاکانی ئەم ناوچەیەدا رێکخەرو سەرکردەکەی ئەو کوردە ناودارە شەهیدەیەو دووەم کودەتاش لەم ناوچەیەدا ساڵی ١٩٤٩ کوردێکی تر رێکیخستو ئەویش هەر شەهید کرا. کە(حوسنی زەعیم)ی سەرکردەی سوپای سوریا بوو ئەویش کوڕی مەلایەکی ناسراوی شام بوو(کە شێخ محەمەد سەعید زەعیم) بوو کە باوکی یەکەم سکرتێری حزالی کۆمۆنیستی سوریا (فەوزی زەعیم) بوو لەوەزارەتەکەی(حیکمەت سلێمان)دا کە پاش کودەتای بەکر سدقی رێکخرا. ئەم وەزیرانە دیاربوون:

- حیکمەت سلێمان، سەرۆک وەزیران
- عەبدوللتیف نوری، وەزیری بەرگری
- جەعفەر ئەبوتمەن، وەزیری دارایی
- کامیل جادرچی، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی
- یوسف عیزەدین ئیبراهیم
- ناجی ئەلئەسیل
- محەمەد عەلی مەحمود (هەولێرییەو بە(ئالَتی)ناودارە.
- مستەفا عەلی

هەر هەڵبژاردنی ئەو ناوانەی سەرەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانەکەی بەکر سدقی نیشانەی ئەوەیە کە ئەم پیاوە گەورەیە مەبەستێکی سیاسی فراوانو پێشکەوتنخوازی هەبووە بۆ گەلەکەی. بەکر سدقی شایانی ئەوەیە وەک سەرکردەیەکی عەسکەریو نیشتمانپەروەری کورد پەیکەری بۆ بکرێت.

### چەند پەراوێزێک

لەکتێبی ئەیوب بەرزانیدا لەبارەی(بەربەرەکانێی داگیرکردن لەلایەن کوردەوە ١٩٤٣ - ١٩٥٨) نووسراوە: لەبروسکەیەکدا کە لە ١٧ی ئابی ١٩٢٩دا نووسراوە، بەریتانیا نارەحەتیی خۆی پیشاندەدا بەرامبەر بەوەی سمایل ئاغای شوکاک لەخاکی بەرزاندایەو لەو بروسکەیەدا هاتووە کە چارەکردنی ناکۆکی لەسەر سنوور لەنێوان تورکیاو فارسدا پێویستی تورکی نەهێشت بۆ بەکارهێنانی سمایل ئاغا لەبەرئەوە ئێستا بۆ داڵدەیەکی تر دەگەڕێ. راستی ئەوەیە کە سمایل ئاغای شوکاک داوای لەشێخی بەرزان کرد کە رێگەی سەردانی بداتێ. بەڵام شێخی بەرزان رێگەی ئەوەی نەدا. چونکە شێخ زۆر دڵتەنگ بوو لەوەی سمایل ئاغا بەرامبەر بەمارشمعون ساڵی ١٩١٧ کردبوویو ئەوی کوشتبوو. لەبەر ئەوە نەیدەویست هەرگیز ئاغا ببینی. لەبەرئەوە رێگەی نەدا کە بێت بۆ بەرزان، بەڵام لاریی لەوە نەبوو کە لەهەندێ گوندی سەر سنووری دوور لەبەرزاندا بمێنێتەوە. ئەوەی لەبروسکەکەی بەریتانیادا هاتووە کە شێخی بەرزان بانگی کردووە، کە بێت بۆ بەرزان تەواو لەڕاستییەوە دوورە (ل ١٠٣). لەو سەرچاوانەدا کە ناوی وەزیرەکانی حکومەتی پاش کودەتای

بەکر سدقی تێدایە ناوی (یوسف عیزەدین ئیبراهیم)هاتووە. ئەوانەی ئاگادارن دەڵێن ئەویش کورد بووە. بەداخەوە ئەوەم لەکاک فوئاد عارف نەپرسی. هەرچەندە ناوەکەی لەناوی کوردو هەولێری ناچێ. بەڵام زۆر لەهەولێریە بەتەمەنەکان دەیانوت: کوردو هەولێری بووەو نزیک بەماڵی (مەلا ئەفەندی)بووە. کاک رۆستەمی خزمم بەدڵنیاییەوە دەیووت: باوکی عەبدولخالق بوو. کە پرسیم وتیان: کاک عەبدولخالق ئەفسەرێکی سوپای عیراق بووەو تا ئەم ساڵانەی دوایی مابوو. چەند برادەرێکم ڕاسپارد کە بچنە بنچو بناوانی کاک: عەبدولخالق و باوکییەوە. بەڵام کەسیان وەڵامیان نەبوو. یا زانیاری ئەوتۆیان دەست نەکەوت.

٢٢ - ٢٣ - ٢٥ و ٢٦ی جانیۆیری ٢٠١٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

-----------------------------------------------



کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٢٠ی کوردی = جوولای ٢٠٢٠ی زایینی